ژمارە 7

ئەکادیمی

گۆڤاری ئەکادیمی کوردی

کوردستان - هەولێر

٢٠٠٨

ژمارە 7

ئەکادیمی

گۆڤاری ئەکادیمی کوردی

هەولێر ٢٠٠٨

گۆڤاری ئەکادیمی کوردی

الأكاديمي

مجلة الأكاديمية الكردية

العدد: ٧

كردستان – اربيل
٢٠٠٨

The Academy

A Periodical Published byThe Kurdish Academy

Vol .7

Kurdistan – Hawler (Erbil)
2008



گۆڤاری ئەکادیمی کوردی

٢٠٠٨ زایینی

کوردستان ـ هەولێر
٢٠٠٨

سەرنووسەر : پ.د .موحسین محەمەد حسین

سکرتێری نووسین:پ. د .عەبدولفەتتاح بۆتانی

دەستەی نووسەران

پ.د. عززەدین مستەفا ڕەسوڵ

پ.د. وریا عومەر ئەمین

پ.د. محەممەد مەعرووف فەتتاح

پ.ی.د. عومەر ئیبراهیم عەزیز

محەممەدی مەلا کەریم

ئازاد ئەحمەد مەحموود

ژمارەی سپاردن: ٥٣٢

ناوەرۆك

* ڕێنماییەکانی بلاوکردنەوە لە گۆڤاری (ئەکادیمی کوردی)دا. ٧

* کتێبی (ئیساغۆجی) و رۆڵی لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی لە خوێندنی حوجرەکانی کوردستاندا .

حەمەکەریم هەورامی ١٣

* چەمك و رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١– ٢٠٠٥).

د. هیمداد حوسێن بەکر ـ رازاو رەشید صبری ٦٢

* زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی.

جەمال عەبدول ١٣٣

* ئاشنانەوە لە کوردستاندا.. دانراوی مامۆستا مەلا وەسیم.

محەمەد عەلی قەرەداغی ١٨٩

* لێکۆلینەکا زمانزانی: سەربەست و سەرکۆل (ڤەکۆلانەك ل بەیارێ زمانێ کوردی).

د. فازل عومەر ٢٤٠

* داستان لە ئەدەبی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی پڕاکتیکییە).

ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا ٢٥٧

ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە
لە گۆڤاری (ئەکادیمی کوردی)دا

گۆڤاری ئەکادیمی گۆڤارێکی وەرزییە. لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، بڵاودەکاتەوە. بەگوێرەی ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە، لێکۆڵینەوەکان بۆ پلەی زانستیی سوودمەند دەبن. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەکان گرفت و ئاریشەکی دیاریکراو یان پێشبینی کراو، چارەسەر بکەن و، بیروهزرێکی ڕەسەن یان تازە لە خۆ بگرن، یان لایەنێکی زانستی بدۆزنەوە. نابێت لێکۆڵینەوەکان لە هیچ گۆڤارێکی دیکە بڵاوکرابنەوە یان پەسەندی بڵاوکردنەوەی لەسەر درابێت. هەروەها، ناشبێت لە بەشێکی نامەی ماجستێر و دوکتۆراە وەرگیرابن، کە لێکۆڵەر پێشتر ئامادەی کردوون.

ڕێنماییەکانی تایبەت بە شێوە و ناوەرۆك و پێکهاتووی لێکۆڵینەوە

(١) لێکۆڵینەوەکە، بە چوار دانە، لەسەر کاغەزی سپی پێوانە (A4)، بە مەرجێك لە هەر چوار لاوە، دووری (٢,٥)سم بەجێ هێشترابێت، دەنێردرێت. ژمارەی گشت لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکە، بۆ زانستەڕووتەکان و پراکتیکییەکان لە (٢٠) لاپەڕە تێپەڕ نەکات و، لێکۆڵینەوە زانستەمڕۆییەکانیش، بە وێنە و خشتەکانیانەوە، لە (٢٥) لاپەڕە پتر نەبێت.

(٢) لەگەڵ لێکۆڵینەوەکە، هاوپێچێك هەبێت، ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە و ناو و شوێنی کارکردن و پلەی زانستی و کار و وەزیفەی لێکۆڵەر، لە خۆ بگرێت.

(٣) زمانی بلاوکردنەوە، زمانی کوردییە، بەڵام لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش بلاودەکاتەوە. کورتەی لێکۆڵینەوەکەش Abstract، بە هەر سێ زمان دەبێت.

(٤) ناوەرۆك و پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە بەم جۆرە دەبێت:

أ) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە، بە شێوەیەکی کورت و پوخت و گشتگیر، لە ناوەڕاستی سەرووی لاپەڕەی یەکەم، دادەندرێت.

ب) کورتەی (Abstract) لێکۆڵینەوەکە، بە دوو زمانەکەی تر دەبێت، کە لێکۆڵینەوەکەی پێ نووسراوە، بەمەرجێك لە (١٥٠) وشە تێپەڕ نەکات و ئەو ئامانج و ئەنجامە لە خۆ بگرێت، کە لێکۆڵەر پێی گەیشتووە.

(ج) پێشەکی و ناوەرۆك و ئەنجام.

(٥) شێوازی سەرچاوەکان لە پەراوێزدا:

أ) ئەگەر وەرگرتنی بێ دەستکاریی (الاقتباس) لە کتێب وەرگیرا، ناوی نووسەر یان دانەر بەبێ پاش و پێش، ناونیشانی تەواوی کتێبەکە، ناوی بلاوکەرەوە، چاپ (جگە لە چاپی یەکەم)، شوێن و ساڵی چاپکردن، لاپەڕە، تۆمار دەکرێت.

ب) ئەگەر وەرگرتنی بێ دەستکاریی (الاقتباس) لە لێکۆڵینەوە وەرگیرا، ناوی لێکۆڵەر، ناونیشانی لێکۆڵینەر، ناوی گۆڤار، ژمارەی گۆڤار، شوێن و ساڵی چاپ، لاپەڕە، تۆمار دەکرێت.

(٦) ئەگەر لێکۆڵینەوەکە ساغکردنەوەی دەستنووسێك لەخۆ بگرێت، پێویستە ڕێوشوێنی بنەما و پرۆگرامی زانستی لەگەڵ لێکۆڵینەوەکە، هاوپێچ بکرێت.

(٧) بەڕەچاوکردنی بیرۆکەی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە، دەستەی نووسەران، ئەو مافەی هەیە دەستکاری هەندێ لایەنی داڕشتن بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازی بلاوکردنەوەیدا، بگونجێت.

(٨) وا باشە لێکۆڵینەوەکە لەسەر (CD) تۆمار کرابێت و چوار دانەی ڕاکێشراویش لەگەڵیدا هاوپێچ بکرێت.

(٩) لێکۆڵینەوەکە، نیشانی سێ شارەزای پسپۆری بابەتەکە دەدرێت، ئەگەر پەسەندکرا، ئەوا لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت.

(١٠) ئەو لێکۆڵینەوانەی گۆڤاری ئەکادیمی بلاویان دەکاتەوە، دەربڕین لە بیروبۆچوونی نووسەر دەکەن، پێویستییەتی دەربڕینی گۆڤارەکە، ناگەیەنن.

سەرنووسەری گۆڤاری ئەکادیمی

پ. د. موحسین محەممەد حسێن

تعليمات النشر
في مجلة (الاكاديمية الكردية)

المجلة مجلة فصلية. ينشر فيها النتاج العلمي من داخل وخارج اقليم كردستان ـ العراق. وتكون البحوث مستوفية للتعليمات الخاصة بالنشر وتخضع للتقويم العلمي. ويتعيّن ان يتضمن البحث حلاً لمشكلة قائمة أو متوقعة، أو يتضمن فكرة أصيلة أو جديدة أو اكتشافاً علمياً، على ان لايكون منشوراً أو مقبولاً للنشر في مجلة أخرى. كما يتعين ألا يكون البحث مستلاً من رسالة الماجستير أو الدكتوراه، سبق وأن اعدها الباحث.

التعلميات الخاصة
بالشكل وترتيب البحث

١ـ يرسل البحث بأربع نسخ على اوراق بيضاء من قياس (A4) مع ترك مسافة ٢,٥سم من الجهات الاربعة، على ان لايزيد عدد الصفحات الكلية للبحث عن (٢٠) صفحة لبحوث العلوم الصرفة والتطبيقية وعن (٢٥) صفحة لبحوث العلوم الانسانية بضمنها الاشكال والجداول.

٢ـ ترفق بالبحث ورقة تتضمن عنوان البحث وإسم الباحث ومركز عمله، ومرتبته العلمية ووظيفته.

٣ـ لغة النشر هي اللغة الكردية، ولامانع لنشر بحوث باللغتين العربية او الانگليزية. وتوضع الملخصات Abstracts باللغات الثلاث.

٤ـ يرتب البحث على النحو التالي:

أـ عنوان البحث: يتوسط أعلى الورقة الاولى، ويفضل ان يكون قصيراً وشاملاً.

ب ـ يكون الملخص Abstract باللغتين الأخريين، على الا تزيد كلماته عن ١٥٠كلمة يوضِّح فيه الباحث الهدف من البحث والنتائج والتوصيات المهمة التي توصّل اليها.

ج ـ المقدمة والمتن والنتائج.

٥ـ اسلوب ترتيب المصادر في الهوامش.

أ ـ إذا كان الإقتباس من كتاب: يدوَّن اسم المؤلف. بدون قلب الاسم، عنوان الكتاب بالكامل، الناشر، الطبعة، (عدا الطبعة الاولى)، مكان وتاريخ الطبع، الصفحة.

ب ـ إذا كان الإقتباس من بحث: يدوَّن اسم الباحث، عنوان البحث، اسم المجلة الناشرة، رقم المجلة أو العدد، مكان وتاريخ النشر، الصفحة.

٦ـ حين يكون البحث تحقيقاً لمخطوطة تتّبع القواعد والمناهج العلمية المعروفة، وترفق بالبحث ست صفحات من المخطوطة.

٧ـ تحتفظ هيئة التحرير بحقّها في أن تحذف أو تعيد صياغة بعض الالفاظ، بما يتلاءم مع اسلوبها في النشر، مع مراعاة المحافظة على الفكرة الأصلية دون المساس بها.

٨ـ يستحسن ارسال البحث على CD وارساله برفقة النسخ المذكورة.

٩ـ يعد البحث مقبولاً للنشر، ويزوِّد الباحث بقرار هيئة التحرير بقبوله بعد عرضه على ثلاثة محكّمين (خبراء) من ذوي الاختصاص.

١٠ـ ماينشر في المجلة يعّبر عن وجهة نظر الباحث، وليس بالضرورة تعبيراً عن وجهة نظر المجلة.

رئيس تحرير المجلة

أ.د. محسن محمد حسين

کتێبی (ئیساغۆجی) و رۆڵی لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی لە خوێندنی حوجرەکانی کوردستاندا

حەمەکەریم هەورامی

لەوەتەی حوجرەی فەقێ لە کوردستاندا لە سووچێکی مزگەوتەکاندا وەکو خوێندگا و بنکەی رۆشنبیری سەردەمی خۆی کەوتووەتە کار، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە دەستمان کەوتوون و لەمەودوا باسیان دەکەین پتر لە هەشت سەد ساڵ دەبێ ئەو حوجرەیە بۆ خوێندنی قورئان و ئاینی ئیسلام لە تەك مزگەوتدا دامەزراوە.

لە ماوەی ئەو مێژووە درێژەیدا بەرنامەی خوێندنی بە شێوەیەکی عەفوی تایبەت بە خۆی رەخساندووە، خوێندن و تەواوکردنی ئەو بەرنامەیە ساڵەهای ساڵی دەخەیاند و پێی وتراوە (دوانزە عیلمەی مەلایان)[*].

ئەوەی ویستبێتی ببێ بە مەلا و هەڵسووڕاندنی کاروباری ئاینی بخاتە سەر ئەستۆی خۆی دەبوو شارە و شار بۆ تەواوکردنی ئەو دوانزە عیلمە بەشوێن مەلای چاکدا بگەڕێ و عەودالّ ببێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئیجازەی مەلایەتی تیا وەربگرێ.

---

[*] النحو، الصرف، البلاغة، الفقه، اصول الفقه، المنطق، الأدب، علم الكلام والعقائد، التفسير والحديث والميراث.

دیارترین و بگرە قورسترین زانستی ناو ئەو دوانزە عیلمە، زانستی (لۆجیك ـ المنطق) بوو، لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی، ئەو کتێبەی کە ئەو زانستەی تیا دەخوێنرا کتێبی (ئیساغۆجی) و ئەو کتێبانە بوون کە شرۆڤەی ئەویان دەکرد وەکو (فەننارى) و (مفني الطلاب) و هی تریش کە لەمەودوا باسیان دەکەین.

لەو رۆژەوە مزگەوت وەکو پەرستگایەك لە جیهانی ئیسلامدا بنیات نراوە حوجرە و (کتاتیب)یش لە تەکیدا بۆ خوێندن دامەزراون و زانستی لۆجیك لە دوو تۆی کتێبی (ئیساغۆجی)دا وەکو بەرنامەیەکی خوێندنی بالأی مزگەوت کراوە بە ماددەیەکی سەرەکی ئەو خوێندنە، ئێمە لەم باسەماندا ئەوەی لە توانامانداە هەبێ، بەپێی ئەو سەرچاوانەی بە دەستمان کەوتوون لەسەر کتێبی (ئیساغۆجی) دەکۆلینەوە، لەگەڵ خوێنەری بەڕێزیشدا پێکەوە دەستی یەکتری دەگرین و دەگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە پالّی بە ئەرەستۆوە نا کە ئەو زانستە دابنێ، کە چۆن لەدوای ئەو بە هەموو جیهاندا بلاّوبۆوە، ئەمڕۆش هەموو جیهانی بیرکاری و ئەندازیاری و زانستە پراگماتیکیانەی ئەم سەردەمە سوودیان لێ وەرگرتووە و لە بواری بیرکاری و ئەندازیاریشدا بووە بە هۆی ئەفراندنی لۆجیکی هێماسازی.

لە گۆشەنیگای خوێندن و کارکردنی ئەو لۆجیکەوە لەسەر بیر و هزری خوێندکاران و مەلا و زانایانی ئیسلام بە گشتی و مەلا و زانایانی کوردەواری بەتایبەتی کارتێکردنی سەرنج راکێش و مۆرکێکی بەرچاوی هەبووە و گەلێ زانا و دانای ناوداری پێگەیاندووە و رۆلّێکی فرەی لە هۆشیاربوونەوەی گەلانی ئیسلامدا بینیوە.

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەی ئێمەدا مەبەستە هەوڵدانێکی دڵسۆزانەیە بۆ تیشك خستنە سەر چۆنیەتی پەیدابوونی لۆجیك بەسەر دەستی ئەرەستۆدا و هاتنی بۆ ناو حوجرەکانی کوردستان و خستنە رووی بابەتە سەرەکییەکانیەتی.

ئەرەستۆ و زانستی لۆجیك

زانستی لۆجیك هەر وا لە خۆڕا بەسەر دەستی ئەرەستۆدا نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکو کۆمەڵە فەلسەفەیەکی هەمەجۆر لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە هەزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا کە ولاتی گریکی گرتەوە زەمینەی رەخسان کەوا لە ئەرەستۆ بکات، ئەو زانستە بۆ ئاراستەکردنی فیکری خەڵك دابنێ و زەینیان لە پرت و بلاوی هۆشکاری بپارێزێ.

بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی ئەو زەمینە لەبارە کە جۆرەها فەلسەفە و بیروڕای تیا هاتە ئاراوە بخەینە بەرچاو.

بەر لە شارستانیەتی گریکەکان لە چەندین شوێن و کاتی تردا شارستانیەتی تر سەریان هەڵداوە و هەوڵی خۆی بۆ هۆشیارکردنەوە و پەیبردن بە نهێنییەکانی سروشت و گەردوون خستووەتە کار و بۆچوونی ئاستی فیکری مرۆڤ لەو بارەوە شتێکی بۆ خۆی سازداوە و لە سایەیدا دڵی خۆی ساتۆر کردووە و هۆشی خۆی پێی دامرکاندووەتەوە و شتێکی بەشت کردووە، بەڵام هەموو هەوڵەکان لە دواییدا گیرۆدەی ناو تەپوتۆزی ئاین و میتۆلۆژیا بوون و لەناو ئەواندا تواونەتەوە.

هەروەها گەلانی تر بەر لە گەلی گریك هەولّی شرۆڤەکردنی سروشت بە گشتی و دیاردە سروشتییەکان بەتایبەتی داوە و لەو بوارانەدا هەنگاوی بە پێز نراوە بەلأم سەرجەمی ئەو هەولّە فیکرییانە نەیانتوانیوە دەرگا داخراوەکانی ئاین بکەنەوە و لێی دەربازبن، ئیدی ئەوەی هاتووە و رەخساوە کراوە بە کالأیەك بە بالأی خوا هەمەجۆرەکاندا براوە.

ئەوەی بۆ هەموو کەس ئاشکرا و روونە ئەوەیە (ئەیونیا ـ Ionia) گریکەکان بۆ یەکەم جار تواناییان، بەپێی بۆچوونی تایبەت بە خۆیان دیاردە و رووداوە دژوارەکانی گەردوون دوور لە ئاین بکەن و پێشکەشی بە مرۆڤایەتی بکەن.

لە (سروشتناسی ـ کۆسمۆلۆجیا)دا تۆژینەوەی وردیان لەسەر ئەو هۆیانەش کردووە کە کار دەکەنە سەر سروشت و بەرەو گۆڕان و رووداوەکانی دەبەن.

هەروەها لە هزرەکاری و فەلسەفەیشدا بیر و هۆشی خۆیان بۆ تێگەیشتن و پەیبردن بە نهێنییەکانی (بوون)ی گەردوون خستووەتە کار و، ئەوەی باوەڕیان لەسەری سەقامگیر بووە وەکو بیروباوەڕێکی فەلسەفی لە بەرنامەیەکدا دایان رشتووە و نەیان هێشتووە تێکەلأو بە ئاین و میتۆلۆجیا ببێت و بە خەلّکیشیان راگەیاندووە کە ئەمە بووە بە هۆی مانەوەی.

چۆن فەلسەفە لە یۆنانداپەیدا بوو؟

بەر لە (ئەرەستۆ ـ ٣٨٤ ـ ٣٢٢ پ.ز) و لە سەردەمی ئەویشدا چەندین فەیلەسووف ولأتی گریکیان کردبووە چراخانی هزر و روونا‌کبیری و فیکری خەلّکیان بەرەو ئازادبوون ئاراستە دەکرد.

ئەوانە ئەو حەوت فەیلەسووفە بوون کە بەر لە هاتنی ئەرەستۆ رێگەی بیرکردنەوەیان بۆ عەقڵی مرۆڤ خۆش کرد.

١ـ (تالیس ـ Thales ـ ٦٢٤ـ ٥٤٦ پ.ز)

ئەم زانایە بە باوکی فەلسەفەی گەردوونناسی دەناسرێ. "یەکەم کەس بووە کە بەدوای هۆیەکانی "بوون"دا بگەڕێ"[1] ئەو فەیلەسووفە خەڵکی ولاتەکەی خۆی (مالتیا) بەوە سەرسام کردبوو، کە پێی دەوتن (خۆر و ئەستێرەکان شایەنی بەندەگی نین، هەریەك لەوانە کۆگایەکی ئاگرینن)[2].

ئەو ئاوی بە توخمێکی میتافیزیکی بوونی ژیان دادەناو پێی وابووە، ئاو سەرچاوەی سەرەکی ژیانە.

"ئاو بناغەی بوونی هەموو بوونەوەرێکە، لەوەدا هیچ جیاوازی لەنێوان مرۆڤ و ڕووەك و بەردێکدا نییە، جیاوازییان تەنیا لە بوونی زۆر و کەمی ئەو ئاوەدایە کە لێی پێك هاتووە، ئەی ئەوە نییە ئاو لە چەندین قەبارە و دۆخدا دەبینرێ، لە ئاسماندا هەڵمە، لە زەویدا بارانە، لە زستاندا بەستەڵەکە، هەموو شتەکانی بوون لەو سێ دۆخەدان: (هەڵم، شل، رەق)[3].

---

[1] (کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا ـ بەرگی یەکەم) د. محەمەد کەمال، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢، سلێمانی، ل٢٤.

[2] (قصة الحضارة) تأليف ول ديورانت، الجزء الثاني من المجلد الثاني (حياة يونان) ترجمة محمد بدران، جامعة الدول العربية، ١٩٦٨، ص ١٧٨.

[3] (قصة الفلسفة اليونانية) تصنيف: احمد امين ـ زكي نجيب محمود، الطبعة السابعة، القاهرة، مطبعة التأليف والترجمة والنشر، ١٩٧٠، ص١٤.

٢ـ (ئەناکسمانس ـ Anaximene ـ ٤٥٠ پ. ز)

پێی وابووە، ئەسڵی شتەکان لە سەرەتای بوونیاندا پارچە شتێکی نەرم و بێگەرد بوون، لەدواییدا یەکیان گرتووە و بوون بە (هەوا) هەواکەش بووە بە هەور، هەورەکەش بووە بە گڵ، کەواتە مادەدە لە سەرەتادا ئەو سێ قۆناغەی (گاز ـ شلە ـ بەستراو) بڕیوە و ئەوجا چووەتە ناو دۆخی رەقییەوە و لەو گۆڕاندنەدا گەرما و سەرما یارمەتییان داوە.

هەروەها لەو باوەڕەدا بووە، هۆی روودانی بوومەلەرزە خزینی ئەو خۆلەیە کە لە ئەسڵدا شلۆك بووە، ژیان و گیان یەك شتن، ئەو هێزەی کە ژیان دێنێتە ئاراوە فراوانە و لە هەموو کات و شوێنێکدا هەیە.

٣ـ (ئەناکساگۆراس ـ ٥٠٠ ـ ٤٢٨ پ. ز)

ئەم زانایەش پەی بەڕاستی رووداني دیاردەی مانگ و خۆر گیران بردووە، پێی وابووە مانگە دەبێتە هۆی گیرانی خۆر و زەوییە دەبێتە هۆی گیرانی مانگ.

هەروەها پێی وابووە زەوی خڕە و بەسەر پێنج دەڤەری گەورەدا دابەش بووە.

هەروەها ئەوەی زانیوە کە رووە روونا‌کەکەی مانگ هەمیشە رووی لە زەوییە[4].

٤ـ (ئەنکسماندەر ـ ٦١٠ـ٥٤٠ پ. ز)

---

[4] (قصة الحضارة) ل١٧٨.

قوتابی تالیس بووه، یەکەم کەس بووە نەخشەی جوگرافی بۆ زەوی و ئەستێرەناسی بۆ گەردوون ناسی داناوە.

پێی وابووە هەموو گەردوون لە سەرەتادا یەك شت بووە و لە یەك تۆخم پێك هاتووە لەدواییدا توخمەکانی تر پەیدا بوون و لە یەك جیا بوونەتەوە.

هەروەها لای وابووە: هەموو ئەستێرەکان لە سەرەتای بونیادا هەریەك تۆپەڵە شلۆکێك بوونە، لەژێر تینی کاریگەری خۆردا لەسەریان وشك هەڵگەڕاون.

هەروەها وتوویەتی: (ژیان لە سەرەتادا لە دەریاوە دەستی پێکردووە)[5].

٥ـ (هێڕا کلایدیس ـ Heraclitus ـ ٥٤٠ ـ ٤٧٥)

دیووت:

هەموو شتەکان لە جووڵە و بزاوتن ناکەون. گەردوون خۆی هەمیشە لە دەوران و سووڕاندایە، دەوەران سووڕان خەسڵەتێکی دینامیکی هەمیشەییە بە (بوون) بەخشراوە. واتە بڕوای بە وەستان نەبووە، لە وتە بەناوبانگەکەیدا کە دەڵێ: (مرۆڤ ناتوانێت لە رووبارێکدا دووجار خۆی بشوا) تیۆرەکەی بەرجەستە دەبێ.

ئەو سەرچاوەی (بوون)ی گەڕاندووەتەوە سەر تۆخمی ئاگر: (ئاگر ئەزەلییە و کەس دروستی نەکردووە، لەسەر پێوەر و یاسایەکی تایبەتی خۆی دەکوژێتەوە.

---

[5] قصة الفلسفة اليونانية، ل١٦.

جیهان هەر بووە و هەر دەبێت و کۆتایی نایەت[6].

٦ـ (ئەمبا دۆکلیس ـ ٤٤٥ پ. ز)

ئەم زانایەش تیۆری ئەفراندن و رەخساندنی (النشۆ)ی ئەندامانی لەشی زیندەوەرزانی هێناوەتە ئاراوە و دەڵێ: لەناو تاقیگەی سروشتدا بڕیار لەسەر چۆنیەتی فۆرم و شێوەی هەمەجۆری ئەندامانی لەشی زیندەوەران دراوە، لەناو ژینگەدا خەملاوە، دانراوە، کام فۆرم لەبار و سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بە ئاسانی کارسازی خۆی ئەنجام بدا و رووبەڕووی ژینگە بێتەوە و بەسەریا زاڵ بێ ئەوە هەڵبژێردراوە. ئەوانەش کە کاریان بە ئاسانی پێ ئەنجام نەدراوە وەدەر نراون، ئیدی پاش بەسەراچوونی رۆژگارێکی دوور و درێژ ئەندامە لەبارەکانی لەش جێی خۆیان گرتووە و لەگەڵ ژینگەدا تەبا بوونە.

٧ـ (دیموکریتیس ـ ٤٦٠ ـ ٣٦٠)

دەڵێ:

(هەموو شتێ ئەوەی هەیە و ئەوەی دەبێ بەرەو پێشەوە پاڵنراوە و دەڕوا، شتەکانی ناو گەردوون بێ ئەژمارن، هەموو سات و کاتێ خۆ بەیەکدا دەدەن و لەناو دەچن، جیهانی نوێ لەناو باژەڵی ئەو پێکدادانەدا پەیدا دەبن، گەردیلەی خود بزوێنەری قەبارە هەمەجۆر و وەك یەك پەیدا دەبن، هیچ

---

[6] کێشەی بوون لە مێژوودا. محەمەد کەمال. ل٢٨.

نەخشە و تەگبیرێکی پێشەکی لە خولقاندنی جیهانەدا نییە، گەردوون بەخۆی بەشێوەیەکی ئالیی میکانیزیکی دەڕوا و دەجوولێ)[7].

وەك بینیمان بیروڕا و تیۆرەکانی ئەو کۆمەڵە فەیلەسووفە کە بەر لە ئەرەستۆ هاتبوون چۆن رابەری فیکری خەڵکیان کردبوو، چەندین تیۆری جیا جیایان لەمەڕ گەردوون و سروشت و (بوون) هێنابووە ئاراوە.

دیموکراتیەت و ئازادی تاکە کەس و پێشکەوتنی باری ئابووری و سیاسی و بازرگانی ولاتی گریکی بردبووە پایەیەکی بەرزەوە.

لەکاتی ئەرەستۆشدا سۆفیستەکان هاتنە ناو مەیدانی فیکر و زانستەوە، ئەوەندەی تر عەقڵی خەڵکیان بەرەو ناخی هزرکاری و تێڕوانین قوول کردەوە.

بۆیە بە پێویستمان زانی کورتە باسێکیش لەمەڕ ئەو سۆفیستانە بخەینە ڕوو، وا بە پوختی باری بۆچوون و تیۆرەکانیان لە خوارەوە باس دەکەین:

سۆفیستەکان

سۆفیستەکان: کۆمەڵە مامۆستایەکی هزرڤانی مۆدێرن بوون. خەڵکی ئەثینا نەبوون لە دوورگەکانی گریکەوە هاتبوونە ئەوێ.

نازناوی (سۆفەستا) واتە: (مامۆستای حیکمەت)یان لێ نرابوو، ئەگەر لە کوردیدا ناوەکەیان ورد بکەینەوە (مامۆستای بالاّ) دەگەیەنێ. کە دەکاتە مامۆستای زانکۆی ئەمڕۆ. لە هەموو ناسیاو و ناودارتریان ئەمانە بوون:

---

[7] (قصة الفلسفة) ول ديورانت، مكتبة المعارف، بيروت، ١٩٧٢، ص ٨٤–٨٥.

١- پرۆتۆگۆراس - Protagors

ئەم فەیلەسووفە، کەسانێکی رەوشت پاك و بە نموود بووە.

ئەفلاتوون کە بۆ یەکەم جار دیدەنی کردووە بە کەسێکی مۆرال بەرز باسی لێوە دەکات.

ئەو بیر و ڕایانە کە پرۆتۆگۆراس بلاوی کردنەوە، گشت بیروباوەڕ و بەها و نەریتێکی ئەو سەردەمەی هێنایە لەرزین و هاژین.

کارێکی گەورەی کردە سەر رەوتی فیکری گریکەکان. بۆ نموونە:

أ - بناغەی ڕێزمان و زانستی سیمنتاکسی دارشت.

ب - یەکەم زانا بوو کە ڕێزمانی داهێنا و ناوی بەسەر نێر و مێ و بێ لایەندا دابەش کرد.

پ - هەر ئەو بوو کاتی فەرمانەکانی دیاری کرد و رستەی بەسەر رستەی هەواڵدەر و مەرجیدا دابەش کرد.

ج - پێنج هەستەکەی مرۆڤ تاکە ڕێگەی پەیبردنن بەڕاستی.

نووکلی لەوە کردووە کە هیچ حەقیقەتێك لە سەرووی هۆشەوە هەبێ و هەستەکان پەی پێ نەبەن.

چ - راستی رەها هەبوونی بۆ نییە.

د - راستییەکان هەموویان بە خێر و ناخەیر و جوانی و ناشیرینی و شەڕ و بەدی چەند شتێکی ڕێژەیی و کەسانین.

ز - (مرۆڤ تەنیا خۆی پێوەری هەموو شتێکە، هەر خۆی بڕیاری لەسەر ئەو شتانە داوە کە هەن، هەیە، یان ئەو شتانەی کە نین، نین)[8].

---

[8] (قصة الحضارة)، ول ديورانت، الجزء الثاني من المجلد الاول، ص ٢١١-١١٤.

٢ـ گورگیاس ـ Gorgias

وتوویەتی:

(گەردوون و ئەوەی لە گەردووندایە، بە زیندەوەر و رووەك و بێ گیان و گیانداریەوە، لە خۆڕا بوون و هیچ عیللەتێکی پەی پێبەر و ژیر لە پشت دروستبوونیانەوە نییە.

هەروەها وتوویەتی:

(ئەگەر راستەقینەیەکیش هەبێت ئێمە بیزانین ئەوا ناتوانین بە خەڵکی رایبگەیەنین، چونکە کەرستەی دەربڕین و راگەیاندنمان زۆر لاوازە و ناتوانین ئەوەی دەیزانین کتومت لە چوارچێوەی زماندا دایڕێژین)[9].

٣ـ هیباس ئەلیسی ـ Hibas Elis

ئەم زاتە زانایەکی ئەنسۆکلۆپیدی سەردەمی خۆی بووە، لە زۆر بواری زانیاریدا دەستی بالای هەبووە، خەڵکی فێری ئەستێرەناسی و بیرکاری کردووە. چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەندازیاری داهێناوە، شاعیر و مۆسیقازان و وتاربێژێکی زمان پاراو و بەدەم و دوو بووە، خەڵکی فێری وتاردان لە ئەدەب و ڕەوشت و سیاسەت و مێژوو و قانوندا کردووە، لە هونەری شێوەکاری و نمایشکردندا دەستی هەبووە، لەناو زانایان و فەیلەسووفەکاندا وەکو ئەو ڕەوشت باش و دەروون ساف نەبووە، بڕوای بە شتی پڕوپووچ نەبووە، کەسانێکی ماتریالیستی بووە.

---

[9] کێشەی بوون لە مێژوودا، محەمەد کەمال، ل٤٧. هەروەها بڕوانە: فجر الفلسفة اليونانية، احمد فؤاد الاهواني، ل٢٥١–٢٥٢.

٤ـ ترازیماکۆس

خاوەنی واچەی: (راستی توانایە).

سەرکەوتنی کەسانی بەدخوو و خوێڕی گومانی دەربارەی بوونی خواکان لا دروست کردووە.

٥ـ لیسیاس

دەیوت:

کۆمەڵێك هەیە باوەڕیان بە خواکان نییە، یانەیەکیان هەیە، ناویان ناوە (یانەی ئەهریمەنەکان).

ئەو کۆمەڵە لە رۆژە پیرۆزەکانی رۆژووگرتن بۆ خواکان ئەوان لەو یانەدا کۆ دەبنەوە، خواردن و خواردنەوە دەخۆنەوە.

* * *

سۆفیستەکان بە هەموویانەوە کارێکی گەورەیان کردە سەر فیکری یۆنانییەکان و بەرەو بواری وردبوونەوەتر و لێتۆژینەوەی بوون بە گشتی ئاراستەیان کرد.

لێرەدا دەتوانین هەندێ لەو کارانەی کە خستیانە سەر هزر و زانیاری و بوارەکانی تر بە کورتی بیانخەینە ڕوو:

١ـ ئەوان دەرگای پەیدابوونی رێزمان و لۆجیکیان کردەوە.

٢ـ ئەوان هونەری کێشمە (الجدل) و دایلۆگیان خستە ناو قاڵبێکی ناسکەوە و خەڵکیان فێرکرد چۆن هەڵە و ڕاست لە گفتوگۆدا جیا بکەنەوە.

٣ـ پەخشانیان کرد بە بەشێك لە ئەدەب و کردیان بە هۆی گوزارشتدانەوە لە فەلسەفە.

٤ـ لێکۆڵینەوەیان بۆ سۆراخکردن و بۆ بەدواداچوونی راستییەکان لە هەموو بوارێکدا داهێنا.

٥ـ داب و نەریتەکانیان بە چاوێکی پیرۆز و گەورە تەماشا نەدەکرد، لۆجیك و هەستەکانیان دەکردنە بەڵگە لە دژیان[10].

ئەرستۆ و زانستی لۆجیك

ئەو بیروڕا فەلسەفی و زانیارانە کە لە سەردەمی (تالیس) و سۆفیستەکاندا هاتنە ئاراوە، ـ وەکو لە پێشەوە خرانە روو ـ ئاژاوەیەکی فیکری و گۆڕانێکی کەم نەبوو تووشی بەها و بیروڕا و ئەو شتە پیرۆزانە بوون کە بیروباوەڕی خەڵکی ئەتینیایان لەسەر دامەزرابوو. ئەوەی لە بواری ئەدەب و هونەر و ئاین و سیاسەت و فەلسەفە و زانست و قانوندا هەبوو هەمووی کەوتنە بەر نەشتەری تیژی نەشتەرگەریی بیری نوێ و لێکۆڵینەوە.

هەرچەند ئەو تیۆر و بیروڕا نوێیانە پژاو بوون و نەبووبوونە بەرنامەیەکی یەکگرتوو، بەڵام زەمینەیان بۆ ئەفراندن و خۆ ئامادەکردنێکی تری زانستی و فیکری رەخساندبوو، لەو کاتەدا ئەرستۆ یەکێك بوو لەو فێرخوازە بیر تیژانە کە هۆش و بیری خۆیان بۆ ئەو بیروڕا و زانیاریيە نوێیانە خستبووە کار، ئەوەی لەناو چەند و چوونی و دیلۆگەکاندا دەوتران و دەردەبڕان، گوێی بۆ

[10] قصة الحضارة، ول ديورانت، الجزء الثاني من المجلد الثاني (حياة يونان)، ل٢١٧–٢١٨.

دەگرتن و لەناو هۆشی خۆیدا خڕی دەکردنەوە و تاوتۆیانی پێدەکردن و لای خۆی خەزنی دەکردن.

لەو هەموو بیرۆکە تازانەوە، لەناو خەرمانەی ئەو هەموو تیۆرە هەمەجۆرانەوە توانی فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆی لێیانەوە هەڵبهێنجێ.

لە هەمووی دیارتر ئەو شێوە ئاخاوتنانە بوون کە لە دایلۆگەکاندا بەکاردەهاتن و پەیوەندییان بە لۆجیکەوە هەبوو، ئەوانەی لەبەر چاوگرتن، بەرنامە ڕێژییەکی مەحکەمی بۆ سازدان لە کۆتاییدا توانی وەکو زانستێکی نوێ بیانهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی فیکری ئەوانە کە ئاخاوتن سەبارەت بە بابەتە هەمەجۆرەکان دەکەن لە هەڵە بپارێزێ و ڕەوتی قسەکردن ڕاگرێ.

ئالێرەوە بوو ئەرەستۆ (لۆجیك)ی وەکو زانستێك ئەفراند.

لەو بارەوە دوکتۆر عەلی وەردی نووسیویەتی و دەڵێ:

(ئەو بابەتەگەلەی کە سۆفیستەکان هێنایانە ئاراوە، ئەو دایلۆگ و کێشمە کێشانەی کە لە یۆناندا بەرپایان کردن، وای کرد جۆرە پێوەرێك بێتە ئاراوە کە بتوانێ زەینی مرۆڤ لە هەڵزەنین و کەوتنە ناو هەڵەوە بپارێزێ، ئەرەستۆ هات، ئەو پێوەرانەی کە هەبوون کۆی کردنەوە و کتێبێکی ڕێکوپێکی سەر سووڕهێنەری لێ تۆمار کردن، ئێمە لێرەدا ناتوانین نووکلی لە بلیمەتی ئەرەستۆ بکەین کە توانی ئەو بیرۆکە سەر بە لۆجیکانە کۆ بکاتەوە و زانستێکیان لێ دروست بکات)[11] کە زانستی لۆجیکە.

* * *

[11] اسطورة الادب الرفيع، الدكتور علي الوردي، منشورات: سعيد جبير، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، ل ١٧٣–١٧٤.

(ویل دیورانت ـ ١٨٨٥–١٩٦٣) لەبارەی لۆجیکەکەی ئەرەستۆ دەدوێ و دەڵێ:

(ئەو جیابوونەوە مەزنەی کە ئەرەستۆ لە پێشینان جیا بکاتەوە دانانی زانستێکی نوێ بوو کە بە (لۆجیك) ناسرا. کەواتە بەر لە ئەرەستۆ کەس بەرنامەیەکی زانستییانەی بۆ لۆجیك دانەڕشتبوو، نەبووبوو بە زانستێکی خاوەن بابەت و لق و پۆپداری یەکگرتوو، ئەو بە جۆرێك ئەو زانستەی رێکخست کە بیر و هۆشی یۆنانییەکان لە نائارامی و گەڕەلاوژە دوور بخاتەوە.

لەدوای هاتنی ئەو زانستە رێگە بۆ هۆش و مێشك واز بوو کە چۆن بەرەو گەیشتن بە راستییەکان هەنگاو بنێن، هەر چەند زانستەکە بە تەواوی نەیتوانی جەڵەوگیری مرۆڤ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەك ئاژاوە هزرییەکانی دامرکاندنەوە.

دوای (ئەرەستۆ) گریکەکان لەبارەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە تووشی داوەشان و شێواوی بوون و لاوازی هۆشیاری کەوتە ناو فیکریانەوە، بەڵام پاش هەزار ساڵی دواکەوتن و کەوتنە ناو تاریکی نەزانی بە هۆش هاتنەوە و توانییان ئاوڕێك لە رابردووی خۆیان بدەنەوە، ئیدی ڕوویان بەلای بەهرەکانی ئەرەستۆدا وەرچەرخاندەوە، لە ساڵی (٤٧٠–٥٢٥)ی زاینیدا (بیوتیوس) ناوێك لۆجیکەکەی ئەرەستۆی وەدەست خست و وەری گێڕایە سەر زمانی رۆمانی ـ ن ـ).

لەو کاتەوە لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی سەری هەڵدایەوە و بوو بە نموونەی راستراگیری و پێوەری بیر و هزری راست و ڕەوان) زانای ناوبراو درێژە بە وتەکانی لەو بارەوە دەداو دەڵێ:

لۆجیك هونەرێكە یارمەتی مێشكی مرۆڤ دەدا كە چۆن بیری بخاتە كار، یاسایە شێوازێكی زانستییانەی هەیە. هەم هونەرە، هەم یاسایەكی فیكرییە، هەم زانستێكی مۆسیقا ئامێزە. لۆجیك هۆیەكانی بیركردنەوە راست و دروست رادەگرێ، بۆ هەڵسەنگاندنی راست و چەوتی بابەتە كۆسمۆلۆجییەكان و بیر و هزرە ئەبستاكە رەهاكان سەنگ و ترازوو و پێوەر دادەنێ.

رێگەی دیالێكتیك كە بە پێناسە دەستی پێ دەكرد و بە دایلۆگ تەواو دەبوو، سوكرات و ئەفلاتوون بەكاریان دەهێنا، ئەوە بوو سوكرات دەیوت: ئەوەی دەیەوێ لەگەڵ منداڵ لەسەر بابەتێك بدوێ با لەپێشەوە پێناسەی بۆم بكات.

ئەو كە پێناسەكەی شی دەكردەوە و، چی وردیاتی بابەتەكە و ئەو شتانەی كە پێوەی دەنووسان و لەو نەبوون لێكی جیا دەكردنەوە و لە رێگەی خوێندنەوەی وردەكارییەكانیەوە دەگەیشتە (بەر ئەنجام - الاستقراء).

بەو جۆرە پێناسەكە هەموو وردیاتەكەی خۆی لە خۆ دەگرتن و ئەوەی لەو بەدەر بوون وەدەری دەنان.

بەو جۆرە شێوازە دەوترا (دیالێكتیك) واتە دەرهێنانی شتێكی راست لە چەند شتێكی ترەوە.

لێرەدا رێگەی دیالێكتیكی سوكرات ئەو واچە و پێناسانەی لێ كەوتەوە كە لەناو لۆجیكەكەی ئەرەستۆدا بوون بە دارەڕای راگرتنی پەیكەری زانستەكەی)[12].

---

[12] قصة الفلسفة، ول دیورانت، ل٨٠.

دیارترین بابەت بۆ گەیشتن بە بەڵگەی یەقینی لە لۆجیکەکەی ئەرەستۆدا (مەسەلەی پێواندن ـ القیاس)ە. کە ئەویش لە خۆیدا پێنج لکی لێ دەبێتەوە کە پێیان دەوترێ: (پێنج بەڵگەسازەکان ـ الصناعات الخمس).

هەر چێوەیەکی ئەندازەش لە سێ واچە پێك هاتووە.

بە یەکەم دەوترێ واچەی گچکە. وەکو بڵێی ⟵ ئازاد مرۆڤە.

بە دووەم دەوترێ واچەی گەورە. وەکو بڵێی ⟵ هەموو مرۆڤێك ژیرە.

بە سێیەم دەوترێ ئەنجام. وەکو بڵێی ⟵ ئازاد ژیرە.

ئەنجام لە هەردوو واچەکەی پێشەوە هەڵدەهێنجرێ.

بەڵام ئەرەستۆ دەیوت: بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەندازەکە بە هەڵە بەسەر واچەکەی پێشەوەیدا کە واچەی گەورەیە نەشکێتەوە دەبێ ئەو واچەیە بە رێگەی (بەرئەنجام) وردەکاری لق و هەندەکانی بخوێنرێنەوە و لێیان دڵنیا بین، بۆ ئەوەی ئەنجامەکە بەڕاست دەرچێ و هەڵەی تێ نەکەوێ[13].

ناوی ئەم زانستە

ئەم زانستە لە سەردەمی ئەرەستۆدا ناوی لۆجیك نەبووە. ئەرەستۆ خۆی وشەی: (ئەنالۆتیکا ـ شیکردنەوە)ی لەجیاتی لۆجیك بەکارهێناوە، واتە شیکردنەوەی چالاکی بیر[14].

---

[13] قصة الحضارة، ل٤٩٧.

واچە: مقولة.

هەندەکان: جزئیات.

[14] (سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، حەمید عەزیز، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ل٢٧٦.

(شیشـرۆن ـ ١٠٦–٤٣ پ.ز) وشـەی ئـەنالۆتیکای بـە مانـا (دیالێکتیـك) بـەکارهێناوە، بـەلأم ئـەوەی بـە لۆجیـك بـەکاری هێنـا (ئەسـکەندەری ئەفرۆدیسی) بوو[15].

زانایانی ئیسلامیش بەو زانستەیان وتووە (المنطق).

مەنتیق لە ڕووی زمانەوانییەوە (چاوگێکی میمییە) بە مانا (نطـق ـ گـۆ) و ئاخاوتن دێ، چونکە زانینی ئەو زانستە زەیـن دەکاتـەوە کـە زەیـن کرایـەوە هێز بە گۆکردن دەبەخشێ و سافی دەکات.

مـەنتیق لـە ڕووی زاراوەسـازییەوە وا پێناسـەیان کـردووە: (ئـامێرێکی قانوونییە، زەینی مرۆڤ لە بە هەڵەچوونی بیردا دەپارێزێ)[16].

لۆجیکی فۆرمی و لۆجیکی هێمایی

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لۆجیك لە بـواری ماتماتیـك و ئەندازیاریـدا پەرەی سەندو لە ئەنجامدا بوو بە دوو بەشەوە:

١ـ لـۆجیکی ئەرەستۆتالیسـی کـە پێـی دەوتـرێ لـۆجیکی (رووکەشـی ـ صوري) چونکە پشت بە ڕێژە زمانییەکان دەبەستێ. بـۆ نموونـە بـا سـەیری ئەم گۆتەیە بکەین:

---

[15] ئەسکەندەری ئەفرۆدیسی، فەیلەسووفێکی یۆنانی بووە لە سەدەی دووەمی زاینیدا ژیاوە، یەکێك بووە لە شرۆڤەکارانی زانستەکانی ئەرەستۆ، کتێبەکانی لەناو موسڵمانان و عەرەبدا بلاّو بوونەتەوە و سوودیان لێ وەرگیراوە، (ئەبی عەلی سینا) پشتی بە بیروڕاکانی بەستووە و بە زانایەکی گەورەی زانیوە. بڕوانە: المنجد في الادب والعلوم (٢٠).

[16] مغني الطلاب في علم المنطق، المؤلف العلامة محمود ابن حافظ حسن المغنيني، ص٩.

– گۆتە: القضية.

– هەمەکی: كلي.

– ئەرێ: ايجاب.

(ئەگەر ژمارەیەك لە ژمارەیەكی تر بدەین، ئەنجامەكەی هەمان ئەنجام دەبێ كە ژمارەی دووەم لە یەكەم بدەینەوە)

٨ =٤×٢

٨ =٢×٤

٢ـ لۆجیكی هێمایی، لەجیاتی وشە و فریز هێمای ماتماتیكی بەكاردێنێ، بۆ ئەو هاوسەنگەی پێشەوە لەجیاتی زمان هێما بەكاردێنێ.

(س، ص). س. ص= ص س

نموونەیەكی تر: با دابنێین (أ) گۆتەیەكی هەمەكی ئەرێیە. دەیكەین بەم رێژەیە: أ = ب جـ

كەواتە لەو رێژەدا (أ) لە یەك كاتدا دوو خەسڵەتی هەیە وەكو بڵێی:

(مرۆڤ + زیندەوەرە + وێژەرە). یان (مرۆڤ = زیندەوەر × وێژەر. كەواتە مرۆڤ = زیندەوەری وێژەرە).

كەچی لە لۆجیكی رووكەشیدا وشە و فریز دەبنە بڕبڕاگەی داڕشتنی چێوەی گوتەكان وەكو:

هەموو كانزایەك بە گەرمكردن دەكشێ.

هەموو ئاسنێك كانزایە

كەواتە: هەموو ئاسنێك بە گەرمكردن دەكشێ.

دەتوانین ئەو هاوكێشە لۆجیكییە بەشێوەی لۆجیكی هێمایی دەربڕین:

ژ . ڤ] یە.

پ . ژ] یە.

كەواتە: پ ڤ] یە.

وتەیەکی پێویست

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا کە لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی لە بواری ماتماتیك و ئەندازیاریدا خرایە کار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا دەرکەوت کە ئەگەر ئەو لۆجیکە لەو قاڵبە رووکەشییەی خۆیدا بمێنێتەوە نەك یارمەتی بیری مرۆڤ بە تەواوی لەسەر دۆزینەوەی راستی و راستگۆیی نادات بەڵکو لەبەر گەڵێ بیرۆکەی چەسپێنراوی کۆن کە لە زمانەوە سەرچاوە دەگرن بە هەڵە لە مێشکدا دەچەسپێن، لەبەر ئەوە لۆجیك لەبەر کارهێنانی زمانی یاسایی لای دا و رووی بەلای بەکارهێنانی هێماسازی و لۆجیکی تر بەناوی (لۆجیکی هێماسان) لە بواری ماتماتیك و ئەندازیاریدا هاتە وەرچەرخان.

ئەو جۆرە لۆجیکە نوێیە لەسەر بنچینەکانی لۆجیکی کۆن دامەزراوەو مەبەستە سەرەکییەکانی خۆی دێنێتە دی و دانان و بەرهەمدانی نوێی لە ئاقاری پراکتیکییەت و کردەی مەیدانیدا سەلماندووە[17].

ئیساغۆجی کێ داینـاوە؟

بەگوێرەی ئەو پێشەکییە سێ دێڕەی ئیساغۆجی بێ، کە لە پێشەوە پێوەی نووساوە و لەگەڵیدا چاپ کراوە[18] دەبێ: (ئەسیرەدینی ئەبهەری)[19] داینابێ.

---

[17] دراسات في المنطق ـ مع نصوص مختارة، الدكتور عزمي اسلام، ١٩٨٥، ص٧٤–٧٩.

[18] ئیساغۆجی لەگەڵ (فەننارى)دا کە شرۆڤەکاریەتی و لەگەڵ پەراوێزەکانی (قول احمد)دا کە لەسەر (فەنارى)یە، لە ساڵی (١٣١٢)دا بۆ دووەم جار لە چاپخانەی (عەبدوڵڵا ئەفەندی) ناوێك بە یەکەوە بە چاپی بەرد و زەنگۆگراف کراون و بەناو حوجرەکانی ولاتانی ئیسلامدا بلاو بوونەتەوە.

بـه بـڕوای هەنـدێ لـەو مەلایانـە کـە ئـەو کتێبـەیان خوێنـدووە و بـە فەقێیانیشـیان وتووەتـەوە، ئیسـاغۆجی بـە دانـراوی خـاوەنی خـاوەن ئـەو پێشەکییەی دەزانن.

هەندێکی تریان بە کارتێکردنی ئەو وردە (بەند و تەزبیب و پەراوێزانە) کە لە قەراغ مەتنەکەی (فەننارى) و (مغنى الطلاب)دا هەن و نووسـیویانە: گوایـا (فۆرفۆریـۆس) ناوێـك داینـاوە. بـەلأم باسـی ئـەوە ناکـەن، جـا ئەگـەر (فۆرفۆریۆس)داینابێ ئەی ئەسیرەدینی ئەبهەری چی کردووە؟

ئێمە لێرەدا ئەوەی لەو بارەوە بە دەستمان کەوتبێ دەیخەینـە بەرچـاوی خوێنەر بۆ ئەوەی لەو بارەوە بە یەکەوە بگەینە ئەنجامێك یان نەگەین.

ڕای خۆمان دەدەین دەستەوسـان راناوەسـتین و چـاوەڕوانی دەرکـەوتنی ڕاستیش دەکەین.

١ــ ئەسـیرەدینی ئەبهـەری لـە پێشـەکییەکەیدا وا دەڵـێ: (ئـەوەی بـۆ فێربوونی ئەم زانستە پێویست بووبێ تیایدا دامان ناوە.)

٢ـ (كشف الظنون)[20] لە باسکردنی (ئەبهەری)دا لیستێك لەو کتێبانە کـە ئەو داینـاون دەخاتە بەرچاو لە ناویاندا (ئیساغۆجی) ناوی نییە.

لێرەدا بیری مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێ کە (ئیساغۆجی) لە دوور و نزیکـەوە بـە دانـان و وەرگێڕانـەوە پەیوەنـدی بـە (ئەبهـەری)یـەوە نـەبێ، دەنـا

---

[19] (ئەسیرەدینی ئەبهەری) ناوی (محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری ئەبهەری مالیکی)یە و لە ساڵی (٢٧٨)ی کۆچیدا لە دایك بووە و لە ساڵی (٣٧٥)دا مردووە. بڕوانە: كشف الفنون، جیلدی شەشەم.

[20] من كتاب كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، للعلامة المولى مصطفى عبدالله القسطنطيني الرومي الحنفي الشهير بالملا كاتب الچلبى ـ المعروف بحاجى خليفة ـ المجلد السادس، ص ٥٠.

(ئیساغۆجی)یەك بەو ناوداریيەوە كە لە سەرانسەری حوجرە و پەرستگاكانی ئیسلام و مەسیحییاندا بخوێنرێ و ئەو هەموو دایلۆگ و بگرە و بەردەیەی لەناو مەلایاندا بنێتەوە، یان كتێبێك ئەو هەموو شرۆڤە و پەراوێزە و داوێنەی لەسەر نووسرابێ و سەنگی مەحەكی زانین بێ و بە لۆجیكی (مامۆستای یەكەم) بناسرێ[21] چۆن ئەنسۆكۆپیدیا نووسێكی وەكو (حاجی خەلیفە) خاوەنی (كشف الظنون) ناوی نابات؟!

٣ـ كتێبی (الموسوعة العربية الميسرة) لەو بارەوە دەڵێ: (ئیساغۆجی) مانای (دەروازە)یە، ناوی ئەو كتێبەیە كە (فۆرفۆریۆس)ی (الصوری) لەسەر (واچەكان ـ المقولات)ی ئەرەستۆ داینـاوە (هەمەكییەكان ـ كلیات)ی ئەرەستۆی تیا باس كردووە، كە لای ئەرەستۆ هەمەكییەكان چوارن كەچی ئەو واتە (فۆرفۆریۆس) هەمەكییەكی تری خستووەتە پاڵیان و بوون بە پێنج كە (جۆر ـ النوع)ە.

ئەرەستۆ (جۆری) بە یەكێك لە هەمەكییەكان ئەژمار نەكردووە، چونكە ئەحكامی زانستی بەسەر جۆردا دەدرێ نەك تاك وەكو بڵێی ـ سوكرات مرۆڤە ـ ئەو واتە فۆرفۆریۆس كتێبی (ئیساغۆجی) لەسەر شێوەی (تێهەڵكێش و ناوەخن و شرۆڤە) كردووە بە عەرەبی[22].

٤ـ (المنجد في الأدب والعلوم)ی پاڵ (المنجد في اللغة والأدب والعلوم)ەكەی لوێس مەعلووف، لە دوو شوێندا ئاماژەی بە (ئیساغۆجی) داوە.

---

[21] (ئەرەستۆتالیس ـ ٣٨٤–٣٤٧ پ.ز) لەناو زانایانی ئیسلام و مەسیحییاندا بە (مامۆستای یەكەم) ناسراوە. چونكە لۆجیكی داهێناوە.

[22] بڕوانە: الموسوعة العربية الميسرة، دار الشعب، بالقاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٨٢، ص٢٨٥.

أ ـ دەڵێ: (ئیساغۆجی ـ Isagoge) بەشێکە لە فەلسەفە بە ناوی (پێنج واچەکان ـ المقولات الخمس)ەوە ناسراوە. (فۆرفۆریۆس)ی (الصوری) کە یەکێك بووە لە قوتابییەکانی ئەفلۆتین داینـاوە.

ئەو کتێبە کورتە باسێکە، دەدرێتە پاڵ (ئەسیرەدینی ئەبهەری) (کشف الظنون) وشەی (ئیساغۆجی) یۆنانییە و مانای (دەروازە)یە[23].

ب ـ (المنجد)ی ناوبراو لە شوێنێکی تریشدا کە باسی (فۆرفۆریۆس ـ porphyry ـ ٢٣٣–٣٠٤) دەکات و دەڵێ:

(فۆرفۆریۆس، فەیلەسووف بووە، لە شاری صور لە دایك بووە، یەکێك بووە لەوانەی کە لەسەر رێبازی ئەفلاتوونیەتی نوێ رۆیشتووە، شاگردی ئەفلۆتین خۆی بووە، لە رۆما خوێندوویەتی، رۆڵێکی بەرچاوی لە بلاوکردنەوەی بیروڕاکانی مامۆستاکەی ئەفلۆتین گێڕاوە، بەتایبەتی لە بلاوکردنەوەی (ئینیادە)دا[24]. یەکێك لە شاگردەکانی تری ئەفلۆتین (جامبلیك)ی فەیلەسووف بووە کە کتێبی (ئیساغۆجی) هەیە و، عەرەب وەریان گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی)[25].

* * * * * *

---

[23] المنجد في الأدب والعلوم، بيروت، الطبعة الثانية عشر، ل٥٢.

[24] دیارە هەڵەی چاپ کەوتووەتە ناو (المنجد في الأدب والعلوم)ەوە. چونکە (ئینیادە ـ Eneide) داستانە و هی شاعیری بەناوبانگ (فرێجیل ـ Virgile ـ ٧١–١٩ پ. ز)ە.
کتێبەکەی (ئەفلۆتین ـ ٢٠٥–٢٧٠) ناوی (ئینیاندس ـ Enneades)ە، کتێبێکی فەلسەفییە و شەش بەرگە و هەر بەرگەی نۆ وتارە. بۆ زێدە زانیاری بڕوانە: قصة الفلسفة اليونانية ـ تصنيف ـ أحمد أمين ـ زەکی نجيب محمود، ١٩٧٠، ص ٢٣١. هەروەها بڕوانە: المنجد في الأدب والعلوم، ل٤٣.

[25] المنجد في الأدب والعلوم، ل ٣٨٧.

وردبوونەوەیەك

بـە وردبوونـەوە لەسـەر تێکسـتی ئـەو سەرچـاوانەی پێشـەوە کـە باسـی (ئەسیرەدینی ئەبهەری) و کتێبی (ئیساغۆجی)یان کرد مەزەندەیەکی پتەو لە بیر و بۆچـووندا دروسـت دەبـێ کـە رەنگـە مەبەسـتی ئەبهـەری لـە رسـتەی: (ئەوەی پێویست بووبێ تیایدا دامان ناوە) پێکەوەنانەوە (تصنیف) بێ، واتە ئـەو کتێبـە دانـراو بـووە بـەلأم مـن لەگـەڵ فیکـر و سـەلیقەی عەرەبیـدا گونجاندوومـە و سـەرلەنوێ بـە جـۆرێکی تـر دامڕشـتووەتەوە.. یـان وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. بـەو وەرگێڕانـە دەسـکارییەکی گونجـاوی تیـا کردووە، دەسکارییەکەش لە چەند رووێکەوەیە:

١ــ گـەڵ لـە نموونـەکانی بابەتـەکانی لەگـەڵ نموونـەکانی نـاو کتێبـە عەرەبییەکانـدا کـە بـاو بـوون، گونجانـدووە بـۆ نموونـە لـەجیاتی نـاوە یۆنانییەکان ناوی (زید و عمر و بەکری) داناوە، کە ئەو ناوانە لەگەڵ میزاجـی ئەدەبی و فیکری مەلا و قوتابییەکانی ناو مزگەوتەکاندا گونجـاو و هاوچەشـن بوون و هەمیشە لە زەینیاندا ئامادەگییان هەبووە.

٢ـ کە دەگاتە سەر بابەتی (متواترات) کە یەکێکە لـە پێـنج بەڵگەسـازەکە دەیکات بە بەڵگە لەسەر راستگۆیی پێغەمبەری موسڵمانان.

ئا لەو روانگـەوە وتەکـەی راسـتە کـە دەڵـێ: (ئـەوەی بـۆ فێربـوونی ئـەم زانستە پێویست بووبێ تیایدا دامان ناوە).

٣ـ وەکـو رابـورد (الموسـوعة العربیـة)دا وتـرا: (فۆرفۆریـۆس) ئیسـاغۆجی داناوە.

٤ــ هـەروەها لـە (المنجـد في الأدب والعلـوم)دا جارێـك وتـی: ئیسـاغۆجی (فۆرفۆریۆس) داینـاوە و دراوەتە پاڵ (ئەبهەری). (تۆ سـەرنجی ئـەو رسـتەی

دواوه بدەن) جارێکی تر دەڵێ: (ئیساغۆجی) جامبلیك کە یەکێك بووە لە قوتابییەکانی ئەفلۆتین داینـاوە[26].

لە هەر دوو جاردا دانانی ئیساغۆجی نەدراوەتە پاڵ (ئەبهەری).

ماوەیە سەر ئەوەی کە (ئەبهەری تەنیا دەسکاری کردن ئـان داڕێشـتنەوە و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عـەرەبی بـۆ مایـەوە. ئـەو زانایـە (فۆرفۆریـۆس، جامبلیك) هەردووکیان شاگردی یەك مامۆسـتا بووینـە کـە (ئـەفلۆتین)ە، جـا هەر کامێك لەو دووە ئیساغۆجی دانـابێ بەشـی (ئەبهـەری) هـەر ئەوەیـە کـە وتمان.

ماوەتەوە سەر ئەوەی کە ئایا ئیسـاغۆجی بـە کـام زمـان بـۆ یەکـەم جـار دانراوە؟

ئایا بە زمانی یۆنانی بووە؟ هـەروەکو (منجـد في الأدب والعلـوم) و (مغـني الطلاب)ەکەی سەر ئیساغۆجی دەیڵێن.

یان بە زمانی رۆمانی لاتینی بووە؟

---

[26] (ئەفلۆتین ـ ٢٠٥–٢٧٠ز) لە شاری ئەسکەندەرییەی ولاتی میسر بووە، رێبازێکی نوێی فەلسەفی داناوە کە بە ناوی (ئەفلاتوونیەتی نوێ the new platonists) ناوبانگی دەرکردووە. بڕوای بە تیۆری ئایدیالیستی ئەفلاتوون هەبووە. بەلأم بەو تیۆرە نەگەیشتووەتە یەقین و پەنای بردووەتە بەر سرۆش و تەلیسم و نزا و سیحر و شتی ئەفسانەیی. لەگەڵ بیروڕاکانی ئەفلاتوونی یۆنانیدا تێکەلأوی کردوون.

دوو قوتابی هەبوون، هەردووکیان بوون بە فەیلەسووف، یەکێکیان (فۆرفۆریۆس) بووە، ئەویتریان (جامبلیك) گوایا ئەم دووانە دەستێکی بالأیان لە زیندوو کردنەوەی کەلتووری یۆنانیدا هەبووە، کتێبەکەی (ئەفلۆتین)ی مامۆستایان کە ناوی (ئیناندس) بووە. ئەوان رەواجیان پێ داوە.

بۆ زێدە زانیاری بڕوانە: (قصة الفلسفة اليونانية)، نووسینی: أحمد أمين ـ زكى نجيب محمود، القاهره، ١٩٧٠، ل ٢٣٠–٢٣٥.

یان بە زمانی (سریانی) کە هەندێ وردە پەراوێزی سەر شرۆڤەکانی ئیساغۆجی وای بۆ دەچن.

ئێمە وەرامێکی دوور لە گومانمان لا نییە. بەلأم دەرفەتی گەڕان بە شوێنی وەرامی پڕ لە یەقیندا لەم بوارەدا ئاقارێکی بەربلاوی هەیە و دانەخراوە.

* * *

ئیساغۆجی هەر کامێك لە فۆرفۆریۆس یان جامبلیك دایان نابێ بیر بە لای ئەوەشدا دەچێ کە رەنگە بە زمانی رۆمانیی لاتینی نووسرابێتەوە، چونکە لەو سەروبەندەدا کە فۆرفۆریۆسی تیا ژیاوە، کەلتوور و فیکری گریکەکان ببوو بە پێوەر و سەنگی مەحەکی زانست و زانیاری، ئەدەب و هونەر و فەلسەفە بە زمانی رۆمانی دەنووسران، چونکە ئەودەم رۆمانی زمانی ئاین بوو، هەروەکو لە جیهانی موسڵمانانیشدا تەنیا بە زمانی عەرەبی شت دەنووسرا.

گومانی ئەوەش دەکرێ کە رەنگە ئیساغۆجی بە زمانی لاتینی یان یۆنانی نووسرابێتەوە و بۆ خوێندکارانی کلیسەکانی رۆژهەلأت کرابێ بە (سریانی) ئەوجا لەوێوە کرابێ بە عەرەبی، چونکە پاش بەرین بوونی رووبەری فتوحاتی ئیسلامی چەندان زانا و زمان زانی سریانی هاتنە ناو ئیسلامەوە، ئەوەی دەیانزانی کردیانە عەرەبی.

* * *

أحمد أمین لە (فجر الاسلام)دا کە باسی فەلسەفەی یۆنان و کاریگەری لەسەر فیکری ئیسلامی دەکات، دەڵێ:

(... بەسەر دەستی قەشە نەسرانییەکاندا گەلێ لە فەلسەفەکانی یۆنان کرانە سریانی و لەوێوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی...) کە دێتە سەر ئەوانەی کە دەستێکی بالآیان لەو بوارەدا هەبوو دەڵێ: (بەناوبانگترین زانا کە کتێبە یۆنانییەکانیان وەردەگێڕانە سەر زمانی سریانی "سەرجیسی رەسعەنی" بوو، کە لە سالّی ٥٣٦ز مردووە، گەلێ کتێبی یۆنانی کردوون بە سریانی کە تا ئێستاش لە مۆزەخانەکانی بەریتانیادا پارێزراون، لەوانەی کە لە یۆنانییەوە کردوونی بە سەریانی چەند نامەیەکی (ئەرەستۆ و فۆرفۆریۆس و جالینۆس)ن. "سەرجیس" نامەیەکی لە لۆجیکدا داناوە، باسی دە واچەکە ـ المقولات العشر ـ دەکات، بەلأم تەواو نییە[27].

نووسینەکەی (احمد امین) بە تێکڕایی ئەمە دەگەیەنێ:

١ـ زۆرینەی ئەو کتێبانە کە لەسەر فەلسەفەی یۆنان بوون و پێویست بوو زانایانی عەرەب بیانزانن کە دەکرانە عەرەبی لە زمانی سریانییەوە وەردەگێڕدران. بەلأم ناوی هیچ لەو کتێبانە نابات.

٢ـ وتەکە ئەو ختووڕەش دەخاتە دڵەوە کە (سەرجیسی رەسعەنی)[28] لە سەردەمی خۆیدا ئیساغۆجی فۆرفۆریۆسی وەڕگێڕابێتە سەر زمانی عەرەبی، یان کتێبێکی دیکە وەکو ئەوی کردبێتە عەرەبی.

* * *

---

[27] فجر الاسلام، احمد امین، ص١٣٢.

[28] (سەرجیس رأس العینی) ئەم زانایە لە ناو مێژوونووسانی عەرەبدا وا ناوی نووسراوە یان بە (سەرجیس رەسعەنی) نووسراوە لە راستیدا ناوی _گورگیسی کانیاوی) بووە و یەکێکە لە زانا کوردەکانی سەردەمی خۆی.

رەنگە گومانی ئەوەش بکرێ کە ئیساغۆجی ئەگەر بە زمانی رۆمانی یان یۆنانی لە سەرەتادا نووسرابێتەوە، لەوانەیە کرابێ بە (سریانی) و ئەوجا لەوێوە کرابێ بە عەرەبی، چونکە زۆرینەی ئەو زانا نەسرانی و جوولەکانە کە پاش بەرینکردنی رووبەری ولاتی موسڵمانان دەیان لەو زانایانە کە هاتنە ناو ئیسلامەوە زمان زانی سریانی بوون، ئەوەی لەمەڕ فەلسەفەی یۆنانی دەیانزانی کردیانە عەرەبی[29].

یەکێك لە توێژەرانی عەرەب کە باسی کاریگەری فیکری گریك لەسەر کەلتووری عەرەب دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دەڵێ:

"شاری (جوند نیساپور) لە زەمانی شاپووری دووەمدا کرا بە بنکەی کۆکردنەوەی یەخسیرە رۆمانییەکان لە سالی (٥٣١–٥٨٧)دا، لەوێ پولسی فارسی کتێبێکی لۆجیکی بە زمانی سریانی بۆ خەسرەوی یەکەم دانا، بۆ ئەوەی لە زانینی ئەوەوە لە فەلسەفە و لۆجیکی ئەرەستۆ و (ئیساغۆجی) کە هەی (فۆرفۆریۆس)ە تێبگات" هەروەها دەڵێ: (بزووتنەوەی وەرگێڕانی فەلسەفەی گریك لە پێشەوە بۆ زمانی سریانی بووە ئەوجا کراوە بە فارسی و بە زمانی ڤەهلەوی، لەو شارەدا رووناکبیری فارسی و هیندی گریکی یەکیان گرتووە)[30].

کەواتە بەر لە بزووتنەوەی دانان و نووسینی عەرەبی کە لە سەدەی دووەمدا بەتایبەتی لە سەردەمی مەئموونداپەرەی سەند، بەر لەوە

---

[29] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.

[30] الاثر الاغريقى في البلاغة العربية من حافظ الى ابن المعتز، تاليف مجيد عبدالحميد فاجي، مطبعة الآداب، النجف الاشرف، ١٩٧٦، ص٣٥–٣٦.

(ئیساغۆجی) ئامادەگی لەناو زانایان و خوێندکاراندا هەبووە، ئیتر چ بە زمانی سریانی بووبێ یان بە زمانی فارسی.

زۆربەی سەرچاوەکان وا دەگەیەنن کە فیکری ئەگریکی ئەو مەسیحییانە کە زمانی سریانییان زانیوە، ئەوان گواستوویانەتەوە سەر زمانی سریانی و لەوێشەوە بۆ سەر زمانی فارسی و ئەوجا بۆ زمانی عەرەبی.

بەهۆی وەرگێڕانی فەلسەفە و لۆجیکی یۆنانەوە لە نێوانیاندا جۆرە تێکەلاوییکی وا رووی دا کە بە ئەستەم لە یەك جیا دەکرێنەوە[31].

لۆجیك و هزری ئیسلامی

لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی نووسینی کتێب دانان لە سەدەی دووەمی کۆچیدا لە ئەنجامی بەرگری کردن لە ئیسلام و بۆ هوشیار بوونەوەی موسڵمانان هاتە ئاراوە.

بۆ بەرگری کردن لە قورئان و فەرموودەکان زانایانی ئیسلام بە ناچاری پەنایان بردە بەر فەلسەفە و فیکری ئەو میللەتانە کە ئیسلام لە ناویاندا بڵاو کرایەوە.

---

[31] بزووتنەوەی وەرگێڕان لە سەردەمی (ابو جعفر المنصور)ەوە کە دەستی پێکرد سێ قۆناغی بڕی:

١ـ لە سالّی (١٣٦هـ)وە تا سالّی (١٩٣) سەردەمی خەلافەتی منصور و رەشید.

٢ـ لە سالّی (١٩٣)وە تا سالّی (٣٠٠) لە سەردەمی مەئموونداً.

٣ـ لە سالّی (٣٢٠) تا سالّی (٣٦٠).

لەو سێ قۆناغەدا زۆربەی کتێبەکانی ئەرەستۆ لە لۆجیك کۆسمۆلۆجیادا، وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی. بۆ زێدە زانیاری تەماشای (ضحی الاسلام) ل٢٠٤–٢٠٥ بکە. هەروەها تەماشای (التمدن الاسلامي) جورجی زەیدان بکە.

شارەزایانی ئەو میللەتانە لە زۆر رووی ئاینی و ئایدیالییەوە کێشمەکێش و مشتومڕی هزرییان لە تەکدا دەکردن و دەستەپاچەیان دەکردن، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بەرگری لە بیروڕای خۆیان بکەن، هەمان چەکی زانیاری و فەلسەفی لە دایلۆگەکانیاندا بخەنە کار، پەنایان بۆ ئەو زانیاری و بیروڕا فەلسەفییانە دەبرد کە بەرگری ئاینەکەی خۆیانی پێ بکەن.

فیکری یۆنانی بە گشتی و لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی لە زۆر رووەوە تێکەڵاو بە فیکری ئیسلامی کرا و توانی تا رادەیەك فیکری ئیسلامی لە شێوازی وەرگرتن لە پێشینانەوە و لە بیروباوەڕێکی لە خۆڕا چەسپاوی ئاساییەوە بەرەو بیروباوەڕێکی لەسەر فیکر و زانیاری دامەزراو ببات.

هزر و فەلسەفەی یۆنانی کە کەوتە ناو فیکری ئیسلامییەوە تەنیا بەوە رانەوەستا بەرگری پێ بکرێ، بەڵکو هەموو رووبەرێکی فیکری ئیسلامی تەنییەوە و بوو بە رێنمایی کار و هەوێنی هەموو زانیارەکانی بواری ئەدەب و هونەر و زمان و رێزمان و رەوانبێژی و عەروز و زانستی کەلام و فیقە و شەریعەت. بۆ نموونە (پێناسە ـ الحد) بەو مانایە کە هەموو وردەکانی خۆی بگرێتەوە و دەرگاش لەسەر شتی غەوارە رەپێش بکات. (الجامع المانع) بەشێکە لە لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی کەچی بناغەی لەناو (اصول الفقە)ی ئیسلامیدا داکوتاو، بووە بە ئامێرێکی دەستەبەر و ئەنجامدەر و گەلاڵەدەر و پێناسەکاری ئەحکامی شەرعی.

پێواندن (القیاس)یش کە یەکێکە لە (بنەما یەقینییەکان ـ مبادیء التصدیقات)ی لۆجیکەکەی ئەرەستۆ زۆر لە ئەحکامی فیقە و شەریعەتی پێ هەڵدەهێنجرێ. تەنانەت (القیاس) بووە بە سەرچاوەیەك ئەحکامی شەرعی پێ ئەنجام بدرێ.

سەرچاوەی سەرەکی شەریعەتی ئیسلام: (قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و کۆڕای موسڵمانان و "القیاس"ە)[32].

دوکتۆر عەلی وەردی دەڵێ: (ڕێزمان زانەکانی بەسرە بەوە ناسراون کە یاسا ڕێزمانەکانیان بەر (پێواندن ـ قیاس) دەخست، هەر وشە و رستەیەك بەر ئەو قیاسەیان نەکەوتبایە وەدەریان دەنا)[33].

(کە موسڵمانەکان لەگەڵ مەجوسی و یەهوود و نەسرانیدا تێکەڵاو بوون، دییان ئەوان بە چەکی فەلسەفەی یۆنانییەکان لەگەڵیان دەکەونە قسەکردن ئیدی ئەمانیش ناچار بوون پەنا بەرنە بەر هەمان فەلسەفە و لۆجیك)[34].

* * *

هەڵوێستی زانایانی ئیسلام بەرامبەر بە لۆجیك

هەڵوێستی زانایانی ئیسلام لەمەڕ لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی و فەلسەفەی یۆنان بەگشتی هەڵوێستێکی یەکگرتوو نەبووە، بەڵکو زانایان لە چەند هەڵوێستێکدا بیروڕای خۆیان لەو بارەوە دەربڕیوە، دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١ـ هەڵوێستی پەسەندکردنی لەگەڵ لەسەر زیادکردن و دەسکاری کردنی.

٢ـ هەڵوێستی ڕەتکردنەوە و وەرنەگرتن و بە حەرام زانینی.

٣ـ هەڵوێستی ڕەتکردنەوە، دوای ڕەخنە لێگرتن و بەربادکردنی.

---

[32] الانموذج ـ في اصول الفقه، تأليف الدكتور فاضل عبدالواحد عبدالرحمان، مطبعة المعارف، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٦٩، ص ١٠٤.

[33] اسطورة الادب الرفيع، دكتور علي الوردي، ص١٨٦.

[34] ضحى الاسلام، احمد امين، ص٢٨٨.

هەندێ لەو زانایانە کە دەربارەی فەلسەفە و لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی هەڵوێستی پەسەندکردن و لەسەر زیادکردن و دەسکاری کردنیان نواند، ئەم زانا ناودارانەی خوارەوە نموونەی ئەوانە بوون:

أ ـ فارابی (٨٧٣–٩٥٠)[35]

ئەم زانایە گەلێ بایەخی بە فەلسەفەی یۆنان و لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی داوە، چەندین کتێب و نامەی لەسەر فەلسەفە و لۆجیك داناون.

هەوڵی ئەوەی داوە کە فەلسەفەی یۆنانی لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا بگونجێنێ و جۆرە هۆشمەندییەکی فیکرییانەی زانستییانە بخاتە ناو بیروڕاکانی ئیسلامەوە، تەنانەت هەوڵی ئەوەشی داوە بەراوردکارییەك لەنێوان (ڕێزمانی عەرەبی و لۆجیك)دا بکات[36].

ب ـ ابن سینا (٣٧٠–٤٢٨ك)[37]

---

[35] فارابی پاش ئەوەی موسڵمان بووە ناوی نراوە (ابونصر محمد الفارابی) لە ڕەچەڵەکدا تورك یان فارس یان ئەرمەن بووە، فەلسەفەی بەسەر دەستی زانا نەسرانییەکاندا خوێندووە و دەستێکی بالای تیایدا پەیدا کردووە، هەوڵی داوە فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ بە یەکەوە گرێ بدا.
نزیکەی دوانزە کتێبی لەسەر فەلسەفە داناون، لەناو زانایانی ئیسلامدا دوای ئەرەستۆ بە (مامۆستای دووەم) ناسراوە، لە دیمەشق لە ساڵی (٩٥٠ز) مردووە.

[36] دراسات في المنطق ـ مع نصوص مختارة، الدكتور عزمي اسلام، جامعة الكويت، ١٩٨٥، ص١٢.

[37] ناوی تەواوی (ابن سینا) ابو علی کوڕی عبدالله کوڕی حسن کوڕی علی بن سینا، کە بە (الشیخ الرئیس) نازناوی براوە، نازناوی (الشیخ) لەبەر ئەوە بووە لە فەلسەفەدا زانایەکی مەزن بووە، نازناوی (الرئیس)یش لەبەر ئەوە بووە لە سیاسەتدا ئیشی کردووە و چەندین جار پۆستی وەزیری پێدراوە، لە ساڵی (٤٢٨ك)دا لە هەمەدان کۆچی دوایی کردووە و گۆڕەکەی لەوێیە. پتر لە سەد کتێبی دانراوی هەن.

ئـەو زانایـە گرنگییـەکی زۆری بـە فەلسـەفە و لـۆجیکی ئەرەستۆتالیسـی داوە، گەڵ شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسیون، ئـەوەی کتێبـەکانی ئـەو زانایە بخوێنێتەوە خۆی لەبەردەم سەرچاوەیەکی لـە بـن نـەهاتووی فیکـری فەلسەفیدا دەبینێتەوە، بـە تایبـەتی کتێبـی (الشـفاء)ی کـە لـە چـوار بـەش (لۆجیك، کۆسمۆلۆجیا، بیرکاری، لاهووت) پێك هاتووە[38].

لە بەڵگەکاریدا هەمیشە پەنای بردووەتە بەر فیکری فەلسەفی و لـۆجیکی ئەرەستۆتالیسی.

بـۆ خـۆی فەلسـەفەیەکی تـەبا و گونجـاوی لەگـەڵ بنـەما و پرنسـیپەکانی ئیسلامدا بنیات ناوە.

پ ـ الغزالی (١٠٥٩–١١١١)

ئەم زانایە بەرگری زۆری لە لۆجیك کـردووە، گـەڵ بایـەخی پێـداوە، پێـی وابووە: (هەر کەسێك لەو زانستەدا زانیاری نەبێ پشت بە زانستی نابەسترێ، ئەوەی پێی وایە لۆجیك کوفرە یان حەرامە، ئەوە نەزان و نەفامە)[39].

ئەو زانایە هەر چەند لە بیست و یـەك مەسـەلەی فەلسـەفیدا رەخنـەی لـە فەیلەسـووفەکانی یۆنـان گرتـووە لـەو بـارەوە کتێبێکـی بـە نـاوی (تهافـت الفلاسفة)وە داناوە.

---

[38] ابن سينا ـ تيسير شيخ الارض، دار الشرق الجديد، بيروت، ١٩٦٢، ص١٨٧.
هەروەها: احمد فؤاد الاهواني، ابن سينا، دار المعارف بمصر، ١٩٥٨، ص١٩.

[39] مفنى الطلاب في علم المنطق، للعلامة محمود بن حافظ حسن المفنينى. ل٩.

لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنی فەلسەفەی بە پێویست زانیوە و لۆجیکی بە دەروازەی ئەژمار کردووە[40].

ج - ابن حزم (٩٩٤–١٠٦٤)[41]

ئەم زانایەش بایەخی بە لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی داوە، هەوڵی ئەوەشی داوە کە هاوگونجاندنێك لەنێوان بیری ئیسلامی و لۆجیکی ئەرەستۆدا واربێ. کتێبێکی لەو بارەوە داناوە ناوی (التقريب لحد المنطق)[42].

لەناو زانا بەناوبانگەکانی ئیسلامدا نموونەی ئەو زانایانە زۆرن کە فەلسەفە و لۆجیکیان لا پەسەند بووە، چەندین کتێبیان لەو بوارەدا داناون و فیکری ئیسلامییان پێ دەوڵەمەند کردووە.

٢ــ ئەو زانایانە کە فەلسەفە و لۆجیکیان رەت کردووەتەوە. ئەوانە سەبارەت بە حەرامکردنی فەلسەفە گوتەیەکیان هەیە راست و رەوان هەڵوێستەکەیان دەردەبڕێ و دیانوت:

(لۆجیك دەرگای فەلسەفەیە، فەلسەفە خۆی شەڕە، کەواتە دەرگاکەشی شەڕە). بەپێی ئەو گۆتەیە دەیانوت: "ئەوەی دەم لە لۆجیك بدا زەندەگەیە

---

[40] ناوی تەواوی الغزالی (ابو حامد محمد الغزالی)یە و لە سالّی (١٠٥٩)دا لە خۆراسان لە شاری تووس لە دایك بووە، یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلامی، گەڵ کتێبی داناون، لە هەموویان بەناوبانگتر (المنقذ من الضلال) و (تهافت الفلاسفة) و (احياء علوم الدين)ە.

[41] ابن حزم لە ئەندەلوس لە دایك و باوکێکی مەسیحی بووە ، لە فیقهی ئیسلامی و پزیشکی و شیعر و فەلسەفە و مێژووناسیدا دەستێکی بالاّی هەبووە، لەبەر ئەوەی سیاسەت زان بووە کراوە بە وەزیر لە دواییدا وازی لێ هێناوە و خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە.

ئەم کتێبانەی هەن: (طوق الحمامة)، (الفصل في الملل والاهواء والنحل).

[42] دراسات في المنطق، دكتور عزمي اسلام، ل١٣.

(من تمنطق فقد تزندق)"[43] واتـه ئـەوەی زانسـتی لۆجیـك بخـوێنێ دەبێتـه زەندەگە چونکە دەکەوێتە ناو (گێژاوی پێواندن و ئەنجامەکانیـەوە، ئـەوەی کەوتە ناو ئەو شتانەوە بیروباوەڕی ئاییـنی لەق دەبێ و تووشی سـەرگەردانی دەبێ، چونکە ئاین لەسەر خۆ دانە بەدەستەوەیە نەك بیرکردنەوە).[44]

ئەم زانایانەش لەوانەن کە لۆجیکیان بە حەرام زانیوە:

أ ـ أبی الحیان التوحیدی

یـەکێك بـووە لـە زانایـانی (کـەلام) ئـەو لـەو بـاوەڕەدا بـووە کـە زانایـانی (المتکلمین)[45] ئاینیـان بـە لۆجیـك تێکـداوە، سروشـتی ئـاین لەسـەرخۆ بـە دەستەوەدان یەقین دامەزراوە، بەڵام ئەو زانایانـە کـە فەلسـەفە و لۆجیکیـان هێنـا و خسـتیانە نـاو ئاینـەوە خـەڵکیان تووشـی سـەر لێ شـێواندن کـرد، مادامەکی ئاین لەسەر ترس و خۆ بە دەستەوەدانی خوا راوەسـتاوە، کەواتـە زانایانی (المتکلمین) گەلێ لە ئاینەوە دوورن.

---

[43] زەندەگە بە وانە وتراوە کە لەسەر بیروباوەڕی (زەند ئاوێستا)ن، بەڵام بە رەواڵەت خۆیان بە موسڵمان دەنواند. بڕوانە: دراسات في المنطق، دکتور عزمي اسلام، ص١٣.

[44] المنجد في اللغة والادب والعلوم، الطبعة الثانية عشر، ص٣٠٨.

[45] دوو زاراوە بۆ زانایانی ئیسلام بەکارهاتوون، یەکەم زاراوەی (ئەهلی کەلام) بە وانە وتراوە کە تەنیا لە ئەحکامی ئایندا پشتیان بە قورئان و فەرموودەکان و شتی نقڵی دەبەست و پێیان وابووە تەنیا (نقل) مرۆڤ بە یەقین دەگەیەنێ نەك عەقڵ. دووەم (المتکلمون) پێشیان دەوترا (الحکماء) ئەوانە هەموو حوکمێکی شەرعیان دەدایە بەر تیشکی عەقڵ و رووێکی فەلسەفییان دەدایە. گروهی (المعتزلة) لەوانە بوون.

هەروەها دەیوت: (ئەوەی خەریکی فەلسەفە دەبێ، دەشێ واز لە ئایین بێنێ، ئەوەش ئایینی بووێ دەبێ واز لە فەلسەفە بێنێ).

ب ـ الشافعی (٧٦٧–٨٢٠)

ئەمیش خوێندنی فەلسەفە و لۆجیکی بە باش نەزانیوە و وتوویەتی: (خەڵك چەند نەزانن، زمانی عەرەبیان وەلا ناوە و رووبان کردووەتە زمانی ئەرەستۆتالیسی)[46].

بەلای ئەوەوە دەبێ: (یان پشت بە لۆجیك ببەستڕێ و واز لە شێوازی قورئان بهێنڕێ، یان شێوازی قورئان وەربگیڕێ و واز لە لۆجیکی ئەرەستۆ بهێنڕێ). دیارە شافعی لۆجیکی دژ بە شێوازی قورئان زانیوە.

٣ـ ئەوانەی کە دوای رەخنە لێگرتن و هەڵسەنگاندنی رەتی دەکەنەوە.

نموونە بۆ ئەم گروپە ئەم زانایانەن:

أ ـ ابن تیمییە (١٢٦٣–١٣٢٩ز)

ناوی تەواوی (تقی الدین ابو العباس احمد بن تیمییە)یە. لە شاری (حەڕان) لەدایك بووە.

هەڵوێستی ئەم زانایە لە هەڵوێستی (غەزالی) دەچێ، هەردووکیان فەلسەفەیان خوێندووە و رەتیان کردووەتەوە، بەڵام (غەزالی) لەسەر لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی ماوەتەوە، کەچی (ابن تیمییە) پاش خوێندنی فەلسەفە و لۆجیك هەردووکیانی رەت کردووەتەوە.

---

[46] جلال الدين السيوطي، (صون المنطق والكلام عن فن المنطق والكلام)، نشر د. علي سامي النشار، القاهرة ١٩٤٧.

ب - **(ابن قيم الجوزيه)** و **(جلال الدين السيوطى)** و هى تريش هەڵوێستيان لەمەڕ فەلسەفە و لۆجيك لە هەڵوێستى (ابن تيمييه)وە نزيكە.

* * *

خوێندنى ئيساغۆجى

ئيساغۆجى ئەو كتێبە بچكۆلە گران بەها و سەنگينەيە كە بنەما لۆجيكييەكانى ئەرەستۆتاليسمان فێر دەكات.

لەوەتەى حوجرەى فەقێ لە مزگەوتەكانى كوردستان بووە بە شوێنى خوێندن بگرە لە هەموو حوجرە و (كەتاتيب)ى مزگەوتەكانى جيهانى ئيسلامدا خوێنراوە.

ئەو شاگرد و فەقێيانە توانيبێتيان لە خوێندنى ئەو ماددەدا رەت ببن و لێى تێگەيشتبن توانيوێتيان بە ئاسانى لە ماددەكانى دىكەدا تێپەڕن و لە پايەى مەلايەتى و ئيجازە وەرگرتن نزيك دەبوونەوە.

هەروەها ئەو مەلايەى لەو ماددەدا دەستى زانينى هەبوايە و بە جوانى بيتوانيبايە فەقێ تێبگەيەنێ لەناو حوجرەكانى كوردستاندا ناودار دەبوو لە هەموو شوێنێكەوە فەقێى زيرەك رووياں تێ دەكرد و، هەر ئەو مەلايەش دەكرا بە وانەبێژى مزگەوتە ناوارەكان و مافى ئيجازەدانى فەقێيانى پێ دەبەخشرا. دەبێ بە خاوەن پايە و سايەى ناو كۆمەڵ.

ئەو كتێبە گران و سەنگينە كە لەم لێكۆڵينەوەماندا باسى دەكەين، بۆ ئاسانكردنى و لێ تێگەيشتنى گەلێ (شرۆڤە و قەيد و تەزبيب و داوێن و پەراوێز)ى لەسەر نووسراون بە هۆى ئەو نووسراوانەوەى قەراغ

مەتنەکەیەوە، ئاسانکارییەك بوو مەلاکان بە یارمەتی ئەوانەوە دەیانتوانی تاڕادەیەك فەقێیەکانیان تێبگەیەنن و حاڵییان بکەن، هەر چەند ئەو داوێن و پەراوێزانە وەکو باژەل و ئاڵۆز بوونێکی لێکچزاوی مەتنەکە بوون و دایان دەپۆشی. بۆیە هەندێ جاریش وا کەوتووەتەوە سەریان لە مامۆستا و فەقێ شێواندووە، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبی بێ لەو وردە نووسینانەی دەور مەتنەکە لای مەلا و فەقێ پەسەند نەبووە.

ئێمە لێمان روونە لەو رۆژەوە حوجرە لە پاڵ مزگەوتدا بووە بە شوێنی خوێندن بۆ روناکبیری سەردەمی خۆی. هەر لەو رۆژەوە (ئیساغۆجی) ماددەیەکی سەرەکی خوێندنی بالای ئەو حوجرانە بووە.

بەلأم تائێستا بە تەواوەتی بۆ ئێمە ساغ نەبووەتەوە کە ئایا لە چ بەروارێکەوە حوجرەی فەقێیان وەکو خوێندنگایەك لە تەنیشت مزگەوتەکانی کوردستاندا دامەزراوە.

ئەوەشمان لا روون و دیارە کە ئیساغۆجی و هەموو کتێبەکانی ناو حوجرە بە سەدان ساڵ بەر لە پەیدابوونی چاپ بە دەستنووس نووسراونەتەوە و هەر خوێندکارێك بە هەر جۆر بووە کتێبی دەستنووسی وەدەست خۆ خستووە و وەکو چاوی خۆی پاراستوویەتی یان لەبەری کردووە، ئەو کاتەوە تاکو ئەم سەردەمەش کتێب لای ئەهلی مزگەوت بەهایەکی هێژای هەیە، کتێبی ئیساغۆجی لەبەر ئەوەی کتێبێکی بچووکە بە ئاسانی نووسراوەتەوە و دەستکەوتووە، حاشیەکانی بە دەوریدا بە خەتێکی سفت و ناسك نووسراون و ئەسڵی مەتنەکەیان رازاندووەتەوە.

هەروەها ئەوەشمان لێ ئاینە کە (ئیساغۆجی) بە چەند سەدەیەك بەر لە موسڵمان بوونی کورد و کردنەوەی مزگەوت بۆ خواپەرستی موسڵمانان لە

پەرستگا و شوێنە ئەکادیمیاکانی دەوروبەری کوردستان لە کوردستانیشدا خوێنراوە. گەڵێ بەڵگەی باوەڕپێکراو لەبەر دەستایە - کە لێرەدا شوێنی باس لێوەکردنیان نییە - ئەوە دەسەلمێنن کە لە شاری "راها - الرّها" کە لە جزیرەی بۆتانە و نزیك شاری "هەڕان - الحران" و "نەسێبین - نصیبین" قەشەیەکی گەورەی نەستوورییەکان کە ناوی (هۆباب - حببە) بووە کتێبەکانی (تیودۆر) و (ئیساغۆجی)ی کە هی (فۆرفۆریۆس)ە لە لۆجیکی ئەرەستۆوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی (سریانی) و لە پەرستگاکانی ئەو شارانەی سەرەوەدا خوێنراون. لەوێوە بەرەو ئەکادیمیەکانی نەستوورییەکان و جندنیساپور[47] چووە و لە ناو خوێندکاراندا پەخش و بڵاو بووەتەوە.

ئەمە بەر لەوەی (ئیساغۆجی) لە سەردەمی خەلیفە مەئموونی عەباسیدا وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی. ئەم سەرچاوەیەی کە ئێمە ئەو وتەی سەرەوەمان لێ وەرگرت دەڵێ: (ئەنۆشیروان - کەیخەسرەو، ٥٣١-٥٨٧ز) کە جندنیساپوری کرد بە بنکەی روونـاکبیری بۆ بە یەکگەیشتنی هزر و بیری فارسی و هیندی و گریکی، خۆی ئیساغۆجی کە لۆجیکی ئەرەستۆیە خوێندوویەتی و خۆیشی بە خوێندکارانی وتووەتەوە)[48].

---

[47] (جندنیساپور لە دەڤەری ئیلامە، ئێستا بە ئێرانە) وشەکە لە بنەڕەتدا (گوند شاپوور)ە و لە نووسینی پیتی عەرەبیدا بووە بە جندنیساپور! لە سەردەمی ئەنۆشیرواندا کراوە بە بنکەی زانست و زانیاری، بۆ زێدە زانیاری بڕوانە: مدارس العراق قبل الاسلام، تألیف رفائیل بابو اسحق، ١٩٥١.

[48] اثر الاغریق في البلاغة العربیة من جاحظ الی ابن المعتز، مجید عبدالحمید ناجي، مطبعة الآداب، النجف الاشرف، ١٩٦٧، ص٣٥-٣٦.

کەواتە بەو سەرچاوانەدا دەردەکەوێ کە لۆجیکی ئەرەستۆ بەهۆی کتێبی (ئیساغۆجی)یەوە بەر لە هاتنی ئیسلام و دامەزراندنی مزگەوت لە کوردستان و دەوروبەری کوردستاندا خوێنراوە.

ئەم پرسیارە وەرامی دەوێ...

ئایا ئەو کتێبەی ئۆساغۆجییەی ئەو کات کە گەلێ سەرچاوە باسی لێوەدەکەن ئەم ئیساغۆجییەیە کە ئەمڕۆ کراوە بە عەرەبی و لە حوجرەی مزگەوتەکان و ئەبریشمەکانی پەرستگا مەسیحیەکاندا دەخوێنرێ کە باسی (پێنج واچەکان ـ المقولات الخمس)ەی لۆجیکی ئەرەستۆتالیسی دەکات؟

وامان لا پەسەند بوو دەقی ئەو (ئیساغۆجی)یەی کە لە ناو حوجرەکانی مزگەوتەکاندا خوێندنی باوە و وەکو بەشێکی گرنگی بەرنامەی خوێندنی ئایینی لێ هاتووە و یەکێکە لە دوانزە زانستەی مەلایان، بخەینە بەرچاوی خوێنەران.

* * *

وامان پێ باش بوو بابەتە سەرەکییەکانی ئیساغۆجی بخەینە بەرچاو بۆ ئەوەی خوێنەر پێشەکی بیرۆکەیەك لەبارەی لۆجیکەوە وەربگرێ و بزانێ چۆن لە دەروازەکانیەوە دەچێتە ناو وردەکاری بابەتەکانی.

لێرەدا پرسیارێك هەیە: ئایا کەی مزگەوت لە کوردستاندا بنیات نراوە؟ کەی قورئان هاتە کوردستان و دەست بەخوێندنی کرا؟

وەرامدانەوەی ئەو پرسیارە لەوانەیە سەرەتایەکی مێژوویی پتەو بۆ سەرهەڵدانی دامەزراندنی حوجرە وەکو خوێندگایەك لە کوردستاندا

دەستنیشان بکات. ئەو کات رەوتی ئەو خوێندنگایە دەزانرێ کە چۆن هەنگاوی ناوەوە و بەرنامەکانی چۆن چۆنی هاتوونەتە ئاراوە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لەو لیستەدا کە سالّی دامەزراندنی مزگەوتەکانی کوردستانی تیا خستووە روو لەوێدا کۆنترین مزگەوتی بە مزگەوتێکی رەواندوز داوەتە قەلّەم کە مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سالّی (٦٧٩)ی کۆچی، کەچی دوکتۆر موحسین محەممەد لە کتێبەکەیدا (اربیل فی عهد الاتابکی)دا مێژووی بنیاتنانی یەکەم مزگەوت لە کوردستاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ سالّی (٤٨٧هـ = ١٠٨٥م).

بە هەر حالّ ئەو پرسیارە رووبەڕووی خوێنەران دەکەینەوە بەڕێگەی گۆڤاری ئەکادیمی کوردی ئاگادارمان بکەنەوە[49].

* * *

[49] بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، دانراوی محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، ل٩٥. هەروەها بڕوانە (اربیل فی عهد الاتابکی)، د. محسن محمد حسین، ل٢٤٧.

بابەتەکانی کتێبی (ئیساغۆجی)

کتێبی ئیساغۆجی بریتییە لە چوار دەروازە و سێزدە بابەت کە ئەمانەن:

دەروازەی یەکەم: لە پێنج هەمەکەکان (الکلیات الخمس) پێکهاتووە:

١ـ مۆرك (الجنس)
٢ـ جۆر (النوع)
٣ـ جیاکار (الفصل)
٤ـ وارسی تایبەت (العرض الخاص)
٥ـ وارسی گشتی (العرض العام)

} ئەمانە بنەماکانی وێناندنن (مبادیء التصورات)

دەروازەی دووەم:

واچەی راڤەکار (قول الشارح) ← ئاکامی وێناندن (مقاصد التصورات).

دەروازەی سێیەم:

گوتەکان (القضایا) ← بنەمای یەقینەدەرەکان (مبادیء التصدیقات)

گوتەکان ئەم بەشانەی هەیە:

أ ـ ئەحکامی گۆتەکان (احکام القضایا)

ب ـ دژایەتی (التناقض)

ج ـ بەرواژیکردنەوە (العکس)

دەروازەی چوارەم:

پێواندن (القياس) ⟵ ئاکامی یەقیندارەکان (مقاصد التصديقات)

پێواندن ئەم بەشانەی هەیە پێیان دەوترێ پێنج هونەرەکە (الصناعات الخمس):

٥- بەڵگە (البرهان) ⟵ یەقین بەرهەم دەدا.

٦- وێژاندن (الخطابة) ⟵ سەلمێنراو بەرهەم دەدا.

٧- کێشمە (الجدل) ⟵ ئەجیا (الظن) بەرهەم دەدا.

٨- هۆنراوە (الشعر) ⟵ ئەندێشە بەرهەم دەدا.

٩- هەڵەبازی (المغالطة) ⟵ گومان بەرهەم دەدا.

بەو بۆچوونەی سەرەوە ئیساغۆجی لە نۆ دەروازەی سەرەکی پێک هاتووە.

بسم الله الرحمن الرحيم

قال الشيخ الامام العلامة افضل العلماء المتأخرين ❊ قدوة الحكماء الراسخين ❊ اثير الدين الابهري طيب الله ثراه ❊
وجعل الجنة مثواه ❊ نحمد الله على توفيقه ❊ ونسئله هداية طريقه ونصلي على محمد وعترته اجمعين ❊ اما بعد ❊ فهذه
رسالة في المنطق اوردنا فيها ما يجب استحضارها لمن يبتدأ في شيء من العلوم مستعينا بالله تعالى فانه مفيض الخير
والجود ❊ (ايساغوجي) اللفظ الدال بالوضع يدل على تمام ما وضع له بالمطابقة وعلى جزئه بالتضمن ان كان له جزء
وعلى ما يلازمه في الذهن بالالتزام كالانسان فانه يدل على الحيوان الناطق بالمطابقة وعلى احدهما بالتضمن وعلى قابل العلم
وصنعة الكتابة بالالتزام ❊ ثم اللفظ اما مفرد وهو الذي لا يراد بالجزء منه دلالة على جزء معناه كالانسان واما مؤلف
وهو الذي لا يكون كذلك كرامي الحجارة ❊ والمفرد اما كلي وهو الذي لا يمنع نفس تصور مفهومه عن وقوع الشركة
كالانسان واما جزئي وهو الذي يمنع نفس تصور مفهومه عن ذلك كزيد والكلي اما ذاتي وهو الذي يدخل في حقيقة
جزئياته كالحيوان بالنسبة الى الانسان والفرس واما عرضي وهو الذي يخالفه كالضاحك بالنسبة الى الانسان
والذاتي اما مقول في جواب ما هو بحسب الشركة المحضة كالحيوان بالنسبة الى الانسان والفرس وهو الجنس
ويرسم بانه كلي مقول على كثيرين مختلفين بالحقايق في جواب ما هو / واما مقول في جواب ما هو بحسب الشركة
والخصوصية معا كالانسان بالنسبة الى زيد وعمرو وهو النوع ويرسم بانه كلي مقول على كثيرين مختلفين بالعدد دون الحقيقة
في جواب ما هو واما غير مقول في جواب ما هو بل مقول في جواب اي شيء هو في ذاته وهو الذي يميز الشيء عما يشاركه
في الجنس كالناطق بالنسبة الى الانسان وهو الفصل ويرسم بانه كلي مقول على الشيء في جواب اي شيء هو في ذاته واما
العرضي فاما ان يمتنع انفكاكه عن الماهية وهو العرض اللازم او لا يمتنع وهو العرض المفارق وكل واحد منهما اما ان يختص
بحقيقة واحدة وهو الخاصة كالضاحك بالقوة والفعل للانسان ويرسم بانها كلية تقال على ما تحت حقيقة واحدة
فقط قولا عرضيا واما ان يعم حقايق فوق واحدة وهو العرض العام كالمتنفس بالقوة والفعل للانسان وغيره من الحيوان
ويرسم بانه كلي يقال على ما تحت حقايق مختلفة قولا عرضيا القول الشارح الحد قول دال على ماهية الشيء وهو الذي
يتركب من جنس الشيء وفصله القريبين كالحيوان الناطق بالنسبة الى الانسان وهو الحد التام والحد الناقص وهو الذي
يتركب عن الجنس البعيد وفصله القريب كالجسم الناطق بالنسبة الى الانسان / والرسم التام وهو الذي يتركب عن جنس
الشيء القريب وخواصه اللازمة كالحيوان الضاحك في تعريف الانسان والرسم الناقص وهو الذي يتركب عن عرضيات
تختص جملتها بحقيقة واحدة كقولنا في تعريف الانسان انه ماش على قدمية عريض الاظفار بادي البشرة مستقيم

هماك بالطبع

القضية قول يصح ان يقال لقائله انه صادق فيه او كاذب فيه وهي اما حملية كقولنا زيد كاتب واما شرطية منفصلة كقولنا ان كانت الشمس طالعة فالنهار موجود اما شرطية منفصلة كقولنا العدد اما ان يكون زوجا او فردا والجزء الاول من الحملية يسمى موضوعا والثاني محمولا والجزء الاول من الشرطية يسمى مقدما والثاني تاليا القضية اما موجبة كقولنا زيد كاتب واما سالبة كقولنا زيد ليس بكاتب وكل واحد منهما اما مخصوصة كما ذكرنا واما محصورة وهي اما كلية مسورة كقولنا كل انسان كاتب ولا شئ من الانسان بكاتب واما جزئية مسورة كقولنا بعض الانسان كاتب وبعض الانسان ليس بكاتب واما ان لا يكون كذلك تسمى مهملة كقولنا الانسان كاتب الانسان ليس بكاتب والمتصلة اما لزومية كقولنا ان كانت الشمس طالعة فالنهار موجود واما اتفاقية كقولنا ان كان الانسان ناطقا فالحمار ناهق والمنفصلة اما حقيقية كقولنا العدد اما زوج واما فرد وهي مانعة الجمع والخلو معا واما مانعة الجمع فقط كقولنا هذا الشئ اما شجر واما حجر واما مانعة الخلو فقط كقولنا زيد اما ان يكون في البحر واما ان لا يغرق فقد تكون المتصلات ذوات اجزاء كقولنا العدد اما زائد او ناقص او مساو

التناقض

وهو اختلاف القضيتين بالايجاب والسلب بحيث يقتضي لذاتهما ان يكون احديهما صادقة والاخرى كاذبة كقولنا زيد كاتب زيد ليس بكاتب ولا يتحقق ذلك الا بعد اتفاقهما في الموضوع والمحمول والزمان والمكان والاضافة والقوة والفعل والكل والشرط وتقيض الموجبة الكلية انما هي السالبة الجزئية كقولنا كل انسان حيوان وبعض الانسان ليس بحيوان وتقيض السالبة الكلية انما هي الموجبة الجزئية كقولنا لا شئ من الانسان بحيوان وبعض الانسان حيوان والمحصورتان لا يتحقق التناقض بينهما الا بعد اختلافهما في الكلية والجزئية لان الكليتين قد تكذبان كقولنا كل انسان كاتب ولا شئ من الانسان بكاتب والجزئيتين قد تصدقان كقولنا بعض الانسان كاتب وبعض الانسان ليس بكاتب

العكس

وهو ان يصير الموضوع محمولا والمحمول موضوعا مع بقاء السلب والايجاب بحالهما والتصديق والتكذيب بحالهما والموجبة الكلية لا تنعكس كلية لانه لا يصدق قولنا كل انسان حيوان ولا يصدق كل حيوان انسان بل تنعكس جزئية لانا اذا قلنا كل انسان حيوان يصدق قولنا بعض الحيوان انسان فانا نجد شيئا معينا موصوفا بالانسان والحيوان فيكون بعض الحيوان انسانا والموجبة الجزئية ايضا تنعكس جزئية بهذا الحجة والسالبة الكلية تنعكس سالبة كلية وذلك بين بنفسه فانه اذا صدق قولنا لا شئ من الانسان بحجر فيصدق لا شئ من الحجر بانسان والسالبة الجزئية لا عكس لها لزوما لانه يصدق بعض الحيوان ليس بانسان ولا يصدق عكسه

القياس

وهو قول مؤلف من اقوال متى سلمت لزم عنها لذاتها قول آخر وهو اما اقتراني كقولنا كل جسم مؤلف وكل مؤلف محدث فكل جسم محدث واما استثنائي كقولنا ان كانت الشمس طالعة فالنهار موجود لكن النهار ليس بموجود فالشمس ليست بطالعة والمكرر بين مقدمتي القياس فصاعدا يسمى حدا اوسط وموضوع المطلوب يسمى حدا اصغر ومحمول المطلوب يسمى حدا اكبر والمقدمة التي فيها الاصغر تسمى الصغرى والمقدمة التي فيها الاكبر تسمى الكبرى وهيئة التأليف من الصغرى والكبرى تسمى شكلا والاشكال اربعة لان الحد الاوسط ان كان محمولا في الصغرى وموضوعا في الكبرى فهو الشكل الاول وان كان بالعكس فهو الشكل الرابع وان كان موضوعا فيهما فهو الثالث ومحمولا فيهما فهو الثاني فهذه هي الاشكال الاربعة المذكورة في المنطق والشكل الرابع منها بعيد عن الطبع جدا والذي لم طبع مستقيم وعقل سليم لا يحتاج الى رد الثاني الى الاول والنتج الثاني عند اختلاف مقدمتيه بالسلب والايجاب والشكل الاول هو الذي جعل معيار المعلوم فورده هنا

البرهان
التمام

سەرچاوەکان

١ـ قصة الحضارة، تأليف ول ديورانت، الجزء الثاني من المجلد الثاني، حياة يونان، ترجمة محمد بدران، جامعة الدول العربية.

٢ـ قصة الفلسفة اليونانية، تصنيف: أحمد أمين ـ زكي نجيب محمود ـ الطبعة السابعة ـ مطبعة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٧٠.

٣ـ کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، بەرگی یەکەم، د. محەمەد کەمال. لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٤ـ قصة الفلسفة، ول ديورانت، مكتبة المعارف، بيروت، ١٩٧٢، ص٨٤–٨٥.

٥ـ اسطورة الادب الرفيع، الدكتور علي الوردي، منشورات سعيد جبير، الطبعة الاولى، ٢٠٠٠، ص ١٧٣–١٧٤.

٦ـ سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، حەمید عەزیز، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ل٢٧٦.

٧ـ مفنى الطلاب في علم المنطق، للمؤلف العلامة محمود بن حافظ حسن المغنيني، ص٩.

٨ـ دراسات في المنطق مع نصوص مختارة، الدكتور عزمي اسلام، ١٩٨٥.

٩ـ كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، للعلامة المولى مصطفى عبدالله القسطنطيني الرومي الحنفي الشهير بالملا الكاتب المعروف بحاجي خليفة، المجلد السادس.

١٠ـ الموسوعة العربية الميسرة، دار الشعب، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٨٢.

١١ـ المنجد في الادب والعلوم، بيروت، الطبعة الثانية عشر، ص٥٢.

١٢ـ فجر الاسلام، احمد امين، ص١٣٢.

١٣ـ اثر الاغريقي في البلاغة العربية من حافظ الى ابن المعتـز، تـأليف مجيـد عبدالحميد ناجي، مطبعة الآداب، النجف الاشرف، ١٩٧٦.

١٤ـ التمدن الاسلامي، جورجي زيدان.

١٥ـ ضحى الاسلام، احمد امين، ص٢٠٤–٢٠٥.

١٦ـ الانمـوذج في اصـول الفقـه، تـأليف الـدكتور فاضـل عبدالواحـد عبدالرحمان، مطبعة المعارف، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٦٩، ص١٠٤.

١٧ـ ابن سينا ـ تيسير شيخ الارض، دار المعارف، بيروت، ١٩٦٢.

١٨ـ ابن سينا، احمد فؤاد الاهواني، دار المعارف، مصر، ١٩٥٨.

١٩ـ جلال الدين السيوطي، صون المنطق والكلام عن فن المنطـق والكـلام، نشر د. علي سامي النشاء، القاهرة، ١٩٤٧.

٢٠ـ مدارس العراق قبل الاسلام، تأليف رفائيل بابو اسحق، ١٩٥١.

ملخص البحث

منطق الصوري لارسطو وكتاب (ايساغوجي)

حمه كريم هورامي

ذكـر في هـذا البحـث المقـدمات ومجمـل الظـروف الـتي دفعـت الفيلسـوف ارسطوطاليس الى وصفه لعلم يصون ذهن الانسان من الوقوع في الخطأ، سمـاه (أورگانون ـ المنطق) والذي سمي فيما بعد بعلم المنطق الصوري.

انتشر هذا العلـم بعـد الـف سـنة مـن مـوت ارسـطو في جميـع ارجـاء العـالم وخاصة في المدارس المسيحية والاسلامية الملحقة بالمعابد.

كما وانتشر في الشرق عـن طريـق كتـاب يسـمى (ايسـاغوجي) الـذي وصـفه (فرفريـوس) الصـوري باللغـة السـريانية وترجمـه الى اللغـة العربيـة (أثيرالـدين الابهري).

يحتوي هذا الكتاب ابواباً وفصولاً من المنطق الارسطوطاليسي. والذي صار مادة دراسية اساسية في كتاتيب والحجرات الملحقة بالمسـاجد ومـازال تدريسـه جار فيهما. وإن البحث يفند رأيَ هؤلاء الذين يزعمـون بـأن مؤلـف ايسـاغوجي هو اثيرالدين الأبهري لاغيره، كما ويـذكر موقـف علمـاء الـدين الاسـلامي حـول دراسة المنطق، وينتهي القول الى الـرأي الـراجح المتمثـل في مقولـة شـائقة بـين دارسـي المـدارس الدينيـة الملحقـة بالمسـاجد ألا وهـو (ان كـل مـن لم يـدرس المنطق فلا ثقة بعلمه) والمقولة لابي حامد الغزالي.

چەمك و رەگەزەكانى چیرۆكى منداڵان
لە ئەدەبى كوردیدا (١٩٩١- ٢٠٠٥)

د. هیمداد حوسێن بەكر

رازاو رەشید صبری

پێشـــەكى

قۆناغى منداڵێتى، ناسكترین و گرنگترین قۆناغى ژیانى ئادەمیزادە، زۆربەى زانایانى دەروونناسى و پەروەردەیى جەخت لەسەر ئەم قۆناغە دەكەنەوە، چونكە دروستى ئەم قۆناغە بەردى بناغەى دروستكردنى نەوەى دواڕۆژە، هەر بۆیەش ئەمڕۆكە لە هەموو جیهاندا بایەخێكى زۆر بەم قۆناغە دەدرێت.

ئەدەبى منداڵیش، یەكێكە لەو شێوازە گرنگانەى پەروەردە و پێگەیاندنى منداڵ، چونكە لەرێگاى ئەم ئەدەبەوە ژیان بە هەموو رەهەندەكانى رابردوو و ئێستا و داهاتوو دەبەسترێتەوە. منداڵ لە ناو ئەدەبدا ژیانە فانتازیەكەى خۆى دەدۆزێتەوە، لەناو ئەدەبدا هەست و تێگەیشتن و پەیبردنى زیاتر دەبێت. بۆیە هەر میللەتێك گرنگى بەم بوارە نەدا یان لەنرخى كەم بكاتەوە، رابردووى خۆى لەیاد دەكات و داهاتووى خۆى دەشێوێنێت.

وەنەبێت ئەدەبی منداڵان بەگێرانەوەی یەك دوو چیرۆکی بەرئاگردان تەواو بێت، بەڵکو نووسین و داهێنانی ئەم ئەدەبە هونەر و تەکنیکی ئەوتۆی دەوێت، کە هیچی لە هی گەوران کەمتر نییە، منداڵ رۆبۆتێکی پرۆگرامکراو نیە هەرچی تۆ بتەوێت بۆی بگێڕیتەوە بێ گوێدانە هەست و نەستی، بەڵکو منداڵیش جیهانێکی پڕ لە سۆزو ئەندێشەو تێڕامانە، دەستکاری کردنی ئەم هەستانە یان بەهەڵە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، شێواندنی منداڵە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە و کات و شوێنی

بێگومان بواری ئەدەبی منداڵان بەرفراوانە، بەڵام (چیرۆك) گرنگترین و کاریگەرترین جۆری ئەدەبە لەجیهانی پڕ لە سەراسیمەی منداڵاندا، هەروەك شارەزا و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە وای بۆدەچن. لە نێو ئەدەبیاتی کوردیشدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەم رووەوە یەکجار کەمە و، کتێبخانەی منداڵانمان لەم بوارەدا هەژارە، لەلایەکی تریشەوە ویستی خۆمان لە چوونە نێو جیهانی منداڵان و ئەدەبەکەیان هۆیەکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوو، بۆیە بڕیارماندا ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەین.

دەستنیشانکردنی کات و شوێنی لێکۆڵینەوەکەش، لەلایەکدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی سنووری باسەکە ئەنجامدراوە، تائێستاش لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی ورد و فراوانی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە، لەکاتێکدا ئەو ماوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پەرەسەندنی چیرۆکی منداڵان و، پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. لەلایەکی تریشدا لەبەر هۆی گۆڕانی باری سیاسی، رۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی ...تاد، لەو

ماوەیەدا، کە بوونە مایەی دروستکردن و جیاکردنەوەی ئەم قۆناغە لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی تارادەیەک.

سنوور و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

ئامانجمان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە بوو:

باسکردنێکی گشتی چیرۆکی مندالأنە لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە، دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو ڕەگەزو بنەمایانەیە، کە چیرۆکی منداڵان لە سەریاندا بناغە دەگرێت و، پێویستە لەسەر چیرۆکنووس لەکاتی نووسینی چیرۆکەکەیدا ڕەچاویان بکات، لەگەڵ بایەخدان و ڕەچاوکردنی ئەو هونەرە تەکنیکییانەی، کە دەبێت لە کتێب و نامیلکەی چیرۆکی مندالأندا هەبێت، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنها نموونەی ئەو چیرۆکانەمان وەرگرتووە کەوا بەشێوەی نامیلکە و کتێب لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١ – ٢٠٠٥) دا بلاوکراونەتەوە و بەچاپ گەیێنراون، هەروەها دەرخستنی لایەنی چاکی و کەموکورتیان و چۆنیەتی داڕشتنیان لەلایەن چیرۆکنووسانی کوردەوە، هەروا ڕادەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی ڕەوتی چیرۆکی منداڵان لەماوەی (١٩٩١– ٢٠٠٥) دا.

گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ئەدەبە دەتوانین بڵێین تارادەیەک بابەتێکی تازەیە نەک هەر لە نێو ئەدەبیاتی کوردی، بەڵکو لە ئەدەبی عەرەبیشدا، بۆیە کەمی سەرچاوەی زانستی و کەمی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، کە بە فراوانی

هەموو لایەنەکانی چیرۆکی منداڵانی گرتبێتە خۆی، یەکێك بوو لەو گرفتە سەرەکییانەی هاتنە ڕێگامان.

پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە

پلانی باسەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە لە سێ بەش و پێشەکییەك پێکهاتووە:

لە پێشەکیدا: هەوڵبژاردنی ئەم بابەتەو کات و شوێنی ڕوون کراوەتەوە، لەگەڵ تیشك خستنە سەر ئامانج و سنووری لێکۆڵینەوەکە و، ئەو گرفتانەی کە لەمیانەی ئەنجامدانی لکۆڵینەوەکەدا هاتوونەتە پێشەوە.

لە باسی یەکەمدا: باسمان لە چەمکی چیرۆکی منداڵان کردووە، لەگەڵ گرنگترین ئەو ڕەگەزو بنەمایانەی، کە پێویستە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ لەم جۆرەی ئەدەبدا ڕەچاوبکرێن، هاوکات لە گەڵیاندا لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕەگەزانە، چەند نموونەیەکی چیرۆکیمان لە ئەدەبی کوردی لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١–٢٠٠٥) هێناوەتەوە و بەپێی ئەو ڕەگەز و بنەمایانە ڕەچاومان کردوون.

لە باسی دووەمیشدا: باسمان لە جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان کردووە لەڕووی ناوەرۆکەوە، هەوڵماندواوە، لە هەر جۆرێك نموونەیەکی کوردی دوای ڕاپەڕین وەربگرین.

چەمکی چیرۆکی منداڵان

ئاشکرایە چیرۆك شوێنێکی بەرزی لە نێو هونەرەکانی ئەدەبدا هەیە، ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بخوێنیتەوە و لە هەر قۆناغ و مێژوویێکدا، بۆت دەردەکەوێ کەوا چیرۆك تا چ ڕادەیەك بایەخ و گرنگی خۆی نواندووە و بۆتە

جێگەی بایەخدانی هەموو نەتەوەیەك لە گشت قۆناغەکانی ژیاندا، کەواتە چیرۆك ئامادەیی خۆی هەبووە لە کۆندا بە گشتی، ئەمڕۆش لە ئەدەبی نوێدا، شوێنێکی گەورەو بەرزی داگیر کردووە. سەبارەت بە منداڵانیش، زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە بۆ ئەوە دەچن، چیرۆك لە هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب خۆشەویستتر و بەربلاوترە، لەگەڵ ئەم هەموو گرنگی و بایەخەش کە هەیەتی، ساکارترین جۆری ئەدەبە لای منداڵ، لە هەمووشیان زیاتر چێژ بە منداڵ دەگەینێت.

دەتوانین چەمکی چیرۆکی منداڵان لەم چەند پەیڤانەی خوارەوەدا ئاشکرا بکەین:

چیرۆکی منداڵان : ***"نووسینێکە بۆ منداڵ بە شێوەی پەخشان، بە مەبەستی گەیاندنی خۆش گوزەرانی و رۆشنبیر کردنی. واتە گێڕانەوەی چەند رووداوێکە کە بەسەر چەند کەسێکی دیاریکراودا دێن و تێدەپەڕن، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. کەسایەتییەکانیش ڕەنگە ئادەمیزاد یان ئەفسانەیی بن، یاخود سەر بە جیهانی گیانداران یانیش بێ گیانان بن، ئەمانەش گشتی بە مەبەستی دروستکردنی کەسایەتێکی ڕێك و پێك و جوانە بۆ منداڵ"*** [1].

هەرچەندە ئامانج و مەبەستی چیرۆکی منداڵان لەلای نووسەراندا جیاوازی هەیە، بەڵام گشتیان لەوەدا کۆکن کە چیرۆکی سەرکەوتووی منداڵان بە شێوەیەکی گشتی دوو ئامانجی هەیە :

یەکەمیان، شارەزایی پێدانە لە گشت بوارەکانی ژیان و زۆرکردنی زانیارییە. دووەمیشیان، کات بەسەر بردن و خۆش گوزەرانییە.

---

[1] محمد عبدالرزاق ابراهیم ویح وآخرون، ثقافة الطفل، ص٣٣٢.

لـه کۆنیشـدا "***هەقایـەت لەلایێکـەوە، شـێوازێکی کـات رابـواردن بـوو لەلایەکی تر تۆمارێکی سەرگوزشتەکانی مرۆڤ و خەباتی نەپساوەی بـوو لـە ژیاندا، ئەم دوو سـیفەتەش لەگـەڵ شـێوازەکانی هونـەری چـیرۆك بـوون بـە هەموو شێوازەکانی بە درێژایی چاخەکان لە سەردەمی نوێشدا، ناکرێ بڵێین چیرۆك وازی لەم دوو سیفەتە هێناوە، تـا ئێستاش خـەڵك چـاوەڕێ دەکـەن چیرۆك لە پاڵ چێژوەرگـرتن، شـارەزاییان پـێ ببەخشـێت. زۆر دەگمـەنیش چیرۆکێك جێگای رێز و پلە دانانە گەرئەم دوو ئەرکە بە جێ نەهێنێت.***"[٢] .

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم، زۆر کردنی زانیاری و شارەزایی لە سەرێکدا هەردوو لایـەنی زمانـەوانی و کۆمەڵایـەتی دەگرێتـەوە، چـونکە خوێندنـەوەی منـدالێ بـۆ ئـەم جـۆرە ئەدەبـە شـێوازێکی گرنگـی وەرگرتنـی زانیـاری و پەرەسـەندنی تواناکـانی منداڵـە، چـیرۆك وا لـە منـدالێ دەکـات، هەگبـەی وشەکانی زمانی زیاد دەکات و یارمەتی دەدات بـۆ گەشـەکردنی دەربـڕین لـە کاتی قسەکردن لەگەڵ دەوروبەری. هەروەها یارمەتی دەدات کە بیرۆکەیەکی دروست لەسەر ماناکانی خێر و شەڕ و چـاکە و خراپـە پەیـدا بکـات، ئەمـەش زیاتر لە میانەی گوێگرتنی بۆ چـیرۆکە پەروەدەییـەکان. لەلایـەکی تریشـەوە چیرۆکی سـەرکەوتووی منـدالآن کارگەرییـەکی گـەورەی لەسـەر گەشـەکردنی لایەنی پەروەردەیی و رۆشـنبیری منداڵانـدا هەیـە. چـونکە چـیرۆکی منـدالآن لەگەڵ ئەوەی زادەی خەیاڵێکی بـەرز و بـیر و لـێ وردبوونەوەیـەکی فراوانـە، چەندین زانیاری جۆراوجۆریشی لە بارەی مێژوو، ئایین، زانسـتی، جـوگرافی، هونەری، ئەدەبی، دەروونی،..هتد، لەخۆ گرتووە، بۆیـە دەتوانێـت بـە هـۆی

---

[٢] د.عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، ص١٩٩.

ئـەو فـەنتازیا و خەیاڵـەی کـە هەیـەتی دەروونـی منـداڵ تێـر بکـات. چـونکە سروشـتی منـداڵ وا خولقـاوە، ئـارەزووی خـەیاڵکردنی زۆرە و پێویسـتی بـە ئەندێشەیە. لە ناو ئەمانەشدا کە باسکران چـیرۆك رۆڵـی گـرنگ دەگێڕێـت لـە پەروەردەی کۆمەڵایـەتی منـداڵ و دروسـت کردنـی کەسـایەتییکی دروسـت و جـوان کـە قـابیلی شـانازی پێکردنـی کۆمـەڵ بێـت و، توانـای خۆگونجانـدنی هـەبێت لەگـەڵ دەوروبـەردا. چـونکە چـیرۆك وێنەیـەکی راسـتگۆیانەی ژیـانی ناوەوە و دەرەوەیە، کە ئامانجی چارەسـەرکردنی ئـەو گـیر و گرفتانەیـە کـە ڕووبەڕووی تاك و کۆمەڵ دەبنـەوە، پێداویسـتی و ئارەزووەکانیـان جێبـەجێ دەکـات، توانـای عـەقڵی و هزرییـان گەشـە پێـدەکات و لـە کۆتاییشـدا کەسایەتییکی وامان بۆ بونیات دەنێت، کە توانای هەست بە لێپرسـینەوەیان هەبێت بەرامبەر کۆمەڵ و وڵـات و هەست بە ئەرکی مرۆڤایەتی بکەن و لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵ لانەدەن. لە سەرووی هەموشیانەوە بـڕوای پشـت بە خۆبەستنیان گەشە دەکات. دەتوانین بڵێین ئەمانەش گشتیان لـە میانـەی ئەو گفتوگۆ و پرسیار و وەڵامدانەوەیە کە لە نێوان منـدااڵن و هەقایـەتخوانان لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دروست دەبێت[٣].

مەبەست لە ئامانجی دووەمیش، کاری چیرۆك بۆ منداڵ بێـت یـان گـەورە، پێویستە لە تەکنیکدا پشت بە ڕەگەزی خۆشی و لا خۆشکردن ببەستێت، بـە مانایەکی تر لە ڕێگەی ئەو ڕەگەزەوە خوێنەر یـان گـوێگری منـداڵ دەتـوانێ چێژی تەواو لە چیرۆك ببینێت، ئەو ڕەگەزانەش کە ئـەم خۆشـگوزەرانییە لـە

---

[٣] شـجاع العـانی، قصـص الاطفـال، مجلـة الاقـلام، ع (٣)، بغـداد،١٩٧٩، ص٥–٦. هـەروەها: مصطفی بدران وآخرون، الوسائل التعلیمیة ، ١٩٥٩، ص ٤٥.

لای منداڵاندا دروست دەکەن لە چەند شتێکی وەک (چۆنیەتی بەکارهێنانی کەسایەتییەکان، گرێچن، بابەت یان بیرۆکەکە و چەندانێکی تردا) خۆی دەبینێتەوە، بۆ نموونە پەنابردنی چیرۆکنووسی منداڵان بۆ چەند کەسایەتێکی جۆراوجۆر و گونجاو لەگەڵ قۆناغی تەمەنی منداڵ، لە مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەک، یان هەموو ئەو کەسایەتیانەی، کە لە جیهانی منداڵاندا خۆشەویستن، تەنانەت هەندێ جار کەسایەتییە ئەفسانەییەکانیش، چونکە زۆر جار منداڵان ئارەزووی چیرۆکە ترسێنەرەکان دەکەن و چێژیان لێ دەبینن، ئەمەش ڕەنگە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ترس و دوودڵیە بێت کە لە ناخیاندایە، وەک هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، جگە لەوەش چیرۆکی منداڵان زۆربەی پێداویستییەکانی منداڵان لە ڕووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسییەوە دابین دەکات، وەک خەونێك وایە بۆ منداڵ و چەند بابەت و بیرۆکەیەکیان بۆ دەوروژێنێت کە لە سروشتی واقیعی ئەواندایە، ئەو هاوسەنگییە دەگەڕێنێتەوە، کە منداڵان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە دەستی دەدەن، بۆیە چیرۆك دەرگایەك لەبەردەم منداڵاندا دەکاتەوە، کە ڕووداو و وێنە و شتی سەیری ئەوتۆیان لێوە دیار بێ کە لە مەڵبەندەکەی خۆیدا نییە، کەواتە چیرۆك سەرچاوەیەکی تێر کردنی ئارەزووی ئاگاداری و فێر بوون و شت زانینی منداڵە بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی کە حەزی پێدەکات، یا خەیاڵی دەبزوێنێ، یا لە مەڵبەندە تەسکەکەی خۆیدا بێگانەیە. هەروەها ئارەزووی منداڵ لە خەیاڵ و پێشبینی کردندا خاڵێکی تر‌ە کە وای لە منداڵ کردووە چێژو و خۆشی لە چیرۆك وەربگرێت، چونکە منداڵ لە چیرۆکدا

بواریکی فراوانی بۆ هەڵدەکەوێت، تا خەیاڵە خۆشەکانی خۆی تێدا پەل بهاوێژێ و دنیای بەر چاو بە خەیاڵ برازێنێتەوە[٤].

دەتوانین ئەم مەبەستانەی چەمکی چیرۆکی منداڵان لەم پێناسەیەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

چیرۆکی منداڵان :هونەرێکی جوانە، دەکرێت ئەدەبی منداڵانی سەرکەوتوو، لە رێگەیەوە ئامانجە فرەخاسەکانی بهێنێتە دی، بە چەند رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، منداڵان لە چێژوەرگرتن بێبەش نەکات. هەروەها نابێت چیرۆك لە کۆمەڵێك زانیاری و ئامۆژگاری رێنماییکەر خۆی بەرجەستە بکات، لە هەمان کاتیشدا لە میانەی رووداو و هەڵوێست و کارەکتەرەکان بیرو بۆچوونە نەتەوایەتییەکان پێشکەش بکات، دەبێ بۆچوونە مەبەستدارەکان لە چیرۆکدا بەشدار بن لە بنیاتنانی کەسایەتی نەوەی نوێ[٥].

رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان

بێگومان چیرۆك خاوەن ڕوخسارێکی هونەری و ناوەڕۆکێکی تایبەتی خۆیەتی، بینای هونەری چیرۆك بە بێ ئەم دوو لایەنە، یاخود باشترواپە بڵێین بە بێ یەکێك لەم دووانە لەنگی بەخۆیەوە دەبینێ. کەواتە ***"بەرهەمی ئەدەبی لە دوو بەشی بنچینەیی پێکهاتووە، یەکەم ناوەرۆك، کە ئەو بابەتەیە کە دەقە ئەدەبییەکە باس دەکات یان دەخاتە روو، دووەم شێوەی هونەری***

---

[٤] د.فاضل مجید محمود، قایلکاری لە چیرۆکی منداڵان، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ (١٤)، حوزەیرانی ٢٠٠٤، ل١١٢–١١٣. هەروا: محمد رشید فتاح، ئەدەبی منداڵان و نموونە... ل٢٥.

[٥] محمد محمود رضوان وآخرون، أدب الاطفال – مبادؤه ومقوماته الاساسية، ص ٢٧.

کـه وەک چوارچـێوەیەک نـاوەڕۆک دەگرێتـە بـاوەش و نرخـی هونـەری بـەو چەشنە یان بەو توخمە دەدات"[٦].

ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە، هەر نووسەرێك یاخود چیرۆکنووسێك لە کـاتی نووسـینی بەرهەمەکەیـدا دەبـێ رەچـاوی ئـەم دوو لایەنـە بکـات و، یەکێکیان نەکاتە قوربانی ئـەوەی تریـان. ئەمـەش لـە پێنـاو ئـەوەی بتـوانێ بەرهـەمێك لـە قـاڵبێکی ئـەدەب و هونـەری جـوان و چـێژدار پێشـکەش بـە خوێنەران بکات. سەبارەت بە رەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبیش بـە هـەمان شـێوە، بـۆ ئـەوەی بتـوانن بەرهـەمێکی ئـەدەبی بـە شـێوازێکی دروسـت و زانسـتییانە هەڵبسـەنگێنن و باسـی لێـوە بکـەن، دەبـێ نـاوەڕۆك و شـێوەی هونەری پێکەوە بکەن بە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنەکانیان. ئەگەر چـی هەنـدێ جار دەبینین لێکۆڵەرانی بواری چیرۆك، پـێ تەنها لەسەر لایەنێك دادەگرن بـۆ هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانیان و، لایەنەکەی تر فەرامۆش دەکەن، بـۆ نموونـە زیـاتر بایـەخ بـە نـاوەڕۆك دەدەن و ئـەو بابەتانـەش کـە روخسـاری هونـەری چیرۆکەکان دەنوێنن بەلاوەی دەنێن. راستە ناوەڕۆك گرنگی تایبەتی هەیە لە چیرۆکدا، وەك ئاوێنەیە کە گوزارشت لە راستییەکانی تاك و کۆمـەڵ دەکـات، رەنگدانەوەی ڕووداوەکانی واقیع سەرووی واقیعە، تەنانەت زۆر جار شتەکانی ناوەوەی مرۆڤیش بـاس دەکـات و رەنگـە خوێنـەر خـەون و خـەیاڵاتی خـۆی تێدابینێتـەوە ***"بـەڵام لـە پـاڵ ئـەم هـەموو بایـەخ وگرنگییـەی نـاوەڕۆك دەینوێنێت، ناتوانێ ببێتە تاکە پێوەری هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییـەکان، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنان و لێکدانی ئەو بنەما هونەرییانـەی کـە ئـەنجامی***

---

[٦] اسماعیل رەسول، چەند بابەتێك دەربارەی ئەدەب، ١٩٨١، ل٣٣.

کارلەیەک کـردن بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییانـەی یاسـا خۆبیـەکان بـەڕێوەیان دەبەن و یەکیان دەخەن و دانەیەکی یەککرتوویان لێ پێك دێنن ئینجا لە پاڵ ناوەرۆکێکی گونجاودا، ئەمانە پێویستە بکرێنە پێوەری هەڵسەنگاندن"[٧].

ئەمەش ئـەوا دەسـەلمێنێت لـە چـیرۆکدا یـان هـەر دەقێکـی ئـەدەبی کـە شایەنی ئەوە بێت ناوی ئەدەبی لێ بنێین، ناوەڕۆك هەر چەند بەهایەکی زۆری هەبێت، ئەگەر نەخرێتە قالبێکی ئەدەبی و هونەری جوان، ناتوانێـت بەتـەنیا نرخـی ئێسـتاتیکا بـە بەرهەمـە ئەدەبییەکـە ببەخشـێت، چـونکی نووسـەر بێژەرێکی نێو کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن نییـە هـەوالێ بگـەیێنێت، بـەڵکو کەسـێکە ئـەوەی کـە دەیـەوێت بیڵێـت بـە شـێوازێکی جـوانی ئێسـتاتیکانە دەخاتە نێو روخسارێکی هونەری و روالـەتێکی جـوانی پـێ دەبەخشـێت، بـۆ ئەوەی بتوانێ چێژ بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، لـەو کاتەشـدا بەرهەمەکـەی ناوی لێ دەنرێت ئەدەب و خۆیشی ئەدیب.

چیرۆکی منداڵانیش هەروەك چیرۆکی گەوران، لـەو شـتانەی کـە باسـکران خاڵی نین و، خاوەن روخسارێکی هونەری و ناوەڕۆکێکی تایبەتی خۆیانن،کـە بە فەرامۆش کردنی لایەنێکیان ئەوی تر ناتەواو دەبێت و لە جـوغزی ئـەدەب دێتە دەرەوە. بۆیـە ئێمـە کـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر چـیرۆکی منـداڵان ئـەنجام بدەین دەبێ بە پێی ناوەڕۆکەکە و، ئەو رەگەزانەی کـە لـە نێـو چـیرۆکەکەدا بەدی دەکرێن وەکـو چـەند بنەمایـەکی هونـەری، بـاس لـە چـیرۆکی منـداڵان بکەین و هەڵیانبسەنگێنین.

---

[٧] پـەرێز صـابر محمـد، بینـای هونـەری چـیرۆکی کـوردی لەسـەرەتاوە تـاکو کۆتـایی جـەنگی دووەمی جیهانی، ل ٧٤.

"شتێکی هەڵەشە کەسێك بیر بکاتەوە کە ئەدەبی منداڵان ماددەیەکە دابڕاوە لە ئەدەبی گەوران، یاخود ئەدەبێکە بە شێوەیەکی گۆشەگیر گەشەی کردووە و جیا بۆتەوە لە ئەدەبی گەوران. هەر چەند ئەگەر نووسەرکە پەیوەستیش بێت بە گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود سەرچڵییەکان، یان زانیارییەکان، یاخود خۆشەویستی نیشتیمان ئایین... تاد، هەمان ئەو بنەماو پێوەرانەی، کە ئەدەبی گەورانی پێ هەڵدەسەنگێنرێت، دەتوانین بیانسەپێنینە سەر ئەدەبی منداڵانیش و بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێ هەڵبسەنگێنین"[٨].

لە گرنکترین ئەو رەگەزانەش، کە وەك چەند بنەمایەکی شێوە و ڕوخسارێکی هونەری بە چیرۆکی منداڵان دەبەخشن، بریتین لەمانەی خوارەوە :

١- بابەت یان بیرۆکە Theme

کە یەکێك گوێبیستی چیرۆکێك دەبێت، ئەگەر لە بارەی چیرۆکەکەوە لێی بپرسین، پێش هەموو شتێك رەنگە بڵێین، چیرۆکەکە لەسەر چی بوو؟ بۆیە هەموو چیرۆکێك بە دەوری بابەتێکدا دەخولێتەوە، دانەرەکەی تیایدا مەبەستی دەرخستنی ئامانجێکە.

بابەت ***"بریتییە لەو بیرۆکەیە کە چیرۆکنووسەکە دەیەوێ لە کارێکی هونەری جواندا بۆ منداڵانی بخاتە ڕوو، بابەتەکە دەکاتە هەوێن و لەگەڵ***

---

[٨] علي الحديدى، في أدب الاطفال، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٢، ص ٦٥.

ڕەگـەز و پایـەکانی تـری چـیرۆکدا، بەسـەر هەموویانـەوە (زمـان) دەقێکـی هونەری ڕەنگینیان لێ دروست دەکات"[٩].

ئـەو بیرۆکەیـەش کـە چیرۆکنووسـی منـدالاّن دەیخاتـە ڕوو، کـە بابـەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە، دەبێت لەگەڵ چێژو حەوسەڵەی منداڵاندا بگونجێت و، سەرنجی منداڵان بۆ لای چیرۆکەکە ڕابکێشێت و سـوود بـەخش بێـت، لەسـەر بنەمایەکی ڕاستی، دادپـەروەری، دەسـت پـاکی، خـاوێنی، ڕەوشـت بـەرزی، ڕەفتاری چـاك، بـەها مرۆڤایەتییـەکان دامـەزرابێت، کـە بـاوەڕی منـدالێ بـەم بەهایانـە سـەقامگیر دەبـن، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەسـەر بنەمایـەکی ئەدەبی دامەزرابێت. بـەڵام نابێـت بیرۆکەکـە شـێوازی ئامۆژگـاری و ڕێنمـایی بگرێتە بەر، نەوەك بنەما هونەرییەکەی و ئامانجەکەی لە دەست بدات. بۆیـە بابەتی باش و نایاب ئەو بابەتەیە کە زیندوویی و ڕاستگۆیی پێشـکەش بکـات و لـە واقیعـەوە نزیـك بێـت، وەك ئـەوەی ڕاسـتییە زانسـتیی و مێـژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە، واتە ڕووداوەکانی چەند ڕاسـتییەك بنـوێنن، کـە شـایەنی نـەمرین و پـەیام ببەخشـنە هەسـتی نـاوەوەی مـرۆڤ ئـەم جـۆرە بابەتانـەش یارمـەتی منـدالاّن دەدەن بەشـداری لـە سـۆز و هەسـتی مەسـەلە گەورەکانی مرۆڤدا بکەن، بەڕێزیشەوە تەماشای بەهای ژیانی مـرۆڤ بکـەن و، نرخ و بەهای ژیانی ئاژەڵ و ڕووەکەکانیش بزانن و فێر ببن[١٠].

ئەو ڕاستگۆییەش کە دەبێ لە بابەت و بیرۆکەکاندا هەبێت، تەنها لە واقیع وەدەست نایێت، بەڵکو ***"ڕاستگۆیی لە جیهانی منداڵان و جیهانی ئەندێشە و***

---

[٩] حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، ل٧٧.

[١٠] الدكتور عبدالفتاح ابو المعال، أدب الاطفال، ص٤٠.

خەیاڵ بوونی هەیە، تەنانەت لە جیهانی قۆشمەبازی (الفكاهة) و خورافیات و هەقایەتی جنۆکان، هەروەها لە چیرۆکی گیاندارانو سەرچاوەکانی پاڵەوانان و، شاعیری ئەفسانە کۆنەکان و، هەقایەتە میللییەکانیشدا هەیە، هەروەها ڕاستگۆیی لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەیە، لە کارگە و کێڵگە و دارستانەکانیشدا هەیە."[11].

کەواتە گرنگترین ئەو سیمایانەی کە دەبێ لە بابەتدا هەبێت:

- بابەتەکە یان بیرۆکەکە ئامانج و مەبەستێك بگەیەنێت، ئامانجەکەش روون و ئاشکرا بێت و ئاڵۆز نەبێت.

- لە هەر چیرۆکێکدا تەنها یەك بیرۆکە بخرێتەڕوو، ***کە بیرۆکەکان زۆر بوون، بیرۆکە سەرەکییەکە گرنگی کەم دەبێتەوە.***

- بابەتەکە بە هێز و سوودبەخش بێت، شایەنی ئەوە بێت پێشکەشی منداڵان بکرێت، لە سەرووی هەموشیانەوە راستگۆیی بنوێنێت.

- بیرۆکەکە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی تەمەنی منداڵدا بگونجێت.

- بابەتەکە یان ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری نێو چیرۆکەکە هاوتا بێت و، هەماهەنگی پێك بهێنێت و، لەکارێکی هونەری جواندا بخرێتەڕوو.

سەرچاوەکانی بابەت

بێگومان ئەو بابەتانەی کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەدا بە کاریان دەهێنێت، دەبێ لە سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵابن. چیرۆکنووسیش پەنا بۆ ئەو سەرچاوانە دەبات کە منداڵ بابەتی بیرو خەیاڵی خۆی لێ هەڵدەبژێرێت، بۆیە

---

[11] علي الحديدي، الادب وبناء الأنسان، ص١٢٠.

چیرۆکنووس بۆ هەڵبژاردنی تیمەکان دەبێت رەچاوی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بکات، شارەزایی لە هەموو قۆناغەکاندا هەبێت و بزانێت بۆ منداڵی کام قۆناغ دەنووسێت. چونکی منداڵان لە هەر قۆناغێکی تەمەنیاندا جۆرە بیرکردنەوەیەك و حەز و ئارەزوویەکی تایبەتییان هەیە، بۆیە پێویستییان بە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی هەیە.

منداڵانی تەمەن (٣–٦) ساڵان بەوە ناسراون، کە ئەندێشە و بیریان زۆر تیژە، لەو شوێنەوارەی تیایدا دەژی دەرناچێ، بۆ نموونە منداڵانی ئەو تەمەنە زۆر جار کە یاری دەکەن لەبەر خۆیاندا و لەگەڵ کەلوپەلەکانی دەوروبەریان دەست دەکەن بە گفتوگۆ و قسە کردن، دەکەونە ئەندێشەیەکی قوولەوە، بۆ نموونە قابڵەمەیەك دێنن و دەیکەن بە سووکانی ئۆتۆمبیلەکانیان لێی دەخوڕن، یاخود وایان بە خەیاڵدا دێت، بووکە شووشەکەی مرۆڤێکە یان گیاندارێکە قسەی لەگەڵدا دەکات، لێی تووڕە دەبێت، لێی دەدات، دەیلاوێنێتەوە و ژیری دەکاتەوە، بۆیە دەبێ چیرۆکنووس سەرنجی ژیانی منداڵ و جیهانەکەی بدات و بابەتی چیرۆکەکەی لە واقیعی ئەوانەوە هەڵبژێرێت. منداڵ لەو تەمەنەدا بێزار دەبێت لەو چیرۆکانەی کە باسی جنۆکە و خێو و ئەفسوونبازی و تاوانباری و ترس و تۆق و تۆندوتیژی دەکەن، چونکە ئەم چیرۆکانە بیرێکی ترسناك لەلای منداڵان بە جێ دێڵن و کار دەکەنە سەر کەسایەتییەکەی و دواییش منداڵێکی ترسنۆکیان لێ دەردەچێت. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە دەبێ پڕ بن لە بابەتی خۆشەویستی، پێکەنیناوی، ڕەوشت بەرزی، ئارامگرتن، یارمەتیدانی یەکتری، چاڵاکی، زیرەکی ...تاد.

کەواتە چیرۆکنووسی منداڵان یەکێك لەو سەرچاوانەی کە بابەتەکەی لێ وەردەگرێت بریتییە لە (ئەندێشە و جیهانی پڕ لە ئەزموونی منداڵ).

چیرۆکنووس دەبێ بابەتێك هەڵبژێرێت لە چوارچێوەی شارەزایی و تێگەیشتنی منداڵان بێت، واتە دەبێ سوود لە خەیاڵی منداڵانەوە وەربگرێت و دوور بکەوێتەوە لە خەیاڵی خۆی و ئەو شتانەی کە خۆی هەستی پێ دەکات، ئەو ئەندێشەیەش کە منداڵ تیایدا نقوم دەبێت هیچی لە واقیع بەدەر نییە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە "***ئایا دەکرێت وێنە خەیاڵییەکانی بیرو مێشکی مرۆڤێکی بینەر بە هەمان شێوەی خەیاڵ و بیرو مێشکی کەسێکی هەر لە سەرەتاوە لەزگماکی نابینابێت وەکو یەك بن؟ بێگومان نەخێر. کەواتە خەیاڵ و گەشەکردنی دەرەنجامی ئەزموونی ژیانە و هیچ کاتێکیش خەیاڵ لە رووی وێناندنەوە لە سەرووی ڕواڵەتە (واقیعی)یەکانەوە دەرناچێ، لەم رووەوە مارکس گوتوویەتی: کاتێك ئادەمیزاد هەندێك شت لە خەیاڵیدا پەروەردە دەکات وادەزانێ لە سەرووی ڕواڵەتەکانی واقیعدان. ئەوە لەراستیدا جگە لە رێکخستنەوەی بەشەکانی واقیع هیچ کارێکی تری ئەنجام نەداوە.***"[١٢].

سەرچاوەیەکی تر لەو سەرچاوانەی کە چیرۆکنووس بابەتی لێ هەڵدەهێنجێ، بریتییە لە (هەقایەت و بابەتە فۆلکلۆرییەکان). نووسەری چیرۆکی منداڵان زۆر جار دەتوانێت فۆلکلۆر و هەقایەتی میللی و ئەفسانەییەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ بابەت و رووداوەکانی بە کار بهێنێت، بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندییانە بکات کە دەبێ لە ئەدەبی منداڵاندا هەبێت. منداڵ لە تەمەنی (٦–٨) ساڵان هەر چەندە زیاتر بەرەو واقیع

---

[١٢] نزار حەمید حنا، منداڵ و خەیاڵ، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ (٢٦٧)، ١٩٩٧/٩/١٠ ساڵی٥٣، ل ٤.

دەڕوات، بەڵام ئەندێشەکەی فراوانتر دەبێت لە جاران تا رادەیەک شارەزایی لە ژینگەی خۆی و دەوروپشتی پەیدا دەکا و هەوڵ دەدا لە دەرەوەی ماڵەوە پەل بۆ شتەکانیش درێژ بکا، منداڵ لەم قۆناغەدا حەز لە جموجۆڵ و پرسیار کردن دەکا، دەیەوێت نهێنی شتەکان و هۆ و هۆکارەکانیان بزانێت بۆیە ئەم قۆناغەی منداڵ زۆر جار بە قۆناغی واقیعیەت و ئەندێشەی هەڵچوو ناو دەبرێت، منداڵ تیایدا ئارەزووی گوێ بیستی چیرۆکە پڕ ئەندێشەییەکان دەکات، بە پەرۆشە بۆ گوێگرتن لەو چیرۆک و هەقایەتە ئەفسانەییانەی کە پاڵەوان هەردەم لە گێژاوی گیروگرفت و مەترسی و قوواڵیی دەریاکان لە دەست دێو و جنۆکە و درندەی کێوی لە پەلەقاژێدا بێت، بەڵام گێڕانەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە بۆ منداڵان رەنگدانەوەیەکی خراپ لەسەر دەروون و کەسایەتییەکان بە جێ دەهێڵێ، رەنگە ئەم گروپە منداڵانە کە زۆر گوێ بیستی ئەم چیرۆکانە دەکەن سەرشێت و شەڕانگێز دەرچن و، لە دواڕۆژیشدا رێگای چەوت و گەندەڵی هەڵبژێرن. بۆیە وا باشە چیرۆکنووس بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکەی تەنها سوود لە گرێچنەکانی ئەم جۆرە هەقایەت و ئەفسانانەوە وەربگرێت[١٣].

لەم بارەیەشەوە جۆن ئەیکن ئەڵێ : ***"لە هەڵبژاردنی چەند بابەتێك بۆ چیرۆکی منداڵان، بە زۆری وا بە سوودە کە سەرنجێکی تر بدەینە گرێچنە بنچینەییەکانی ئەفسانە و هەقایەتە میللییەکان"***[١٤].

---

[١٣] رۆستەم باجەلان، کە منداڵ هەوڵ دەدا بەرهەمی ئەدەبی بنووسێت، گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژ(٤) خولی دوای راپەڕین تەموزی ١٩٩٨، ل ٤٣. هەروا: جەلال سنجاوی، چۆن حەکایەت بۆ منداڵەکەت دەگێڕیتەوە، رۆژنامەی (یەکبوون) ژمارە (٨)، ٢٥/نیسان/١٩٩، ل٦.

[١٤] جون أيكن، كيف تكتب للأطفال، ترجمة : كاظم سعدالدين، بغداد، ١٩٨٨، ص١١٣.

ئەگەرچی رەنگە ئەم جۆرە چیرۆکانە کاردانەوەیەکی خراپیان بەسەر دەروونی منداڵاندا هەبێ، وەلێ لە هەمان کاتیشدا دەبێ هۆکارێك هەبێت کە ئایا بۆچی منداڵانی ئەم تەمەنە ئارەزووی گوێ بیستی ئەم جۆرە چیرۆکانە دەکەن، رەنگە ئەم ئارەزووەش بگەڕێتەوە بۆ بەرجەستە کردنی ئەو ترس و دوودڵییەی کە لە ناخیاندا هەستی پێ دەکەن، واتە ئەمە وەك هەوڵێکە بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا.

لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە چیرۆکانە نموونەیان هەیە و زۆرن، یەکێ لەوانەش بریتییە لە چیرۆکی ئەفسانەی (**شێتۆکە و ئاقڵۆکە**)، کە ئەم ئەفسانە چیرۆکێکە بۆ مێرمنداڵان، باس لە بەسەرهاتی دوو برا دەکات بە ناوی (شێتۆکە و ئاقڵۆکە)، کە لەبەر نەبوونی و بێداری تووشی کوشتنی دوو پیاوی حەس حەس دێن، کە ئەم دوو پیاوە دەیانەوێ فێڵیان لێ بکەن و سامانیان داگیر بکەن، هەر لەبەر نەبوونی و هەژاری روو لە شار و چۆڵ و چیا دەکەن و تووشی چەند بەسەرهاتێك دێن، دواتر تووشی حەوت دێوی گەورە وەك کەڵە شاخ دێن، کە هەمیشە مەنجەڵێکی ڕەشی گەورەیان لەسەر ئاگرە و، بڵق بڵق دەکوڵێ و پڕە لە خواردنی دێوەکان، ئەم دێوانە کەس ناتوانێ لێیان نزیك بێتەوە و شوێنێکی زۆر خۆشیان داگیر کردووە، کە هەست بەوە دەکەن ئەم دوو برایە لێیان نزیك بوونەتەوە و هاتوونەتە شوێنی ئەوان، بە دەنگێکی زۆر گەورە کە ئەم ناوچەیە پڕ دەکات بانگیان دەکەن و دەیانەوێ بیانکەن بە خۆراکیان، بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی هۆشیاری و بیرکردنەوەی عاقلانەی (عاقلۆکە)، دەتوانن بەسەر دێوەکاندا زاڵ بن وخۆشی و شادی دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە دێوەکان تیایدا دەژیان[١٥].

---

[١٥] مەغدید رواندزی، ئەفسانەی شێتۆکە و ئاقلۆکە، بۆ مێرد منداڵان، هەولێر، ١٩٩٨.

چیرۆکنووس لە چیرۆکدا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات، هەمیشە لە بابەتەکانیدا هێزی چاکەکار و خێرخواز سەربکەوێت و شەڕانگێز و نەیارەکان لە خاك بگەوزێنرێن، چونکە "***تۆڵە سەندنەوە، بابەتێکی باوە لە هەقایەتە میللییەکاندا... منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی ئەم چیرۆکانەیان زۆر پێخۆشە، هێشتا منداڵەکان زۆر سەرەتایین، پێخۆشحاڵن کە شەڕانگێز ببینن لە خاك بگەوزێنرێ و سووکایەتی پێ بکرێ... دەرباز کردنی کەسایەتیەکی چارە گران لە گونامەکەی، بابەتێکە زۆر بە دڵی منداڵانە***."[١٦]

سەرچاوەی سێیەم، کە چیرۆکنووس دەتوانێ بابەتەکەی لێ وەربگرێت، بریتییە لە واقیع، بێگومان منداڵانیش وەك گەوران کاریگەر دەبن بەو واقیعەی کە تیایدا دەژین، ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی کە منداڵ لە ژیانیدا دەیبینێت یاخود هەندێ جار بەسەر خۆیشیدا دێن، کار دەکەنە سەر گۆڕانی بیرکردنەوەی منداڵ. ئەمەش بێگومان لەمیانەی گۆڕان و گەشەکردنی قۆناغی تەمەنیدا ڕوودەدات. "***منداڵ کە تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵ لە شێوازی ژیانی ڕابردووی یاخی دەبێت، تەنانەت هەندێك جار بە ڕووی دایك و باوکیشیدا دەتەقێتەوە، قایل نابێت وەك منداڵ سەیری بکرێت و خولیاو ئارەزووە تازەکانی لێ تێکبدرێت، منداڵ لە تەمەنی دوازدە تا پازدە ساڵیدا، رازی نییە گوێ بۆ چیرۆکێك شل بکات باسی نوقڵی تێدا بێت، وەلێ چونکە بەرەو هەرزەکاری دەڕوات، چیرۆکی دڵداری سەرنجی ڕادەکێشێ، لە ناخەوەدەبزوێنێت***."[١٧]. منداڵانی قۆناغی (٨– ١٢) ساڵان و بە

---

[١٦] جۆن ئەیکن، و. کەمال غەمبار، چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، ل٧٦.

[١٧] حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، ل ١٢٩.

سەرەوەش،لە کاری پڕ ئەندێشەیی تا رادەیەک دووردەکەونەوە و لە راستی و واقیع نزیك دەبنەوە، حەز دەکەن لە شتەکانی دەوروبەریان تێبگەن. پەی بردنی چیرۆکنووس بە بابەتی واقیعی، ئەو واقیعەی کە وێنەی ژیان دەکێشێت بەو شێوەی کە منداڵ دەیبینێ، دەتوانێ بەشداری لە گەشەکردنی سروشتیاندا بکات ئەمەش لە رێگەی گوزارشتکردن لەو گرفتانەی کە دێنە رێگای منداڵەکە و خێزانەکەی و ژیانی. بۆیە لەم سااڵنەدا منداڵان لە قۆناغی چیرۆکی خەیاڵی و هەقایەتی خورافی دەگوازرێنەوە بۆ قۆناغی ئەو چیرۆکانەی کە زیاتر لە واقیعدا نزیکن، منداڵ لەم قۆناغانەی تەمەنیدا دەتوانێ پێناسە بۆ شتەکان دابنێت و هەڵەکان ڕاست بکاتەوە. هەروەها دەتوانێ پێناسەی هەندێ وشە بکات کە خاوەنی هێما و ڕەمزی مەعنەوین وەک، چاکە، دادپەروەری، بەزەیی پیاهاتن...تاد. دەشتوانێ پەند و ئامۆژگاری و مەغزاکانی نێو چیرۆکەکان تێبگات هەستیان پێ بکات، کەواتە لەم قۆناغەدا چیرۆکنووس دەبێ هەوڵی ئەوە بدات ئەو بابەتانە هەڵبژێرێت، کە لە راستییەوە نزیکن، منداڵان لەم قۆناغەی تەمەنیاندا زیاتر حەز لەو راستییانە دەکەن، کە بڕوایان پێیەتی و دەیانەوێت پەردە لەسەر ئەو کێشانە لابدەن کە بەڕاستی ئەزانن و ڕووبەڕوویان دەبنەوە[١٨].

لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی لەم نموونەیەمان زۆرە، کە چیرۆکنووس بابەتەکەی لە واقیع وەرگرتبێ. یەکێ لەو نموونانەش، چیرۆکی (**لاســـاری**) یە. ئەم چیرۆکە باس لە کوڕێکی تەمەن (١٠) ساڵان دەکات بە ناوی (هەندرێن)، منداڵێکی لاسار و گوێ نەگرە، هەمیشە لە قسەی دایك و باوکی

[١٨] محمد بن السيد فراج، الاطفال وقراءاتهم، ص٣٩-٤١.

دەردەچێت و گوێ بەئامۆژگارییەکانیان نادات، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی (میران) زۆر جار بە بیانووی (نان کڕین)، گوایە دەچنە نانەواخانە، لە ماڵەوە دەردەچن و پارەکە لە سەرەی نانەواخانەکە دادەنێن و خۆشیان دەچن یەکەیەکەی ماڵەکان ئەوەندەی لە توانایاندا بێت، زەنگی بەر دەرگاکانیان لێدەدەن و رادەکەن، هەروەها دەچنە سەر دەرگا و دیواری خەڵک بە دزی خاوەن ماڵەکە سێو و هەرمێکانیان دادەڕنن . تا رۆژێک هەندرێن و میران خەریکی لێکردنەوە و داپچڕینی دارەکانی حەوشەی ماڵێک دەبن، لە ناکاو خاوەن ماڵ لێیان دێتە دەر و (هەندرێن) دەستگیر دەکات و میرانیش رادەکات، خاوەن ماڵ بەنەرمی و لەسەرخۆ چەند قسەیەک بە (هندرێن) دەڵێت و چەند سێو و هەرمێیەکیشی لە دەست دەنێت و بەڕێی دەکات. (هەندرێن) بە شەرمەزارییەوە ملی ڕێگا دەگرێت و بەو کارە ناڕەوایەی خۆی زۆر دڵتەنگ دەبێت، یەکە یەکەی قسەکانی خاوەن ماڵی لەگوێدا دەزرنگێتەوە، بە تەواوی پەشۆکاو دەبێ. بەدەم خەیاڵەوە ڕووەو ئۆتۆمبیلێک دەڕوات. ئۆتۆمبیلەکە ملی لێ دەنێت و (هەندرێن) لە هۆش خۆی دەچێت و قاچێکیشی دەشکێت و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە. کە بە هۆش خۆی دێتەوە زۆر هەست بە شەرمەزاری دەکات بەرامبەر دایک و باوکی و ئەو کارانەی کە کردوویەتی. بە دەم گریان و پەشیمانی ئەوەی کردوویەتی بۆیان دەگێڕێتەوە، لە کۆتاییدا بڕیار دەدا ئەوە دوایین کارە ناشیرینەکانی بێت. لەو ڕۆژەوە بە دواوە (هەندرێن) لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی خۆیدا تۆمار کردو، نموونەی گوێڕایەڵی و ژیری بوو بۆ منداڵان[١٩].

[١٩] سازان جەلال، ژیکەڵە، تاران، ٢٥٥٠،ل ١٦–٢٥.

دەتوانین هەمان چیرۆکی سەرەوە، بۆ رەگەزی (بابەت) پراکتیزە بکەین. چیرۆکنووس زیرەکانە توانیویەتی بابەتێك هەڵبژێرێت نموونەیەك بێت لە واقیع و لەگەڵ سروشتی واقیعی منداڵاندا بگونجێت.

رووداوەکانی چیرۆکەکە (لاساری) منداڵێکە، کە بابەتی چیرۆکەکە دەنوێنێت. مەبەست و ئامانجی چیرۆکنووس لەخستنەڕووی ئەم بابەتەدا روون و ئاشکرایە، دەیەوێت لە منداڵان بگەیەنێت، گەر منداڵ (لاسار) بێت و لە گوێی دایك و باوکی و کەسانی لە خۆی گەورەتر دەربچێت، چارەنووسێکی خراپ چاوەڕێی دەبێت. چیرۆکنووس زانایانە توانیویەتی، ئەو خاسیەت و مەرجانەی کە دەبێت لە رەگەزی (بابەت)دا هەبێت، لە چیرۆکەکەدا بەرجەستە بکات، چیرۆکنووس تەنها یەك بیرۆکەی لە چیرۆکەکەدا ئاماژە پێکردووە. واتە چیرۆکەکە تەنها لە دەوری (بیرۆکەکەدا کە لاساریيە) دەخولێتەوە، لەگەڵ رەگەزەکانی تری نێو چیرۆکەکەش گونجاون و هەماهەنگی دروست کردووە.

٢- ڕووداو – Event

ئاشکرایە چیرۆك هی گەوران یان منداڵان بێت، لە کۆمەڵێك کار و کردەوە و بەسەر هات و گیروگرفت پێك دێت، کە بەسەر پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە دا دێن و تێدەپەڕن، لە ئەنجامدا رووداوی چیرۆکەکە پێك دەهێنن. چیرۆکیش بە بێ ئەم رووداوانە هەڵناکاو ناچێت بەڕێوە،چونکە رووداوەکان بە بناغەی بنیاتنانی چیرۆك دادەنرێن. هەر رووداویشە کە هێز و توانا و جموجۆڵ دەداتە چیرۆکەکە و یەکەمین رەگەزە کە سیفەتی چێژ بەخشینە بۆ منداڵ،

"بۆیە پێویستە لەسەر نووسەرەکە بەردەوامی بدات بە بزوتنەوەی رووداو و، جموجۆڵی رووداوەکان بپارێزێ."[٢٠].

دەتوانین چەمکی رووداو لەم پێناسەیەدا روون بکەینەوە کە دەڵێت : ***"رووداو، بریتییە لە کۆمەڵێك بەسەرهاتی یەککرتووی بە دوای یەکدا هاتوو، کە دەبێت بە شێوەیەکی هونەری دا بچنرێت و بگێڕدرێنەوە، کە بتوانێ کاریگەری خۆی بنوێنێت بەسەر هەست و ئەندێشەی منداڵان و سەرنجیان بۆ لای خۆی رابکێشێت."***[٢١]، واتە رووداو پارچەیەکی بچووکە و یەك چنین دەیگرێتە خۆ، دەبێ لە زنجیرەیەکی یەککرتووی گونجاو پێك بێت، بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەك رووداوەکان لە یەکتری گرێ بدرێن، تاوەکو کارلێك دەکەن و دەگەنە لووتکە، بەمەش (گرێ)یەك دروست دەبێت، کە منداڵان زۆر ئارەزوو بە کردنەوەی ئەم گرێیە دەکەن.

رووداوەکان نابێت تەنها کۆمەڵێك هەواڵ بن، نووسەر لە نێوانیاندا پەیوەندی دروست کراو بخولقێنێت، چونکە ئەرکی چیرۆکنووس گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و گەیاندنی هەواڵەکان نییە، بە شێوەیەکی روت و کۆپیکراو بەو شکلەی کە لە واقیعدا هەیە، بۆیە ***"چیرۆکنووس پێویستە ئاگاداری ئەوە بێت، کە رۆژنامەنووس نییە، هەواڵ بگەیەنێت، بگرە نووسەرێکە نەخشەی جیهانێکی بالآتر لە جیهانی واقیع دەکێشێت، جیهانێك نە پاشکۆی واقیعە و نە راستگۆیی هونەریشی تێدا فەرامۆش دەکرێت، خۆ ئەگەر دەقاودەق رووداوێکمان گێڕایەوە، یان بەو پەڕی دەسپاکییەوە، بەسەرهاتی کەسێکمان***

---

[٢٠] جون ايكن، كيف تكتب للاطفال، ترجمة، كاظم سعدالدين، ص١١٧.

[٢١] دكتور نجيب الكيلانى،ادب الاطفال في ضوء الاسلام، ص ٥٩.

نووسیەوە، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا، دیرۆکنووسین نەک چیرۆکنووس."[٢٢] بەڵکو چیرۆکنووس دەبێ رووداوەکان و بەسەرهاتەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی و یەکگرتوویی بچنێت. بەشێوەیەك لەگەڵ یەکەکانی تری نێو چیرۆکەکە هەماهەنگی بنوێنێت و هەموویان بە یەکەوە بەشێکی خاوەن واتای دیاریکراو بهێنن وبەشداری لە دروستکردن و کردنەوەی (گرێ)یەکە بکەن.

چیرۆکنووسی منداڵان دەبێ پۆڵی نواندن ببینێت، لە کاتی نووسینی چیرۆکەکەدا، واتە بە شێوازێکی وا چیرۆکەکە بنووسێت، ئەندێشەی منداڵان بوروژێنێت و بە ئاگایان بێنێت، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن بچنە نێو رووداوەکان، وەك ئەوەی پاڵەوانێك بن تیایدا، ئەمەش ڕادەوەستێتە سەر ڕادەی ئاشکرایی و ئەو هێزەی کە چیرۆکنووس رووداوەکانی پێ دەخاتە روو بۆیە "***بونیاتنانی چیرۆك بە ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ڕوونی (وضوح)ی دانەر لە خستنە ڕووی رووداوەکاندا.***"[٢٣].

خاڵێکی تر لە بارەی ژمارەی رووداوەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان"***بە شێوەیەکی گشتی، نابێت لە چیرۆکی منداڵاندا رووداوی زۆر بە کار بهێنرێت،ئەمەش تاوەکو منداڵ سەری لێ نەشێوێت، هەڵی وەرگرتنی رووداوی سەرەکی لێ ون نەبێت، مانای چیرۆکەکەش لە دەست نەدات.***"[٢٤].

---

[٢٢] حەمە سەعید حەسەن، قارەمان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا، گ. (شین)، ژ (١٠) ئاداری ٢٠٠٥، ل٨٤.

[٢٣] علی الحدیدي، الادب وبناء الانسان، ص١١٨.

[٢٤] الهیتي، أدب الاطفال، ص١٤١.

رووداویش وەکو بابەت دەتوانێت سەرچاوەکەی ئەندێشە، واقیع، هەقایەتە میللی و ئەفسانەییەکان بێت، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین، سالانێك بوو رووداوەکانی زۆربەی چیرۆکی منداڵان، لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا، سروشتێکی ترسناك و توند و تیژی بەخۆوە گرتبوو، رەنگە ئەمەش هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەقایەتە میللی و ئەفسانەییانەی کە لە کۆندا دەتوانین بڵێین سەرچاوەیەك بوون بۆ لە دایکبوونی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە هەموو جیهاندا، هەر وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەو مەسەلەیە کرد. بەڵام ئەم دیاردەیە لە ماوەی سالانی دواییدا، بەرەو کزی و نەمان رۆیشت و گۆڕانی بەسەر داهات، داهێنانێکی نوێ بۆ چیرۆك سەری هەڵدا، ئەم گۆڕانە چیرۆکی منداڵانی لە ئەدەبی کوردی لە دوای راپەڕینیشدا گرتەوە، تەنانەت ئەو گۆڕانە ئەو هەقایەتە کۆنانەشی گرتەوە کە لە ناو کۆمەڵدا باو بوون، تیایدا وێنەکانی توندوتیژی و تۆقاندن و کوشتن و خیانەتکردن لادران، هەروەها کەسایەتییەکانی وەکو جنۆکە و مۆتەکە و ئەفسوونبازەکانیش تا رادەیەك دوورخرانەوە.

هەر بۆیە نابێت چیرۆکی منداڵان لە هەڵوێستی نابەجێ و ترسناك پێك بێت، بەو رادەیەی کە وروژاندن و هەڵچوونێکی تیژیان بۆ سەر دەروونی منداڵدا هەبێت، وەکو تەعزیبێکی زۆری کاریگەر، ستەم و تاوانی نابەجێی ڕەق، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستانە، کاریگەرییان بەسەر پێکهاتنی عەقڵ و ویژدانی منداڵاندا دەبێت، کاریگەرییەکی زۆر خراپ. بۆیە دەبێت چیرۆکنووس هەوڵبدات ئەو ڕووداوانە هەڵبژێرێت کە بە هەڵچوونی دڵخۆشکەر و خۆشەویستی و پێکەنیناوی دەناسرێنەوە[٢٥].

[٢٥] فهيم مصطفى، الطفل والقراءة، ص ١٥٩.

هەر بۆیەشە ***"گرنگترین رەگەز لە منداڵاندا، کە دەبێ ئێمە سوودی لێ وەربگرین بریتییە لە (ئەندێشە)، چونکە ئەندێشە بنچینەیە بۆ هەموو گەشەکردن و داهێنانێک، دەبێ ئەوەش بزانین کە منداڵ داوای رووداوی واقیعی دەکات لە رێگەی ئەندێشەوە."***[٢٦].

راستە نووسەری منداڵان دەبێت لە زۆر بابەتدا سوود لە واقیع وەربگرێت و بیکات بە سەرچاوەیەک بۆ رووداوەکانی، بەڵام ئەو واقیعەش دەبێت لەگەڵ واقیعی منداڵاندا بگونجێت، بە رەچاوکردنی ئاستی تەمەنیان و، لە رێگەی ئەندێشەوە پێشکەش بکرێت نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، ***"ئەو رووداوانەی گرێیەکە دەکەنەوە، یان رووداوی دراماکە هێور دەکەنەوە، دەبێ بە وردی هەڵبژێردراوبن و هەموویان لەگەڵ رووداوی سەرەکی بگونجێن، کەوا پرۆژەی چیرۆکەکەی لەسەر بنیات نراوە و پەیوەستە بە ئەو."*** [٢٧] لێرەشدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە چیرۆکدا دوو جۆر رووداو هەن، یەکێکیان رووداوی سەرەکییە، کە بەشێکی گرنگی نێو چیرۆکە و بەرنامەی چیرۆکەکەی لەسەر دەڕوات، دووەمیشیان رووداوی لاوەکییە، کە ئەویش رووداوێک یاخود چەند رووداوێکن و گەشە بە رووداوی سەرەکی دەدەن و بەشداری دەکەن لە کردنەوەی (گرێ)ی ناو چیرۆکەکە.

لێرەدا ئێمە نموونەی چیرۆکێک دەهێنینەوە و تایبەتمەندییەکانی رەگەزی رووداوی بەسەردا پراکتیزە دەکەین. چیرۆکەکەش بریتییە لە (**کۆتر و رێوی**).

سەرەتای رووداوەکە بە دروستکردنی هێلانەیەک لە شوێنێکی بەرز، لەلایەن دایکە کۆترەکەوە دەست پێدەکات، رێویش هەوڵ دەدات کۆترەکە و

---

[٢٦] رشاد رشدی، فن القصة القصیرة، ص١٠٠.

[٢٧] سمیر عبدالوهاب، قصص وحکایات الاطفال، ص ١٩٩.

بێچووەکانی بخوات بەڵام پێیان ناگات، بۆیە هەڕەشە لە کۆترەکە دەکات، ئەگەر بێچووەکانی بۆ فڕێ نەداتە خوارەوە، ئەوا سەردەکەوێت و بێچووەکانی دەخوات، کۆترەکە بە ناچاری و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بێچووەکانی بۆ فڕێ دەداتە خوارەوە، بۆ سااڵێکی تر کۆترەکە بەچکەی جوانتر هەڵدەهێنێ، بەڵام دیسان خەم دایدەگرێت، لە ترسی ئەوەی دیسان ڕێوی بێتەوەو داوای بێچووەکانی بکات و بیانخوات. قەاڵ ڕەشکەیەك ئامۆژگاری دەکات کە گوێ بە قسەکانی ڕێوی نەدات، چونکە ئەو لە شوێنی بەرزە و ڕێوی ناتوانێ پێی بگات. بۆیە لە کۆتاییدا داوا و مەبەستی مام ڕێوی جێبەجێ ناکرێ و بە سەرشۆڕی دەڕوات[٢٨].

نووسەری چیرۆکی (**کۆتر و ڕێوی**) مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم ڕەگەزەی چیرۆکدا کردووە. لەم چیرۆکەدا یەك ڕووداوی سەرەکی بەدی دەکرێت ئەویش (خواردنی بێچووەکانی کۆترە لەالی ڕێوی). کە پڕۆژەی چیرۆکەکەشی لەسەر بونیات نراوە. ڕووداوە الوەکییەکانیش بریتین لە (دروستکردنی هێلانە)، (گفتوگۆی نێوان دایکە کۆترەکە و قەاڵڕەشکەکە) بەاڵگەشمان لەوەدا ئەوەیە چیرۆکنووس توانیویەتی بە شێوەیەکی ورد ڕووداوە الوەکییەکان هەاڵبژێرێت، کە لەگەاڵ ڕووداوە سەرەکییەکەدا بگونجێت و بەشداری بکەن لە کردنەوەی (گرێ)یەکە. (گرێ)ی چیرۆکەکەش بریتییە لە (چۆنیەتی پاراستنی بێچووەکان لەالیەن دایکە کۆترەکەوە.)

٣- گرێچن (تەون)- The plote

[٢٨] شاخەوان علی حمد، ورچ و شێر و مام ڕێوی (کۆمەاڵ چیرۆکێکی منداڵانە)، هەولێر ٢٠٠٢، ل١٨.

دەتوانین بڵێین گرێچن پـڕۆژەی رێکخستنی رووداوەکانـە بـە شـێوەیەکی هونـەری، واتـە کاتێـک چـیرۆکنووس، بـاس لـە رووداوەکـان دەکـات لـە چـیرۆکەکەیدا، دەبـێ بـەردەوامی و جموجۆڵیـان پـێ بـدات و، بەشـێوەیەکی هونەرییانە بیانچنێت، بەمەش رووداوەکان، بەرەبـەرە گـەورە دەبـن تـاوەکو دەگەنە ترۆپک، ئەمەش پێی دەڵێن گرێچن یان (پلۆت).

بۆیە "***گرێچن ئەو خاڵە دەنـوێنـێ، کـە رووداوەکـانی چـیرۆک تیایـدا لێـک دەئـاڵێن، هـەروەها گرێچـن، پلانـی چـیرۆکە، لـە ناویـدا رووداو بەسـەر کارەکتەرەکاندا دێت، یان بەهۆی ئەوانەوە رووداو روودەدات، گرێچن بریتییە لەو دەزووەی، کەوا سەرەداوی چنینی چـیرۆک و بونیاتنانیـەتی، ئـەمیش وا دەکات، خوێنـەر حـەز بـە خوێندنـەوەی چـیرۆکەکە بکـات***"[٢٩]، گرێچـنیش دەبێت زۆر بە هێز و مانابەخش بێت، چونکە یەکێکە لەو رەگەزانەی، خوێنەر بۆ لای چیرۆک کێش دەکات، ئەگینا بە پێچەوانەوە، ناتوانێ سەرنجی منداڵان لـەو ماوەیـەدا، کـە چـیرۆکەکەی تیایـدا دەگێڕدرێتـەوە، بـۆ لای چـیرۆکەکە رابکێشێت، چونکە بێ مانایی و بـێ هێـزی گرێچـن، منـداڵان تووشـی بێـزاری دەکات و، ئارەزووی ئەوەیان نابێت تا کۆتایی گوێ بیستی چیرۆکەکە بن.

چیرۆکنووسی منـداڵان، دەبـێ هـەوڵی ئـەوە بـدات، چـیرۆکەکەی لـە یـەک گرێچـن پێـک بێـت و سـادە و سـاکار بێـت، واتـە "***گرێچـن لـەکتێبی منداڵـە بچووکەکاندا، پێویست بەوە ناکات ئاڵۆز بێت.***"[٣٠] ، چونکە گرێچـنی ئـاڵۆز (***الحبكة المركبة***)، سەرەنجامی هەبوونی زیاتر لە رووداوێکـی سـەرەکییە، لـە

---

[٢٩] د.سمير عبدالوهاب احمد،قصص و حكايات الاطفال،ص١٩٩.

[٣٠] جون ايكن، كيف تكتب للاطفال، ترجمة : كاظم سعدالدين،ص ٦٥.

چیرۆکی منداڵانیشدا، دەبێ هەوڵ بدرێت، یەك رووداوی سەرەکی بەکار بهێنرێت، چونکە منداڵی بچووك، توانای پەیبردنی تەواویان نییە تاوەکو لە یەك کاتدا بە دوای چەند گرێیەکدا بکەون یاخود لە چیرۆکی ئاڵۆز تێبگەن.

سەرچاوەی دروستبوونی هەر گرێچنێك لە چیرۆکێکدا، لە بوونی کێشەکەوەیە، یان گەورەبوون و پەرەسەندنی رووداوێکە بۆ لووتکە و ترۆپك، ئەم گرتەش (کێشەکە)،جموجۆڵی و گەرم و گوڕی دەداتە رووداوەکان. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین، کاتێك کە رووداوەکان گەورە دەبن و پەرە دەسێنن، دەبنە هۆی لەدایکبوونی گرێچنێك (پلۆتێك)، کە گرێچنیش دروست بوو، پێویستی بە چارەسەر کردن دەبێ، بۆیە رووداوەکان لە بەردەوامی و گەرم و گوڕیدا دەبن، تاوەکو گرێیەکە (گرفتەکە) چارەسەر دەبێت و چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی.کەواتە ***"گرێچن ئەو گرێیە (عقدە)یە دەگرێتە خۆ، کە گرفتەکە (کێشەکە)دەنوێنێ، لە کاتی کارلێك کردنی رووداوەکان دەردەکەوێت، ئەویش ئەو کێشە و هەڵوێستە نادیارەیە، کە پێویستی بە ڕاڤەکردن هەیە و، کار دەکاتە سەر ئارەزووکردن (الرغبة) بۆ دۆزینەوە و زانینی ئەوەی لە دوایدا دێت.***"[٣١]، بۆیە بەم شێوەیە، بۆمان دەردەکەوێت، گرێچن (سەرەتا و، ناوەڕاست (گرێ) و، کۆتایی) هەیە:

١- سەرەتا Exposition

سەرەتا لە چیرۆکدا، بە بەشێکی گرنگ ناوزەد دەکرێت، چونکە چیرۆکنووس لە رێگەیەوە، دەبێت هەست و خەیاڵی خوێنەر بۆ ناو چیرۆکەکە

[٣١] د. سمير عبدالوهاب احمد، قصص وحكايات الاطفال، ص ١٩٩.

رابکێشێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کە پێشەکییەکە بە دەستەواژەی بـە هێـز و سەرنجڕاکێشـەر دەسـت پێبکـات، هـەروەها هـەوڵیش بـدرێت لـە پێشەکیدا، کەسایەتییە سەرەکییەکان ببردرێنە نێو چیرۆکەکە و، بە منـدالاّن بناسرێنرێن. بۆ نموونە، چیرۆکی **" تۆم سوێر، بە پووڕە بۆلی دەکرێتەوە کـەوا راوی تۆم دەنێ، کە موڕەببا دەدزێ"**[٣٢]. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات، لەگەڵ ئەو باس و خواستانە سەرقاڵ بێت، تاوەکو ڕەوتی چیرۆکەکە و پەیکەرەکەی پـەرە دەسـێنێ. ئـەگینا بـە پێچـەوانەوە منـداڵ تووشـی بێـزاری دەبێـت و ئـارەزووی تـەواوکردنی چـیرۆکەکەی نـامێنێ. هـەروەها دەبـێ سـەرەتا پەیوەندییـەکی پتـەو و نەپچـڕاوی لەگـەڵ بەشـەکانی دوای خۆیـدا هـەبێت، چونکە سەرەتا، پارچەیەکی هونەری بـەرزە و بەسـتراوەتەوە بـە بەشـەکانی دی تێکستەکە و، لێی جیا ناکرێتەوە[٣٣].

٢- گـرێ Conflict

گرێچنی باش، ئەو گرێچنەیە، کە (گرێ)یەک بگرێتـە خـۆی، گـرێش پـەرە دەسـێنی و دەگاتـە ترۆپـک، لـە ئـەنجامی بەیەکـدا چـوون و پەرەسـەندنی ڕووداوەکان و هاتنە نـاوەوەی کەسـایەتییەکان. گـرێش، کێشـەیێکە، یـاخود هەڵوێستێکی نادیارە، کە پێویستی بە ڕاڤەکردن هەیە، بۆیە کار دەکاتە سەر ئارەزووەکان، بۆ دۆزینەوەو زانینی ئەوەی لە دوایدا دێت. کێشـە و قـەیرانی چیرۆک، بۆی هەیە ڕەوانی بێ، دەشگونجێ لە بەرەنگاربوونی کردەوەی باش

---

[٣٢] جۆن ئەیکن، چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، و. کەمال غەمبار، ل٨٠.

[٣٣] د. پەرێز صابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی..، ل ١١٣.

و هەستی دەروون سەرچاوە بگرێ، دوور نییە لە دۆخێکی گاڵتەجارِ دابەدی بێ، بە هەرحاڵ دەبێ سروشتی و لە راستی نزیک بێ و لە چیرۆك بوەشێتەوە، زۆر جار لە گرێچندا، گرێ لە ئەنجامی مملانێ، پێچەوانە بوون، دووبارە بوونەوە، یان دژایەتیکردن دروست دەبێت، لێرەشدا مەبەست لە مملانێ، " شێوەکانی خەباتکردن و بەرگریکردنە، جا چ بە شێوەی هێمایی (سیمبولی) بێ، یاخود واقیعی. ئەو چیرۆکانەی، کە مملانێکانیان لە نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکانە، لەو کاتەدا مملانێیەکە ڕەمزی دەبێت، لە کاتەکانی تریشدا واقیعی دەبێت. مملانێیەکانیش، یان لە نێوان گیانلەبەراندا دەبێت، یەك لەگەڵ یەکێکی تر، لە نێوان چاکە و خراپە (شەڕ)دا، ئەم جۆرە مملانێیەش لە منداڵانی پۆڵی یەکەمی سەرەتایی بە ڕێژەی ٦٥٪، لە پۆڵی دووەمدا بە ڕێژەی ٤٠٪، لە پۆڵی سێیەمدا بە ڕێژەی ٤٧٪ دەبێت، یانیش مملانێیەکان لە نێوان هێزە ماددی و ڕووحییەکاندا دەبێت، ئەم جۆرەش لە چیرۆکی ئاییینی و پێغەمبەراندا بەدی دەکرێت و، ڕێژەکەشی (٢٢٪)ە بۆ منداڵانی پۆڵی یەکەم و دووەمی سەرەتایی. جۆرە مملانێیەکی تریشمان هەیە، کە لە نێوان حەق و ناحەق دایە، ئەمەش لە چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی دەکرێت، یاخود لە نێوان مرۆڤ و ژیانی زەحمەت و کولەمەرگی. ڕێژەکەشی، بۆ منداڵانی پۆڵی دووەمی سەرەتایی١٧٪ و پۆڵی سێیەمیش ١٢٪ یە"[٣٤]، بەڵام لە هەموو ئەمانەشدا، نابێت شتێك بااڵ بەسەر ڕووداوی سەرەکییدا بکێشێت، ئەمەش دەبێت چیرۆك لەسەری بڕوات، بە بێ پچڕان یان ڕاوەستان. هەروەها دەبێ هێڵی(گرێ) بە ڕوونی دیار بێت، تا ئەو

[٣٤] د. حسن شحاتة، أدب الطفل العربي، ص ١٦٨–١٦٩.

رادەیەی گەر مرۆڤێك ویستی چیرۆكێك بگێڕێتەوە، ناسینەوە یان بە دواداچوونی گرێی لا ئاسان بێت، لە كاتی گێڕانەوەكەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین (گرێ)، ئەو خاڵەیە، كە كێشەكە تیایدا لەو پەڕی توندی و چڕبوونەوەدایە.

٣- ئەنجـــام Denouement

گرنگی كۆتایی لە چیرۆكدا، لەرەگەزەكانی تری ناو چیرۆكەكە كەمتر نییە، چونكە لەگەڵ ئەوەی كۆتایی خاڵی تەقینەوە و چارەسەركردنی كێشە و ململانێیەكانە و، خوێنەر بە هۆیەوە دەگاتە ئەنجامێك، جگە لەمە كۆتایی، ئەو بەشەیە كە ئامانج و مەبەستی گشتی چیرۆكەكە تیایدا دەخرێتە ڕوو، بۆیە زۆر لە لێكۆڵەرانی چیرۆك، ئەم بەشە بە (ساتی ڕووناك كردنەوە - **لحظة التنوير**) ناو دەبەن. واتە "***هەموو ئەو كێشەو گرفتانەی كە لە چیرۆكدا ڕوودەدەن، بەرەو خاڵی ڕووناك كردنەوە دەڕۆن، كە كۆتایی چیرۆكەكەیە و، تیاشیدا مانای گشت شتەكانی پێشوو ڕوون دەكاتەوە و دەردەخات.***"[٣٥]، كۆتاییش دەبێ ببێتە مایەی رازی كردن و قایل بوونی منداڵان، چونكە كۆتایی بەڵای منداڵانەوە سەر لێشێواندن و گومان دەنوێنی ئەگەر بۆشایی و تێنەگەیشتن ڕووبەڕوویان بێتەوە، بۆیە كۆتایی لاوازو قەناعەت پێنەكراو، خراپترین گوناهە كە نووسەر دەیكات، هەموو نووسەران دەداتە دەست پڕوپووچی و بەتاڵی، لەبەر ئەوە كە كۆتایی دێت، دەبێ بە هێز بێت و مەبەستێك بگەیەنێت، قەناعەت پێهێنەر بێت. جا بۆ ئەوەی كە هیچ گومانێك نەمێنێتەوە و، خوێنەر هەستێكی تەماوی بەرانبەر بە چیرۆك و چارەنووسی كەسایەتییەكانی نێوی نەمێنێ، نووسەر زۆر جار ڕەگەزێك لە ڕەگەزەكانی لە

---

[٣٥] الدكتور رشاد رشدي، فن القصة القصيرة، ط٣ ،١٩٧٠، ص١١٢.

پڕی دەخاتە سەر، واتـە دەخاتـە سـەر کۆتاییەکـە، بەمـەش گشـت کـەلێن و قوژبنە تاریکەکانی ناو چیرۆکەکە بۆ خوێنەر یان گوێگر روون دەبێتەوە. ئەم رەگەز و خستنە سـەرانەش هەنـدێ جـار بەڕێککـەوت دێنـە نـاو چـیرۆکەکە، هەندێ جاریش چیرۆکنووس بە ناچاری پەنایان بۆ دەبات، هـەروەک باسمـان کـرد تـەنها بـە مەبەسـتی ئـەوەی خوێنـەر یـان گوێگرەکـە بڵـێ (بـەڵێ مـن تێدەگەم)[٣٦].

لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئایا کۆتایی دەبێت دڵخۆشکەر و شادی بێت، یان غەمگینی؟! چارەسـەرێکی تـەواو و ئامـادەکراو پێشـکەش بکـات، یاخود نا؟! بۆ وەلأمی ئەم پرسیارەش لێکۆڵەرانی بـواری چـیرۆك و ئـەدەبی منداڵان، ڕا و بۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە، جیاوازییەکـەش بـە پێـی جیـاوازی قۆنـاغی تەمـەن سـەری هەڵـداوە، بـەڵأم هەنـدێ لـە رەخنـەگران کۆتـایی بەختـەوەریان لـە چـیرۆکی منداڵانـدا پـێ باشـە، چـونکە بـە پێـی ئـەو لێکۆڵینەوانەی لەم روووەوە لەسەر منداڵاندا ئـەنجام دراون، دەرکـەوتووە کـە ئەو چیرۆکانەی کۆتاییان بە خۆشی و شادی دێت، بە ڕێژەیەکی زیاتر لەلایەن منداڵاندا وەردەگیرێت لەو چـیرۆکانەی کـە کۆتاییـان دڵتـەنگی و ناخۆشـییە، ئـەو لێکۆڵـەر و رەخنەگرانـە، پێشـبینی ئـەوە دەکـەن، کـە ئـەو چـیرۆکانەی کۆتاییەکانیان ناخۆشییە، پێویست بەوە ناکات کە منداڵان گوێی لێ رابگـرن، چـونکە جیهـانی منـداڵ، جیهـانی دڵخۆشـی و زەردەخەنـە و شـادییە، بۆیـە پێویستە لەسەرمان، کە هەست و سۆزی منداڵ بەم کۆتاییە ناخۆشـانە ئـازار نەدەین. هـەروەها سـەبارەت بـە چارەسـەریش بـۆ کۆتـایی، دەکـرێ چـیرۆك

[٣٦] جۆن ئەیکن، چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، و:کەمال غەمبار، ل ٨٣–٨٤.

کۆتایی پێ بێت، بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەرێك پێشكەش بە منداڵان بكرێت، بەڵكو بۆ منداڵان بە جێ بهێڵرێت كە خۆیان بە ئەنجام بگەن و، بیرو هۆش و هەستەكانیان بخەنە گەڕ تاوەكو بگەنە كۆتاییەكە، بەڵام ئەو چیرۆكانەی كە كۆتاییەكانیان، چارەسەرێكی تەواویان پێشكەش بە منداڵان كردووە، بیر و هۆش و هەستی منداڵان ناخاتە كار بۆ وەدەست هێنانی ئەنجامی نێو چیرۆكەكە، لەم حاڵەتەشدا، توانای یادەوەری (**مذاكرة**) منداڵان گەشە دەكات نەوەك توانای داهێنانەكانیان.

لێرەدا بۆ نموونە چیرۆكی (دارکونکەرە)[٣٧] دەهێنینەوە، تایبەتمەند و خاسیەتەكانی (گرێچن)ی بەسەردا پراكتیزە دەكەین. چیرۆكنووس لە چیرۆكی (دارکونکەرە)دا، وردبینانە تان و پۆی رووداوەكانی چنیوە و، نوێكاری بەروخسار و شێوەی گشتی چیرۆكەكە بەخشیوە. سەرەتای (گرێ)یەكە لەم چیرۆكەدا، بە سووتانی شاخ دەست پێدەكات. وەك (گرێی یەكەم)، دواتر گوێگر یان خوێنەر لە دڵی خۆیدا چاوەڕێی دۆزینەوەی رێگاچارەیەكە، تاوەكو ئەم (گرێ ـ كێشەیە) دابمركێتەوە، كەچی چیرۆكنووس زانایانە (گرێ ـ كێشە)ی چیرۆكەكە بەرەو لووتكە و هەڵكشان دەبات و (گرێ)ی تر دروست دەكات، ئەویش سووتانی داربەڕووەكەیە، وەك (گرێی دووەم). رەنگە گوێگر یان خوێنەر هەم دیسان دڵە كوتە بیگرێ و، چاوەڕێی چارەسەرێك بێت بۆ ئەم كێشەیەش. نەبادا سووتانی دارستانەكە و داربەڕووەكە، هێلانەی دارکونکەرەشی لێ بكەوێتەوە، بەڵام چیرۆكنووس هەر

---

[٣٧] سەلام مەنمی چیرۆكی (دارکونکەرە)، گوڵزارا چیرۆكان، لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ئامادەی كردووە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٩٠.

لەگەڵ رۆیشتنی رەوتی چیرۆکەکە (گرێ)یەکی تر دروست دەکات، ئەویش سووتانی هێلانەکەی دارکونکەرەیە وەك (گرێ ی سێیەم)، مەبەستی چیرۆکنووس لێرەدا، توند کردن و گەورەکردنی (گرێ)یەکانە، تاوەکو بتوانی بەرەو لووتکە بیانبات و، بە هۆیانەوە (گرێچن)یّك دروست بکات و، خوێنەر یان گوێگر چێژ و هەستی خۆشەویستی گەورەی خۆی لەوێدا ببینێتەوە، بۆیە لێرەدا لەگەڵ توندبوونی (گرێ - کێشە)کان و هەڵکشانیان بەرەو لووتکە، گرێچنێك دروست دەبێت کە ئەویش (سەر گەردان بوون – بێ هێلانە بوونی دارکونکەرەیە). ئەمە لووتکەی کێشەکانە و، لێرەدا منداڵان دەیانەوێت چارەیەك بۆ ئەمە بدۆزنەوە، تاوەکو دارکونکەرە بێ جێگا و رێگا نەمینێتەوە، بۆیە چیرۆکنووس شارەزایانە، بەرە بەرە (گرێچن) نەرم دەکاتەوە و دواتر کۆتایی پێ دێنێ، ئەویش بە (دۆزینەوەی هێلانەیەکی تر) لە لایەن دارکونکەرە و دڵخۆش بوونی. دەتوانین هاوکێشەکە بەم شێوەی خوارەوە دەربخەین :



أ ـ سەرەتای گرێچنەکە = ناسینی کەسایەتی دارکونکەرە بە منداڵان + کونکردنی داربەڕووێك لەلایەن دارکونکەرە + دروستکردنی هێلانە لە داربەڕووەکە + پەیداکردنی بژێوی ژیان.

ب ـ ناوەڕاستی گرێچنەکە (گرێیەکان) = سووتانی شاخ (گرێی یەکەم) + سووتانی دار بەڕووەکە (گرێی دووەم) + سووتانی هێلانەی دارکونکەرە (گرێی سێیەم).

پ ـ لووتکەی گرێچن = سەر گەردان بوون و پەڕاگەندەبوونی دارکونکەرە.

ت ـ کۆتایی گرێچن = دۆزینەوەی هێلانەیەکی تر لەلایەن دار کونکەرە و شی بوونەوەی گرێچنەکە.

٤– کەسایەتی Character

کەسایەتی راست و دروست، خاڵێکی تر لە خاڵەکانی چیرۆکی باش، چیرۆکنووسی بەهرەدار ئەوەیە، کە بتوانێت بە وردی کەسایەتییەکان وێنە بکات، بە جۆرێك کە لەگەڵ رەگەز و بەشەکانی تری نێو چیرۆکەکە بیانگونجێنێت و، وەك کارەکتەری راستەقینەش بە خوێنەر یان گوێگرانی بناسێنێت. واتە خوێنەر یان گوێگر راستگوێیان تێدا ببینێتەوە و، لەگەڵیاندا هەست بە بوونی ژیان بکات. کەواتە نووسەر چەند لێزانانە وێنەی قارەمان بکێشێت، چەند هونەرمەندانە رووداو بچنێت و پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان قارەمان و رووداوەکاندا بەرجەستە بکات، هێندەش زیاتر دەتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. چونکە قارەمان و رووداو، وەك دوو رەگەزی گرنگ و بنچینەیی، رۆڵێکی کاریگەر لە بەرهەمهێنانی هەموو چیرۆکێکدا

دەبینین، دەتوانین کەسایەتی وا پێناسە بکەین "***کە نواندنی کەسانێکە لە نەوەی ئادەمیزاد ـ کە هەمیشە بایەخێکی گەورەیان لە چیرۆکدا هەیە و بە زۆری گرنگترین رەگەزە لە رەگەزەکانی چیرۆك دادەنرێن. هەتا ئەگەر گیانداریش بن، ئەم گیاندارانە هەمیشە وێنەی خەڵکانێ دەنوێنن یا دەکێشن، یا لەباتی سیما مرۆڤییەکان بەکاردێن.***"[٣٨]

لە چیرۆکی منداڵاندا کەسایەتی دروست، ئەو کەسایەتییانەن کە منداڵان رازی بکەن بەوەی راستەقینەن یاخود هاوتای راستییەکانن. جا ئەو کەسایەتییانە مرۆڤ بن، یان ئاژەڵ، یان ڕووەك (بێ گیانەکان)، یان کەسایەتی نێو ئەفسانەکان بن، یاخود هەر کەسایەتییەك بن کە لە جیهانی منداڵاندا خۆشەویستن. کەواتە رادەی قایل بوون و بڕواکردنی منداڵان بۆ کەسایەتییە دروستەکان، دەوەستێتە سەر توانای دانەر لە بەخشینی ئاکاری راستەقینە لە رەفتار و کاری سەرووی هێزەکان (الاعمال الخارقة) و، هێزی لاوازی ئەم کەسایەتییانە، لە وێنە راستەقینەکانی خۆیان، بۆ نموونە کاتێك نووسەر، وێنەی کەسایەتێکی وەك (سپایدرمان یاخود سوپەرمان) دەکێشێت، رەچاوی ئەوە بکات ئەو کەسایەتییانە، هەمان ئەو کار و هەڵسوکەوتانە بکەن کە هاوتاکانیان لە ژیاندا دەیکەن، واتە دەبێت لە ئاستی واقیعی خۆیاندا پیشانیان بدات، ئەگەر کەسایەتییەکان خەیاڵیش بن یاخود ئاژەڵ و بێ گیانەکان بن، دەبێ هەڵسوکەوتەکانیان وەك ئەوانە بن، کە لە واقیعی ژیاندا رووياندەوە، هەر چەندە ئەندێشەی منداڵیش یارمەتی دەدات،

---

[٣٨] لین ئۆلنبیرند– لیزلی لویس، کورتەیەك لە بارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، و: سەلاح عومەر، ل ١٢٥.

به خستنه سەر و لکاندنی چەند سیفاتێکی ئادەمیزادی بۆ جۆرەهـا ئـاژەڵ و بـێ گیانیش. بەمەش چیرۆکنووس دەتوانـێ زیندوویی راستگۆیی بە کەسەکان ببەخشێت، ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کـە منـدالاّن سـۆز و خۆشەویسـتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا پەیدا بکەن. خاڵێکی تر، کە چیرۆکنووس لە وێنـاکردنی کەسایەتییەکاندا دەبـێ رەچاوی بکات ئەوەیە، دەبێت کەسایەتییەکان کـاری سروشـتی ئـەنجام بـدەن، بـە جۆرێـك کـە لەگـەڵ لۆژیـك و داب و نەریتـە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێت، ئەو رۆڵ و کـارەی کـە پێـی دەسـپێردرێت ئـەو شـتانەی کـە دەیڵێـت، یـاخود ئـەو گفتوگۆیانـەی لەگـەڵ کەسـانی تـری نێـو چیرۆکەکە ئەنجامی دەدات، دەبـێ گشتیان لەگەڵ تەمەن و رادەی رۆشنبیری و، لە سەرووی هەموشیانەوە لەگەڵ تایبەتکارییەکانی خۆیدا بگونجێت، واتە ***"کەسەکە بۆ ئەوەی بچێتە ئەقڵـەوە دەبـێ لەگـەڵ تایبـەتکارەکانی خۆیدا بگونجـێ، کابرایەکی ترسنۆك وا لـێ مەکە لە پڕێکا شێر بە گوێ بگرێ، چونکو ئەگـەر شـتێکی وای کـرد لـە راکـاری دەرچـوو، ئـەوا تـۆ لـە بڕواکـاری لات داوە***"[٣٩]، هـەروەها هـەروەك باسمـان کـرد، دەبـێ کەسـایەتییەکە لەگـەڵ ژینگـە و داب و نـەریت و کلتـووری نەتەوەکەشـیدا بگونجێـت. ئەگەرچـی زۆر جار وابووە کە چیرۆکێکی منداڵان لـە زمـانێکی بێگانـە وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانی کوردی، نەیتوانیوە ئەرك و مەبەستی تـەواوی خـۆی بپێکێـت، چـونکە ئـەو ژینگـە و داب و نـەریت و کلتـوورەی کـە دانـەر کەسـایەتییەکەی لێ هەڵهێنجاوە، رەنگە زۆر لەگەڵ هی کوردییەکەدا جیاواز بێت.

[٣٩] هونەری کورتە چیرۆك نووسین، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مستەفا صالح کەریم، ل ١٦.

هەروەها کەسایەتییەکانی چیرۆکی منداڵان دەبێت گونجاو و ئاشکرا بن، جیاکراوە و سەرنجڕاکێش بن، گونجاو بن واتە ئەو کارەکتەرانەی کە چیرۆکنووس هەڵیاندەبژێرێت، منداڵان حەزی لێ بکەن و، پێشکەشکردنیان بە شێوازێك بێت، کە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و ئاستی بیر کردنەوەیاندا بگونجێت، ئاشکراش بن مەبەستمان لێی هەستپێکراو و بەرجەستەکراو بن، بە جۆرێك کە بۆ منداڵ گران نەبێت لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆیدا، وێنەکەی بە هەمان شێوەو خاسیەت و رەنگەکانیەوە بکێشێ، لێرەشدا مەبەستمان ئەوەنییە، کارەکتەر هەر دەبێ لە جۆری ئادەمیزاد بێ، نەخێر، چونکە زۆر جار لە چیرۆکی منداڵاندا وا دەبێ کارەکتەر، ئاژەڵ، یان بێ گیان، یاخود مۆتەکەیەکی جنۆکە بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم کەسایەتییەی کە رۆڵ دەگێڕێت، واقیعی و لەسەر شێوەی راستەقینە بێت، چەند سیفاتێکی ئادەمیزادی بە خۆوە هەڵگرتبێ لە قسەکردن، رەفتار، جووڵانەوە ... تاد.

هەروەها کە دەڵێین، دەبێ کەسایەتییەکان جیاکەرەوە و سەرنجڕاکێش بن، واتە نابێت ژمارەیان زۆر بێت، یان سیفاتیان لێك نزیك بێت، یاخود ناویان لێك نزیك بێت، بەڵکو دەبێ هەر کەسایەتێك، تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەبێت، تاوەکو منداڵان تێکەڵاوی یەکترییان نەکەن.[٤٠] یەکێك لەو خاڵانەش کە یارمەتیدەر دەبن لە جیاکردنەوەی کەسەکان لە یەکتری و، تێکەڵاو نەبوونیان لەلای خوێنەر یان گوێگر، دانانی ناوە بۆ کەسەکان. چیرۆکنووس دەبێ مامەڵەیەکی سەردەمانە لەگەڵ ناوی

[٤٠] احمد نجيب، فن الكتابة للاطفال، ص ٧٨–٨٠.

کەسایەتی نێو چیرۆکەکان بکات، گەر ناوی کەسەکان لەگەڵ کەسایەتی ناو چیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێ، نە شارەزایی چیرۆکنووس نیشان دەدات، هەروەك (حسێن عارف) لەم بارەیەوە دەڵێ : "***ئەو چیرۆکنووسەی، ناوی کەسەکان لەگەڵ کەسایەتی ناو چیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێنێ، هەر زوو نەشارەزایی خۆیم پێ ڕائەگەیەنێ، لە بنچینەیەکی هەرە گرنگی هونەری چیرۆك نووسینا، هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکەیە.***"[٤١].

کەسایەتییەکانیش دابەش دەکرێنە سەر دوو جۆر:

کەسایەتی پێگەیشتوو (بگۆڕ) Daynamic Character

ئەو کەسایەتییانەن، کە لەگەڵ هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە گەشە دەکەن و پەرە دەسێنن. واتە ئەو کەسایەتییانە لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بەردەوام دەبن، هەروەها بە درێژایی ڕووداو و هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە، هەڵوێستەکانی ئەم جۆرە کەسایەتییانە بەرە بەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوە و بەدەردەکەوێت، کە ڕەنگە لە لایەن گوێگر یان خوێنەرەکە، لە سەرەتای ناسینی کەسەکەدا ڕوون و ئاشکرا نەبووبن. نووسەری بەهرەمەندیش، گەشە و پەرەسەندنی کارەکتەر بە شێوەیەکی پلەدراو سەلمێندراو دەکات، تاوەکو لەگەڵ ئەو سروشتە کە لە واقیعدا هەیەتی بگونجێت. ئەم جۆرە کەسایەتییەش پێکهاتەی تەواو نابێت، تەنها لە نزیکی

---

[٤١] حسێن عارف، ناوی کەسانی چیرۆکمان چۆن هەڵبژێرین؟ گۆڤاری (بەیان)، ژمارە(٣)، نیسانی ١٩٧٠، ل ١١.

تەواوبوونی چیرۆکەکە نەبێت، زۆربەی کەسایەتییەکان لە چیرۆکی منداڵاندا، لەم جۆرەیە، کە بە نەمری لە یادەوەری دەمێنێتەوە و لەگەڵ ویژدانی مرۆڤدا دەژێت.

کەسایەتی جێگیر – رووکەش (نەگۆر) Static character

کەسایەتی جێگیر، ئەو کەسایەتییەیە کە هیچ گۆڕانێك لە پێکهاتەکەی نییە، هەروەك ئەوە وابێت هیچ نەجوولێ لە ژیان لە ماوەیەکی دیاریکراوی تەمەن، واتە کەسایەتییەکی خاوەن یەك رەهەندەو، هەمیشە هەڵسوکەوتەکانی لە نێو چیرۆکدا بەیەك سروشت و رەوشت دەبینرێت. وە کاتێکیش لە چیرۆکدا دەردەکەوێت، بە شێوەی تەواو پێگەیشتوو دەردەکەوێت لە پێکهاتندا، واتە بە درێژایی قۆناغەکانی چیرۆکەکە، لەسەر یەك سروشت دەمێنێتەوە و گەشە ناکات. دەبێ لایەنە تایبەتمەندی و خودییەکانی ئەم کەسایەتییە و خاسیەتەکانی، بە رووڕی دیار بێت و بە جوانی وێنا کرابێ. نموونەی ئەم کەسایەتییانەش: سندباد، عەلائەددین، شێتۆکە و ئاقرۆکە، مەلای مەشهور ... هتد.

ئەمانە ناگۆڕێن و پەرەسەندنیان بەسەر نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتییەکانیان لەهەر سەرچاڵییەکدا، هاوشێوەی سروشتی خۆیانە، ئەم کەسایەتییانەش لە چیرۆکدا زۆر گەورە و مەزنن و ناوبانگ دەردەکەن.[٤٢]

بۆ رەگەزی (کەسایەتی)، چیرۆکی (**خاوێنی**)[٤٣] بە نموونە دەهێنینەوە، بە پێی ئەم رەگەزە پراکتیزەی دەکەین.

---

[٤٢] د. سمير عبدالوهاب احمد، قصص وحكايات الاطفال، ص ٢٠٣.هەروا: علي الحديدي، الادب وبناء الانسان، ص ١٢٣ –١٢٤.

لـەم چـیرۆکەدا نووسـەر مامەڵەیـەکی زیرەکانـەی لەگـەڵ رەگـەزی (کەسایەتی)دا کردووە، ئەو تایبەتی و خەسڵەتانەی، کە دەبێ لە کەسایەتیدا هـەبن، لـە دروسـتکردنی کەسـایەتەکاندا، لەبـەر چـاوی گرتـوون. بـە پێـی بـارودۆخی ئـەو سـەردەمەی کـە منـدالّانی تێـدا دەژیـن، کەسـایەتییەکان و ناوەکانیانی هەڵبژاردوون. چیرۆکنووس چەند کەسـایەتییەکی لـەم چـیرۆکەدا بە کار هێناوە و دروست کردووە، کە (دانا و ساوێن) سـەرەکین و، (پیـاوێکی سەر ڕێگا، مامۆستا و قوتابیەکان)یش لاوەکین. چیرۆکەکە باس لەوە دەکات کەسـایەتی (دانـا)، کـە کەسـایەتییەکی پێگەیشـتووە، هەسـت بـە کـەم لێپرسینەوەیی دەکات بەرامبەر ئەرك و هەڵوێستەکانی دەوروبەری، بە ئەرکی سەرشانی نـازانێ یارمـەتی خـەڵك بـدات و ژینگەکـەی خـاوێن ڕاگرێـت، بـەڵام (سـاوێن)ی هـاوڕێی، کـە ئـەویش کەسـایەتییەکی پێگەیشـتووە چـونکە هـەردووکیان واتـە (دانـا و سـاوێن) لـە گەشەسـەندن و بەردەوامیـدان لەگـەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بەردەوام ئامۆژگاری (دانا) دەکات، لە ئەنجامدا دەیگۆڕێـت بۆ کەسێك، کە هەست بە لێپرسینەوەیی دەکات و گیـانی یارمەتیـدانی لـەلادا دروسـت دەبێـت. لـەم چـیرۆکەدا، کەسـایەتییەکان ئـەو کارانـەی، کـە پێـی هەڵدەستن، کـارێکن منـدالّان بـە ئاسـانی دەتـوانن ئـەنجامی بـدەن و لەگـەڵ توانای سروشتی واقیعی ئەواندان.

٥- کات و شوێن The Setting

---

[٤٣] بەهار ڕەشید، چـیرۆك بـۆ منـدالان (خـاوێنی)، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هـەولێر، ٢٠٠٥.

کات و شوێن دوو رەگەزی پێویستن، کە بەشداری لە سازدانی چیرۆکدا دەکەن، شێوەی هونەری پێ دەبەخشن چونکە " رووداوەکان لە بازنەیەکدا دەسووڕێنەوە، ئەویش (کات و شوێن)ە.

ئەم پەیڤانەی سەرەوە بۆ ئەوەمان دەبەن، کە بڵێین، (**کات و شوێن**) لە چیرۆکدا،پەیوەندی بە هەریەکە لە رووداوەکان و کەسایەت و بابەتی چیرۆکەکەشەوە هەیە و، تەنانەت کاریشیان تێ دەکات،بۆیە دەڵێین " کات و شوێن دەفرێکن (بە مانا زاراوەییەکەی)، سەرجەم کەسان و کارەسات و رووداو و بەسەرهاتەکان لە خۆدەگرن"[٤٤]، لەبەر گرنگی رەگەزی (**کات و شوێن**) لە چیرۆکدا، لە خوارەوەدا هەریەکیان بە تەنیا باس لێوە دەکەین:

شــوێن :

هەموو مرۆڤ و گیانلەبەرێك، تەنانەت بێ گیانێك، لەسەر رووی ئەم زەمینەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەو شوێنەوە کە تیایدا جێگیر بووە هەیە و دەیبەستێتەوە. لێرەدا نالێین تیایدا ژیاوە، بەڵکو دەڵێین تیایدا جێگیر بووە، چونکە مردووەکانیش لە گۆڕستانەکاندا شوێنێکیان هەیە. زۆر مەسەلە و شتی تریش هەن، لە نێو خەیاڵەکانماندا دەخولێنەوە.

کەواتە هەموو شتێك لەسەر رووی ئەم زەمینەدا، حەتمەن شوێنێکیان داگیر کردووە، تەنانەت گەردیلە و ماددەکانیش، گەر باسی شتەکانی نێو ئەندێشە و خەیاڵیش بکەین، خۆ ئەمانیش وێنەیەکی شتە راستی و

---

[٤٤] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری...، ل ٢٧٨.

واقیعیەکانن، کە هەم دیسان جێگەیەکیان هەیە لەم بوونەوەردا، ئەمانە راستییەکن ناکرێ خۆیان لێ لابدەن.

چیرۆکیش بەو پێیەی کەوا رەنگدانەوەی واقیعە، نابێ راستییەکان فەرامۆش بکات، بۆیە چیرۆکنووس گەر بیەوێ بەرهەمەکەی سیفەتێکی زیندوو و راستگۆ وەربگرێت، دەبێت شتەکانی نێو واقیعی تیایدا بەرجەستە بکات. بۆیە "***شوێن، بریتییە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە چیرۆکنووس هەڵی دەبژێرێت و، رووداوی چیرۆکەکەی تێدا دەهۆنێتەوە، یان پاڵەوانی چیرۆکەکە لەم شوێنەدا ژیان دەباتە سەر.***" [٤٥]، هەر چەندە ئەو شوێنەی کە لە چیرۆکدا هەیە، هەمان ئەو شوێنە نییە، کە لە واقیعدا بەرچاو دەکەوێت، چونکە بە لایەنی کەمەوە شوێنی نێو چیرۆك پێکهاتەکەی وشەیە، وەڵێ شوێنی راستەقینەی رووداو لە واقیعدا بەدی دەکرێت و هەست پێ دەکرێت. بۆیە چیرۆکنووسی بەهرەدار هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات، بە چەند شێوەیەك و رێگایەك، شوێنی نێو چیرۆك لە شوێنی راستەقینەکەی واقیع نزیك بکاتەوە.

"***نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان، گەڕانەوەی چیرۆکنووسە بۆ ژیانی منداڵی، یان ژیان لەگەڵ منداڵاندا، یان ژیانی ئەمڕۆی بەشێك دەبێت لە دوو تۆیی ئەو ناوچانەی کە منداڵی لێ دەژێت، گەلێك جاریش نووسەر، بە خەیاڵ واقیعێك دروست دەکات، بەڵام هەر دەبێت نزیك بێت لە ژیانی منداڵان، یان***

[٤٥] نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، ل ٧٧.

بەشێك بێت لە ژیانەكەیان، یان بەشێك بێت، لە رەوتی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای ئەمڕۆ كە منداڵی لێ بژێت"[٤٦].

كەواتە ئەو شوێنەی كە لە چیرۆكی منداڵاندا هەڵدەبژێردرێت، دەبێ لەگەڵ ئەم واقیع و راستییانەی سەرەوە كە باس كران، بگونجێت و راستەقینە بن و بە راستگۆییانە باسیان لێوە بكرێ. چونكە " ***ئەگەر شوێنی رووداني چیرۆك وەڕاست نەچێ، خوێنەر ئیمان بە راستەقینە بوونی كەسایەتییەكانیش نامێنێ، جا بۆ ئەوەی شوێنی رووداني چیرۆك لە روانگەی خوێنەر راست بنوێنێ، یەكەم جار پێویستە خودی نووسەر ئەوەی بە چاوی، شوێنێكی راستەقینە ببینێ و بە باشی بیناسێ***"[٤٧].

لەلایەكی تریشەوە، چیرۆك گەر لە ژینگەیەكی دیاریكراو ڕووبدات، دەبێ كەش و هەوای ئەو ژینگەیە نیشان بدات و، مرۆڤ وا هەست بكات لە هەمان ئەو شوێنە راستەقینەیە، كە چیرۆكەكە باسی لێوە دەكات. بۆ نموونە كە باسی (لادێ) دەكات وەك شوێنێك لە چیرۆكەكەدا، كە كەسایەتییەكانی رۆڵی تێدا دەگێڕن و، ئاكسیۆنی[٤٨] چیرۆكەكە لەوێدا رووەدات. دەبێ مرۆڤ لەوێدا هەست بە سادەیی و جوانی سروشت و دڵنیارامی بكا، یاخود هەست بە هەژاری و نەخوێندەواری بكات،یانیش هەست بەو هاوكاری و دڵسۆزییە بكات، كە لە نێوان تاكەكانیدا هەیە. ئەمانەش گشتیان رەنگە رەوتی چیرۆكەكە بنوێنن، كەواتە " ژینگە، یان شوێنی رووداني چیرۆك دەبێ بە چەشنێك بێ، كە ئاكسیۆنی چیرۆك لێوەشاوە و شایانی وی بێت"[٤٩].

---

[٤٦] نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، ل ٧٧–٧٨.

[٤٧] ئیبراهیم یونسی، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نووسین، و : نەبەز جەهانگیر پور، ل ٦٦.

[٤٨] ئاكسیۆن: رەوتی چیرۆك.

[٤٩] ئیبراهیم یونسی، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نووسین، و : نەبەز جەهانگیر پور، ل٦٢.

ئەم قسانەش بۆ ئەوەمان دەبات کە بڵێین، چیرۆکنووس دەبێ لە کاتی هەڵبژاردنی شوێن بۆ چیرۆکەکەی، لە ژینگەی خۆی داینەبڕێت و لە شوێنێکی نامۆ و دەستکردا داینەنێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی منداڵانی کوردیدا کاتێك چیرۆکنووس باس لە شوێنێك دەکات، دەبێت شوێنەکە لەگەڵ ئەو داب و نەریت و ژینگەیەدا بگونجێت، کە رۆڵەی یاخود بڵێین منداڵی کوردی تێدا دەژی. کەچی هەندێ لە نووسەرانمان ئەم کارە بە هەند هەڵناگرن، بە تایبەتی لە کاتی وەرگێڕانی چیرۆکێك لە زمانانی بێگانەدا، زۆر جار هەمان ئەو شوێنانە بە کار دێنن، کە لە چیرۆکەکەدا هەبووە، لەم حاڵەتەشدا (شوێن) کارێکی ئەوتۆی ناکەوێتە سەر، تەنانەت ئەوە نەبێت رەنگە کەسەکانی لەسەر بێن و بچن، بۆیە " ***هەندێ جار شوێن، شتێکە هەر ئەوەتا ڕووداوەکەی تێدا روودەدات، یان ئەوەتا کەسەکانی لەسەر دێن و دەچن و، ئیتر ئەرکی دیکەی ناکەوێتە سەر، (شوێن)ی چیرۆکی کوردی ئەم بیست ساڵەی رابردوو، تاك و تەرای ئەم و ئەوی لێ دەرچێت ئەگینا لەم جۆرەن، راستە بایەخیان بە مرۆڤی کورد داوە، بەڵام لە ژینگەی خۆی دایبڕیوەو لە شوێنێکی نامۆ و دەستکردا داینـاوە. گوند و شار و گەڕەك و شەقام و شۆستە و وێستگە و پاس و فەرمانگە و ئوتێل و چاخانە و مەیخانە و نەخۆشخانەی نادیار و بێ ناونیشانە و، ئەوەندەش گشتییەکە دەشێ بڵێین سیفاتی تایبەتییان تێدا نییە و تام و بۆی خاك و ئاوی خۆمان نادات***"[٥٠]، ئەم کارە لە ئەدەبی منداڵاندا، کارێکی ناڕەوایە، چونکە هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، ئەو کارو کردەوانەی چیرۆکنووس باسیان لێوە دەکات، دەبێت لەگەڵ ئەو شوێن و ژینگەیەی کە تیایدا روودەدەن گونجاو بن ئەگینا

---

[٥٠] زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی ـ شێواز و بونیاد، ل ٢٧٦.

چـیرۆکەکە زینـدوویی و راسـتگۆییەکەی لـە دەسـت دەدا، بۆیـە دەبـێ چیرۆکنووس شوێنێکی راستەقینە هەڵبژێرێت، کـە لـە واقیعـەوە نزیـك بێـت، دەبێ زانیاری و شارەزایی تەواوی لە بـارەی ئـەم شـوێنەوە هـەبێت، چـونکە نابێت شوێنەکە دەقاودەق وەك خۆی بە کاری بێنێتەوە، بەڵکو دەبێ هەندێ گۆڕانکاری تیـادا بکـات و جوانییـەکی هونـەری پـێ ببەخشـێت، بۆیـە نابێـت هەرگیز ئەو شوێنانە هەڵبژێرێت، کە زانیاری تەواویان لەسەر نـازانێ، چـونکە لەو کاتەدا ناتوانێ هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر ئەو شوێنەدا بێنێـت ناچـار وەك خۆی دایدەنێتە نێو دەقەکە.

لەلایەکی تریشەوە زۆر لە لێکۆڵەران، رەگەزی (شوێن) وەك ناسنامەیەکی نەتەوەیی نیشتیمانی لەقەڵەم دەدەن. چونکە " ***شـوێن لـە میللەتێکـەوە بـۆ میللەتێکی دیکـە جیـاوازە و تـەوزیفکردن و بەکارهێنانیشـی جیـاوازە و، لـە هەمان کاتیشدا، ناسـاندنی پێناسـە و مـۆرکی میللـەتان بـە دیـار دەخـات و دەناسرێنەوە***"[٥١] بۆیەشە زۆر جار کە چیرۆکی میللەتێك دەخوێنینەوە، ئەو مۆرکە تایبەتییەی کە میللەتەکەی پـێ ناسـراوە، لـەم چـیرۆکەدا بەرجەسـتە دەکەین.

کەواتە " شوێن هەر ئەوە نییە کە رووداوەکانی تێدا رووەدات، بەڵکو بە تونـدی کـار لـە دەروون و هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ و کاردانـەوەو چـالاکییە سایکۆلۆجی و، سۆسیۆلۆجی و... تەنانـەت بـیرو بۆچـوون و ژیـانی رۆحـی و هەڵوێستی رۆژانە و خەون و خەیاڵیشی دەکات."[٥٢]

---

[٥١] سابیر رەشید، چیرۆکی کوردی، رەخنەو لێکۆلینەوە، ل ٢٧.

[٥٢] زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی...، ل ٢٧٧.

ژینگەی ئەو شوێنەی، کە بۆ منداڵان دەست دەدا، لە قۆناغەکانی تەمەنی زووياندا، بریتییە لە، دارستان و باخەکان، سەر دار و درەختەکان، مالێ و قوتابخانە... تاد، چەند شوێنێکی تری سادە و ساکار، کە منداڵان دەتوانن پێشبینییان بکەن، بەڵام کاتێك شوێنەکان بۆ ئەشکەوت و چۆڵ و چیا و دەریا و رووبارەکان بگوازرێنەوە، رەنگە لەم حاڵەتەدا منداڵ پێویستی بە ئەزموونێکی فراوانتر و، تەمەنێکی عەقڵی پەرەسەندووتر بێت. لەم گۆشەیەدا چیرۆکی منداڵان لەگەڵ هی گەورانداجیا دەبێتەوە. بەڵام منداڵ لە قۆناغەکانی تەمەنی پێگەیشتوویدا، لەبەر ئەوەی زیاتر سەرنجی بۆ (چیرۆکی واقیعی) دەچێت و کەمتر بایەخ بە چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەییەکان دەدات، بۆیە بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەو رووداوانەی لە ژیاندا رووەدەن، هەر دەبێ لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا روو بدەن، رووداوەکانیش پەیوەستن بە بارودۆخ و داب و نەریت و پرەنسیپە تایبەتییەکانی ئەو کات و شوێنەی، کە تیایاندا رووەدەن. پەیوەست بوونیش بە هەموو ئەمانە، شتێکی گرنگە بۆ زیندوویی چیرۆکەکە و رەگەزی هاندان و پەرۆشی تێدا زیا دەکات، چونکە ئەمە رووپۆشی دەروونی چیرۆکە، بۆیە ئەو چیرۆکەی باس لە شوێنێکی دەستنیشانکراو و دیار دەکات، دەبێت راستەقینە بێت، راستگۆیانە باسی لێوە بکات.

ژینگەی شوێن لە چیرۆکی منداڵانی کوردی لە دوای راپەرینداً، زۆر جار بریتییە لە لادێ، دارستان، دار و درەخت، مالێ و قوتابخانە، کانی و سەرچاوەکان... و چەند شوێنێکی تر، کە تایبەتمەندی نەتەوەیی میللەتی کوردی بەخۆوە گرتووە و، رەسەنایەتییەکەی پاراستووە. لەم بارەیەشەوە (غالب هلسا) لە پێشەکی کتێبی (جوانکاری شوێن) ی (باشلار) دا دەڵێ :

"هەر کارێکی ئەدەبی ئەگەر شوێنی فەرامۆش کرد، ئەوا تایبەتمەندی و رەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات، لای من شوێن تایبەتمەندی نەتەوەیی بە خۆیەوە هەڵدەگرێ و گوزارشت لە روانینیش دەکات."[٥٣]

کـــات :

کات وەک رەگەزێك لە رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بە هەمان شێوەی شوێن، یاخود باشتر وایە بڵێین لەگەڵ شوێن چوارچێوەیەك بۆ رەگەزەکانی نێو چیرۆکەکە ساز دەکات، هەروەك حسێن عارف دەڵێت : " کات و شوێن لە هونەری چیرۆکنووسیندا، بەپێی چەند دەستورێکی تایبەتی، دەبنە چوارچێوەیەك بۆ کەسان و کارەسات و رووداو و بەسەرهاتەکان"[٥٤]، کەواتە ئاکسیۆنی چیرۆك، بەپێی ماوە ناتوانێ بەڕێوە بچێ، بۆیە لە هەموو چیرۆکێکدا رووداوەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو رووددەدەن. کەواتە ژینگەی کات : " بریتییە لەو مەودایە کاتییەی کە رووداوەکانی چیرۆك تیایدا رووددەدەن"[٥٥].

کاتەکانیش زۆر جار کورتن، وەك ئەوەی سەعاتێکن یاخود رۆژێك یان چەند رۆژێکن، لەوانەیە خۆی بگەینێتە هەفتەیەکیش، زۆر جاریش کاتەکان دوور و درێژ دەبن، وەك ئەوەی خۆیان لە قەرەی مانگێك، یان وەرزێك یاخود ساڵێك و لەوانەیە زیاتر بدەن. هەروەها کاتەکان لە نێوان دەمەکانی (رابردوو، ئێستا، داهاتوو)دا دەخولێنەوە.

---

[٥٣] غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلسا، ص٨.

[٥٤] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، ل ٢٧٨.

[٥٥] محمد عبدالرزاق ابراهيم ويح واخرون، ثقافة الاطفال، ص٣٥٠.

کـاتیش سـەبارەت بـە منـدالێ و چـیرۆکەکانیان، تـا رادەیـەك جیـاوازی بەخۆیـەوە دەبینـێ، چـونکە منـدالێ لـە قۆنـاغی سـاڵەکانی سـەرەتاییدا، تێگەیشتنی تەواو و ئاشکرای نییە بۆ کاتەکان. کەچی لەوانەیـە هەسـتکردنی بۆ رەگەزی شوێنەکان تۆزێك باشتر بێت، بۆیـە چـیرۆك گێڕەوەکـان زۆر جـار دەستەواژەی (هەبوو نەبوو، لە دێر زەمانان، کەس لە خوای گەورەتر نـەبوو) بـەکاردەهێنن، لێـرەدا راسـتە دەسـتەواژەکە گوزارشـت لـە کـاتی رابـردوو دەکات، بەڵام بە بێ ئەوەی دیاریکردنێکی تەواوی ئەم رابردووە بکات. بـەڵام منداڵان لـە سـەرەتای قۆنـاغی تەمەنیانـدا، قۆنـاغی (٣–٦) سـاڵان دەتـوانن جیاوازی لە نێوان شەو و رۆژدا بکەن، دواتر جیاوازی لە نێوان وشەی ئەمڕۆ و بـەیانی (سـبەینێ)دا بکـەن، رەنگـە ئەمـە بەرەبـەرە بـڕوات تـاوەکو دەگاتـە ڕۆژەکانی هەفتە، بەڵام ڕەنگە نـەتوانێ مانـای سـەردەم و سـاڵەکان بزانێـت، ئەم تێگەیشتنەش بە پێی گەشەکردنی قۆناغی تەمەنی زیاد دەکات. بۆیە بـە شـێوەیەکی گشـتی چیرۆکنووسـی لێهـاتوو ئـەو کەسـەیە، کـە بتـوانێ هاوسـەنگییەك لـە نێـوان پێداویسـتییە هونەرییـەکانی چـیرۆکی منـدالان و، تواناکانی عەقڵی، رادەی وەرگرتنـی دا بکـات، بەڕەچـاو کردنـی ئـەو قۆناغـە تەمەنییەی کە بۆی دەنووسێ و، ئەو بابەت و رەگەزەش کە لـە چـیرۆکەکەدا بە کاری دێنێ، بۆیە منداڵانیش لەگـەڵ بـەرەو پـێش چـوون و گەشەسـەندنی قۆناغی تەمەنیان، زیاتر بەرەو شتی واقیعی هەنگاو دەنـێن و دەتـوانن دەرك بەوە بکەن کە رووداوەکانی نێو چیرۆك بە بێ کات و شـوێن ڕوونـادەن. بۆیـە ئەو چیرۆکەی باس لە سەردەمێکی دیاریکراو یان کاتێکی دیـاریکراو دەکـات، دەبێت راستگۆیانە باسـی لێـوە بکـات و راسـتەقینە بێـت، هـەروەها ئەگـەر کاتەکان درێژ خایەن بن، وەکو ئەوەی خۆیـان لـە وەرزێـك یـا سـاڵێك یـاخود

زیـاتر بـدەن، دەبـێ لـەم حاڵەتـەدا چـیرۆکنووس ئاگـاداری گشـت ئـەو گۆڕانکارییانە بێت، کە لەو ماوەیـە دوور و درێژانـە بەسـەر رووداو و کەسـانی نێو چیرۆکەکەدا دێن. هەروەها گەر بۆ نموونە رووداوەکان لە شەو رووبـدەن، دەبێـت مـرۆڤ تیایـدا هەسـت بـە دڵـەڕاوکێ و تـرس و چـاوەڕوانی و خـەیاڵات بکات، کەوا لە ئەندێشەی مرۆڤدا دەخولێتەوە وێنایان دەکات، کەوا لە پشـت ئەم تاریکییە، چەند جیهانێکی تر هەیە، کە گیانەوەری تر تیایدا دەژین.

لە چیرۆکی (**دیاری و سەردان**)[٥٦]، چیرۆکنووس مامەڵەیـەکی زیرەکانـەی لەگەڵ رەگەزی (کات و شوێن) کردووە و، بـە ئەنـدازەی پێویسـتیی رووداو و هەڵوێستی کەسایەتی و پاڵەوانی چیرۆکەکە کەڵکی لێ وەرگرتوون.

لـە سـەرەتایی چـیرۆکەکەدا نووسـەر ئامـاژە بـە شـوێنەکە دەکـات کـە (دارسـتان)ە و دەڵێـت :(**لـە دارسـتانێکدا کۆمـەڵێك گیانلەبـەر دەژیـان**). چیرۆکنووس زانایانە ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە کە (دارستان)ە، ئـەو کـەش و هەوایـەی لـە چـیرۆکەکەدا بـە شـوێنەکەی بەخشـیوە هـەمان ئـەو کـەش و هەوایەیـە کـە لـە واقیعـدا لـە ژینگـەی دارسـتاندا بـەدی دەکرێـت. هـەروەها شوێنەکە لەگەڵ سروشتی واقعی نەتەوەی کورددا دەگونجێت و سەبارەت بـە منداڵانیش شوێنێکی نامۆ نییە، تام و بۆی خـاك و ئـاوی میللـەتی کـوردی لێ دێت.

لە جێگەیەکی تـردا چـیرۆکنووس دەڵـێ :(**کـە ئـەوان رۆیشـتن، مـەیموون چووە سەر دار گوێزێك و سەبەتەیەکی پڕ کرد لە گوێز، ئینجا خۆی گەیاندە**

---

[٥٦] عەلی حەمە رەشید بەرزنجی، دیاری و سەردان (دە چـیرۆك بـۆ منـدالان)، سـلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧–١٨.

مالّی سمۆرە). لێرەشدا چیرۆکنووس زانایانە دوو شوێنی تری بە منداڵان ئاشنا کردووە و بیر و هۆشی خستوونەتە سەر، شوێنەکانیش (سەر دار گوێز، مالّی سمۆرە)ن. ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە (سەر دار و درەخت، مالّ) دوو شوێنن کە بوونیان زۆرە لە نێو چیرۆکی منداڵانی کوردی، سەبارەت بە منداڵانیش شوێنی نامۆ نین.

کات: هەر لە هەمان چیرۆکدا (**دیاری و سەردان**)، چیرۆکنووس وەک رەگەزێك لە رەگەزەکانی بینای چیرۆك باسی (کات)ی کردووە، هەروەك لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا دەڵێ:(**بۆ بەیانی هەموو لە مالّی ورچ کۆبوونەوە**) یاخود دەڵێ:(**بۆ رۆژی دواتر لە گەرمەی یاریکردندا، بەردێك کەوت بە قاچی کەرۆێشکە سپی**). بە گشتی کاتەکانی ئەم چیرۆکە رابردوون.

٦- گێڕانەوە و گفتوگۆ و وەسف

چیرۆکنووسی باش بۆ ئەوەی رووداوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و کارەکتەرەکانی ئاشکرا بکات، لایەنە هونەرییەکانی دەق پێکەوە گرێ بدا و جۆرە سیحرێك بە چیرۆکەکەی ببەخشێت، تا لە رێگەیەوە گوێگر بۆ خۆی (چیرۆکەکە) کێش بکات، لە سەرووی هەموشیانەوە جۆرێك لە متمانە و باوەڕ بە بەرامبەر ببەخشێت، دەبێت ئەم رەگەزانەی سەرەوە (گێڕانەوە، گفتوگۆ، وەسف) لە چیرۆکەکەیدا بەرجەستە بکات، کە تا ڕادەیەك لە ئەرکەکانیان دەتوانین بڵێین کەمێك لێك نزیکی و خزمایەتییان هەیە.

گێڕانەوە Narrative : یەکێکە لە بونیادە سەرەکییەکانی دەق و، بە شێوەیەکی ئێستاتیکی سەرجەمی دەقەکە بەڕێوە دەبات، لایەنە هونەرییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات، ئەمە جگە لەوەی رووداو و

هەڵوێستەکان لە وێنەیەکی واقیعی بۆ وێنەیەکی زمانەوانی دەگوازێتەوە، کە بە جۆرێك بەرامبەر (گوێگر یان خوێنەر) وا هەست بکات ئەم رووداو و هەڵوێستانە دەبینێت و لەبەر چاویدایە. وەزیفەی گێڕانەوەش هەر تەنها ئەوە نییە، بەڵکو دەکرێت گێڕانەوە خاوەن سیحرێك بێت بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بە دوای ئەو بابەتەی دەیخاتە روو.[٥٧] لە چیرۆکی منداڵاندا دانەر بە هۆی رەگەزی گێڕانەوە، دەتوانێ کەسەکان و رووداوەکان بە شێوازێکی راستگۆیانە و، لە چوارچێوەیەکی هونەری جوانکاری بە منداڵان بناسێنێت و سەرنجی منداڵان بۆ چیرۆکەکەی رابکێشێت، چونکە منداڵانیش لە نێو خۆیاندا ئەو کارانەی کە کردوویانە و ئەو شتانەی بینیویانە، بە گێڕانەوە بۆ یەکتری باس دەکەن. بۆیە لە چیرۆکدا رەگەزی گێڕانەوە تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە بۆ منداڵان.

وەسف : ئەو رووداوانە زۆرتر دەکاتەوە کەوا خوێنەر لە خەیاڵیدا لێکیان دەداتەوە، وا لە منداڵ دەکات وێنەکە بە جۆرێك ببینێت و خەیاڵی بکات وەك ئەوە وابێت کە سەیری دەکات. ئەدیبیش لە گێڕانەوەی چیرۆکدا تەنها بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان واز ناهێنێ، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات وێنایان بکات. لە واقیعدا کە خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکێك، یاخود گوێگرێك لە گوێگرتنی چیرۆکێك دەبێتەوە، بە زۆری پارچە وەسفییەکانی بیر دێتەوە، حەز دەکات جارێکی تر بگەڕێتەوە سەریان.

" وەسفیش لە چیرۆکدا وەك هەر یەکێك لە رەگەزەکانی دی بۆ رازاندنەوە نییە، بەڵکو مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێت و بەشێکە لە

---

[٥٧] سیامەند هادی، دوو چیرۆکنووس لەبەردەم پێنج پرسیاردا، گ. ئایندە، ژ (٤٩)، ل١٠٢.

رووداو، پێویستە ئەو شتە وەسفکراوە لە چاوی نووسەرەکەیەوە تەماشا نەکرێت، بەڵکو لە چاوی کەسایەتییەکەوە ببینرێت."[٥٨]

بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش سێ ڕێگا هەن، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- ڕێگای ڕاستەوخۆ: لێرەدا دانەر لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت، کاتێک باس لەو بەسەر هات و ڕووداوانە دەکات کە بەسەر کەسانی تردا هاتوون. ئەم ڕێگایەش لە هەموو ڕێگایەکانی تر بەربلاوترە و، لەگەڵ منداڵاندا گونجاوە، بە جیاوازی قۆناغەکانی گەشەیان، بەتایبەتیش بۆ قۆناغی زوو، چونکە ڕووداو و وێنەکان لە زەینی منداڵدا نزیک دەکاتەوە لە ڕێگەی ئەو وەسف و گێڕانەوانەدا.

٢- ڕێگای خودگێڕانەوە: ڕووداوەکان لەسەر زمانی قسەکەر دەگێڕدرێنەوە، لە زۆربەی بارەکاندا ئەو پاڵەوانی چیرۆکەکەیە.

٣- ڕێگای دیکۆمێنتەکان: لێرەدا دانەر پشت بە چەند وتار و یادەوەرییەکی ڕۆژانە و شتی تر دەبەستێت و، دەیانکاتە کەرەسەی دروست کردنی چیرۆکەکەی.

کەواتە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش، بە زۆری سوود لە دوو ڕاناو وەردەگیرێت ئەوانیش:

١- کەسی سێیەمی تاک (ئەو): بۆ نموونە لە چیرۆکی (**سەلکە شەیتانۆکە**)[٥٩]، نووسەر دەڵێ: (زینا، منداڵێکی زرنگ و پاک و خاوێن بوو، هەرگیز بە تەنها نەدەچووە دەرەوە لە ماڵ، کە لەگەڵ دایک و باوکیشیدا

---

[٥٨] رشاد رشدی، فن القصة القصيرة، ص١٠٠.

[٥٩] عزیز ئالانی، مەدالیا، (٧ کورتە چیرۆکی فێرکاری بۆ منداڵان)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦-٢٤.

دەچووە دەرەوە، هەر چی دەیبینی دەکەوتە پرسیارکردن لە دایە و بابە، زۆربەی وەڵامەکانیشی لەبەر دەکرد و کاتێك دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە پەڕاوێکی دانابوو وەڵامەکانی تێدا دەنووسییەوە، بەم جۆرە رۆژ بە رۆژ زیرەکتر دەبوو. کاتەکانی رۆژگاری دابەش کردبوو بەسەر یاری و کۆشش و خوێندنەوە و سەیری تەلەفزیۆن کردن.. هەروەها نووسەر لە جێگایەکی تر دەڵێت: **زیبا لە پێش میوانەکان دەستی برد بۆ پەرداخە ئاوەکان، کاتێك دایکی زیبا ئاوی دەگێڕا، زیبا هێندە بە خێرایی پەلاماری دا پەرداخەکانی لە دەستی دایکی قڵپ کردەوە. ئاوەکە رژا.. پەرداخەکان شکان.. زیبا لە ترسان رایکردە دەرەوە. دایکی زیبا خەمی خوارد.. تەریق بووەوە. لەبەر رێزی میوانەکان دایکی زیبا تووڕە نەبوو، هیچی نەگوت، بەڵکو بە ناچاری و هەناسە ساردی پەرداخە شکاوەکانی کۆکردەوە...)**

بەم شێوەیە چیرۆکنووس بە بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك،وەسفی حاڵەتی (زیبا) و (دایکی زیبا) دەکات و، رووداوەکان دەخاتە روو.

٢- کەسی یەکەمی تاك (من): ئەم راناوەش کە لە چیرۆکدا بە کاردێت، دەبێ نووسەر هەوڵ بدات لەسەر زمانی خۆی بەکاری نەهێنێت. -هەروەك باسمان کرد- چونکە "گێڕانەوە لە کاتی خستنە رووی دەقدا یەکێك لەو ئەرکانەی کە پێویستە لە ئەستۆ بگرێت راگرتنی ئاستی خۆیی و ئاگادار بوون لەو پێکهاتە هونەرییەی دەکەوێتە نێو خودی گێڕانەوەکە"[٦٠]، وتە کە خوێنەر یان گوێگر گوێ بیستی دەقەکە دەبێت، هەست بەوە نەکات کە

[٦٠] سیامەند هادی، دوو چیرۆکنووس لەبەردەم پێنج پرسیاردا، ئایندە، ژ(٤٩)، ل١٠٢.

خاوەنی ئەو دەقە ئاگاداری ئەم گێڕانەوەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵی سەرنج راکێشانی بەرامبەر. بۆیە وا چاکە لە کاتی گێڕانەوەدا کە راناوی کەسی یەکەم بە کار دێت، دەبێ بە دوو شێوە بە کار بێت:

لەسەر زمانی قارەمانی چیرۆکەکە. یاخود لەسەر زمانی یەکێك لە کەسایەتییە لاوەکییەکانی چیرۆکەکە.

بۆنموونە لە چیرۆکی (**سەگی پیاوانی ئەشکەوت**)[٦١] دانەر زۆر زانایانە لەسەر زمانی (سەگەکە) رووداوەکانی نێو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **(من سەگی نێوی ران بووم، لەگەڵ شوانی دڵ نەرم و چاك، لە نێوی دێ رەقیم بوون، رانمان دەبردە لەوەڕ، لە هاوین و لە زستان، لە بەهار و پایزان، لەگەڵ شوان دەردەچووم، خواناس و بە رەحم و پاك، دەچووینە کێوێکی بەرز، بەرزتر لە دەریا و لە ئەرز، لەسەر سنگی ئەو کێوە، ئەشکەوتێ لە نێو دێوە، دەبینراو دیار بوو، رانمان دەبرد بۆ ئەوێ، دەمان لەوەڕاند لەوێ، جار بە جار شوانەکە دوور دەکەوت لە رانەکە، هەڵدەکشا بۆ ئەشکەوت، منیش جارێ بە رێککەوت شوانەکەم لە ئەشکەوت دی، لەگەڵ چەند لاوێکی دی، لەسەر سوجدە وەچۆکدا دەپاڕانەوە لە خودا، بۆیە منیش مامەوە، لەوێ نەجووڵامەوە...تاد.)**

هەر چەند شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆکی منداڵاندا، شێوازێکی زاڵەو زۆر بە کار دەهێنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ لە گوێگرتنی یان خوێندنەوەی چیرۆکەکە بێزار نەبێ، وا چاکترە لەگەڵ شێوازی گێڕانەوە، شێوازی گفتوگۆش بە کار بهێنرێت.

---

[٦١] مەرسووم گەشبین، سەگی پیاوانی ئەشکەوت (زنجیرە چیرۆکی گیانلەبەران لە قورئانی پیرۆزدا بۆ منداڵان)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠–١٣.

گفتوگۆ: بریتییە لەو قسە و وتوویژە جۆراوجۆرانەی، کە کارەکتەرەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵۆگۆڕی دەکەن. بە هۆکارێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ سەرکەوتنی چیرۆك، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی بینای هونەری چیرۆك، هەستێکی زیندوو دەداتە چیرۆکەکە، ئەویش بە هۆی ئەوەی یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ هەستکردنی بە خۆشی و، لە بەدواداچوون و بێزاری دووری دەخاتەوە. هەروەها یارمەتیدەرێکە بۆ بەدیهێنانی سۆزداری لە نێوان چیرۆکخوان و گوێگر و خوێنەردا. بەم جۆرەش چیرۆکەکە لە دیدی منداڵاندا زیاتر واقیعی دیار دەبێت. هەروەها گفتوگۆ یارمەتی دەرخستنی بیرۆکەی چیرۆك دەدات و رووداوەکانی بەرجەستە دەکات و گوزارشت لە ناخی کارەکتەرەکان دەکات، واتە یەکێکە لەو شێوازانەی کە نووسەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ وێنەکێشانی کارەکتەرەکانی، واتە یارمەتیدەرێکە بۆ نووسەر تاوەکو بە روونی بتوانێ کارەکتەرەکان وێنا بکات، چونکە لە سەرەتادا کارەکتەرەکان زۆر روون و ئاشکرا نین بەڵام لە میانەی ئەو گفتوگۆ و وتوویژانەی، کە دەیکەن لە چیرۆکدا زیاتر ئاشکرا دەبن. سەرەڕای ئەمانەش گفتوگۆ زیاتر سەرنجی منداڵ بۆ چیرۆك رادەکێشێ، کاتێك کە منداڵ دەبینێ کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ و ململانێ دەکەن، هەروەك چۆن ئەمە لە هەڵوێستەکانی ژیانا لە نێوان کەسەکاندا روو دەدات، منداڵانیش گوێ دەدەنە کاردانەوەیان لە بۆ گفتوگۆ، چیرۆکی (**کێز خاتوین**)[٦٢] دەکەینە نموونە، ئەم چیرۆکە لە سەرەتا تا کۆتایی گشتی گفتوگۆ و وتوویژ کردنە لە نێوان ئەکتەرەکانی چیرۆکەکە، هەروەك لە

---

[٦٢] موئەیەد تەیب، کێز خاتوین، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، دهۆکن ٢٠٠٤، ل٦.

شـوێنێکی چـیرۆکەکەدا گاوانێـك لەگـەڵ کێـز خـاتووین دەکەونـە گفتوگـۆ و دەڵێت:

گاڤانی ژی گۆتێ:

– تو ژ کیڤە دهێی، دێ کیڤە چی ؟

کێزێ گۆتێ:

– دێ چم بۆ خۆ شوی کەم

گاڤانێ گۆتێ:

– تو شوی ب من ناکەی ؟

کێزێ گۆتێ:

– ئەگەر کەربێت تە ڤەبوون دێ من ب چ قوتی؟

گاڤانێ توپزێ خۆ هەلگرت و گۆت:

– من ژڤی پێڤەتر نینە ئەز تە پێ بقوتم.

کێزێ گۆتێ:

ـ دێ زوی ژ ڤێرە هەڕە !

ـ زاڵمۆ ما ئەز گامێشم دێ من ب وی توپزی قوتی ؟

ئـەو گفتوگۆیـەش کـە چـیرۆکنووس بـە کاریـان دەهێنێـت، دەبـێ بـە شێوازێکی جوان بخرێتە روو، بە جۆرێك کە لەگەڵ تەمەن و عـەقڵی منداڵانـدا بگونجێت و، وشە و دەستەواژەی قورسیان تیا نەبێت کە ببنە مایەی ئـەوەی منـداڵان لێـی تـێ نەگـەن و تووشـی بێـزاری بـبن. لەگـەڵ ئەمـەش دەبـێ گفتوگۆیەکان لە هەموو لایەنێکەوە سوود بە منداڵان بگەیێنێت.

٧- شێوازی خستنه روو

پاش ئەوەی چیرۆکنووس بیرۆکەیەکی لەلادا دروست بوو، کۆمەڵێك رووداوی بۆساز دا، چەند کەسانێکی دیاریکراویشی بۆ پێکهێنان، ئینجا هەڵدەستێت بە خستنە رووی هەموو ئەمانە بە شێوازێکی گونجاو و رێك، لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی هونەریدا.

کەواتە شێوازی نووسەر: " ***بریتییە لە هەڵبژاردنی ئەو بۆ وشە و پێکهاتەکانی لە دروستکردنی رستە و بڕگەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو، تاوەکو ئەدەبێك پێشکەشی خوێنەر بکات . شێوازی چیرۆکنووسی باشیش بریتییە لە شێوازی گرێچنی گونجاو و رێك لەگەڵ بابەت و بیرۆکەکە و کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە. واتە چیرۆکنووسەکە کەش و هەوای چیرۆك دروست دەکات و هەست و سۆزەکان نیشان دەدات.***"[٦٣] ، کەواتە چیرۆکنووس لە رێگەی ئەو شێوازەی هەیەتی، بیرۆکەکەی و وێنەکردنی کارەکتەر و رووداوەکان دەردەخا. لەمەشدا دەبێ چیرۆکنووسی منداڵان گشت شارەزایی خۆی بەکار بێنێ، تا ئەوەی پێشکەشیان دەکات گونجاو بێت لەگەڵ فەرهەنگی زمانەوانییان و قۆناغی تەمەنیان، چونکە منداڵ ناتوانێ لە مانای هەندێ وشە تێبگات ئەگەر لە ئاستی تێگەیشتنی ئەودا نەبێ، بۆیە کە بێت، واتە دەبێ چیرۆکنووس پێش ئەوەی دەست بداتە نووسین پرسیار لە خۆی بکات، ئاخۆ بۆ کێ دەنووسێ؟ ئەوانەی بۆیان دەنووسێ تەمەنیان چەندە؟ تاوەکو ئاگاداری ئەو تایبەتمەندی و خاسیەتانە بێت کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی منداڵ هەیەتی. ئەگینا ئەو هەرگیز

---

[٦٣] على الحديدي، الادب و بناء الانسان، ص١٢٤.

ناتوانێ بابەت و کارەکتەر و زمان و شێوازێکی گونجاو بەکار بهێنێت تا منداڵەکە بتوانێ سوودی لێ وەربگرێت.

ئەو شێوازەی لە چیرۆکەکان بە کار دەهێنرێت بە باشترین هۆکار دادەنرێت کە لە رێگایانەوە ناوەرۆکی جۆراو جۆر پێشکەش بە منداڵان دەکرێت. بۆیە پێویستە لەسەر چیرۆکنووس لە پێش هەموو شتێك هەوڵی ئەوە بدات ئەو وشەو گوتانە بە کار بێنێت کە سادە و ساکارن و منداڵ لێیان تێ دەگات، واتە بەکارهێنانی وشە بەرجەستەکان زیاتر لە وشە ڕووتەکان. مەبەستمان لە وشە بەرجەستەکان ئەو وشەو دەستەواژانەن کە منداڵ لە رێگەی یەکێك لە هەستەکانیەوە (بینین، بیستن، جوولّە، دەستلێدان، بۆنکردن) دەتوانێ ڕاڤەیان بۆ بکات چونکە منداڵان زیاتر لە رێگەی هەستەکانیانەوە دەتوانن جیهانی دەوروبەری خۆیان بناسن، لەوەی لە رێگەی وشەکانەوە بیناسن.[٦٤]

ئەوەی بۆ منداڵ دەنووسێت، دەبێت ڕەچاوی کورتی وشەکان بکات و هەوڵ بدات پیتە ئاسانەکان زیاتر بە کار بهێنێت واتە ئەو پیتانەی کە زۆر بەکار هاتوون و ئاسان دەنووسرێن و، نزیك بن لە تێگەیشتنی منداڵ، سەبارەت بە دەستەواژەکانیش دەبێت بە شێوەیەك هەڵبژێردرێن کەوا ئەو منداڵەی گوێی لێیەتی، یاخود ئەوەی سەرەتایە لە خوێندنەوەدا لە ناوەڕۆکەکەی تێبگات و لە ئاستی وان بەرزتر نەبێت، بۆ نموونە دەستەواژەیەکی وەك (بە دوای کلاوی بابردوو کەوتبوو)، یان هاوشێوەی ئەمانە بۆ منداڵان بە کار نەهێنێت، چونکە ئەم جۆرە دەستەواژانە سەر لە

---

[٦٤] يعقوب الشارونى، الفروق الاساسية بين كتب الاطفال..، ص٢١٨.

منداڵ دەشێوێنن و منداڵ تووشی بێزاری دەکەن. کەواتە نابێ چیرۆکنووسن وشە و دەستەواژەیەک یاخود باشتر وایە بڵێین زمانێک بەکاربێنێت کە شێوازی ڕەوانبێژی پێوە دیار بێت. هەروەها چیرۆکنووس هەوڵبدات هەندێ جار زاراوە و دەستەواژەی نوێ دووبارە بکاتەوە، چونکە دووبارە کردنەوە لە چیرۆکی منداڵاندا کاریگەری زیاتر دەبێت و ماناکەشی زیاتر ڕوون دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە درەنگ تێ دەگەن.

کەواتە چیرۆکنووسی منداڵان دەبێت ئاگاداری دەوروبەری منداڵان بێت و ئەو شتانەی کە بۆی دەنووسێت لەگەڵ ژینگە و جیهانی منداڵاندا بگونجێت و، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە فەرهەنگی زمانەوانی ئەوان دەربچێت، بەڵکو زمانێک بەکار بێنێت نزیک بێت لەو زمانەی کە ڕۆژانە منداڵەکە بە کاری دێنێت، لێرەدا نالێین زمانی چیرۆکەکە کتومت زمانی منداڵەکە بێت چونکە ئەگەر وابێت منداڵەکە فەرهەنگی زمانەوانی بەرفراوان نابێت و، هیچ پەرسەندنێک لە زمانەکەی ڕوو نادات و سوود لە زمانی چیرۆک وەرناگرێ.

شێوازی نووسین لە چیرۆکی منداڵاندا، هەروەک نووسەر (نجیب احمد) بۆی دەچێت، دەبێ ڕوونی و جوانی و هێزی تێدا بێت، بەم شێوەی خوارەوە:

١- ڕوونی مانا: واتە لە توانای منداڵدا هەبێت، لە زاراوەو دەستەواژەو بیرۆکەکان تێ بگات. واتە نابێت وشەی نەبیستراو و جووت واتا بە کاربێت، هەروەها نابێ ڕستەی درێژ و پەند ناواخنەکراو و تێهەڵکێشراوی تیا ئاخێنرابێ، ئەمەش بەرجەستە دەبێت گەر وشەکان سانا و ڕوون بن و دوورین لە جواننناسی و ڕەوانبێژی.

٢- هێزی شێواز: ئەمە خۆی دەنوێنێ لە وشیار کردنەوەی هەستەکانی منداڵ و وروژاندن و سەرنج راکێشانیان، تاوەکو لەگەڵ چیرۆکەکەدا تێکەڵ بن و کاری تێبکەن، لە رێگەی گواستنەوەی هەڵچوونەکانی نووسەر لە میانەی کارەکەی و دروستکردنی وێنە هەستی و زەینییەکان (الصور الحسية والذهنية).

٣- جوانی شێواز: واتە نووسینی رستە و دەستەواژەکانە بە ریتمێکی گونجاو لەگەڵ دەنگ و مۆسیقادا.

ئەنجام

أ - سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە کۆنەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێ، لەلای کوردو هەموو میللەتانی جیهان لەسەر بناغەی ئەفسانەو ئەدەبی میللی بنیات نراوە، واتا نووسەرانی ئەم بوارە بەرهەمە ئەفسانەیی و میللیەکانییان کردووە بە هەوێنێك بۆ دارشتن و سازدانی ئەو ئەدەبەی کە ناوی لێنراوە ئەدەبی منداڵان. گرنگترین ئەو پاشماوە ئەدەبییە میللیی و ئەفسانەییانەش کەوا نووسەرە یەکەمینەکانی ئەدەبی منداڵان لە زۆربەی ولاتانی جیهان سوودیان لێ وەرگرتبێ، بریتین لە هەقایەتەکانی بانجاتنترا، کۆمەڵە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (ئیسۆپ)، هەقایەتەکانی (کەلیلە و دیمنە)، چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە...تد.

ب - زۆربەی ئەو نووسەرو رووناکبیرانەی، کە لە بواری ئەدەبی منداڵانی کوردیدا کاریان کردووە، سالانی حەفتاکان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵانی کورد دادەنێن، بە تایبەتی دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چاپەمەنی

منداڵان به شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە زیادبوون کرد و زیاتریش بایەخی پێدرا، ژمارەیەکی زۆریش لە کتێب و نامیلکەی کۆچیرۆکی تایبەت بە منداڵان لەو ساڵانەو ساڵانی هەشتاکان بە چاپ گەیەنران و هاتنە مەیدان.

پ - چیرۆکی منداڵان لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، چ لە رووی ناوەرۆك یان فۆرم دا، ژمارەی نووسەرانی چیرۆکی منداڵان رووییان لە زیادبوون کرد، ژمارەی ئەو گۆڤارانەی بۆ منداڵان دەردەچوون رۆژ بە رۆژ بەرەو زیادبوون دەچن، ئارەزوومەندییەکی فراوانیش سازبووە لەلایەن کەسانی ئەکادیمی بۆ نووسین و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە.

ت - ئەدەب و چیرۆکی منداڵان لە دوای راپەڕین تا رادەیەك دوو ئامانج لە خۆ دەگرێت ئەوانیش، یەکەمیان بۆ کات بەسەربردن و خۆش گوزەرانی و بەخشینی چێژێکی ئەدەبییە بە منداڵان. دووەمیشیان پەروەردە کردن و رۆشنبیرکردنی منداڵانە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا و، هەوڵدانە بۆ دروست کردنی مرۆڤێکی خاوەن کەسێتی بەرز لە دواڕۆژدا بۆ نەتەوەکەی.

ح - نووسەرانی چیرۆکی منداڵان لە دوای راپەڕین تا رادەیەکی باش توانیویانە مامەڵە لەگەڵ رەگەز و بنەما گرنگەکانی چیرۆکی منداڵان لە (رووداو، کەسایەتی، گرێچن، ژینگە، ژینگەی کات و شوێن...تد) بکەن و، لە نێو بەرهەمەکانیاندا بەرجەستەیان بکەن. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆر لە کتێب و نامیلکە چیرۆك ئامێزەکان رەگەزە تەکنیکییەکانی وەك رەنگ، وێنە و نیگار، شێوەی بەرگی دەرەوەو ناوەرۆکی کتێبەکان، جۆری فۆنت...تد) یان تیادا بەکارهاتووە.

خ ـ له رووی لایەنی سایکۆلۆژیای منداڵ، لەبەر کەم شارەزا بوونی چیرۆك نووسانمان لەم بوارەدا، ژمارەیەکی کەمیان لێ دەرچێت ئەگینا نەیان توانیوە چیرۆکەکان بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان جیا بکەنەوە ئەوەیش کەلەم بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە هەوڵی داوە لە رێگەی بەرهەمەکانی لە منداڵەوە بۆ منداڵ سوود وەربگرێ، کە ئەمەش یەکێکە لەو سیما گرنگانەی کە چیرۆکی منداڵان لەدوای راپەڕین بەخۆیەوە بینی. چونکە لە رێگەی ئەو بەرهەمانەی کەوا منداڵان دەینووسن، چیرۆك نووسان دەتوانن شارەزایی لە ناخ و دەروونی منداڵان پەیدا بکەن.

ج ـ لە رووی ناوەرۆکەوە چیرۆکی منداڵان چەند جۆرێکن بەڵام چیرۆکنووسان تا ئێستاش نەیان توانیوە بەرهەمەکانیان بخەنە ناو خانەی جۆرەکانی چیرۆك بەپێی ناوەرۆکەکانیان و ئەو قۆناغەی کەوا بۆی دەنووسن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران، دەتوانین بڵێین بە بەراورد لەگەڵ سااڵنی بەر لە راپەڕین چیرۆکی منداڵان پێشڤەچوونێکی دیاری بەخۆوە بینی، بەڵام هێشتاش نەیتوانیوە بگاتە ئاستی چیرۆك و ئەدەبیاتی منداڵانی جیهان یاخود وڵاتە پێشکەتووەکان لەم بوارەدا. بۆیە چیرۆکنووسانمان هێشتا پێویستییان بە هەوڵ و تەقەڵای زیاتر هەیە.

سەرچاوەکان

یەکەم: (بەکوردی)

١– اسماعیل رسول، چەند باسێك دەربارەی ئەدەب و رەخنەی ئـەدەبی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨١.

٢– ئیبراهیم یونسی، گولّبـژێرێك لـە هونـەری چـیرۆك نووسـین، و. نەبـەز جەهانگیر پور، چاپی یەکەم، چاپەمەنی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥ .

٣– بەهار رەشید، چیرۆك بۆ منداڵان (خـاوێنی)، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ .

٤– پەرێز صابر محمد، بینای هونەری چیرۆکی کوردی – لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهـانی، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سەلاحەدین، ١٩٩٢ ز.

٥– جـەلال سـنجاوی، چـۆن حەکایـەت بـۆ منداڵەکـەت دەگێڕیتـەوە، رۆژنامەی (یەکبوون)، ژمارە(٨)، ٢٥ی نیسانی ١٩٩٩.

٦– جۆن ئەیکن، چـۆن بـۆ منـدالّ دەنووسـی، و. کـەمال غـەمبار، چـاپی یەکـەم، لـەزنجیرە بلاّوکراوەکـانی گۆڤـاری ئاسـۆی پـەروەردەیی، هـەولێر، ٢٠٠٤.

٧– حەمەسـەعید حەسـەن، هـزرو شـێواز لـە چـیرۆکی کوردیـدا، چـاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ .

٨– حەمـە سـەعید حەسـەن، قارەمـان و رووداو لـە چـیرۆکی کوردیـدا، گۆڤاری (شین)، ژمارە (١٠)، ٢٠٠٥.

٩- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد - لێکۆڵینەوە .. مێژووی سەرهەڵدانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ .

١٠- حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٢.

١١- حسین عارف، ناوی کەسانی چیرۆکمان چۆن هەڵدەبژێرین، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە(٣)، ١٩٧٠.

١٢- رۆستەم باجەلان، کە منداڵ هەوڵ دەدات بەرهەمی ئەدەبی بنووسێت، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژمارە(٤)، خولی دوای راپەڕین ١٩٩٨.

١٣- زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردیی- شێوە و شێواز، بونیادی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧.

١٤- د. زاهیر لەتیف کەریم و د. فازل مجید محمود، قایلکاری لە چیرۆکی منداڵاندا، گۆڤاری (زانکۆی سلێمانی)، ژمارە (١٤)، ٢٠٠٤، بەشی B .

١٥- سابیر رەشید، چیرۆکی کوردی رەخنە و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ .

١٦- سازان جەلال، ژیکەڵە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارات، تاران.

١٧- سەلام مەنمی، چیرۆکی (دار کونکەرە)، گوڵزارا چیرۆکان، لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ئامادەی کردووە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ .

١٨- سیامەند هادی، دوو چیرۆکنووس لە بەردەم پێنج پرسیاردا، گۆڤاری (ئایندە)، ژمارە (٤٩)، ٢٠٠٣.

١٩– شاخەوان علی محمد، ورچ و شێر و مام رێوی، کۆمەڵە چیرۆکی منداڵانە، رۆستەم باجەلآن پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٢ .

٢٠– عەلی حەمە رەشید بەرزنجی، دیاری و سەردان (دە چیرۆك بۆ منداڵان) چاپی یەکەم، چاپخانەی ئوفسیتی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٤ .

٢١– عەزیز ئالانی، مەدالیا، (٧ کورتە چیرۆکی فێرکاری بۆ منداڵان) چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٢٢– لین ئۆانبیرند– لیزی لویس، کورتەیەك لەبارەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، و. سەلآح عومەر، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢٣– مەرسوم گەشبین، سەگی پیاوانی ئەشکەوت، (زنجیرە چیرۆکی گیانلەبەران لە قورئانی پیرۆزدا بۆ منداڵان)، چاپی یەکەم، بلاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٤– مەغدید رواندوزی، ئەفسانەی شێتۆکە و ئاقلۆکە بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨ .

٢٥– محمد رشید فتاح، ئەدەبی منداڵ ن، ونموونە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منداڵان، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٤ .

٢٦– موئەیەد تەیب، کێز خاتون، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، دهۆك، ٢٠٠٤.

٢٧– نزار حمد حنا، منداڵ و خەیاڵ، رۆژنامەی (رێگای کوردستان)، ژمارە (٢٦٧)، ١٩٩٧/٩/١٠.

٢٨– نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چاپی دووەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٦ .

٢٩– ؟، هونەری کورتە چیرۆك نووسین، کازم سەعدەددین کردوویەتی بە عەرەبی، مستەفا صالح کەریم کردوویەتی بە کوردی، مطبعة دار الرسالة، بغداد، ١٩٨٥ .

دووەم: (بە عەرەبی)

- **کتێب:**

٣٠– احمد نجيب، فن الكتابة للاطفال، دار الكتب، القاهرة، ١٩٦٨.

٣١ـ جون أيكن، كيف تكتب للأطفال، ترجمة : كاظم سعدالدين، الطبعة الأولى، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٨.

٣٢– د.حسن شحاته، أدب الطفل العربية ـ دراسات وبحوث، الطبعة الثالثة، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٤.

٣٣– د.رشاد رشدى، فن القصة القصيرة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٠ .

٣٤ـ د. سمير عبدالوهاب احمد، قصص وحكايات الأطفال وتطبيقاتها العلمية، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان، ٢٠٠٤.

٣٥– د.عبدالفتاح ابو المعال، ادب الاطفال دراسة وتطبيق، الطبعة العربية الثانية، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٠.

٣٦– د. عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للأدب، الطبعة الرابعة، مكتبة غريب للنشر، ؟

٣٧– د. على الحديدى، الادب وبناء الانسان، مطبعة دار الكتب، بيروت – لبنان، ١٩٧٣ .

٣٨ – د. على الحديدى، في ادب الاطفال، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٢.

٣٩– فهـيم مصـطفى، الطفـل والقـراءة، الطبعـة الثانيـة، دار المصـرية اللبنانية، القاهرة، ١٩٩٨.

٤٠– محمد بن السيبد فراج، الاطفال وقراءاتهم، شـركة الربيعـان، الكويـت، ١٩٧٩.

٤١– محمـد محمـود رضـوان وآخـرون، أدب الاطفـال مبـادؤه و مقوماتـه الاساسية، القاهرة، ١٩٨٢.

٤٢ – محمد عبد الرزاق ابراهيم ويح وآخرون، ثقافة الطفل، دار الفكر للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٤ .

٤٣– مصطفى بدران وآخرون، الوسائل التعليمية، مطبعة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٥٩.

٤٤– د.نجيـب الكيلانـى، ادب الاطفـال في ضـوء الاسـلام، الطبعـة الرابعـة، مؤسسة الرسالة، بيروت ١٩٩٨ .

٤٥– د. هادى نعمان الهيتي، ادب الاطفال، فلسفته، فنونـه، وسـائطه، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

٤٦– يعقوب الشارونى، الفـروق الاساسـية بـين كتـب الاطفـال الموجهـة الى مختلف الاعمار، القاهرة، ١٩٨٦.

ب– گۆڤارو رۆژنامه:

٤٧– شجاع العانى، قصص الاطفال، مجلة الاقلام، عدد ٣، السنة الخامسـة عشرة، كانون الاول ١٩٧٩.

ملخص البحث

مفهوم وعناصر قصص الاطفال في الأدب الكردي

(١٩٩١- ٢٠٠٥)

د. هيمداد حسين بكر

رازاو رشيد صبرى

تحتوي هذه الدراسة الموسومة (مفهوم وعناصر قصص الاطفال في الادب الكوردي ١٩٩١– ٢٠٠٥) على دراسة القصص المتعلقة بالاطفال في تلك الفترة المذكورة، من النواحي الادبية والفنية، على ضوء المنهج النقدي والنظري والتطبيقي.

ويتكون الهيكل العام للدراسة من: مقدمة، ومفهوم وعناصر قصص الاطفال وخاتمة، وبالشكل التالي:

المقدمة: وهي تعبير واشارة الى عنوان البحث، وسبب اختياره وذكر العقبات التي اعترضت طريق الباحثين في اثناء اعداد بحثهما، وفيها ايضا ذكر مختصر لمحتوى البحث.

وذكرت في الدراسة : مصطلح وعناصر عن قصص الاطفال، مع التطرق الى بعض النماذج التطبيقية من تلك القصص في الادب الكردي بعد انتفاضة (١٩٩١–٢٠٠٥) حسب ما يجب توفيره من مقومات القصة في قصص الاطفال.

ولخصت في الخاتمة اهم النتائج التي توصل اليها البحث.

Abstract

The section focuses on the terms and the elements of children story

This Study, titling “The section focuses on the terms and the elements of children story.” is a study on the literary, technical and psychological aspects of children artistic story during the specific period. This project is conducted under the light of critical, theoretical and practical methods. The general scale of the paper consists of an introduction, , and a conclusion.

The introduction explains the title of the paper and the reasons for choosing the subject. It also refers to the challenges and obstacles that the researcher has faced during the course of the research. The introduction also explains in short the chapters that make the main body of the paper.

The section focuses on the terms and the elements of children story. There are a number of examples from the Kurdish stories written during 1991-2005. These stories are considered according to the main elements that are necessary to be present in any children story.

The last chapter mainly covers the most important conclusions that the research has reached.

به ناوی خوای گەورە

زاراوەسازی و زانستاندنی زمانی کوردی

جەمال عەبدول

گوزەر و سەرەتایەك..!

ئاشکرایە، زمان، شتێکی تایبەتیی تاکەکەسێك نییە، بەڵکو ملکێکی گشتیی هەمووانە و ناوەندی پێککەیشتنی گیان و لەش، تاك و کۆمەڵ، نەتەوە و مێژوو، کەسێتی و سەروەریەتییە و، هەر بە هۆی زمانەوە سروشتی تایبەتیی رەفتاری تاکەکەسیش لە رووی رەوشتەوە دیاری دەکرێت و نەتەوە دەتوانێ پێناسی خۆی دیاری بکات و مافی بەهی خۆزانین و بەکارهێنانی خاك و ژیاری و فەرهەنگ و پیتی پێ دەبەخشێت و، نەتەوەی بێ زمان، نەتەوەیەکی بێ ئازادی و بێ کولتوور و بێ رابوردوو و بێ داهاتوویشە..!

کەواتە (کوردانەن)، جەختی ئەم گرنگی و بایەخەی زمانە لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا و، کارێکی ژیارییە کە بنەماکانی کەسێتیی نەتەوەی پێ تەواو دەبێت و بەڵگەی هۆشیاریی رۆڵەکانی و تێگەیشتنی راستییە و هۆیەکە بۆ گۆڕینی هزر و بیرکردنەوە و داهێنانی شێوازی نوێی ئاخاوتن و سەرنجێکی نوێی مرۆڤ و سروشتە و، هەرچەندێك شێوازی زانستیی لە زمانەکەماندا بەکار بهێنین و بیخەینە ناو کۆمەڵەکەمانەوە، زۆرتر کار دەکەینە بیرکردنەوە و هۆشیاریی خەڵکی و بەرەو هەست بە ڕاستی کردنێکی زانستییانەی دەبەین..!

دیارە، دانانی فەرهەنگی زانستیی یەکگرتوو و فراوان، یان تایبەتمەندی رێکوپێك، کە شان بە شانی گەشە و پێشکەوتنی زانست و تەکنۆسازی بڕوات، پێویستی بە دەزگا و دامەزراوی تایبەتمەند و خۆتەرخانکردوو و بە دەسەڵات هەیە و هەموو هەوڵێکی تایبەتی و تاکەکەسی لەو بوارەدا، هەرچەندێك ورد و دڵسۆزانە بێت و خاوەنەکەی زانا و زمانزان و بە سەلیقە و هۆشیار بێ و ئەزموونی دوور و درێژی هەبێ، هێشتا بەرهەمەکەی هەر ناتەواو دەبێت و ناتوانێ زانستەزاراوەی ورد و دروست و بۆ بڵاوبوونەوە و چەسپین شیاو لە هەموو بوارێکدا ئامادە بکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ئەم هەوڵ و کۆششە تایبەتانە، گرنگ و بایەخدارن و سەرچاوەیەکن، دەزگا و کۆڕە زانیاری و رووناکبیرییەکان ناتوانن فەرامۆشیان بکەن و دەستبەرداریان بن لە لێکۆڵینەوە و تەتەڵە کردن و تاووتوێ و لێ هەڵبژاردنی باش و گونجاوترین زانستە زاراوەدا.

بەو پێیە، بایەخدان بە کوردانەدنی زاراوە زانستییەکان، بە تایبەتی لە بارودۆخی ئێمەی کوردی بێ قەوارە و لە کاروانی پێشکەوتن و مرۆڤایەتی جێماودا، بۆ گواستنەوەی گەورەترین بڕ، کەلەپووری زانستیی جیهانی، وەك هەنگاوی یەکەم و ئینجا لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لەسەرکردن و رەخنەلێگرتن و دوای ئەوەیش دانانی بنەما زانستییەکان و داڕشتنی لەسەر زەمینەیەکی تۆکمە و پتەو، وەك بەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەیش، پێویستیمان بە دروستکردن و دانان و داڕشتن و داتاشین و خواستن و لێ وەرگرتنی ئەو زانستە زاراوانە هەیە، بۆ ئەوەی زانایان بتوانن ئەو راستی و دەستکەوتە زانستییانەیان پێ دەربڕن، کە خۆیان لە کاتی تۆژینەوە و پەیجۆرکردنیاندا تووشیان دەبن و دەستیان دەکەوێت و بە زمانێکی کوردیی رەوان بیخەنە

بەرچاوی خوێنەر و، زاراوە بنەچە بیانییەکان، وەك خۆیان بهێڵنەوە و کوردییە رەسەنەکانیش، رەوتی خۆیان دەگرن بۆ ناو گەلان و مرۆڤایەتی.

جا، لەبەر ئەوەی تا ئێستا، ئێمەی کورد، سەرچاوەی کوردیی تایبەتمەندی وامان نییە کە رێنما و کارساز بێ بۆ ئامادەکردنی زانستە زاراوەی کوردی جگە لە دوو کتێبە تایبەتمەندە بە نرخەکەی (زاراوەی کوردی)ی و (زاراوەسازیی پێوانە)ی مامۆستایان کامیل بەسیر و مەسعود محەممەد و ئەو کتێب و نووسینانەی ئەو بەڕێزانە بە گشتی باسی زاراوەسازیی کوردی دەکەن، کە بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە، زۆر سوودم لێ وەرگرتوون و من خۆم بۆ ئامادە و سازکردن و داڕشتن و مشتوماڵ کردنی زانستە زاراوە، زۆر گەڕاوم و ماندوو بووم و تووشی جۆرەها دەردیسەری بووم و کاتێکی زۆرم بەفیڕۆ چووە لەو پێناوەدا، بیرم لەوە کردەوە کە، بۆ ئەوەی کەسی تر بەو دەردەی من نەچێت و بنەمایەك هەبێ لەو بوارەدا سوودی لێ وەربگرێت و هانی خەڵکی تریش بدات (بە تایبەتی زاناو زمانەوان و کوردیزان و زاراوەسازەکان)، کە بەم نووسینەدا بچنەوە و هەوڵ بدەن بەرهەمی فراوانتر و رێکوپێکتری تایبەتمەند لەم بوارە سەخت و پڕ وردەکارییەدا دابنێن، بڕیارم دا، شتێك لەو بارەیەوە ئامادە بکەم و نووسینێکی فراوانی لێ کەوتەوە کە ئەمە بەشێکێتی، بە هیوام زانا و زمانەوان و پسپۆڕەکان، بە هی خۆیانی بزانن و بە چاوی هەتەری و لێکۆڵینەوەوە، بیخوێننەوە و لە رێنمایی و سەرنج و بۆچوونی زانستییانەیان بێ بەشی نەکەن، بۆ سوود لێ وەرگرتنی، لە تەواو کردن و فراوان کردنیدا.

گوتەیەك دەربارەی دانانی زانستە زاراوە و گەشەی زمان...!

لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتا و دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، لەو کاتەوە کە دەست کرا بەوەرگێڕانی کتێبەکانی خوێندن بۆ کوردی، لە قۆناغە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکانی باشووری کوردستاندا، بەهەموو کەموکووڕی و ناتەواوی و کەلێنەکانیشیەوە، جۆرە باوەڕێکی بەزمانی کوردی هێنایە دی و ئەو ژانە گرانەی تێپەڕاند کە ناحەزان و نەزانان ئەیانوت، زمانی کوردی زانستی پێ نانووسرێت و سەرکەوتنی بزاڤی کوردانەنی کتێبەکانی خوێندن، دڵی دڵسۆزانی ئاسوودە کرد و تۆوی کوردانەنی خوێندنی قۆناغەکانی دوای ئەوانیشی لە ناخ و دڵی خەمخۆراندا چاند و بووە هیوا و ئامانجێك...!

دواتریش هەوڵەکانی کۆڕی زانیاریی کورد بۆ کۆکردنەوەو داڕشتن و سازکردنی زاراوەی ئەدەبی و زانستیی هەمەجۆر لە هەموو بوارەکانی فەرهەنگدا، کارێکی باشیان هەبوو لە چەسپاندنی ئەو باوەڕو متمانەیەدا بەزمانی کوردی و دەرچوونی گۆڤاری کۆڕ و، ئەو هەموو هەوڵ و تۆژینەوەو باسە هەمە بابەت و شێوازانەی کوردانەنی کتێبەکانی خوێندن و هەوڵە تاکەکەسییەکان، بوونە هۆی کەڵەکەکردنی نەك هەر خەرمانێك و سەدان، بەڵکو هەزارەها زاراوەی زانستی لە هەموو بوارەکانی پەروەردەو فێرکردن و رووناکبیریدا.

لە راستیدا، ئەو سی و پێنج ساڵەی دوای حەفتا، چەندین لیست و فەرهەنگی هەمەجۆر و بابەتی یەکزمانەو دوانی و سیانیی گشتی و تایبەتمەند رێك خران، کە زۆربەی بەکۆشش و کردە و ماندووبوونی دڵسۆزانەی تاکەکەسی و چەند کەسی سازکراون.

ئایندەی زانستە زاراوەسازیی کوردی و زانستیمان تا رادەیەکی زۆر بەستراوە بەکوردانەنی خوێندنەوە نەك هەر لە قوتابخانە دواناوەندییەکاندا، بەڵکو لە زانکۆکانیشدا، وەك دەستمان پێ کردووە. ئەمڕۆ لە سبەی باشترە. شیاو نییە، بچینە بوارەکانی زانستی نوێوەو، بەهرە لە دەستکەوتەکانی وەربگرین و زمانەکەمان، لە کەشی زانست و داینەمیکێتی داهێنان و هەڵقوڵینی نامۆ بێت و، کاتی ئەوە هاتووە زمانی زانستی کوردی، ببێتە بەشێکی ژیانی رۆژانەمان، لە قوتابخانەو ماڵ و کێڵگەو شوێنکار و زاراوە زانستی و شارستانییەکان بەزمانی کوردی ببنە بەشێکی زیندووی کولتووری پیشەگەر و قوتابی و مامۆستا و رۆژنامەنووس و ئەدیب و پسپۆڕە هونەرییەکان.

ئەو کاتە بەسەرچوو کە داڕشتن و سازکردنی زاراوە زانستی و هونەرییەکان، هەر بەرپرسیی کۆڕو دامەزراوە زمانییەکان بێت. رۆژانە، لێشاوێك واژەو ناو دامان دەپۆشێت، بۆ تازەگەریی شارستانی و دۆزراوەکانی زانست لە تاقیگە و کارگە کیمیایی و فیزیایی و پیشەسازی و ئاسمانی و شتەکانی تریشدا، تەنانەت یەکێك لە تاقیگەکانی وڵاتێکی پێشکەوتوو، ژمارەی ئەو واژە نوێیانەی کە زاناکان دایان دەهێنن، وا دیاری کرد کە لەنێوان ١٥—٥٠ واژەدایە لە رۆژێکدا، بۆیە ماقوولّ نییە، کار وا بڕوا و ئەو زاراوانە چاوەڕوانی کۆبوونەوەی لیژنە و کۆڕە تایبەتییەکان و مشتومڕ و بڕیارەکانیان بین. هەر دەبێ بواری داهێنانی رێکوپێك و بەدواداچووی رەوتی زانست و تاکەکەس بدرێ، بەرابەریی دامەزراوە زانستی و کۆڕە زمانەوانییەکان. هەر کاتێك گەیشتینە ئەو ئاستەی مامۆستا و دەرزوتنەوە بەزمانی ئینگلیزی بەتۆژینەوەیەکی زانستیدا بچێتەوەو رۆژی دواتر

بەزمانێکی پاراوی کوردی بۆ قوتابییەکانی باس بکات، واتە زمانی کوردی بکاتە هاوشان و هاودەمی زانست، نەك هەر لە دووڕەوە چاودێریی بکات.

مێژووی دانانی زانستە زاراوە لە سەردەمی ڕاپەڕینی نوێدا، گەواهی ئەو دەورە گرنگەیە کە وەرگێڕو کوردیکەرە ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و فەرهەنگنووسەکان دیویانە لەو بوارەدا و، باشترین شت کە کۆڕە زانیاری و دامەزراوە زمانییەکان بیکەن، ئەوەیە کە ئەو بنەما و یاسایانە دابنێن، کە ڕێنمایی زاراوە دارشتن و بە کوردیکەر و تۆژینەوە دەربارەی بنەماکانی وەرگێڕان و هاندانی جێبەجێکردنی ئەو تۆژینەوانە و هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوەیان دەکەن.

زمانی تورکی و فارسی و عیبری و عەرەبی و هی تریش، لە بواری زانستەکانی سەردەمدا مەودایەکی باشیان بڕیوەو، هەموو لقەکانی زانستی نوێیان پێ دەوترێتەوە، وەك پزیشکی و ئەندازیاری و ئەلەکترۆنزانی و هیی تریش و بوونەتە زمانی کۆنگرە زانستییەکان (لە کیمیا و فیزیا و گەردیلە زانیدا)، کە لەو وڵاتانەدا، ساز دەکرێن کە بەو زمانە دەدوێن. ئەو بوارەیشیان بەوە بۆ ڕەخساوە کە هەزاران زاراوەی تەکنۆلۆجی و زانستیی مۆرك جیهانییان هەیە. لەم ڕووەوە، ئەگەر وڵاتە عەرەبییە لە چاو خۆدا پێشکەوتووەکان بکەین بەنموونە و ڕێنما و سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین، دەبینین، خۆبەستنەوە بەعەرەبی وەرگێڕانی واژە و ناوەکان، لەلایەکەوە ئەنجامی خراپ و لەلایەکی تریشەوە هی باشی هەیە، ئەنجامە خراپە سەرەکییەکەی گۆڕدرانی خوێندنی بالا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا و (خوێندنی ئامادەیی لە هەندێکیاندا) بۆ وتنەوەی بابەتە زانستی و بیرکارییەکان بوو بەزمانی بیانی، کە تا ئێستاش لە زۆر وڵاتی عەرەبیدا بەدەستیەوە ئەنالێنن و هەرچییەك بوترێ بۆ پاساوی وتنەوەی زانست

بـەزمانی بیـانی، نـاتوانرێ نکـوولّی لـەو راسـتییە بنچـینەییە بکرێـت، کـە تێگەیشتن و تێدا قاڵبوونی ئەو زانستانە، لـەروی پەروەردەییـەوە، بـەهۆی زمـانی نەتەوەییـەوە نـەبێ دەسـتەبەر ناکرێـت. بـەڵام ئـەم پابەندییـە، سوودیشی هەبوو لە دامەزراندنی ئەو دەزگا و کۆڕە زمانەوانییانەدا کە هەوڵی بە بەرهەم و باشیان داوە بۆ سـوود وەرگـرتن لـە بـواری گونجانـدنی زمـان و گونجۆکیی بابەتەکانی پێوانەو وەرگرتن و لێ خواستنیان و بەوەیش سامان و کولتوورێـك زاراوەی زانسـتیمان دەسـت کـەوت، کـە دەتـوانین پشـتیان پـێ ببەستین و کارێکی وا بکەین زمانی نەتەوەییمان شان بەشانی دۆزینـەوەکانی زانست و لەگەڵ دەستکەوتەکانی شارستانیی نوێدا، دەربەرێت.

ئـەو خەرمانـە مەزنـە زاراوە زانسـتییانەی کـە رۆژانـە هەڵـدەتۆقن، وا لـە وەرگێڕانی پەتی دەکات کارێکی ناکردەیی بێت و رێسای لـۆژیکیی وەرگێـڕان و کوردانـدن ئەوەیە، کـە ئـەوەی رەسـەنە لـە زمـانی وەرگێـڕدراودا، پەرجەـە دەکرێت، بەڵام واژە ناو جیهانییەکان کـە لـە یۆنـانی یـان لاتینـی وەرگـیراون (وەك تەلەفۆن و تەلسکۆپ و مایکرۆفۆن و مایکرۆسکۆپ و تەلـەفزیۆن)، یـان ئەوانەی بۆ بیرنەچوونەوەو نـەمریی زانـا و داهێنـەران دانـراون (وەك ڤۆڵـت و ئۆم و کوری و ئەمپێر و وات)، یان ئەوانەی لە تیپی ئاشنا و نێودەوڵەتی پێك هـاتوون (وەك رادار و رادپـاك و لـەیزەر و مـەیزەر و ناپـاڵم) وەك خۆیـان دەکوردێنرێن.

بـۆ ئـەوەی زمانەکـەمان بتوانـێ بەشـێوەیەکی راسـت نـاونراوە کوردێنراوەکان دەربېڕێت، پێویسـتە ئاسـانکاری لـە زمـانی زاراوە زانسـتی و تەکنۆلۆجییەکاندا بکەین. لەم بارانەوە:

١- ئەشێ بە نەبزێو دەست پێ بکەین، بۆ ئەوەی ناونراوەکان وەک ئەوەی خەڵک لە زۆربەی ولاتانی دنیادا، گوزارشتی لێ دەکەن، بیکەین و بڵێین: "کلۆرات و کڕۆم و گرافیت و پڕۆتۆن و بڕاون و شمیث و سپێکترۆسکۆپ".

٢- پێویستە، ئاسانکاری لە کێشەی پێکەوە دانانی دوو نەبزێو یان زۆرتردار بکەین، بۆ نموونە دەڵێین: "مۆرس و بۆیل و شارڵ و پاوەند و رۆنتگن و کیگستۆن و پاینت".

٣- وەکو خۆ هێشتنەوەو خستنەسەری ئەو تیپانەی لە کوردیدا نین، بەتایبەتی (ث، ذ)، بۆ ئەوەی زمانەکەمان بتوانێ واژە بیانییەکان بەشێوەیەکی پەسەند گوزارشت بکات، بۆ نموونە لە دەربڕینی ناوی توخم و ئاوێتە کیمیاییەکاندا، دەبێ بوترێ لیثیوم نەک لیسیۆم، میثان نەک میسان، ئەثیل نەک ئەسیل، ئیثانۆڵ نەک ئیسانۆڵ و...تاد.

بیرۆکەی دانانی یەک زاراوە بۆ یەک ناونراو، شتێکە هەموو کەس لەسەری کۆکن لە رووی بنەماوە، بەڵام زاراوە دیاریکردن کارێکی بێ بگرەو بەردە نابێ، کە دەرگای وەرگێڕان کراوە بێت، جیاوازیی بیروبۆچوون (لە سنووردێکی چاوەڕوانکراودا) هەر دەبێ و هیچ کەس و دەستەیەک (دەسەڵاتی زمانەوانیی هەرچەندێک بێت)، بەهیچ جۆرێک ناتوانێت زاراوەیەک لاببات و یەکێکی تری بخاتە شوێن، ئایندە (داوەرە) و بەکارهێنان (بێژنگ) و ئەشێ لە زاراوەیەک زۆرتر، خۆیان لەبەر ئەو لە بێژانگدنەیەدا ڕابگرن کە بەسااڵ و دوو ساڵ تەواو نابێت، بەڵکو دەیان ساڵی پێویستەو بەشێوەیەکی خۆڕەسیش روودەدات.

که وەرگێڕدراوەکان، لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە بن، لێکنەچوون شتێکی ئاسایی دەبێت و پێویستە ئەوەی (بۆ نموونە) لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕدرێت، لەگەڵ ئەوەی لە فەرەنسییەوە وەردەگێڕدرێت کۆك بێ، کاتێك زاراوەکە ڕەگێکی لاتینی یان یۆنانیی هاوبەشی تێدا نییە، بۆ نموونە، ئەوەی (Power)ی ئینگلیزی وەردەگێڕێت لە بواری میکانیکیدا بە (توانست) و (force) بە (هێز) وەردەگێڕێت، بەڵام ئەوەی لە فەرەنسییەوە وەری دەگێڕێت، ئەشێ هەردوو بیرۆکەکە بە (هێز) وەربگێڕێت چونکە وشەی (force) لەو گوزارشتە میکانیکییانەدا کە جارێك (هێز) پیشان دەدات و جارێکی تریش (توانست) و هەندێ جاریش هەردوو هاوواتا وەرگێڕدراوەکەی یەك زاراوە، وا دەردەکەون کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، لەبەر جیاوازیی ناوی زاراوەکە لەو زمانانەدا کە لێیانەوە وەردەگێڕدرێت. بۆ نموونە: لە (fan) و (alluvial)دا، زاراوەکە، بە (پەروانەی لیتەیی) وەرگێڕدراوەو لە فەرەنسییەوە. هەمان زاراوە، بەقووچەکی رژان (cone de dejection) و، لە عەرەبانەدنی (nitrogen)دا، بەئینگلیزی وتراوە نایترۆجین و بەفەرەنسی وتراوە (azote). سەرەڕای ئەمە، بابەتی یەك هاوواتا، تەنانەت لە یەك زمانیشدا لەو زمانانەی زانستیان پێ دەنووسرێتەوە، نەهاتۆتە دی، دەبینین فیزیاگەری ئەمەریکایی (electron tube) بەکاردێنێت و وەردەگێڕدرێت بە (بۆریی ئەلەکترۆنی)، کەچی فیزیاگەری ئینگلیزی دەنووسێت (electron valve) و بە (زمانەی ئەلەکترۆنی) وەردەگێڕدرێت. تەنانەت رەنگە زانایانی یەك وڵات دوو زاراوەی جیاواز بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنن، بەکارهێنانێکی ئاڵۆگۆڕ، وەك لە دوو وشەی (period) و (epoch)دا، وەرگێڕانەکانمان (بۆ دانراوەکانیان)ی ئەو

زاراوانه بەیەکێکیان دیاری ناکرێت، بۆیە جاری وا هەیە دەڵێین (سەردەم) و جاری وایش هەیە دەڵێین (چاخ).

دوور نەڕۆین، ئەگەر سەرنجی هەندێ زاراوە بدەین کە لە دوو فەرهەنگی تایبەتمەندی جوگرافیا و زەویزانیدا هەن و هەردوو فەرهەنگەکە (کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە) داینـاون، کـە (بێگومـان کـارا و شـیاوترین دامـەزراوی عەرەبـە لـە بوارەکـانی زاراوە دۆزینـەوەو گونجانـدن و گەشـەپێکردنیدا)، جیاوازییەکی ئاشکرا دەبینین لە هاوواتای عەرەبیی یەك زاراوەدا، بۆ نموونە:

هاوواتای عەرەبی لە (فەرهەنگی جوگرافیادا)	هاوواتای عەرەبی لە (فەرهەنگی زەویزانیدا)	لە زاراوەی ئینگلیزی
سحج (پاککردن)	تذرية (بەباکردن)	ablation
سحج (داتاشین)	بري (دادان)	abrasion
الصخور الغورية (قوولّە بەرد)	صخور الأعماق (ناخەبەرد)	abyssal rocks
سهل غريني (دەشتی لیتەیی)	سهل طميي (دەشتی خلّتەیی)	alluvial plain
حدبة (کووڕی)	قبو، طية محدبة	anticline
حدبة متغضنة (لۆچ)	تحدب مركب (فرەکووڕی)	anticlinorium
طبقة خازنة للماء (چینی ئاو کۆکەرە)	مستودع ماء أرضي (گەنجیناوی زەمینی)	aquifer

ئەو جیاوازییانەی لێرەدا دەیـانبینین، جـۆرێکی چـاوەڕوانکراون و رەنگـە لەم قۆناغەی ئێستادا، کـارێکی سروشـتی بـێ و ئەشـێ هاوواتاکـان یـەکتری

تەواو بکەن و یەکێکیان ئەوی تریان ڕوون بکاتەوە. ئەم جۆرە جیاوازییە، هاوواتاکە، لە سنووری واتای زانستیی خۆی دەرناکات و بەدەگمەن زمانێکی سەردەم هەبێت، ئەو جیاوازییانەی تێدا نەبێت.

ئەگەر بەوردی سەرنجی کارەکانی کۆڕە عەرەبییەکانیش بدەین، (بەتایبەتی کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە) دەبینین، نزیکەی گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە لەم قۆناغەی ئێستادا ناتوانرێت بەتەواوی یەک هاوواتا بۆ هەر زاراوەیەکی بیانیی دیاریکراو دابنرێت و بڕیاری داوە کە:

"پێویستە، لە زاراوە زانستی و هونەری و پیشەسازییەکاندا، هەر واتایەک، تەنیا ناوێکی تایبەتی هەبێت".

پاش چەند دانیشتنێك، بڕیاری بەندێکی تر دەدات کە:

"هەموو واژەیەکی باو لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، دەخرێنە پاڵ ئەوانەوە کە لیژنەی کۆڕ داینـاون"، "جیاوازییش لەنێوان ئەوەی کە پێویستەو ئەوەی ئێستا هەیەو کاری کردەیە، دیار و ئاشکرایە..".

ئینجا، هیچ ژیری نییە، لەم قۆناغەدا زاراوەیەك دابڕێژین و، خەرمانەیەکی پیرۆزیی بەدەوردا بکێشین و دووڕە ڕەخنەو گۆڕدران بێت، بەڵکو هەر دەبێت دەرگای کۆشش کراوەو ئاوەڵە بێت بۆ ئەوانەی کە پێشنیازی پەسەندتر و گونجاوتریان هەبێت، بەتایبەتی ئەو هاوواتایانەی زۆر باو نین یان زۆر وردەکار نین، یان سێبەرێکیان هەیە، کە لە دەربڕینی واتای زاراوە زانستی یان هونەرییە مەبەستەکەی دوور دەخاتەوە، وەك لەم سێ نموونە دەستەبژێرەدا دەیانبینین، لەو کۆمەڵە زاراوە زانستییانەی (کۆڕی زمانی عەرەبی لە قاهیرە) بڕیاری داون:

یەکەم: بە وشەی (aneroidograph) وتراوە (المسجل المعدني)، کە ئەگەر بوترایە (بارومتر معدني ذو مرسمة) یان (بارو متر لاسائلي مسجل) وردتر و پەسەندتر بوو، چونکە ئەشێ (المسجل المعدني)، ناوی دەیان ئامێری تر بێت.

دووەم: بە وشەی (Coaling station) وتراوە (محطة التموين)، کە لە راستیدا (محطة التزود بالفحم)، لە گوزارشتی واتاکەوە نزیکترە.

سێیەم: بە وشەی (lag) وتراوە (التأخر) واتە (دواکەوتن)، کە ئەگەر بوترایە (التخلف) واتە (مانەوە یان بەجێمان) پەسەندتر دەبوو، چونکە وشەکە لە رووی فیزیاییەوە واتە "التأخر مع بقاء بعض الشيء أو الأثر المتخلف".

هەروەها، کاتێک وشەکان لە دەربڕینی واتادا یەکسان دەبن، چێژ و سەلیقەی زمانەوانیی وەرگێڕەکان جیاواز دەبێت، کە یەکێکیان (محشة و منجلة و منقاش) بەکاردێنێت، کوردییەکانیان (کۆلەوژ و داس و سمۆ) ئەوی تریان (محراك و ملزمة و ملقط) پەسەند دەکات، کوردییەکانیان (کەمچە و گرە و مقاش) کە جیاوازیی لەم بابەتە، نەك هەر شتێکی سروشتییە و هەر دەبێ ببێ، بەڵکو شتێکی خوازراوە، جا کە ئەوە پەسەند بکەین، (ئایندە) داوەر و (بەکارهێنان) بێژنگ بێت، کەواتە ئەوە رێگەیەکی پەسەند و ماقوولەو لەگەڵ بنەما زانستی و لۆجیکییەکانیش ئەگونجێ و، خۆزگە، ئەو پێشنیازەی شارەزایەکی یونسکۆ لە دووەم کۆنگرەی زانستیی عەرەبیدا کە ساڵی ١٩٥٥ سازکرا، پێشکەشی کرد و پێویستیی دامەزراندنی بنکەیەکی هەمیشەیی زاراوە زانستی و هونەری و تەکنۆلۆجییەکانی تێدا دەرخستبوو

کـه هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی زاراوە و رەخنەسـازی و یەکخسـتنیان بگرێتـە ئەستۆی راگەیاندبوو.

یاسـاکانی هەڵبـژاردنی سروشـتی و گەشـەکردن و مانـەوەی باشـتر، وەك زیندەوەر لەگەڵ واژەو زاراوەکانیشدا دەگونجێن و، زمان لـە رووی پێوەنـدی تونـدوتۆڵی بـەباڵاترین چـینی زینـدەوەرەوە، ئـەویش بوونەوەرێکـە رەوشـی زیندەوەری هەیەو نەش و نما و گەشـە دەکـات و دەگونجـێ، رەنگـە هەنـدێ بەشی سیس و وشك ببێت و هی تر لە شـوێنی هەڵبداتـەوە، پێویسـتە زمـانی زیندوویش، یەکبینە بەهێمانەی زیندوویی و نوێسازی ئاو بـدرێت، بـۆ ئـەوەی لەگەڵ پێشکەوتنی نەتـەوە هـاودەم بـێ و دەربـەرێت و، بـەپێی پێویسـتییە هزری و کردەیی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازییەکانیدا ڕابگات، بەڵام دواکەوتنی زمان لە دەربردنی رۆژگار و گونجانی داخوازییەکانی ژیـان، واتـای سسـتییەو سستییش، رەوشی زیندووییە...!

یاسـاکانی هەڵبـژاردنی سروشـتی، لـە زمـان و بـەکارهێنان و رۆژگـار و گەشەکردنی سـەلیقەی زمانـەوانی و گشـتیی نەتـەوە کـار دەکـات، دەبیـنین هەنـدێ واژە لاوازن، کەچـی لەگـەڵ ڕۆژدا، بـەهێز دەبـن، هەنـدێکی تـر وا دەردەکـەون بـەهێز و دروسـت بـن، کەچـی لـە بـەردەمی کـارپێکردن و تاقیکردنەوەدا خۆیان پێ ڕاناگیرێت.

هەندێ جـار، لـە ژیـانی واژەو زاراوەکانـدا بـازی وا رووەدات، کـە واتـای واژەکە لە روخساری بەکارهێنانە کۆنەکەیەوە، دەگۆڕێت بـۆ بـەکارهێنانێکی نوێ، بۆ نموونە:

لە (المعجم الوسیط)دا، لە واتاکـانی وشـەی (المنظـار)دا دەڵێـت: ئاوێنـەو میکرۆسکۆپ و تەلسکۆپ و (منظار میدان) بەنموونەی وشەکە دێنێتەوە، کـە

ئەمەی دوایی، تەنیا ناونراوە لەو چوار ناونراوەی ئەمڕۆ واژەی (منظار)یان بەسەردا بسەپێت، هەروەها لە واتای (مجهر)دا، هەمان فەرهەنگ دەڵێت: مجهر، (مجهار)ەو مجهاریش ئەو کەسەیە بەدەنگی بەرز قسە دەکات، یان ئامێرێکە، لەرەی کارەبایی لێوە دەردەچێت و، پێی دەڵێن (میکرۆفۆن)، فەرهەنگەکە لە شوێنێکی تردا دەڵێت، (مجهر) میکرۆسکۆپە، بەڵام بەکارهێنان، ئەم واژانەی کە لە بنچینەدا یەک بابەتن، بێژاوەتەوە و (مجهر)ی جیاکردۆتەوە بۆ واتای میکرۆسکۆپ و، (مجهار)یشی تەرخان کردووە بۆ واتای میکرۆفۆن و وای لێ هاتووە بەکارهێنانی (مجهار) بۆ ئەو کەسەی دەنگ بەرز دەکاتەوە تەنیا (خوازە)یەو هیچی تر، لەبەرئەوەی بەمیکرۆفۆن شوبهێنراوە.

کاری وەرگێڕانی (یان کوردانەوە) زاراوە زانستی و هونەرییەکان و تەنانەت کاری وەرگێڕان بەگشتی، هی ئەوە نییە هەر کەسێک بیەوێ بیکات، چونکە وەرگێڕان پیشەو هونەرە، بۆیە پێویستە نەوەیەک پسپۆڕ و تایبەتمەندی بواری وەرگێڕان و کوردانەن، بەتایبەتی بۆ بواری وەرگێڕانی زانستیی هونەری ئامادە بکەین.

گرنگترین شت، کە بووە بەهۆی سەرنەکەوتنی وەرگێڕانی زانستی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و خزمەتی ئەو بیروڕایەی کرد کە دەڵێت: زمانی کوردی ناتوانێت زانستی نوێ دەربڕێت و وتنەوەو فێرکردنی بابەتە زانستی و تەکنۆلۆجییەکان بوو بە زمانی بیانی و نەبوونی ئەو نەوە پسپۆڕ و تایبەتمەندەن.

هونەرکارانی کورد، وەک ئەندازیار و پیشەساز و پسپۆرانی لقەکانی زانستی نوێ، کە زۆربەیان لە ولاتانی دەرەوە خوێندوویانە، لەگەڵ ئەوەشدا

که له بواری پسپۆڕیی خۆیاندا توانا و جوانکار و داهێنەر بن، بەڵام بەداخەوە دەربارەی ڕێزمان و بنەماکانی وەرگرتن و داڕشتن و زاراوەسازی بەزمانی نەتەوەیی خۆیان هیچ زانیارییەکیان نییەو مرۆڤ ناتوانێ تەنانەت پسپۆڕێك و مرۆڤێکی ئاسایی لێك جیابکاتەوە ئەگەر بەکوردی بدوێن، بەڵام ئەندازیارێکی ئینگلیز یان فەرەنسی یان ئێرانی و تورك و هی تریش، ئەگەر بەزمانی نەتەوەیی دوان، یان نووسییان، دەتوانن لە ئاستێکی وا دابن کە لەگەڵ پسپۆری و ڕووناکبیری و ئاستی زانستییاندا بگونجێ، بدوێن یان بنووسن، بەڵام ئەوانەی ئێمە ناتوانن، نە بدوێن و نە بنووسن و، تا یەکێك لەو دوو زمانەکەی وەرگێڕ لاواز بێت، کەم و کووڕیی وەرگێڕانەکەی زۆرتر دەبێت و تێکدان و شێواندن و زیانەکە، زۆرتر زمانە لاوازەکەیان دەگرێتەوە کە زمانی نەتەوەییە، لای هونەرکارانی ئێمەو، ئەو بەرپرسییەش لە ئەستۆی سیستمی فێرکردنداید.

وەرگێڕان لای ئێمە، هەنگاوی باشی ناوە، بەهۆی دەستەیەك لەو ڕووناکبیرانەوە کە پسپۆڕی و هەوڵی تایبەتیی خۆیان وای لێ کردوون، بڕێکی باش زانستەکانی زمان فێربن و شارەزایی لە بنەچەو ڕێزمانەکەیدا پەیدا بکەن، کە ڕۆژنامەنووس و ئەدیبەکانن، ئەوانیش بێگومان، بابەتی زانستی وەرناگێڕن بەڵکو زۆربەی هەوڵ و کۆششیان بەرەو وەرگێڕانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە و زۆر جوانکار و داهێنەریان تێدا هەڵکەوتووە، بەڵام وەرگێڕانی هونەریی زانستی و تەکنۆلۆجی، ناتەواو ماونەتەوەو نەگەیشتوونەتە ئاستی پەسەند لەڕووی هونەری و زمانییەوە، ئەوەیش تەرخانکردنێکی نامەبەستی بیرۆکەی نەگونجاوی و نەشیاویی زمانی نەتەوەییە بۆ گوزارشتی زانستە نوێیەکان و هونەرە پیشەسازی و تەکنۆلۆجییەکان.

بـەهیوام، لـەم بارودۆخـە نوێیـەی کوردسـتان، دەزگـا بەرپرسـەکانی کولتوور و پەروەردە، بەرنامەیەکی خوێندن بەشـێوازێکی زانسـتی و نوێبـاو، بۆ ئامادەکردنی پسپۆڕانی وەرگێڕان ئامادە بکەن و خوێندکاران لە ئەنجامـدا پلەیـەکی زانسـتییان بـدرێتێ لـە وەرگێڕانـی زانسـتی یـان ئەدەبیـدا، بـەپێی بەهرەو شایستەیی خۆیان، بەمەرجێك یەکێك لـە پێداویسـتییەکانی وەرگـرتن لـەو بەشـەدا بـوونی بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی ئـاداب یـان زانسـت بێـت و بەرنامەیەکی خوێندنی دوو ساڵە سازبکرێت بە فێرکردنێکی خەست و خـۆڵ و چـڕوپڕی بنـەماکانی زمـانی لێ گـوێزراوەو بـۆ گـوێزراوەو ئەدەبـەکانیان و رێساکانی پێوانەو وەرگرتن و بینینی وەرگێڕدراوە نایابەکانی ئەو شـاکارانەی لە یەکێکیانەوە گوێزراوەتەوە بـۆ ئـەوەی تریـان، خوێنـدنێکی بـەراوردکاریی ئەو هاوواتا و زاراوانەی کـۆڕە عەرەبییـەکان و خـاوەن فەرهـەنگ و رابـەرانی وەرگێڕان لە چـەرخی راپـەڕینی کـۆن و نوێیـدا دایاننـاون، سـەرباری ئـەوەی سەرپەرشـتانی ئـەو بەرنامەیـە، بەباشـی دەزانـن بـۆ پێویسـتەمەنییەکانی شایستەیی ئەم تایبەتمەندییە فرەلایەنە.

پێگەیاندنی نەوەیەکی وای تایبەتمەندی وەرگێڕانی هونەری و زانستی، وا لـە گـۆڕدان بـەرەو کوردانـدنی فێرکـردن لـە هـەموو بـوارە زانسـتی و پیشەسـازییەکان دەکـات، کـارێکی کردەیـی و ئاسـان بێـت و شـارەزایانی وەرگێـڕان، بـۆ دامـەزراوە پیشەسـازی و نـەوتی و بەرژەوەندییـە گشـتی و تایبەتییەکان دەستەبەر بکات، کە بتـوانن لـە بـوارە تایبەتییەکانـدا زاراوەی باڵا ئاست و واتا دیاریکراو پێشکەش بکەن، بەوەیش بەشداری بکـەن لـەوەدا کەوا لە زمانی نەتەوەیی بکەن، ئاوێنەیەکی راستگۆی ئەو ئاستە شارستانییە بێت کە تێیدا دەژین و دەمانەوێ زمانەکەمان هاوەەم و هاوڕێمان بێت...

بەشی یەکەم
سەرەتایەکی زانستی نوێی زمان

زمانزانیی نوێ، بابەتێکی تازەیە، خۆراواییەکان دەستیان پێ کرد، بنەماکانی چەسپین و لق و پۆپی زۆری لێ بووەوە و بوونە بەرنامە یان قوتابخانەی تایبەت، کە زانا کۆششکارەکانی ئەم زانستە دایان مەزراند، سەرەتای ئەم زانستە، پەیوەستە بەدەرچوونی کتێبی زمانزانی سویسری "فەردیناند سویسۆر"ەوە کە ناوی " Course de Linguistique Generale"یە.

ئەم کتێبە، بە سەرکەوتن، یان شۆڕشێکی نوێ دادەنرێ، بەسەر بەرنامە کۆنەکاندا و سەرەتاو بنچینەی تیوورییەکی نوێیە لە رێساو بنەماکانیدا.

زمانزانی (زانستی زمان)، بابەتێکی کۆنەو بوارێکی پان و بەرینی تۆژینەوە دێرینە کۆنباوەکانی گرتۆتەوە، تۆژەرەوە دێرینەکان، زۆر بایەخیان بەدروستبوونی زمان داوە و ئەم بابەتە پایەیەکی تایبەتیی هەیە لە تۆژینەوەی مرۆڤی کۆن و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنانەیدا، کە ئەندامانی کۆمەڵە سەرەتاییەکان پێکەوە دەبەستن.

بێگومان، یۆنانییەکان بایەخێکی زۆریان بەکێشەی زمان داوە، کە بابەتێکی فەلسەفییەو بوارێکی فراوانی نووسینە فەلسەفییەکانیانی داگیر کردبوو، فەیلەسووفەکانی یۆنان، زۆر سەرقاڵی بنەمای زمان بوون بەوەی کە ئاخۆ خەڵاتێکی خوایە بۆ مرۆڤ، یان دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی...!، ئەم دۆزە بابەتی کۆشش و جیاوازیی بۆچوونیان بوو، هەر بەوانیشەوە

(یۆنانییەکانەوە) نەوەستا، چونکە دەبینین زانایانی عەرەب و ئیسلامیش لەو دۆزە کۆڵیونەتەوەو باسی تیووریی راگیرکردن و سروش و تیووریی بنچینەیی مرۆڤیان کردووە.

"ئەرستۆ"ی فەیلەسووفی یۆنان، کۆششی زۆری هەبووە لە بوارەکانی زمانەوانیدا و، لەو بوارەدا، وتە و هێمانەکانی چەسپاند کە (ناو) و (فرمان) و ئامڕاز و تیپەکان بوون.

دابەشکردنەکانی ئەرستۆ لای تۆژیاران شتێکی پەسەند بوون، هەندێ تۆژیاری عەرەب و ئیسلام، لەم سەردەمەدا، کەوتنە گومانەوە لەوەی کە ڕێزمانی عەرەبی لەسەر پێودانگی ڕێزمانی یۆنانی دامەزرابێ و زاراوەکەی لەوەوە وەرگیراوەو دکتۆر ئیبراهیم مەدکوور، لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری زمانی عەرەبیدا لە قاهیرە بڵاوی کردۆتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووەو وای بۆ چووە کە خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، زانستەکەی لە حەنین کوڕی ئیسحاق وەرگرتووە کە یۆنانیی زانیوەو زانستە یۆنانییەکەی وەرگێڕاوە بۆ سریانی.

کاریگەریی یۆنانییەکان، بەسەر تۆژینەوە زمانەوانییەکانەوە مایەوە لەگەڵ بوونە باوی لاتینی و جێی خۆگرتنیشی لەم بوارەدا.

ئەم شێوازە لێکۆڵینەوەیەی زمان، تا چەند سەدەیەك بە فەلسەفە کارتێکردوویی مایەوە، دواتر بۆ توێژەرەوە خۆراواییەکان دەرکەوت کە دەبێ بازنەی تۆژینەوە زمانەوانییەکانیان فراوان بکەن و خوویان دایە زمانە خۆرهەڵاتییەکان، کە لای ئەوان پێیان دەوتن (زمانە سامییەکان) و بایەخێکی زۆریان بە (عیبری) و دوای ئەویش بە (ئارامی) و (عەرەبی) دا، لە ئەنجامی خوودانە تۆژینەوەی (سەردەمی کۆن) (Ancient Testament) و

(سەردەمی نوێ) (Nouverau Testament)، ئەو توێژەرەوانە هەستیان بەوە کرد، کە (شێوازی تۆژینەوەی بەراوردکاری)، باشترین ڕێگایە بۆ زانینی ئەم بابەتە مێژوویییانە، هەروەك هەستیان بەوەیش کرد کە (توێژەرەوە جوولەکەکان) سوودیان لە زمانزانیی عەرەبەکان وەرگرتووە بە بەرنامە و زاراوەوە، چونکە زانیویانە، کە عەرەب و ئیسلام، هەوڵ و کۆششی زۆریان داوە لە زمانزانیی مێژووییدا..

بەڵام توێژەرەوان، لەو بارەیەوە کۆکن، کە ئەو دەقە کۆنە سانسکریتییانەی زانای ئینگلیز "ولیام جۆنز" دۆزینەوە، دۆزینەوەو داهێنانێکی مەزن بوون چەند هەنگاوێك تۆژینەوە زمانەوانییەکانیان بردە پێشەوە، (ولیام جۆنز)، ساڵی ١٧٨٦، لە کەلکەتتا و لە دوانێکیدا بۆ کۆمەڵەی ئاسیایی، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان دەقە سانسکریتییەکان و چەند زمانێکی خۆراواییدا، وەك یۆنانی و لاتینی و جەرمانی و ناخۆراوایی وەك فارسییشدا بۆ نموونە، ئەم لێکچوونە، هانی ئەو زانا ئینگلیزەی دا کە بڵێت: "سەراپای ئەم زمانانە، یەك بنەچەن"، ئەمەیش ڕێنماییەك بوو، بۆ توێژەرەوان، کە ڕێگەی هاوسەنگکاری و بەراوردکاری بگرن، یەکێك لەو زانایانە (راسك) بوو، کە لە تۆژینەوەکانیدا لە بواری پێوەندی زمانی ئایسلەندەیی بە زمانە ئەوروپاییەکانەوە، بۆی دەرکەوت و ئەمەیش بووە ڕەوتی توێژەرەوان بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم و، ئەو شێوازە مێژووییە بوو، کە لەسەر دیداری زمانەوانی دامەزرابوو..!

لێرەدا پێویستە ناوی (یسبرسن)ی زانایش بەرین، کە پایەی خۆی هەبوو لەو توێژینەوە زمانەوانییانەدا کە لەسەر بنەمای پێوەندی مێژوویی نێوان زمانەکان دامەزرابوون و ئەم زانایە وای بۆ دەچوو کە زمانەکان لە شێوە

کۆتاییەکانیاندا ئەو (بابەتانەن) کە (زمانە کۆنەکانیان) پێ گەیشتوون لە بنیاتی کەمئالۆزتر لەوەی ئەو زمانانەی تێدابوون.

دەتوانین بڵێین، کە چاخی سەدەی نۆزدەیەم بەڕەوتە مێژووییەکەیەوە، کە لەسەر بەرانبەرکێی نێوان زمانەکان دامەزراوە. بەکۆتایی قۆناغێکی زمانزانی (زانستی زمان) دادەنرێت لە گەشەکردنی مێژووییدا.

تۆێژەرەوان، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە پەیدابوونی ((فەردیناند دێ سویسۆر))، سەرەتای سەردەمێکی نوێ و ڕەوتێکی نوێ بوو لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا و، ئەم زانایە رایگەیاند کە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و بەراورد و بایەخدان بەبنچینەو چۆنێتی پەیدابوونی و تازمان بەراستیی کۆمەڵایەتیی ڕەوش و واژەو واتاو دەنگەکانی لەو دەمەدا دەخوێندرێت کە کاری پێ دەکرێت، ئەم ڕەوشە بەرنامەیەی ناونا "Synchronique" و بابەتی ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییەی کە بەراوردی کردۆتە (شێوازی زاراوەیەکی دەستەبەری)یشی ناونا "Diachronique". بەم جۆرە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، لای ئەم زانایە، بایەخدان بوو بەزمان لەو واقیعەیدا کە تێیدایەتی و بنچینەو بابەت و واتا و دەنگەکانی دەخوێندرێت، بێ ئەوەی پێوەندییەك پەیدا بکات لەنێوان ئەو ڕاستییەی کە هەیەو قۆناغە مێژووییە پێشینەکانیدا، پێویستە بیر بۆ ئەوە نەچێت کە خوێندنی مێژوویی بەراوردکار شتێکی نەویستراوە، بەڵکو پێویستە توێژەرەوە بەوەندە قایل نەبێ و هەمیشە زۆرتر هەوڵ بدات و بیکاتە بابەتی توێژینەوەی و لەوەی تێ بپەڕێنێت و بترازێنێ بۆ گرنگتر، کە توێژینەوەی زانستییانەی زمانە، لە راستیی هەنووکەیی کۆمەڵایەتییدا، پێی وابوو، کە لە تۆژینەوەی مێژووییدا، ڕێبازێکی تایبەتی بگرێت، وەك ئەوەی زمانێك لە سەردەمێك لەو

سەردەمانەی پێیدا تێپەڕیوە بخوێنێت و لێی بکۆڵێتەوە، لەرووی بنیات و کەرەسەو دەنگەکانیەوە بۆی رۆچوون لە زانینی تەنیا بنچینە میژووییەکان یان زانینی پێوەندی لەگەڵ زمانەکانی تردا.

لە رێبازی (دێ سویسۆر)دا، جیاکارییەك دەبینین لە نێوان زمانی "Langue" مرۆڤایەتیدا، واتە شتێك کە مرۆڤ دروستی کردبێت، و کردبێتی بەهۆیەکی پێوەندی، واتە زمان، لە کەرەسەو بنیات و رەوشەکانیدا دەگۆڕدرێت بۆ وشەی واتادار لەو رەوشانەی کە زمان هەنی سوود دەگەیێنێت و ئامێری وا پێك دێنێت کە لێکگەیشتن و بەردەوامی دەستەبەر بکات.

بایەخدانی "دێ سویسۆر" بە واژە و پێکهاتنی لە ڕستە و واتاکەی لەو پێکهاتنەدا و شیکردنەوەی بۆ هێمانە دەنگییەکانی و لێکۆڵینەوەی دەنگەکان بە تاك و بە کۆمەڵ و ئەوجا لێکۆڵینەوەی وشە لە رووی پێوەندی بەوشەکەی ترەوە. ئەمانە هەمووی هانی کۆمەڵە توێژەرەوەیەکی دا کە پێڕەویی ئەو شێوازە نوێیە بکەن، نموونە بە یاریی شەترەنج و داشەکانی دێنێتەوەو کە لە تەنیشت یەکترەوە دادەنرێن و هەر داشە بەهایەکی تایبەتیی هەیە لەو دراوسێیەتییەدا نەك بەهای تەنیا خۆی، ئەمە وا دەگەیێنێت، کە وشە لە ڕستەدا بەها و شوێنی خۆی هەیە لە رووی بوونییەوە لەو پێکهاتەیەدا و هەر گۆڕدرانێك لە پێکهاتنیدا، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاو گۆڕدرانەکە، هەر هی شوێنی وشەکە نییە لە رستەدا، لە رووی پێوەندییەوە بە وشەکانی تەنیشتییەوە، بەڵکو لەوە تێپەڕێ بۆ گۆڕینی بنیاتی واژەکە لە رووی دەنگەکانیەوە.

وتمان: توێژەرەوان سوودیان لەو زانا زمانەوانانەی دوای "دێ سوێسۆر" وەرگرت لە بەرنامەو کەرەسەی، ئەوەبوو ناونرا "قوتابخانەی پراگ" کە مێر "نیکۆلای ترۆپتزکۆی" دایمەزراند.

ئەم ڕابەرە زمانەوانییە، زۆر بایەخی بەدەنگزانی دەدا، لەو ڕووەوە کە کەرەسەیەکی گرنگە لە وشە دروستکردندا، بەپێکەوە لکاندنیان لە چەند پێکهاتەیەکدا.

ئەمریکاییەکانیش شوێنی خۆیان هەبوو لە توێژینەوەی زمانەوانیدا، لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابووردوودا (سەدەی بیستەم) و درێژەیان دەدا بەتوێژینەوەکانیان بەپێودانگی ئەوەی ئەوروپاییەکان لەسەری ڕۆیشتوون لە لێکۆڵینەوەی زمانە ئەوروپاییەکاندا.

ئەمریکاییەکان خوویان دایە لێکۆڵینەوەی زمانە ئەمریکاییەکان بەسوود وەرگرتن لە ڕێبازی ئەوروپاییەکان بۆ دۆزینەوەی ڕەوشی ئەو زمانانە و دۆزینەوەی پێوەندییە زمانەوانییەکان لە نێوانیاندا.

ئەمە بوو کە "فرانس بواس"ی زمانەوانی ئەمەریکاییی خەریك کردبوو، "ئەدوارد سابیر" و "لیۆنارد بلۆ مفیلد" ناویان دەرکردبوو، هەریەکەیان ڕێگەی تایبەتیی خۆی هەبوو، "سابیر" بایەخی دەدا بە توێژینەوە مێژووییە بەراوردکارییەکان بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو گۆڕی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانە هیندییە ئەمریکاییەکان و لە لێکۆڵینەوەکانیدا، ئاماژەی بۆ پێوەندی نێوان ئەو و زانستە مرۆڤایەتییەکانی تر کرد وەك ئەدەب و موزیك، وەك لە کتێبی (زمان)ەکەیدا نووسیبووی.

وتمان، هەریەکە لەو دوو زانا ئەمەریکاییە، ڕێگەی تایبەتیی خۆی هەبوو لە زمانزانیدا و، لەو کاتەدا کە (سابیر) وای نەئەدی کە زمان دیاردەیەکی

(غەریزی) بێت، بەڵکو بەرەفتارێکی مرۆڤایەتیی خۆویست و هۆیەکی دادەنا بۆ دەربڕینی ئارەزوو سۆزە جیاوازەکان، دەبینین، "بلۆ مفیلّد"، سوودی لە بیر و بۆچوونەکانی قوتابخانەی رەفتاریی پەروەردەیی وەرگرتووە، ئەو قوتابخانەیەی خاوەنەکانی باوەڕیان بەوە نەبوو کە زمان دیاردەیەکی نهێنییە و بەهرەی بیرکردنەوە، شتێکە لە ناخی مرۆڤدا، بەڵکو ئەو کارتێداکردنانەن کە مرۆڤ بە ویستی خۆی و ڕەفتاری خۆی فێریان دەبێت و پێیان رادێت و دەبێتە دیاردەی ڕەفتاری. "بلۆ مفیلّد" وای دەبینی، کە زۆربەی وشەکان ستەمە بتوانن واتا راستەقینەکانیان دەربڕن وەک لە وشەکانی ئەوین و تووڕەبوون و سۆزەکانی تریشدا، چونکە دوورن لە بواری ماددی وەک وشەکانی تری ئەم بەشە، بەڵام قوتابخانەی ئەمریکایی ئەستێرەی لە پرشنگدانەوەدا بوو بەهۆی تۆژینەوە. (بنیاتییە ڕێزمانی)یەکەیەوە کە ساڵی ١٩٧٥ داینا، بەم تۆژینەوانە، گەیشتینە ئەوەی ئەم توێژەرەوە بوێرە، ناوی نا "گۆڕینە ڕێزمانی پەیداکاری" بیروڕاکانی (دێ سویسۆر) کاریان کردبووە (چۆمسکی) و سوودی لێ وەرگرتبوون وەک سوودی لە بیروڕای تریش وەرگرتبوو، واتە ئەوانەی دوای تایبەتمەندیی قوتابخانەی ئەمریکاییش.

(چۆمسکی) وای دەبینی کە مرۆڤ دەتوانێ ڕستە و پێکهاتەی بێ شومار دروست بکات، بەڕەفتارکردنی لەگەڵ خەڵکیدا و، ئەم قاڵبە ئاخاوتنییانە، لە نوێبوونەوەدان لە بارودۆخی نوێی تردا، کە لە بارودۆخی تر ناچێت، ئەمەیش واتە، مرۆڤ دەتوانێ ڕستەی وا ساز بکات، کە بارودۆخەکە بەسەریدا بسەپێنێ، بەو پێیە زۆرەو بێ شوماره و ئەم کەرەسانەی دەچنە بواری پێکهاتەییەوە "لە بنیاتی زمانەوانیدا"، ئەمەیش واتە، توێژەرەوە هەر

دەبێ بایەخ بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکان بدات لە (بنیاتی) وشەدا، لەو رووەوە کە (تاکە) و دواتر (کۆ)یە لەگەڵ دەنگەکانی دراوسێیدا توانستی زمانەوانیی تاکەکەس، لەو کۆمەڵە ڕێسایانەوە دێ، کە مەبەستی پێ دەردەبڕدرێت و ئەم توانستە زمانەوانییەی ئەم ڕێسایانە، ئیشی ئەو تۆژەرەوە زمانەوانییەیە، کە (چۆمسکی) پێی دەڵێت "ڕێسا گۆڕدرانییەکان" و دەربڕی وتەبێژ، ڕەنگە پەنا ببات بەر جۆرە ڕستەیەکی تر، لەکاتی پێویستدا و ئەوەیش مۆرکی دروستکاریی ڕێسا زمانەوانییەکانە، واتە گۆڕینی پێکهاتە ڕێسا، بەڵکو چەندەها ڕێسای تری نوێ دروست دەکات.

ئەو وای بۆ دەچێت، کە پێویستە تۆژینەوەی ڕێزمانی بکرێت، یان لێکۆڵینەوەی رستە لەڕووی بەشە ڕێزمانییەکانیەوە و بیگۆڕێت بۆ وشەکە واتای فرمانە لە ڕستەیەکداو واتای ناوە بکەر بێت یان بەرکار، پاش تێپەڕینی ئەم قۆناغە بەتۆژینەوەی دەنگەکانی ئەم بەشانەوە کە لەڕستەکەدا هەبوون.

دەبینیت تۆژینەوەی زمانەوانی لە هەموو ولاتە خۆراواییەکاندا رووبان کردۆتە ئاقارێکی نوێ، بەڵام لە قوتابخانەی ئەمریکایی ناچێت. زمانزانە ئینگلیزەکان، بۆ نموونە، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بایەخیان بەدەنگزانی داوە، بەڵام زمانزانی بەها و پایەی بە هەوڵ و کۆششەکانی (ج. ر. فێرث)ی زانا پەیدا کردووە، کە بەدرێژایی سالانی (١٩٤٤–١٩٥٦) مامۆستا بوو لە زانکۆی لەندەن و هاوپیشە بریتانیاییەکانی کە پێش ئەو لە دەنگزانییان کۆڵیوەتەوە، ئەوەی نووسیویانە.

ئەم زانایە، بیروڕا کۆمەڵناسییەکانی (مالینۆڤسکی) زۆر کاریان تێکردووە، کە داوای لێکۆڵینەوەی زمانی کرد لەو ڕووەوە کە دیاردەیەکی

کۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بەلێکۆڵینەوەی (مرۆڤ)ەوە بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زمان لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا، (فێرث)ی هان دا کە زمان بخوێنێت لە هێمانە سەرەکییەکانیەوە و، ئەوەبوو دەنگزانی و واتازانیی لێ کەوتەوە، کە پێی دەڵێن لێکۆڵینەوەی دەنگ و واتازانی لە رووی نیشانەو رێنماییەوەو پێی دەڵێن:

واژەزانی (Semantics).

هەروەك دەبینین، فەرهەنسایییەکانیش بایەخیان بەبیردۆزی زمانەوانی داوە، رێبازی بەرنامەی مێژوویی و بەراوردکاری و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوانیان زمانە کۆنەکانیان گرت.

دوای ئەوە، لەو سنوورە دەرچوون، بە پەیدابوونی (فێردیناند دێ سوسیۆر)و تا ئێستایش کاریگەرییەکەی بە توێژینەوەکانیانەوە دیارە، بەڵام (قوتابخانەی پراگ) شوێنێکی دیاری هەبوو لە توێژینەوە زمانەوانییەکانی فەرهەنسایییەکاندا.

زانستە زمان (زمانی زانستی)

زانستە زمانی نەتەوەیەك، ئەو زمانەیە کە ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەتوانن ئەو زانست و بیرۆکانەی پێی دەخوێنەوە تێی بگەن و فێری ببن، کە وایان لێ دەکات بەهۆی گونجۆکی و وردی و دروستییەوە بتوانن زانستەکە بچەسپێنن و شتی تری بخەنە سەر و داهێنان و جوانکارییشی تێدا بکەن، بەو پێیە پێویستە بۆ ئەوەی زمانێك زانستی بێت ئەم رەوشانەی تێدا بێت:

(١) ڕوونی و ئاشکرایی:

دەبێ ئەو زمانە، بەئەندازەیەك ڕوون و ئاشکرا بێ، هیچ ئاڵۆزی و نادیاری و تێکەڵ و پێکەڵییەکی تێدا نەبێت، مەبەستی سەرەکیی زانستە زمان ئەوەیە، بتوانێ دیاردەیەك لێك بداتەوە یان ڕێگەیەك ڕاڤە بکات، کە ئەوەیش بە زمانێکی نارۆشن و وشەو واتا نادیار ناکرێت.

(٢) دروستیی بنیاتی زمانەوانی و کورتبڕی:

بۆ ئەوەی بیر و هۆش بەئاسانی تێی بگات، زمانێك ئەم جیاکارییەی دەبێت، کە ئەم هێمانانەی تێدا بێت:

أ/ هێماسازی:

ئەو هێمایانە لە تیپەکانی ئەلفبێ ساز دەکرێن و شتە ناسراو و ئاشناکانیان پێ دەردەبڕدرێت، وەك هێمای توخمە کیمیاییەکان و ئەندازەکانی پێوان و هیی تریش..، بۆ نموونە:

O, Oxigen, H, Hydrogen, C, Carbon.. تاد

ب/ هاوکێشەسازییە بیرکارییەکان:

ئەو هێما شێوگانەن، کە بۆ دەربڕینی پێوەندییەکی دیاریکراو یان یاسایەك بەکاردێن.

ج/ وێنەسازی:

ئەو شێوە هێڵکارییانەن، کە بنیاتێکی دیاریکراو ڕوون دەکەنەوە، وەك بازنە کارەباییەکان یان دامەزراوە تەلارسازی و نەخشەسازی و ئەندازەیی و یەکگرتنە کیمیاییەکان.

(٣) زاراوەی زانستی:

زانستە زاراوە، وشەیەك یان زۆرترە، کە شارەزایان لەسەری ڕێك کەوتوون و تەرخانیان کردووە بۆ ئەوەی واتای چەمکێکی دیاریکراو بێت، بۆیە دەبێ هەر زاراوەیە بۆ یەك واتاو هەر واتایەیش زاراوەیەکی بۆ بەکاربهێندرێت.

(٤) دەبێ راستیی شتەکان بێت و زۆر بایەخ بەڕواڵەت نەدرێت:

کە وتمان، دەبێ ڕوونی، شەقڵێکی زمانی زانستی بێت، مەبەستمان ئەوەیە، زۆر کەس لە ئەدەب و شیعر دەدوێن و بۆ نموونە: دەڵێن فلاّنکەس وای وت و فیسارکەس وا، دەشێ ئەو دوو بۆچوونە پێچەوانەی یەکتر بن، یان ڕەنگە یەکێك بیەوێ، بیروڕا جیاوازەکانی ئەدیب، شاعیر، یان سیاسییەك بخاتە بەرچاو و، هەوڵ دەدات دژواریيەکانی یەك بخات، یان بیروڕای جیاوازی خەڵکی لەسەر پیشان بدات، ئەم شێوازە شەقڵی زانستی زمان نییە، بەڵام کە وتەی زانایەك لە بوارێکی زانستییدا باس کرا، ئیتر نابێ وتەی هیچ زانایەکی تر لەو بوارەدا باس بکرێ با مێژووی زانست و ئەدەب، لێکەوە نزیك بن، بەڵام ڕاپۆرتی زانست لە هیی ئەدەب جیاوازە، هەر بەو پێیەش مشتومڕی فەلسەفەو زمان و (وتەسازی) وەك لە زمان و ڕێزماندا دەوترێ و (بیروڕا تەرخانکردن) وەك لە سیاسەت و ئابووریدا دەوترێ، (زانستی زمان) نییە...

(٥) ژیربێژی:

زمانی زانست، پێویستی بەژیربێژی هەیە کە بەرودوایی ڕاستی ڕوودانی شتەکان ڕەچاو بکات، وەك (هۆ) پێش (ئەنجام) خستن و (لق) بردنەوە سەر (بنەما).

(٦) گشتگیریی ڕەوشی زانست:

ڕەوشی زانست، بەتەنیا تەرخانکراوی لایەنەکانی زانیاریی مرۆڤ نییە لە جیهانی ژمارەو سروشتدا، بەڵکو دەتوانرێ بەهەموو لقێك لە لقەکانی زانیاریی مرۆڤایەتی بوترێ، ئەگەر مرۆڤ ڕێگەی وردی و ڕوونی و ژیربێژی بگرێت لە تۆژینەوەکانیدا.

(٧) شەقڵی تری زمانی زانستی:

وەك، خۆپاراستن لە شێوە ڕەوانبێژییەکان، وەك لێکچووواندن و خواستە و دەستەواژەسازی و توانجسازی لە زمانی زانستیدا، چونکە زانستە زمان، زمانێکە واتاکانی ڕاستەوخۆن و ئەو جۆرە هونەرسازییانەیان ناوێ کە نیشانەی شارەزایی کەسەکەن، بۆ ڕازاندنەوەی دەربڕین و ڕاستی شاردنەوەو گزیکاریی لە ڕاستیی ڕووداو، بەپێوەنان و پیاهەڵدان، چونکە وردیی زانستی لەنێوان (زۆرڕەوی و سستڕەوی)دایە، کە ئەمسەر و ئەوسەری پێوەنانن.

دووەمیان: یەکێتیی پێکهاتنە چەمکی ڕستەی زانستی، ئەگەر زانستنووسێك، ئاگری بە "سوور" یان بنەوشەیی باس کرد، پێویستە مەبەست لەوە ڕەوشی ڕەنگی گڕەکە، یان جۆری سووتەمەنییە گڕگرتووەکە پیشان بدات، نەك ڕەنگی ئاگر و ڕەنگی پۆشاك و لاجانگ و لێوی خۆشەویستەکەی، (ئەم) ڕێگەیەکە و (ئەو) ڕێگەیەکی تر..!

سێیەمیان: پابەندیی زمانەوانی و بیرکاریی دەربڕینە دیاریکراوەکان، ئەگەر زانایەك ویستی دووریی هەسارەیەك لە زەوییەوە دەربڕێت، دەبێ لە دەربڕینە نادیار و دیارینەکراو و ئاڵۆزەکان دوورکەوێتەوە، وەك ئەوەی بڵێت:

سەدان میل یان، چەند ساڵێکی ڕووناکی لە ئێمەوە دوورە، ئەمە واتەی وتاربێژ و قسەکەری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنە، بەڵام زانا دەبێ پابەندی

ژمارەی ورد و دیاریکراو بێت، چونکە لای ئەو، واتای ئەنجامێکی زانستی دەگەیێنێ کە پەیوەستە بەشێوازی پێوەندی بە هەسارەکەوە و کاریگەریی ئەو لەسەر ئاو و هەوای زەوی و کایە موگناتیسییەکان و کێشەکانی تری ئاسمانەوانی.

بەواتایەکی تر، پێویستە چەمکی زانستی و ئەو زمانەی پێی دەردەبڕدرێت تەواو جووت بن، کە لە هونەری ڕەوانبێژیدا پێی دەڵێن (یەکسانی)، بەرانبەر (کورتبڕی و درێژبڕی)ی زمانی ئەدەبی کە زۆر بەکاردەهێنرێت...

بەشی دووەم

١-"تیووریی گشتیی زاراوە دانان و یەکخستن و تۆمارسازی"

پێشکەوتنی زانیاریی مرۆڤ و تەکنۆلۆجیا و ئابووری، تاڕادەیەکی زۆر پشت بەزانیاریگۆڕکێ و تۆمارکردنی دەبەستێ و ئەو چەمك و زاراوانە بەکاردەهێنرێن کە وەك بنچینەی ڕێکخستنی بیرۆکە زانستییەکان و کۆکردنەوەی زانیاریی تر هێما دەکرێن.

بەڵام زوو گەشەکردنی زانیارییە مرۆییەکان، بووە هۆی گرانیی دۆزینەوەی زاراوەی پێویست و گونجاو، چونکە هاوڕێژەیی و هاوتاییەك نییە لە نێوان ژمارەی چەمکە زانستییەکان و ژمارەی ئەو زاراوانەدا کە دەریان دەبڕن، چونکە ڕەگەوشەکانی هیچ زمانێك لە چەند هەزارێك تێناپەڕن، بەڵام چەمکەکانی ملیۆنەها دەبن و، هەمیشەیش لە زۆربوون و نەشونمادان...!،

بۆ نموونه لەبواری ئەندازەی کارەباییدا، ئێستا چوار ملیۆن چەمك زۆرتر هەیە، بەڵام گەورەترین فەرهەنگ بەهەر زمانێك بێ، شەش سەد هەزار گوزەری تێدا نییە، لەبەر ئەوە هەموو زمانێك بۆ دەربڕینی چەمکە نوێیەکان، پەنا دەباتە بەر داتاشین و لێکدان و بەشداریی واژەیی و ڕێگەی تر، ڕەنگە ئەوەیش ببێتە هۆی پشێوی لە ئاستی نیشتمانی و جیهانییشدا، بەتایبەتی کە پۆلێنی چەمکەکان و ڕێگەی دەربڕینیان، لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و، دەبێتە هۆی گرانیی زانیاریگۆڕکێ و نەشونمایان، بۆیە پێویستە ئەو بنەمایانە یەك بخرێن کە کار دەکەنە دۆزینەوە و گۆڕینی چەمکەکان و دانانی زاراوە بەرانبەرەکانیان.

لێرەوە، زاراوەزانی هاتە کایەوە، کە زانستێکی نوێیە، لەم سەدەیەدا پەیدابووەو هێشتا لەباری نەشونما و تەواوکاریدایە.

٢-"پەیدابوون و نەشونمای زاراوەسازی"

لە سەدەی رابوردووەوە، زانایانی زیندەوەرزانی و کیمیا لە ئەوروپا، دەستیان کرد بەیەکخستنی بنەماکانی زاراوە دانان لە سەرانسەری جیهانداو، ئەم بزاڤە وردە وردە نەشونمای کرد و لە نێوان سالآنی ١٩٠٦ و ١٩٢٨دا، فەرهەنگی وێنەداری زاراوە تەکنۆلۆجییەکانی (شلۆمان) دەرچوو، لە شازدە بەرگدا و بە شەش زمان، بەهای ئەو فەرهەنگە لەوەدایە، کە تیمێکی شارەزای نێودەوڵەتی داینـاوەو زاراوەکانی ئەلفبێیانە ڕیز نەکراون، بەڵکو بەپێی چەمکەکان و پێوەندی نێوانیان ڕیز کراون، بەجۆرێك کە پۆلێنی خودی چەمکەکان بەشداری دەکات لە ڕوونکردنەوەی واتای زاراوەکان و لێکدانەوەیاندا و سالّی ١٩٣١ کتێبی (یەکخستنی نێودەوڵەتیی زمانەکانی

ئەندازە)، بەتایبەتی ئەندازەی کارەبایی، دەرچوو لەلایەن (فیستەر)ەوە (Wuster) کە مامۆستای زانکۆی ڤییەننا بوو، ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی بنەماکانی ئەم زانستە نوێیەی چەسپاند و زۆربەی زمانەوانان و ئەندازیاران ئەم کتێبەیان بە یەکێك لە چاوگە گرنگەکان دانا لە پیشەکەیاندا و، ساڵی ١٩٣٦، لەسەر داوای یەکێتیی سۆڤێتیی جاران، بە نوێنەرایەتیی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤێتیی (لیژنەی تەکنیکیی زاراوە) پێك هات لەناو (یەکێتیی جیهانیی کۆمەڵەی پێوانە نیشتمانییەکان ISA)دا، کە دوای شەڕی جیهانی، لیژنەیەکی نوێ (لیژنەی تەکنیکی)، شوێنی (لیژنەی تەکنیکیی زاراوە)ی گرتەوە، کە تایبەتمەندە لە دانانی بنەماکانی زاراوەو ڕێکخستنیاندا و بەشێکە لە (ڕێکخراوی جیهانیی یەکخستنی پێوانەیی (ISO)) کە مەڵبەندەکەی لە جنێفەو (فێرگەی نەمسایی پێوانەکان) لە ڤییەننا، ڕازگریی (لیژنەی تەکنیکی)ی گرتۆتەوە ئەستۆ.

ئەم لیژنەیە، بەهەوڵ و کۆششێکی زۆر و بەرچاوی لە بواری (یەکخستنی بنەماکانی زاراوە دانان)دا، وەك لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین، ناسراوە.

ئۆدوین هۆڵمستڕۆم (Holmstrom)، یەکێکە لە گەورە شارەزایانی یونسکۆ، کە هانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەی دا، (فەرمانگەی زاراوە نێودەوڵەتییەکان) دابمەزرێنێ و پارەی پێویستی بڵاوکردنەوەی بیبلۆگرافیایەکی دوو بەرگی تەرخان بکات، کە ناونیشانی فەرهەنگە تایبەتمەندەکانی زانست و تەکنۆلۆجیایان تێدایەو لەم ساڵانەی دواییدا چاپێکی نوێی لێ زیادکراوی بڵاوکرایەوە.

ساڵی ١٩٧١، بەهاوکاریی نێوان یونسکۆ و حکومەتی نەمسا، مەڵبەندی نێودەوڵەتیی زانیارییە زاراوەییەکان (Infoterm) لە ڤییەننا دامەزراو مامۆستا هەڵمۆت فێلبەر (Felber)، مامۆستای زاراوەسازیی زانکۆی ڤییەننا بەڕێوەی دەبات، کە بەکارایی و چالاکیی فراوانی لەو بوارەدا ناسراوە، گرنگترین ئامانجەکانی ئەو مەڵبەندە، ئەمانەن:

(١) هاندانی تۆژینەوە زانستییەکانی بیردۆزی گشتیی زاراوەسازی و دانان و تۆمارکردنی زاراوەو سازکردنی خولی راهێنان لەو بوارەدا.

(٢) تۆمارکردنی ئەو زانیارییانەی کە پێوەندییان بە زاراوە و دامەزراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییە گشتییەکانی ئەو بوارەو شارەزایان و پرۆژەکانەوە هەیە.

(٣) ڕێکخستنی هاوکاریی نێودەوڵەتیی بواری زاراوە و ئاڵوگۆڕی و زانیاریگۆڕکێ لەو بارەیەوە.

(٤) لێکۆڵینەوەی توانستی هاوکاریی نێوان بانکەکانی زاراوە و بنچینەکانی زانیاریگۆڕکێی نێوانیان، ئەم مەڵبەندە، چەند کۆنگرەو کۆڕێکی جیهانیی سازکرد.

یەکەمیان: (یەکەم کۆڕی جیهانی دەربارەی هاوکاریی نێودەوڵەتیی بواری زاراوە) بوو کە ساڵی ١٩٧٥ لە ڤییەننا ساز کراو بە ڕوونی، پێویستیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی هاوکاریی زانیاریگۆڕکێ دەربارەی زاراوە و ئارەزووی زۆری خۆی لەو بوارەدا خستەڕوو، یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو کۆڕە، ئامادەکردنی رابەرێك بوو بە ناوی ڕێکخراوە کاراکانی بواری زاراوەسازی و چالاکییەکانیانەوە لەبەرئەوەی چەند کەڵە ڕێکخراوێکی

نێودەوڵـــەتی، بەپەرۆشـــەوە کۆمپیوتـــەریان بـــەکارهێنا بـــۆ هـــەڵگرتن و تۆمـارکردنی زاراوەو پێویسـتیی رێککـەوتن لەسـەر ئـەو بنـەما جیهانییانـەی زانیاریگۆڕکێ ئاسـان دەکـەن، مەڵبەندەکـەی ڤییـەننا، لـە نیسـانی ١٩٧٩دا، یەکەم کۆنگرەی ئەو بانکە نێودەوڵەتییانەی زاراوەی ڕێکخست بەمەبەستی:

(١) چەسپاندنی بنەماکانی هاوکاریی نێودەوڵەتیی بواری زاراوە زانستی و تەکنۆلۆجییەکان و ئاڵوگۆڕیان و مەرجەکانی ئەم هاوکارییە.

(٢) گەشەپێکردنی ئەو کۆمەڵـە بنچینە ڕێنماییـەی دامەزراندنی بـانکی نوێی زاراوە ئاسان دەکات.

(٣) بەرچاوخسـتنی بیرۆکەیـەکی ڕوونـی ئـەو کێشـە سـەرەکییانەی ڕووبەڕووی بانکەکانی زاراوە دەبنەوە و پێشنیازکردنی چارەسەر بۆیان.

مەڵبەندی زانیاریـە نێودەوڵەتییـەکانی زاراوە (Infoterm) بـەهاوکاریی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤێتیی، کۆڕێکی جیهانیی دەربارەی کێشە تیووری و بەرنامەییـەکانی زاراوەسـازی لـە مۆسـکۆ ڕێکخسـت، لـە نێـوان (٢٧–٣٠)ی تشـرینی دووەمـی ١٩٧٩دا بـۆ لێکۆڵینـەوەی فەرهەنگسـازی و بـارودۆخی هەنووکەیی و توانستی گەشەپێکردنی و کێشەکانی ڕێکخستن و هاوئاهەنگی و ڕێکخسـتنی زاراوەو فێرکردنـی زاراوەسـازی و پێوەنـدی زاراوەسـازی بەزانسـتەکانی تـرەوە، کۆڕەکـە، لـە کۆتـایی کۆبوونەوەکانیـدا، پێویسـتیی قوولکردنەوەی هاوکاری و ئـاڵوگۆڕی بـیروڕا و شـارەزایی لـە هـەردوو ئاسـتی نیشـتمانی و جیهانیـدا، بـۆ چـارەکردنی کێشـە تیـووری و بەرنامەییـەکانی زاراوەسـازی و گەشـەپێکردنی نموونەیـەکی بـانکی زاراوەی تایبـەتی چـەند بواڕێکی دیاریکراوی ڕاسپارد، هەروەك خۆزگەی خواست کە ئاکاری کاروباری هەڵسـووڕاوانی بـواری زارەوەو سروشـتی کارەکانیـان و کۆکردنـەوەی ئـەو

بەرنامــە زانکۆییانــەی کــە بــەکاردەهێنرێن، یــان ڕەنگــە لــە خوێنــدنی زاراوەسازیدا بەکاربهێنرێن، دابنرێت و پێویستیی ولاتە گەشندەکانیش ڕەچاو بکرێت.

دوا کۆنگرە، لە بواری زاراوەسازیدا (کۆڕی جیهانیی دەربارەی کێشەکانی هاوواتـایی و پێناسـاندنی زاراوەسـازی بـوو، کـە لـە (کوبیـك)ی کەنـەدا و لـە حوزەیرانی ١٩٨٢دا و، کۆڕی تایبەتیی زاراوەسـازی، لـە کـۆنگرەی جیهـانیی فەرهەنگسازان لە زانکۆی ئەکستەر کە ئەیلولی ١٩٨٣دا سازکران.

٣-"پێناسەی زاراوەزانی"

لەگەڵ ئەو گەشەکردنە مەزنەی زانست و تەکنۆلۆجیا و نەشونمای خێرای هاوکاریی نێودەوڵەتیی، پیشەسازی و بازرگانی و بەکارهێنانی کۆمپیوتـەردا، بۆ کۆکردنەوەو هـەڵگرتنی زاراوەو چارەسـەر و ڕێکخسـتنیان، ڕێگـەی کـۆنی کۆکردنــەوەی زاراوە و ئــەلفبایی ڕیزکردنــی و دانــانی بەرانبــەرەکانیان لــە زمانــەکانی تــردا، بەشــی پێویسـتییەکانی سـەردەمی نـەدەکرد، بۆیـە، زانـا تایبەتمەندەکان و، زمانەوان و فەرهەنگسازان، گەشەیان بـە زانسـتێکی نـوێ کرد و ناویان نـا (زاراوەزانـی) کـە بەگشـتی دەتـوانین بـەم جـۆرە پێناسـەی بکەین:

"*<u>ئەو زانستەیە، کە لە پێوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و ئـەو زاراوە زمانییانەدا کە دەربیان دەبڕن</u>*" دەدوێ و، زانستێکی هاوبەشە لەنێوان دەقـی زانستەکانی زمان و لۆجیك و ڕاگەیاندن و بواڕە تایبەتمەندە زانسـتییەکاندا و ئەم زانستە بۆ تایبەتمەندانی زانسـت و تـەکنۆلۆجیا و وەرگێـڕ و کارمەنـدانی

راگەیاندن و هەموو ئەوانەی کە پێوەندییان بە پێوەندییە پیشەییەکان و هاوکاریی زانستییەوە هەیە، گرنگە.

لە راستیدا، زاراوەسازی، لە سێ لایەنی پەیوەستی تۆژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی بابەتی دەدوێت، کە ئەمانەن:

یەکەم: زاراوەسازی، لە پێوەندیی نێوان چەمکە پێکداچووەکانی (رەگەز– جۆر، گشت– بەش) دەدوێ، بەشێوەی سیستمەکانی ئەو چەمکانە پیشان دەدرێت، کە بنچینەی دانانی ئەو زاراوە پۆلێنکراوانە پێکدێنێت کە لە زانستێك لە زانستەکاندا، گوزارشتیان لێ دەکات.

دووەم: زاراوەسازی، لە زاراوە زمانییەکان و پێوەندییەکانی نێوانیان و ڕێگەکانی دانانیان و ئەو سیستمانەی کە پیشانیان دەدەن لە بنیاتی زانستێك لە زانستەکان دەدوێت و بەو پێیە، زاراوەزانی، لقێکی تایبەتە لە لقەکانی واژەزانی یان وشەزانی (Lexicolgy) و زانستی گەشەکردنی واتای واژەکان (Semasiology).

سێیەم: زاراوەسازی، لەو ڕێگە گشتییانە دەدوێ کە دەبنە هۆی دروستکردنی زمانی زانستی و تەکنۆلۆجی بێ گوێدانە کارپێکردنە کردەییەکانی خودی زمانێکی سروشتی، بەوەیش زاراوەسازی، دەبێتە زانستێکی هاوبەش لەنێوان زانستی زمان و لۆجیك و بوون و ڕاگەیاندن و بابەتە تایبەتمەندەکان و زانیاریزانی (Epistimology) و پۆلێنکردن، هەموو ئەم زانستانە لەلایەنێك لە لایەنەکانیاندا لەشێوە ڕێکخستنی پێوەندیی ئاڵۆزی نێوان چەمك و زاراوە دەدوێن.

٤-"تیووریی گشتیی زاراوەسازی"

هــەروەك (زمــانزانیی گشــتی)، لــە تۆژینــەوەی سروشــتی زمــان و سیستمەکەی دەدوێت بەشێوەیەکی گشتی، لە کاتێکدا (زمانزانیی تایبــەتی)، زمــانێکی دیــاریکراوی لێکۆڵینــەوە و شــیکردنەوەیە، تیــووریی گشــتیی زاراوەزانی، لەو بنەما گشتییانە دەدوێ کە دەستیان گرتــووە بەســەر دانــانی زاراوەدا، بەپێی ئەو پێوەندییانەی کە لە نێوان چەمکە زانستییەکاندا هــەن و چارەسەری کێشە هاوبەشەکانی نێوان نزیکەی هەموو زمانەکان و لــە هــەموو بوارەکانی زانیاریدا، دەکات بــەڵام تیوورییــە تایبەتییــەکانی زاراوەزانــی، لــەو کێشانە دەکۆڵێتەوە، کە پێوەندیدارن بــە زاراوەکــانی بوارێك لــە بوارەکــانی زانیارییەوە، وەك زاراوەکانی کیمیا و زیندەوەرزانی و هیی تریش.

تیووریی گشتیی زاراوەسازی، لەو چــەمك و زاراوانــە دەدوێ، کــە دەریــان دەبڕێ و ئەنجامی تۆژینەوەکانی ئەم تیوورییــە، وەك بنچینەی گەشــەکردنی بنەما فەرهەنگییە زاراوەسازییەکان و یەکخستنیان لــە بــواری جیهانــدا وایــە. گــرنگترین بابەتــەکانی تۆژینــەوەی تیــووریی گشــتیی زاراوەزانــی ئەمەیــە: سروشتی چەمکەکان و پێکهاتن و تایبەتمەندییەکانیان و پێوەنــدیی نێوانیــان و سروشــتی پێوەنــدیی نێــوان چــەمك و شــتە تایبەتمەندەکــەو چــۆنێتیی تــەرخانکردنی زاراوە بــۆ چــەمك و بەپێچەوانەیشــەوەو بــار و سروشــتی زاراوەکان.

بەڵام تیوورییە تایبەتەکانی زاراوەسازی، واباسی ئــەو بنەمایانــە دەکــات، کــە بــاری زاراوە لــە بوارەکــانی زانیــاریی تایبەتمەنــددا، وەك کیمیــا و زیندەوەرزانی و پزیشکی و هیی تریش..

چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتیی تایبەتمەند بەشداری لــە گەشــەپێکردنی تیوورییــە تایبەتییــەکانی زاراوەدا دەکــەن، هەریەکــەیان لــە بــواری تایبــەتیی

خۆیدا، وەك رێكخراوی دروستیی جیهانی و دەستەی نێودەوڵەتیی تەكنیكە كارەباییەكان و هێشتا تۆژینەوە لە تیوورییە تایبەتییەكانی زاراوەسازی، لەباری نەشونمادان.

٥-"دانان و ئامادەكردنی زاراوە"

مەبەستمان لە دانان و ئامادەكردنی زاراوە، هەموو ئەو چالاكییانەیە، كە پەیوەستن بەكۆكردنەوەو شیكاری و رێكخستنی زاراوەو زانینی هاوواتاكانی و بەهەمان زمان پێناسەكردنی یان بەراوردكردنی بەزمانێكی تر و كۆكردنەوەی چەمكە تایبەتییەكانی بواڕێك لە بوارەكانی زانیاری و لێكۆڵینەوەی پێوەندیی نێوان ئەو چەمكانە، ئەوجا وەسفی ئەو بەكارهێنانەی كە بەكردەوە هەیە بۆ دەربڕینی چەمكەكە بەزاراوەیەك، یان تەرخانكردنی زاراوەیەكی دیاریكراو بۆ هەر چەمكێك، ئامادەكردنی زاراوە پێوانەییەكان بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت كە ئەمانەن:

(١) لێكۆڵینەوەی سیستمی ئەو زاراوانەی ئێستا كاریان پێ دەكرێت لە بواڕێكی دیاریكراودا، یان بە واتەیەكی تر، لێكۆڵینەوەی بەكارهێنانی كردەیی زاراوەكانی ئەو بوارە، كە لێكۆڵینەوەیەكی وەسفییە.

(٢) گەشەپێكردنی سیستمی زاراوەكان، واتە چاكسازیی بەكارهێنانی كردەیی زاراوە، كە كردەیەكی پێوانەییە، دانانی زاراوە وردەكان لەبەردەم چەمكە زانستییەكاندا، بنچینەی بەرهەمهێنانی زاراوەی پۆلێنكراو و، سیستمەكانی پۆلێنكردن و فەرهەنگە واتاییەكانە.

(٣) بڵاوكردنەوی راسپاردە تایبەتییەكانی ئەو زاراوە یەكخراوە پێوانانەی دەستەیەك داینراون كە دەسەلاتێكی یەكخستەیی و بەگشتی كردنی بەكارهێنانی هەیە.

٦-"یەکخستنی پێوانەیی زاراوەکان"

دەشێ چەمکەکان و سیستمەکانی (زاراوەکان) لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بێت و، مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا چونیەك بێت. واتای زاراوە، یان ئەو چەمکەی گوزارشتی لێ دەکات لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازەو ئەم دیاردە زانستییە، یەکێك لە کۆسپ و گرفتە ئالۆزەکانی کردەی پێوەندی، یان زانیاریگۆڕکێ لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و جیهانی پێك دێنن، بۆیە پێویستە زاراوەکان بەشێوەیەکی پێوانەیی یەك بخرێن کە لەسەر بنچینەی رێککەوتن لەسەر چەمك و سیستمەکانیان رێك بکەون (یان بەواتایەکی تر، لەسەر واتا و بوارە ڕابەرییەکانیان). لەو پێناوەیشدا، پسپۆران لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بۆ واتا جیاوازەکانی چەمکەکان دەکەن، لە زمانە جیاوازەکاندا.

ئەرکی یەکخستنی پێوانەیی زاراوەیش، دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە نەتەوەییەکانی سەر ئاستی نەتەوەیی، وەك ئەکادیمیای زانستیی کۆڕە زمانەوانییەکان بۆ نموونە، بەڵام ئاستی جیهانی (رێکخراوی جیهانیی یەکخستنی پێوانەیی ISO) لە جنێف جێبەجێی دەکات.

یەکخستنی پێوانەیی، بەشێوەیەکی گشتی، بایەخ بە تەرخانکردنی زاراوەیەك بۆ هەر چەمکێکی زانستی دەدات، ئەویش بەخۆڕزگارکردن لە هاوواتایی و هاوبەشیی واژەیی و هەموو ئەو شتانەی دەبنە هۆی ئالۆزی و سەر لێ تێکچوون لە زمانی زانستی و تەکنیکیدا. بەوردی ئەم یەکخستنە، بەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەبێت:

(١) جێگیرکردنی واتای زاراوەکان بە پێناسەکردنی.

(٢) جێگیرکردنی شوێنی هەر چەمکێك لە سیستمی چەمکەکاندا بەپێی پێوەندییە لۆجیکی و خۆکردەکان لەنێوان چەمکەکاندا.

(٣) تـەرخانکردنی هـەر چـەمکێك بـۆ یـەك زاراوەی روون، کـە بـە وردی هەڵبژێردرابێت، لەنێوان ئەو هاوواتایانەدا کە هەن.

(٤) دانانی زاراوەیەکی نوێ بۆ چەمکەکە، کاتێك کە نەتوانرێ زاراوەیەکی گونجاو بدۆزرێتەوە، لەنێوان ئەو هاوواتایانەدا کە هەن.

تۆژینەوەکانی تیووریی گشتیی زاراوەسازی، یاریدەدەر بوون بۆ گەیشتنە ئەو بنەمایانەی دانانی زاراوە بەڕێوە دەبـەن و، لـەو بنـەما بنچینەییانە بـۆ نموونە: بنەمای دەستپێکردن لەو چـەمك و پێوەندییانـەوە کـە لـە نێوانیانـدا هەن، لـەجیاتیی دەسـتپێکردن لـە زاراوەکانـەوە بـۆ گەیشـتنە چـەمکەکان و بنەمای ئابووری لە زماندا، لەکاتی زاراوەداناندا، بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردن و داب و نـەریت و گرتنـەخۆ و بنـەمای پێڕەویـی بـەکارهێنانی زمانـەوانی و ئەوەی بەپێی نەریت بەسەر ئەو زاراوانە هاتووەو نەگۆڕینی مەگـەر بـۆ هـۆی پەسەند و بەهێز.

هۆکاری واژەیی و وشەسازی و واتایی هەن، کە زمان بـەکاریان دەهێنێـت بـۆ ئامـادەکردنی ئـەو زاراوانـەی چـەمکە زانسـتی و تەکنیکییـە نوێیـەکان دەریاندەبڕن، کۆ ئەمانەن:

(١) لێکدان (التركيب) Constraction

(٢) داڕشتن (الاشتقاق) Derivation Compounding of words

(٣) خواستن (المجاز)– خستنە سەری واتایەکی نوێی وشەیەك کە هەبێ، یان فراوانکردنی واتاکەی Metaphor

(٤) داتاشین (النحت) Coinage

(٥) دەنگە وەرگێڕان (الترجمة الصوتية) Transliteration

(٦) وەرگێران (الترجمة) Translation

٧-"تۆمارسازی، له زاراوەسازیدا"

مەبەستمان لە تۆمارسازی لە بواری زاراوە سازیدا، کۆکردنەوە و تۆمارکردن و چارەسەر و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەیە کە پێوەندییان بەزاراوەوە هەیەو سێ جۆرە زانیاری دەگرێتەوە کە ئەمانەن:

(١) تۆمارسازیی سەرچاوەی زاراوە

(٢) تۆمارسازیی زاراوە

(٣) تۆمارسازیی زانیاری دەربارەی دامەزراوە فەرهەنگی و زاراوەسازییەکان.

٨-"تۆمارسازیی سەرچاوەکانی زاراوە"

ئەم جۆرە تۆمارسازییە، سوود و خزمەتگوزاریی وای هەیە کە توێژەرەوان و فەرهەنگسازان و هەڵسووڕاوانی بواری زاراوە، ناتوانن دەستبەرداری بەن و، زانیاریی بیبلیۆگرافییان دەربارەی سەرچاوەی زاراوەکان دەداتێ. مەبەستمان لە زانیاریی بیبلیۆگرافی، ناوونیشانی سەرچاوەکەو ناوی دانەر و پەخشکار و شوێنی پەخش و کاتی و ژمارەی بەشەکانی و چاپ و ریزی سەرچاوەکە لە زنجیرەکەدا ئەگەر بەشێکی زنجیرە بڵاوکراوەیەك بوو. گرنگترین سەرچاوەکانی زاراوە ئەمانەن:

(١) رابەری ئەو بنەمایانەی دانانی زاراوە و یەکخستنی بەڕێوە دەبەن.

(٢) فەرهەنگەکانی زاراوە یەکخراو و زاراوە زانستی و تەکنیکییەکانی بواره تایبەتمەندە هەمەجۆرەکان.

(٣) ئەو کتێبانەی لە زاراوەزانی دەدوێن.

(٤) گۆڤارە تایبەتمەندەکان.

(٥) وتار و تۆژینەوە بڵاوکراوەکان.

دەتـوانرێ ئـەو زانیارییانـە، بـەکتێب یـان لیسـت بـڵاو بکرێنـەوە و دەیشتوانرێت لەسەر شریتی موگناتیسێنراو بپارێزرێن.

گـرنگترین دەسـتکەوت، لـە تۆمارسـازیی سەرچـاوەکانی زاراوەدا، ئـەو بیبلیۆگرافیـای فەرهەنگـە زانسـتی و تەکنۆلۆجییـە تایبەتمەندانـەن کـە "فیسـتەر" ئامـادەی کـردن و یونسـکۆ یەکـەم بـەرگیانی سـاڵی ١٩٥٥ و دووەمیانی سـاڵی ١٩٥٩ بڵاوکردەوە، دوای ئـەوە (Infoterm) چـاپێکی لێ زیادکراوی نوێی ئەو بیبلۆگرافیایەی، ساڵی ١٩٧٩ بڵاوکردەوە.

گۆڤـارە تایبەتمەنـدەکانیش، زانیـاریی بـەنرخیان دەربـارەی زاراوەو سەرچاوەکانی تێدایە.

٩-"تۆمارسازیی زاراوە"

جۆری دووەم لە جۆرەکانی تۆمارسازیی ئەو زانیارییانەی پێوەندییان بـە زاراوەوە هەیـە، تۆمارسـازیی خـودی زاراوەکـان و هـەموو راسـتییە پێویستییەکانە لەو بارەیەوە، یان بەواتایەکی تر، کۆکردنـەوەو تۆمـارکردن و شـیکاریی زانیاریـە زاراوەییەکانـە، واتـە کـە پێوەنـدییان هەیـە بەچـەمکی زانستییەوەو ئەو زاراوەیـەی کـە گوزارشـتی لێ دەکـات و پێناسـەکەی و ئـەو رەوتـەی تێیـدا هـاتووەو ئـەو سەرچـاوەیەی زانیاریـیەکانی لێ وەرگـیراون و بـەهای زاراوەکـە (واتـە ئەگـەر یـەکخراوە، یـان لەسـەری پێکهـاتوون، یـان پەسندکراوە یان پێشنیاز کراوە...تاد).

تۆمارسازیی زاراوە لە رووی شێوازی پێڕەویکراوەوە سێ جۆرە:

(١) تۆمارسازیی دەستیی زاراوە، بە بەکارهێنانی بلیت یان ئەو کارتانـەی لە کارتداندا ڕیز دەکرێن.

(٢) تۆمارسازیی میکانیکیی زاراوه، بە بەکارهێنانی مایکرۆفیلم و، مایکرۆفیش.

(٣) تۆمارسازیی ئەلەکترۆنیی زاراوه، بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ دامەزراندنی بانکی زاراوه.

١٠-"بانکی زاراوه"

ئەو گەشەکردنە مەزنەی زاراوە زانستی و تەکنیکییەکان و بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ چەسپاندنی زانیاری و دامەزراندنی ئەو بانکی زاراوانەی کۆمپیوتەر بەکاردێنن بۆ هەڵگرتنی زاراوەو چارەکاری و گێڕانەوەیان، بەپێی بەرنامەیەک، بەتایبەتی گەشەی پێکراوە بۆ مەبەستی ئەو دەزگایانەی چاودێریی زاراوە دەکەن و بایەخی پێ دەدەن، چەند بانکێکی تایبەتمەند پەیدا بوون، هەریەکەیان جۆرە زاراوەیەکیان تێدایە، بۆیە وا پێویست دەکات ئەو زاراوانە لە ناوخۆیاندا هاوکارییی یەکتر بکەن و لەسەر ئەو بنچینانە ڕێك بکەون کە بەپێی ئەو بنچینانە زاراوە هەڵدەگرن و دەشیان گێڕنەوە.

بانکەکانی زاراوە لە جیهاندا هێشتا بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، بەڵام هەندێکی تریان لە قۆناغی ئامادەکردن و نەخشەسازی و دروستکردندان.

"ڕێسا بنچینەییەکانی هەڵبژاردن و دانانی زاراوەی زانستی"

ئەگەر سەرنجی ئەو بەرنامانە بدەین، کە کۆڕە زمانی و زانستی و فێرگە زمانەوانییەکان دایانناون، دەبینین خەریکە هەموویان لە ناوەڕۆکدا کۆك بن لەوەدا کە چەند بنەمایەکی بنچینەیی هەیە بۆ هەڵبژاردن و دانانی زاراوەی زانستی پشتیان پێ دەبەستڕێ، کە نوێنەرانی کۆڕە زمانەوانییە عەرەبییەکان و مەڵبەندە زمانەوانییەکان و وەزارەتەکانی پەروەردەو فێرکردنی وڵاتە عەرەبییە بەشدارەکانی (کۆنگرەی یەکخستنی بەرنامەکانی دانانی زانستە زاراوەی نوێ)، کە بنکەی هاوئاهەنگیی بە عەرەبی کردن لە ڕۆژانی ١٨–٢٠ی شوباتی ١٩٨١دا لە ڕیبات سازی کرد، پاش تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی ئەو بەرنامەو تۆژینەوانەی لەلایەن توێژەرەوە و کۆڕە زمانەوانی و دەزگا تایبەتمەندەکانەوە ئامادەکرابوون بڕیاری ئەم بنەمایانەی خوارەوەی دا:

(١) پێویستە، گونجان، یان هاوبەشیی، یان لێکچوونێك لە نێوان (زمانەواتا) و (زاراوە واتا)ی هەردوو زاراوەیەکدا هەبێت، مەرجیش نییە، زاراوەکە، هەموو واتا زانستییەکەی خۆی بگرێتەوە.

(٢) دانانی یەك زاراوە، بۆ یەك چەمکی زانستیی هاو ناوەڕۆك لە یەك بواردا.

(٣) خۆپاراستن لە فرەواتایی یەك زاراوە لە بواڕێکدا و پەسندکردنی واژەی تایبەتمەندانە بەسەر واژەی هاوبەشدا.

(٤) پێداچوونەوەو بووژاندنەوەی کەلەپووری عەرەب، بەتایبەتی ئەو زاراوە زانستییە عەرەبییانەدا کە پێشتر بەکارهێنراون و ئەوانەی ئێستا دەتوانرێ بەکاربهێنرێن و ئەو واژە عەرەبێنراوانەیش کە هەن.

(٥) هاوڕەوتی بەرنامەی جیهانیی هەڵبژاردنی زاراوەی زانستی بین، لەمانەدا:

أ/ ئاگاداریی نزیکخستنەوی زاراوەی عەرەبی لە هی جیهانی بکەین، بۆ ئاسانکردنی بەراوردکاریی نێوانیان بۆ زانا و توێژەرەوە.

ب/ پشتبەستن بەپۆلێنی دەیی جیهانیی پۆلێنی زاراوە، بەپێی بوار و لقەکانی.

پ/ دابەشکردنی چەمکەکان و تەواوکاری و دیاریکردن و پێناسەو ریزکردنیان بەپێی هەر بوارێك.

ت/ بەشداریی تایبەتمەندان و بەکارهێنەران لەدانانی زاراوەدا.

د/ درێژەپێدانی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە، بۆ ئاسانکاریی پەیوەندیی نێوان زاراوەساز و بەکارهێنەکان.

(٦) بەکارهێنانی رێبازە زمانەوانییەکان لەدانانی زاراوەی زانستیی نوێدا، بەپەسندکاریی ئەم ریزبەندییە:

کەلەپوور، دانان (بەواتا فراوانکردن و داڕشتن و عەرەبانەدن و داتاشین)یشەوە.

(٧) پەسندکردنی وشە عەرەبییە رەسەنە باوەکان، بەسەر عەرەبێنراوەکاندا.

(٨) له ناچاریدا نەبێ، خۆپاراستن لـه وشـەی رەشـۆکی، مەگـەر لـەنێوان چـەند شـێوەیەکی زمـانی عەرەبیـدا هاوبـەش بـن، ئەوسـایش ئامـاژە بـۆ رەشۆکێتییەکەیان بکرێت و بخرێتە ناو دوو کەوانەوە.

(٩) پەسندکردنی شێوگی کورت و پاراو و روون و خـۆ دوورخسـتنەوە لـه واژە ناقۆلا و ناپەسندەکان.

(١٠) پەسندکردنی ئەو وشانەی بواری داڕشتنیان تێدایە.

(١١) پەسـندکردنی وشـەی تـاك، چـونکە داڕشـتن و لێ وەرگـرتن و خستنەسەر و کۆکرنەوەیان ئاسانە.

(١٢) پەسندکردنی وشەی ورد و ڕوون، بەسەر وشەی گشتی و نادیاردا و، چـاودێریی گونجـانی زاراوە عەرەبییەکـە، لەگـەڵ زانسـتە واتـای زاراوە بییانییەکەدا، بێ پابەندی بەبێژە واتای زاراوە بیانییەکەوە.

(١٣) لەباری هاو واتا و نزیکە هاوواتادا، ئەو واژەیە پەسند دەکرێت کـه رەگەکەی رووتر چەمکە بنەڕەتییەکە دەردەبڕێت.

(١٤) پەسـند کردنـی وشـەی بـاو بەسـەر وشـەی دەگمـەن یـان نـامۆ و نائاشـنادا، مەگـەر واتـای زاراوە زانسـتییەکە، لەگـەڵ واتـای بـاوی وشـەکەدا پێکداچوون و تێکەڵییەکی پەیداکردبێ.

(١٥) کە چەند واژەیەکی هاوواتا یان واتا لێك نزیك هەبوو، دەبـێ، واتـای وردی زانستیی هەریەکەیان دیاری بکەین و واژەی زانسـتیی بەرانبـەرەکانیان هەڵببژێرین، لەکاتی هەڵبژاردنی زاراوەی وادا پێویستە، هەموو واژە واتـا لێـك نزیك یان واتا لێکچووەکان کۆبکرێنەوەو هەموویان وەك کۆمەڵەیەك چارەسەر بکرێن.

(١٦) ئاگـاداریی ئـەو زاراوە و بنـەما زانسـتییانەی پسـپۆڕان لەسـەر بەکارهێنانیان رێککەوتوون، سا ئیتر عەرەبێنراو بن یان وەرگێڕدراو.

(١٧) دەبێ عەرەباندن، لە کاتی پێویست و ناچاریدا بێت، بەتایبەتی ئەو زاراوانـەی کـە شـێوگێکی جیهانییـان هەیـە، وەك واژە بنەچـە یۆنـانی یـان لاتینییەکان، یان ناوی ئەو زانایانـەی وەك زاراوە بـەکارهێنراون یـان تـوخم و ئاوێتە کیمیاییەکان.

(١٨) دەبـێ لـەکاتی عەرەبانـدنی واژە بیانییەکانـدا، چـاودێریی ئەمانـە بکرێت:

أ/ ئەگـەر واژە عەرەبێنراوەکـە، چـەند ئاخـاوتنێکی جیـاوازی هـەبوو لـە زمانە بیانییەکاندا، رەوانترینیان لەسەر زمان هەڵدەبژێرین.

ب/ شێوە گۆڕینی واژەکە، تاکو لەگەڵ شـێوگە عەرەبییەکـەدا گونجـاو و هەموار کراو بێت.

پ/ زاراوە عەرەبێنراوەکە، بەعەرەبی دابنرێت و پابەندی رێساکانی زمـان بێت و بۆ لێ وەرگرتن و داتاشین شیاو بێت، پێشگر و پاشگر بگرێتـە خـۆی و لەگەڵ شێوگی عەرەبیشدا بگونجێت.

ت/ ڕاسـتکردنەوەی ئـەو وشـە عەرەبییانـەی زمانـە بییانییـەکان شێواندوویانن و، بە بنەما پەتییەکەی خۆیان بەکاربهێنرێنەوە.

د/ دەبێ زاراوەکان بەگشتی و عەرەبێنراوەکان بەتایبەتی سەر و بۆریـان بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی و وردی و دروستی بئاخێورێن.

پێناسینی زاراوەی کوردی

پێویستە، هەموو بابەتێکی زمانەوانی، لە ڕوانگەیەکی نەتەوەییەوە شی بکرێتەوەو لێی بکۆڵدرێتەوەو هەڵبسەنگێنرێت، چونکە زمان گوزارشتی هەست و سۆز و ئاوێنەی بیر و هۆشەو بەدرێژایی ڕۆژگار، بنەما و دەستوورەکانی لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی و شێوازەوە لە بۆتەو هەناوی ژیاندا پەیدابوون و دەتوانین بڵێین، زمان نەتەوەیە و نەتەوەیش زمانە، بۆیە دەبێ بۆ پاراستنی لە دەستکاری و شێوەسازی و پینەکردنی، زمانزانی بەکاربهێنین و نابێ بە هیچ جۆرێك وشەی بیانی و زاراوەی ناڕەسەن و دەربڕینی نازگماك بخەینە ناو فەرهەنگی زمانی نەتەوەییەوە.

زمانەوانان، بەدرێژایی مێژووی زمانی مرۆڤ، یۆنانی بن یان رۆمانی یان هیی هەر نەتەوەیەکی تر، هەموویان لەسەر ئەوە کۆك و یەکدگیرن کە زاراوە "وشە"یە..، بەوەیش ڕووبەڕووی پرسێك دەبینەوە، ئاخۆ (وشە) بەپێی (ڕێزمان)، کە بڕبڕە پشتی زمانە، شوێن و پلە و پایەیەکی هەیە، یان ئاکامێکی ڕوالەتەو لە بنیاتنانی زماندا، ئەرکێکی ئەوتۆی نییە؟!، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە، زمانەوانە شوێنکەوتووەکانی (ئەرستۆتالیس)، لەو باوەڕەدان کە:

(وشە)، بەردی بناغەی زمانەو هەرگیز نابێ بەبێ بنەما و دەستوور سازبکرێت و واتاکەی بگۆڕدرێت، ئەرستۆتالیس بۆ دەستکاریکردنی واتای وشە، بەمەبەستی زاراوەسازی چوار بنەمای داناوە کە ئەمانەن:

(١) گواستنەوەی واتای وشە، لە رەگەزەوە بۆ جۆر.

(٢) گواستنەوەی واتای وشە، لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز.

(٣) گواستنەوەی واتای وشە، لە جۆرەوە بۆ جۆر.

(٤) گواستنەوەی واتای وشە، بەپێی ڕادەی پێوەندی.

شـوێنکەوتوانی (هـۆراس)ی رۆمـانی، لـەو بـاوەڕەدان کـە، ڕەسـەنی و ناڕەسـەنیی (وشـە) لـە بنیاتنـانی زمانـدا، گـرنگ نییـە، بۆیـە لـە میانـەی بەراوردکاریـدا، (وشـە) دادەنـێن بـە گـەڵای درەخـت و، (ڕێزمـان) بـە ڕەگ و ڕیشە، کـە لـە ڕاسـتیدا ئـەم هەڵسـەنگاندنە، لـە راسـتیی کێشـەکەوە دوورە، چـونکە (وشـە) لـە زەمینـەی (زاراوە)دا، پێوەنـدیی بـە هەسـت و نەسـت و سەرنج و تێڕوانینی نەتـەوەوە هەیـەو هـەرگیز هێمایـەکی بـێ گیـان و مـردوو نەبووە و نییە و نابێ.

بەو پێیە، کە (زاراوە) بە (وشە) بناسێنین، دەبێ (ئاوەڵنـاوی رەسـەن)ی بخەینە پاڵ و بڵێین:

"زاراوە، وشەیەکی رەسەنە" و، وشەیش بەگشـتی سـێ بەشـە: ئـامڕاز و ناو و فرمان و، لەبەرئەوەی ئامڕاز و فرمـان بـەزۆری بـۆ زاراوەسـازی دەسـت نادەن، دەبێ واژەی (وشە) لە پێناسەکەدا بکەین بە (ناو) و بڵێین:

"زاراوە، ناوێکی ڕەسەنە".

زمانەوانـە هاوچـەرخەکان، بـەپێی رێگـا دیاریکراوەکـانی ئەرسـتۆ، بـۆ گۆڕینی واتای (وشە) لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر، تێبینییان هەیەو رێگـای تر دەخەنە پێش چاو:

یەکـەم: فراوانکردنـی واتـای وشـە و بەزانـدنی سـنووری لـە چـەمکێکی تایبەتـەوە، بـۆ مەبەسـتێکی فـراوان، بـۆ نموونـە: زاراوەی (سەرچـاوە) لـە فەرهەنگدا، بۆ واتایەکی دیاریکراو کە (سەرچـاوەیەکی ئـاو)ە بـەکارهێنراوە، بەڵام لە بواری ڕووناکبیری و زانستیدا، بووە بە زاراوەیەکی ژیاریی بەربڵاو.

دووەم: تایبەتمەنـدکردنی واتـای (وشـە) و گواسـتنەوەی لـە بـوارێکی بەربڵاو و فراوانەوە بۆ ئەرکێکی دیاریکراو، بۆ نموونە:

وشەی (بەر)، بۆ بەری دار و درەخت و (بەر)ی –تۆپی ناوەوەی– پۆشاك و جـل و بـەرگ و سـنگ و (بـەر)ۆك و تـۆل، بزنەکـە (بـەر)ی هاویشـت، ژێـر، خواردە لە (بەر) مالآنەوە هات، پێش و پێشتر (بەر لە من) ڕۆیشت، پۆشین.. کەوام لە (بەر)ا بوو، لا، ڕۆخ، تەرەف.. ئەو (بەر) ملکی منە، ئەمبـەر زەویـی تۆپـە، ڕادە و ئەنـدازەو بارسـت، ئـەم کووتاڵـە (بـەر)ی پانـە، چـۆغەکەت (بەر)دارە یان بێ (بەر)، بەرهەڵدا (بـەرەڵا) و ئـازاد، لـە زینـدان (بـەر)بـووم، ئەسپەکە (بەر) بووە، پاشگری هەڵگر، کێش، (ڕەنجبەر، فرمانبەر، بارەبەر)، وەرگـر (میراتبـەر)، ڕووی تەماشـا، بـەم بـەرێ خودایـەدا، بـەهرەو داهـات، بەروبۆت ئەمسااڵ چۆن بـوو؟، بـەرورگ، تووکەبـەر، ڕووەو (بـەرەو سـلێمانی دەچم)، (بۆر)ی سەرتیپ، بەش، ئەوەندەم (بەر) ناکەوێ..تاد

کـە بـۆ (بـەر)ی پۆشـاك بـەکاری بهێـنین و بیکەینـە (زاراوە)، واتـا گشتییەکەی تەنگەبەر دەکەین و بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکاری دێنین.

سێیەم: گواستنەوەی (وشە) لە (واتا)یەکەوە بۆ (واتا)یـەکی تـر، لەبـەر جـۆرە پێوەنـدی و لێکچـوونێك، (ڕێنـووس)، واتـا ڕاسـتەقینەکەی بـەهۆی

لێکچـوونەوە بـووە بـە (زاراوە)یـەک، بـۆ دەربڕینـی ڕێ و شـوێن و شـێوازی نووسین.

لەو ڕووەوە کە (وشـە) لـە زەمینـەی (زاراوە)دا، پێوەنـدیی بـە هەسـت و نەست و سەرنج و تێڕوانینی نەتەوەوە هەیەو هەرگیز هێمایـەکی بـێ گیـان و مـردوو نییـە، زانـای بـەناوبانگ (بروکـا) لـەم ڕووەوە دەڵێـت: "مەڵبەنـدی ئاخاوتن، لە توێی سێیەمی لای چەپی مێشکی مرۆڤدایەو مرۆڤ هـەر وشـەیەک لـە نەتەوەیەکـەوە فێـر دەبێـت، لـەو مەڵبەنـدەدا تۆمـاری دەکـات و لـەکاتی پێویستیدا، بیری دەکەوێتەوەو بۆ ئاخـاوتن و گفتوگـۆ لەگـەڵ هـاو زمانانیـدا بەکاری دەهێنێ، بۆیە (وشە بەکارهێنان)، کارێکی هۆشمەندانە و دەروونییەو بەدوو هەنگاو جێبەجێ دەبێت:

یەکـەم: هـەنگاوی تۆمـارکردنی زاراوە لـە مێشـکی مرۆڤـدا، کـە لـە ڕێـی یەکێک لە هەستیارەکانەوە، لە ژینگە وەردەگیرێ و وەک دەنگە هێمایەک، لـە بری کەرەسە ناولێنراوەکەی دەچەسپێنرێت.

دووەم: هەنگاوی هەژاندنی زاراوەکەیە، لە تۆمارگەکەیەوە، کاتێـک مـرۆڤ هەست بەو کەرەسە ناو لێنراوە دەکات و دەیەوێ لێی بدوێت.

ئەم دوو هەنگاوەی زاراوە وەرگرتن و بەکارهێنانی، ئیسپاتی دەکـەن کـە زمانی نەتەوەیی، زەمینەیەکی بێ خاوەن نییە و بـێ بنـەما ڕەشـەبا لـەملا و لەولاوە تۆوی ناهەمواریی پێدا بوەشێنێ، بەڵکو سەرچاوەی نـەمری و ژیـانی کۆمەڵە.

لەم بوارەدا، زۆر لە مێژە (الشريف الجرجانى) زاراوەی پێناسە کردووە و وتوویەتی: "زاراوە، رێکەوتنی کۆمەڵە کەسێکە لەسەر ناونانی شتێك یان کارێك، بە وشەیەك کە لە (واتا)یەکەوە گواستراوێتەوە بۆ (واتا)یەکی تر."

دوای ئەو زانایە، (الكفوي)، لەسەر هەمان رەوت هەنگاوی ناوە و بە دووبارەکردنەوەی وتەکانی (الجرجانى) زاراوەی پێناسە کردووە و چەند روونکردنەوەیەکی نوێی خستۆتە سەر لایەنەکانی پێناسەکەو وتوویەتی:

(زاراوە)، وشەیەکی تایبەتە، لە یەکێك لە بابەتەکانی زانیاری و زانست و پووناکبیری و شارستانێتی دەدوێ و لە کاروباری رۆژانەدا، بەهۆی ئەوانەوە کە پێوەندییان بەو بابەتانەوە هەیە بەکاری دەهێنن، بێگومان پێناسەکەی (جرجانى) و روونکردنەوەکەی (کەفەوی) دەربارەی زاراوە، هەموو شتێك لەم رووەوە پێکناهێنن، چونکە ئەمانە هەموویان سەرەتایەك بوون بۆ رەچاوکردنی پێناسینی (زاراوە)، بەڵام ئەم سەرەتایەو ئەوەی لەبەر پووناکییەکەیدا ئەنجام دراوە، ئێستا پێکەوە یەکانگیر بوون و چوار جیاوازییان بۆ چەمکی زاراوە دەستنیشان کردووە:

یەکەم: ئیسپاتی دەکات، کە زاراوە جۆرە وشەیەکە.

دووەم: پوونی دەکاتەوە کە زاراوە چەند کەسێك سازی دەکەن و بۆ ئیش و کاری تایبەتیی خۆیان بەکاری دێنن.

سێیەم: ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە زاراوە واژەیەکی نوێیە، دوو واتا یان زۆرتری هەیە.

چوارەم: ئەو لێکدەداتەوە، کە ڕێبازی سەرەکیی دانان و سازکردنی زاراوە، گواستنەوەی وشەیە، لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی نوێ، کەوابێ هەموو وشەیەك زاراوە نییە، بەڵام هەموو زاراوەیەك وشەیەو ئەو وشەیەیش،

سنوورێکی تەسکی هەیە، چەند کەسێك لە کۆڕێکی ژیاندا پەرژینیان کردووە و لە وشەی فەرهەنگییەوە وەرگیراوە.

لەم کورتە باسەوە، دوو شتی سەرەکیمان بۆ دەردەکەوێت:

(١) زاراوەساز، یەکێك یان زۆرتری دەستەیەکی پسپۆڕ و خاوەن جۆرە تایبەتمەندییەکە، لە کۆڕێکی زانیاری یان ژیانیدا.

(٢) زاراوە، لە بوارێکی تایبەتی و مەودایەکی دیاریکراودا بۆ دەربڕین بەکاردێت، بۆ نموونە:

زاراوەی (رێزمان)، زمانەوانێك یان زۆرتر سازیان کردووەو لە بابەتێکی زمانیدا بەکاری دێنن و، زاراوەی سێگۆشەزانی، سازکارانی، بۆ بەکارهێنانی خۆیان لە بواری بیرکاری و ئەندازیاریدا سازیان کردوون، رەنگە ئەم دوو خاڵە، لە زاراوەسازیی کوردیدا شوێنی مشتومڕ بن، چونکە دەبینین کە خەڵکی ناشی و ناتایبەتمەند، زاراوە ساز دەکەن و زاراوەسازانی کورد لەم کارەدا هەموو یەکگرتوو نین، بۆیە لەم بوارەدا دوو دیاردەی نابەجێ بەرچاو دەکەون:

یەکەم: بە هەڵە داتاشینی زاراوە.

دووەم: دانانی لە زاراوەیەك زۆرتر بۆ یەك واتا.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی کە:

(١) زاراوەی کوردی، ناوێکە، دەشێ (سادە) و دەشێ (ناسادە)یش بێت.

(٢) ئەم (ناوە)، وشەیەکی کوردیی رەسەنە.

(٣) پێویستە، لەنێوان زاراوەو واتاکەی پێشوویدا، جۆرە پێوەندییەك هەبێت.

(٤) دەبێ (زاراوە)، کە بەر رووناکیی یەکێك لـە ڕێبازەکـانی پەیـدابوون و سازکردنی (وشە)ی کوردیدا ساز کرابێت.

(٥) دەبێ (هەر زاراوەیەك)، تەنیا بۆ (یەك مەبەست) دانرابێت.

(٦) نابێ خەڵکی ناشی و ناتایبەتمەند لە زمان و بابەتێکدا (زاراوە) سـاز بکەن.

(٧) (زاراوە)، تایبەتـە بـە بابـەتێك، یـان لایـەنێکی زانیـاری و ژیـاری و ڕووناکبیری.

کەواتە، لەبەر ڕووناکیی ئەم حـەوت خاڵـەدا، دەتـوانین زاراوەی کـوردی، بەم جۆرە پێ بناسین:

"نـاوێکی ڕەسـەنە، لـە فەرهـەنگی نەتەوایـەتیی کوردییـەوە، بـەپێی ڕێبازێکی وشەسازیی کوردی، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، لە کۆڕی پسـپۆڕیدا، سازکراوە".

سەرچاوەکان

١ـ ئیبراهیم ئەمین باڵدار، زاراوە و زمان لە کاروانی زانیاریی ئەمڕۆدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٤)، ساڵی ١٩٨٧، لاپەڕە (١٥٤–١٦١).

٢ـ د. کامیل بەسیر، پێناسینی زاراوە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١)، ساڵی ١٩٨٦.

٣ـ د. نەسرین فەخری، ڕێبازی بە کوردی کردنی زاراوە، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٤)، ساڵی ١٩٨٧، لاپەڕە (١٢٣–١٦٢).

٤ـ أحمد شفيق الخطيب، معجم المصطلحات العلمية والفنية والهندسية، المقدمة، الطبعة الاولى ١٩٨٧.

٥ـ الكتور محمد ضاري حمادي، مقال ـ مجلة المجمع العلمي العراقي، المجلد الحادي والثلاثون (٢)، لسنة ١٩٨٠، ص(١٦٢–١٨٩).

٦ـ الدكتور ابراهيم السامرائي، العربية تواجه العصر، سلسلة الموسوعة الصغيرة، العدد (١٠٥)، لسنة ١٩٨٢.

٧ـ الدكتور علي القاسمي، مقدمة في علم المصطلح، سلسلة الموسوعة الصغيرة، العدد (١٦٩)، ١٩٨٥.

ملخص البحث

المصطلح واللغة

جمال عبدول

إن التطور السريع في العلوم والتكنولوجيا أدّى الى إزدياد عدد المفاهيم التي لاتتسع لها الألفاظ اللغوية، وكان لابُدّ من البحث عن وسائل علمية تـنظم عمليـة وضع المصطلحات التي تعبّر عن المفاهيم بدقة، ومـن هنـا نشـأت المصـطلحية (علم المصطلح) في القرن المنصرم وهي علم مشـترك بـين اللسـانيات والمنطـق وعلم الوجود والإعلامية وحقول التخصص العلمـي، وأدّى ازديـاد المصـطلحات ازديـاداً هـائلاً إلى اسـتخدام الحاسـب اللألكترونـي وإنشـاء بنـوك المصـطلحات لتوثيق المصطلحات وجمـع المعلومـات المتعلقـة بهـا كمصـادرها والمؤسسـات العاملة في هذا المجال. ولاحاطة القاريء بأفكار جوهرية عن تلك الأمـور، تنـاول البحث موضوعات تتضمن معلومـات أساسـية حولهـا مـن عناوينهـا الرئيسـية: (حول وضع المصطلح العلمي وتطور اللغة، مقدّمة في علـم اللغـة الحـديث، اللغـة العلمية، النظرية العامّة لوضع وتوحيـد وتوثيـق المصـطلح، القواعـد الأساسـية لاختيار ووضع المصطلح العلمي..... الخ).

Abstract

TERMINOLOGY AND LANGUAGE

The swift advancemenr in science and technology led to an increase in linguistic concepts, which inevitably set the quest for the systematic coining of terms to express them as precisely as possible. Hence the emergence of the science of terminology in the last century, a discipline which combines linguistics, logic, ontology, journalism and scientific disciplines.

This enormous increase in terminology gave birth to the use of computers, and the establishment of terminology banks to record, gather and document any relevant information.

In order to acquaint the readers with the essential ideas about terminology, this study deals with all that is intrinsic to the topic as indicated in subheadings, such as: scientific terminology and development of language, an introduction to linguistics, the language of science, the coining and unifying of terminology, the basis for selection and others.

ئاشنانەوە لە کوردستاندا

دانراوی
مامۆستا مەلا وەسیم

محەمەد عەلی قەرەداغی

پێشەکی

دۆزینەوەی هەر دەستخەتێکی کۆنی مامۆستایانی کورد هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی ونبوو و شاراوەی مێژووی ئەدەب و رۆشنبیریی و کولتووریی کوردە، بایەخ و سوودی ئەو لاپەڕەیەش خۆی لە بە بایەخی ئەو دۆزراوەدا دەنوێنێ کە تازە سەر هەڵدەدا.

دیاریی ئەم جارەم دۆزینەوەی لاپەڕەیەکی کەم وێنەی مێژووی ئەدەب و زانستی کوردە، لاپەڕەیەك بە بیری منداا نەهاتووە ـ و باوەڕیش ناکەم بەبیری رۆشنبیراندا هاتبێت ـ کە مامۆستایانی پێشوومان خۆیان لە قەرەی کاری وا دابێت.

ئەم دۆزینەوەیە رەنگە ـ نەك بە پێوانی بارودۆخی رۆشنبیری کورد ـ بە پێوانی رۆشنبیری گەلانی جیهانیش دەستپێشخەرییەکی کەموێنە بێت. مامۆستایەکی کورد پێش زیاتر لە (٢٣٠) ساڵ بیر لەوە بکاتەوە باسێکی

تێروتەسەل و تەڕ و پاراو و بەپێز لەسەر دروستکردنی ئاش بنووسێت، کە تا ئێستە من وێنەیم نەدیوە و، رەنگە وێنەیشی نەبووبێت.

سەرەتا چەند خاڵێك لە بایەخی ئەم کارەدا دەنووسم:

یەکەم: کارەکە بە زمانی کوردییە.

دووەم: کارەکە تاکۆتایی کە لە ٢٧٥ بەیت زیاترە لەسەر یەك قافیە و سەروا رۆیشتووە، کە ئەمە خۆی ـ نەك لە شیعری تەعلیمیی ـ لە چامەی ئەدەبی کوردیشدا کەمویێنەیە.

سێیەم: لە نووسینێکی زوومدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە دەڕاسە و، تەرەکتۆر سەدان وشەی رەسەنی کوردیی جووت و گا و دروێنە و خەرمانکوتانیان پێچایەوە[١]، لەم نووسینەیشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی (ئاشە مەکینە) هەگبەیەك وشەی رەسەنی کوردیی کە لە ئامرازەکانی ئاشی ئاو پێکدەهاتن پێچایەوە و، ئەم نامیلکە تۆمارگەیەکی بە ئەمانەتی ئەو وشە رەسەنانەیە کە ئەگەر ئاوا نەبوایەت و پێش ئەوەی مەبەست و واتاکانیان لە بیربچێتەوە بمانزانیایەن و فەرهەنگۆکمان بۆ بکردایەن، دەیان وشەی رەسەنی کوردیمان دەخستە سەرخەرمانی فەرهەنگی کوردیی و بۆ بەرامبەریی چەندین شت کە رەنگ بێ بۆ بەرامبەریان دابمێنین، بە کارمان بهێنایەن[٢].

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، چەند لکێك لە زمانی سێبەری ئەسپە شێدا.

(٢) زانایانی عەرەب کە بە درێژیی لەسەر زانستی عەرووزی عەرەبیی رۆیشتوون و ناویان بۆ بەحرەکانی داناوە ناوەکانیان بەزۆریی لە ئامرازەکانی دەوار وەرگرتووە، چ دەبێ ئەگەر ئێمەیش لە ئامرازەکانی ئاش ناو بۆ چەند کەرەسەی پیشەسازیی سەردەم دابنێین؟

دانەری ئەم کتێبە کێیە؟

دانەری ئەم کتێبە خۆشبەختانە لەکۆتایی کتێبەکەیەوە لە دوو لایەنی پڕ بایەخ دەدوێ ـ با بەکورتیش بێت ـ کە هەردووکیان بۆ ئێمە مایەی شادمانیی و جێگەی سوودن:

یەکەمیان: مێژووی دانانی کتێبەکەیەتی کە لەو بارەوە نووسیویەتی:

سەنە هەزار و صەد و نەوەد بی
هەفت سالّی هەنی هەم چاگە و دمای
[جە رعافنە و راوم!] کەردەن
هیچ کەس نەواچۆ پەی چێش ژاویای؟

بەم پێیە سالّی (١١٩٧ك/ ١٧٨٢ز) کتێبەکەی داناوە.

لە دوای ئەمەیشەوە لە بەیتێکدا ناوی خۆی ئاوا نووسیوە:

واو، سین، ی، میم، ئەرجوو دارۆ
پەرێش بوانان سوورەی دۆعای

بەگوێرەی سەرەتای ئەم بەیتەیش ناوی پێکهاتووە لە (و س ی م) کە دەکاتە (وەسیم).

بەلاّم ئەو وەسیمە کێیە؟ دوای گەڕان بە سەرچاوەکاندا و پشکنینی ناوی زانایان، ناوی دوو وەسیم ناو دەبینین: شێخ محەمەد وەسیمی یەکەم کە سالّی (١١١٨ك/١٧٠٦ز) لە دایك بووە، سالّی (١١٧١ك/١٧٥٧ز) کۆچی دوایی کردووە. محەمەد وەسیمی دووەم کە سالّی (١٢١٩ك/١٨٠٣ز) لە دایك بووە و

سالّی (١٢٧٥ك/١٨٥٨ز) کۆچی دوایی کردووه[٣]. بەلأم بەپێی ئەو مێژووەی کە لە کتێبەکەدا نووسراوە، ئەم دانراوە بۆ مێژووی هیچ کام لەو دوو محەمەد وەسیمە دەست نادات. چونکە مێژووەکە پێش لە دایکبوونی دووەم و دوای مردنی یەکەمە. مێژووی نووسینەوەی کتێبەکەیش کە لە سالّی (١٢٣٣ك/١٨١٧ز)ە پالّپشتی ئەوە دەکات کە بۆ محەمەد وەسیمی دووەم دەست نادات.

ئەگەر هەڵەیەک یان ئالّۆزییەک لە نووسینەوەی دەستخەتەکەدا لە شوێنی مێژووەکەدا هەبێت ئەوە دەگونجێ بۆ شێخ محەمەد وەسیمی یەکەم بێت، ئەمەیش دوور نییە، چونکە ئەم شێخ محەمەد وەسیمە گەلێ دانراوی جۆراوجۆری لەگەلّ بابەتدا بەشێوەی گۆرانیی هەیە و، دەکرێ ئەمەیش یەکێك بێت لە دانراوە نەزانراو و باسنەکراوەکانی.

خۆ ئەگەر ئەمە نەچێتە سەر دەبێ بڵێین: لەنێوانی ئەو دوو شێخ محەمەد وەسیمەدا وەسیمێکی دی هەیە کە تائێستە نەناسراوە و، ئەویش پیاوێکی زانا و بە توانا و خاوەن بەرهەم و دانراوی شاکاری وەك ئەم نامیلەکە بووە کە لەبەردەستماندایە. لەم حاڵەدا دەبێ بە چاوەڕوانیی بمێنینەوە تا یان نوسخەیەکی دی دەست دەکەوێت و مێژووەکەیمان بۆ روون دەبێتەوە، یان ناوی شێخ وەسیمی دانەری ئەم کتێبەمان ـ ئەگەر جگە لە یەکێك لەو دووانە بێت ـ لە سەرچاوە و شوێنگەلی دییەوە بۆ روون دەبێتەوە.

---

(٣) بڕوانە: بابا مردوخ روحانی شیوا، تأریخ مشاهیر کرد، سروش، تهران، خیابان استاد مطهری، نبش خیابان دکتر مفتح، ساختمان جام جم، چاپ اول، ١٣٦٤، ل٢٣٧، ٤٠٥.

باسێکی دەستخەتەکە

ئـەم دەسـتخەتە بریتییـە لـە دەسـتخەتێکی کـۆنی شـڕی پـەرپووتی دڵۆپەلێدراو، بەگوێرەی رەنگی لاپەڕەکانی بەلای کەمییەوە دوو تـا سـێ جـار دڵۆپە لێیداوە و، تەڕ بووە و خووساوە، بـەلأم خۆشـبەختانە مەرەکەبەکـەی ئەوەندە چاك بووە و چاك گیراوەتەوە ئەو هەموو تەڕبوونە نەیشـۆردوەتەوە، هەر چەندە هەندێ شوێنی تێکەڵ و پێکەڵ کردووە.

شیرازەی پساوە و لێی لەناوچووە، کەسێك هاتووە چەند پەڕەی دی، کـە لە ناوەڕۆکدا لە یەك ناچنی هێناوە، لەپێشی ئەو دانراوەوە داینـاوە، ئەو چەند پەڕە لە باسی شەرحی چل فەرموودەی پێغەمبەر ـ د ـ و هەندێك صەلأواتدان. بـەلأم کاغـەزەکانی ئەوەنـدە خـراپن پـواون و لـە خۆیانـەوە دەکـەون و هەلّدەوەرن. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەو نامیلکەیە کە لە باسی ئاشنانەوەدا نووسراوە.

دەستخەتەکە لە سەرەتاوە لێی کەوتووە و ـ هەرچەند وا دیارە زۆر نییە ـ نازانین چەندی لێ کەوتووە.

دووبارە خۆشبەختانە کاغەزەکەی ئـەم جۆرەکـەی جیایـە و باشـتر خـۆی گرتووە و دوای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەری هـاتووە هێشـتا هـەر باشـە و زۆر نەڕزیوە.

ئـەم باسـی ئاشـنانەوەیە ٢٤ لاپەڕەیـە، پێوانەکـەی (١١×١٥)یـە، ناشـارەزایانە و بـە بـەن و پـەتێکی ئەسـتوور لـە پێسـتێکی قـاوەیی دووبـەر گیراوە. هەر چۆن هەیە ئەو پێستە پاراستوویەتی.

سەرەتای نامیلکەکە نەماوە و، رەنگە پەڕەیەك یان زیاتری لێ کەوتبێت.

کۆتاییەکەی ماوە، نووسەرەوەکەی لە کۆتاییەوە نووسیویە:

"تمت شد فی يد الحقير الفقير فتح الله بن عبدالله سنه (١٢٣٣هـ/١٨١٧م)".

كه جارێكی دی چاو بەم دەستخەتەدا بگێڕێنەوە بۆمان دەردەكەوێت كە مامۆستای نووسەرەوەی دەستخەتەكە ـ كە دیارە دانەرەكەی نییە ـ بە خەتێكی خۆشی خۆشخوێن دەستخەتەكەی نووسیوەتەوە، بۆ گەلێك لەو وشانەی خوێندنەوەیان ئاسان نییە، یان خوێندنەوەیان رووبەك زیاتر هەڵدەگرێت، سەر و بۆری كردووە و، كارئاسانیی بۆ هێنانەوە سەر رێنووسی ئەمڕۆی كردووە.

لە دەستخەتەكەدا هەندێ ـ با كەمیش بن ـ نیشانەی سەرەتای رێنووسی كوردیی دەبینرێت، وەك بەكارهێنانی (٥) هێی خڕ لەباتی (فەتحە ـ سەر).

هەندێ وشەی سەرنجڕاكێش لە رووی نووسینەوەوە لە دەستخەتەكەدا دەبینرێن، وەك (بەیتەور) لەو نووسینە كۆنانەدا من دیومن هەموویان (بیطور = بەیطەور) نووسراوە، بەڵام ئەم مامۆستا ـ ئیتر نازانم هەر دانەرەكەی وای نووسیوە یان داهێنانی نووسەرەوەكەیە ـ تێكڕا بە (بەیتەور) نووسیویەتی.

هەروەها لە هەندێ شوێندا وشەی لە تەك وشەی دیدا لكاندووە بە یەكەوە، بۆ نموونە (زیادشكرە) ئەمە لە دەستخەتەكانی دیدا وام نەدیوە بەڵكو (زیادش كرە ـ زیادش كەرە) نووسراوە. هەروەها (یكتمن) لەباتی (یەك تمەن) و وشەگەلی دیكەیش.

هەروەك دیاردەیەكی دی: بۆ هەموو ئەلفێكی درێژ وەك: (دار)، (ئاچۆ)، (ئارد)، (ئاو)، (هاران) گەلێ جارنیشانەی (مەد ـ درێژ)ی بەم شێوە (آچو، آرد، آو، هارآن) داناوە. جاری وایش هەیە بواردوویەتی. بەڵام بۆ ئەلفی كورت وەك: (ئەگەر)، (ئیمجار)، (ئەر)، (ئەوەڵ).... هیچی دانەناوە و هەر (اگر، ایمجار، ار، اول...)ی نووسیوە.

کارێکی دیش هەیە رەنگە تایبەتمەندی ئەم دەستخەتە بێت، ئەویش ئەوەیە (واوێك هەیە لە زاراوەی گۆرانیدا دەلکێنرێ بەدوای وشەوە وەك (وەختو)، (چارەکێو)، (ئەصلو) کە واوی عەطف نییە لەم دەستخەتەدا بە زۆری لکێنراوە بە وشەکەوە.

مێژووی ئاش لە کوردستاندا

رەنگە زیادەڕەویی نەکەم و دوور نەڕۆم ئەگەر بڵێم: ئاش کۆنترین پیشەسازییە لە کوردستاندا. بەڵام بەداخەوە لا لەم بارە بە نرخەی ژیانی کوردەواریی نەکراوەتەوە و، تائێستە من نەمدیوە بەشێوەیەکی شیاو و رەسا لەسەر ئەم پیشەسازییە نووسرابێت.

کە دەڵێم: ئاش کۆنترین پیشەسازییە لەوەوە بۆی دەچم کە مرۆڤ ـ هەموو مرۆڤ، دیارە کوردیش ـ راستەوخۆ ژیانی بەسراوە بەو پیشەوە، چونکە هەر کەسێ لوێچێ گەنم یا جۆ یان هەرزن یا گاڵی بووبێ کە ویستبێتی بیکات بە نان یان کولێرە یان بە گێتکە، پێویستی بەوە بووە بیهارێت و بیکات بە ئارد، ئەمەیش بە دەستاڕ یان بە ئاش کراوە و، دەستاڕیش کەمتر، چونکە رەنجی زۆری دەوێت و بەرهەمی کەمیش دەدات.

هەروەك مێژووی ئاش بەگشتیی نازانین، نایشزانین مرۆڤ لە درێژایی ژیانیدا چەند جۆر ئاشی داهێناوە و بە کاری هێناوە بۆ پێویستی هاڕینی دانەوێڵە، چونکە مەرج نییە لە هەموو شوێنێکدا بارودۆخ گونجاو بووبێت بۆ ئەو ئاشنانەوەی تا سەردەمێك لەمەوپێش لە کوردستاندا دەوری هەبوو.

ئەوەتا مامۆستای دانەری ئەم نامیلکەی باسی دەکەین، ناوی چەند جۆر ئاش دەهێنێ، کە دەمێکە لە کوردستاندا یان هەر باویان نەبووە یان باویان نەماوە، لەم رووەوە نووسیویە:

وا چـــوو: ئاســـیابی چـــەندێ نـــەوعێنی
هـــەم چـــنای نـــەوعێ مەبۆشـــان نیـــای!
یـــەکێ زەنبـــوورەك، یـــەکێ تـــەنوورەن
یـــــەکێ مـــــەگێلۆ تـــــیرش لاوەلای
یـــەکێ بـــە ئەســـپ و ئێســـتر مـــەگێلۆ
یـــــەکێ ناونـــــە، یـــــەك ئاســـــاوو وای
ئـــەمما جـــەی مـــەکان نـــاوە باونـــە
چـــون ئاســـانەنە پـــەی هـــیچ نـــەزانای

مامۆستامان لێرەدا ناوی چوار پێنج جۆر ئاش دێنێ کە ئێمە ناویانمان نەبیستووە و، دوا ناویان کە ئاشی ئاوە دەفەرموێ: ئەمەیان لە هەموویان ئاسانترە و بۆ خەڵکی سادە و هیچ نەزان ئەرك و زەحمەتی زۆری ناوێ.

دووبارە زیادەڕەویی ناکەم ئەگەر بڵێم: هەموو گوندێکی کوردستان ئەگەر چەند ئاشی تێدا نەبووبێت ئاشێکی تێدابووە، دیارە مەبەستم ئەو گوندانەیە کە بارودۆخیان لەبار بووە بۆ ئەوەی ئاشیان تێدا بنرێتەوە.

رەنگە ئەم ئاشەئاوانەیش بکرێن بە دوو سێ بەشەوە: بەشێکیان هەر ئاشی زستانە بووە و، کە کەوتوونەتە بەهار و ئاو کز بووە، ئەو ئاشانەیش ئاویان کەوتووە و، پەکیان کەوتووە.

هەر بە بیرەوەریی من لە زادگای مندا ئاشی زستانە هەبوو، کە زستان ئەهات و ئاو زۆر دەبوو ئەو ئاشە ئەنرایەوە و کاری ئاوایی و چەند شوێنی دیکەیشی مەیسەر دەکرد، تا بەهار دەهات و وردە وردە ئاو کز دەبوو، ئەوسا دەبوایە باراش بۆ شوێنی دوور ببرایەت و، لەوێ نۆرەی بۆ بگیرایەت، تا نۆرەی نەهاتایەت بۆی نەبوو باری خۆی لێ بکات و، پەندی (ئاش و تەنوور بە نۆرەیە) لەوەوە هاتووە، هەروەها پەندی (دەوەن بە ئاش)یش.

هەر بە بیرەوەریی من دوو سێ ئاش هەبوون کە هاوین و زستانیان بۆ نەبوو، ئاوی بنەوانەکانیان زۆر بوو، هەمیشە ئاشگێڕ زیاتر ئاویان پیا دەهات و ئاشەکان پەکیان نەدەکەوت، وەک: ئەستێڵ و، بانی خێڵاڵ و، دەرەدۆین و، پساکان... ئاشی ئەم شوێنانە هەمیشە لە گەڕدا بوون و ـ بەتایبەتی لە هاوین و پایزدا ـ خەڵك لە شوێنی دوورەوە باراشیان بۆ دەبردن و نۆرەیان تێدا گیرا بوو.

رەنگە بێ جێ نەبێ ئەگەر بڵێم: بە (شنۆ) گوتراوە (چلاش) ئەمەیش لەوەوە هاتووە کاتی خۆی چل ئاشی تێدابووە.

(ئەمەم لە کەشکۆڵی صەدباریی و دەمی مامۆستا حەمە بۆر وەرگرت).

هەر لەو شوێنە ئاودارانەدا، وا بووە چەند ئاشی بە ڕز تێدا نراوەتەوە و، شوێنی وا بووە پێیان وتووە: حەوت ئاشان، وەك گوند هەبووە بە ناوی (ئاشەوا) کە چەندین ئاشی تێدا بووە[٤].

---

(٤) ئاشەوا: ئێستە هاوینە هەوارێکە لە ناوچەی بادینان، لە کۆندا چەندین ئاشی تێدا نراوەتەوە، چونکە شوێنەکە لێژ بووە و ئاوی زۆر بە خوڕ لەسەرەوە هاتووەتە خوارەوە. ناوەکەیشی دەگونجێ لەوەوە هاتبێت کە دەڵێن: حەسەناوا، عەلیاوا، ئاشەوایش بەوە ناونرابێت کە بە ئاش و بۆ ئاش ئاوەدان کراوەتەوە. ←

خۆ ئەگەر بە وردیی سەرنجی مۆزەخانەکان بدەین، یان بە شوێنە کۆنەکاندا بگەڕێین نموونەی هاڕینی سەرەتایی جۆراوجۆر هەبووە و ئێستەیش تاك و تەرایان ماوە. بە بیرەوەریی من لە خواروویی گوندی تەکیەوە بەردێکی گەورە هەبوو ناوەکەی چاڵ کرابوو پێیان دەگوت (هارە گلیلەکە). هەروەها ئێستەیش لەسەر تەختی قەلای (باوەکورۆیی) دوو سێ چاڵ هەن کە باش دیارن کاتی خۆی شتیان تێدا هاڕراوە.

کاری من لەم دەستخەتەدا

کە ئەم دانراوەم دەستکەوت و چاوێکم پێداگێڕا و ئەمسەرە و سەرێکیم کرد و لە بابەت و ناوەرۆکەکەی گەیشتم، ماوەیەك دامنا و نەموێرا خۆم لە قەرەی ئەوە بدەم شتێکی لە تەکدا بکەم، چونکە ناوەرۆکەکەی ـ نەك بە من ـ بە رۆشنبیرانی ئەمڕۆ نامۆیە و، وشە و زاراوەکانی زۆر بە کەمیی لە فەرهەنگە کوردییەکاندا هەن و، کەسانێکیش کە مانای ئەو زاراوانە بە دروستیی بزانن،

هەر بە بۆنەی ئاشەوە کاکە حەمە بۆر دەڵێت: لای سلێمانیدا ئاشێ بووە پێیان وتووە (ئاشە پەپوولە) لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا کە سلێمانیی بوردومان کراوە، شێخ بارەگای گواستوەتەوە، یەکێك لەو شتانە گەنجینەکەی بووە، کە هەر چی پارە و لیرەی هەبووە لە سێ سندووقدا بووە، نراوە لە هێسترێك و زەلامێك رەشووی هێسترەکەی راکێشاوە، تەیارە هاتووە بۆردومانی کردووە، ئەو زەلامەی هێسترەکەی راکێشاوە بەرکەوتووە و کوژراوە، ئەو چەکدارانەیش لە تەکیدا بوون پەرتەوازە بوون و خۆیان شاردوەتەوە، هێسترەکەیش بەلەسە بووە و خۆی کردوە بە ئاشە پەپوولەدا، خاوەن ئاشەکە کە (.....) بوون بارەکەیان خستووە و، گەنجینەکەیان شاردوەتەوە و، دوایی هەر چەند ئەشکەنجەیان داون و، بەندیان کردوون نەچوونەتە ژێر و، ئەو سامانەیان بۆ خۆیان چەپاو کردووە.

هەر بەو بۆنەوە دەڵێم: لە دەوروبەری گوندی تەکیەی زادگای مندا چەند ئاش هەبووە لەوانە: ئاشی بەرانبەر، ئاشی کووڕە، ئاشی دوودەر.

ئەگەر مابن، دۆزینەوەیان ئاسان نییە و، بابەتی وا تا ئێستە لە رۆشنبیریی و ئەدەبی کوردیدا بلاوونەکراوەتەوە، تا پەنای بۆ بەرم و بەراورد لەنێوانیاندا بکەم و شتێك بە شتێك بکەم. بۆ نموونە ئەگەر ئەمە باسی راووشکار، یان سەیرانی کێژان و سەردانی مەزار، یان باسی گوڵ و نەوسوەیل و بەهار، یان باسی کەژ و کۆ و نسار و لالەزار، یان باسی چنار و تافگە و جۆیبار... بوایەت چەندین نموونەیان لە دیوانی شاعیرانی کۆندا هەیە و، پەنام بۆ ئەو بابەتانە لەو دیوانانەدا دەبرد و لەبەر رۆشنایی ئەواندا ئەمیشم شتێك لێ دەکرد، بەڵام نەبوونی هیچکام لەمانە پشتی سارد دەکردمەوە و دەستم لە عاستی قەڵەمدا گۆی نەدەکرد.

ماوەی چەند مانگێك دەستخەتەکەم وەك خۆی دانا، بەڵام دوایی گوتم: ئەگەر هەر ئاوا دایبنێم دەبێ چارەنووسی چی بێت؟ دەبێ دوای من کەسێك ببێت لە من باشتری لێ بزانێت و کاری باشی بۆ بکات؟ گومانم لەمانەدا هەبوو، بۆیە گوتم: باچیم بۆ دەکرێت بیکەم و، بە هەڵە و ناتەواویشەوە بێت بیخەمە بەردەستی رۆشنبیران و، ناوی بەگوێی رۆشنبیراندا بدەم، لەوە باشترە بە چاوەڕوانیی چارەنووسی نادیارەوە دایبنێم. چونکە ئەم دانراوە بەم شێوەی کە هەیە لە لێواری گۆڕ و مردندایە و، ئەگەر نەیشتوانرێ بە تەواویی ببووژێنرێتەوە و گیانی بە بەردا بکرێتەوە، ئەوا نیوە گیانێکیشی بە بەردا بکرێتەوە هەر لەوە باشترە بە گیانەڵلاڵ و چاوەڕوانیی مردنەوە بهێڵرێتەوە!

بۆیە وردەم بەرنەدا و، وزەم دا بە خۆم و دەست لە دەست و قووەت لە خودا دەستم کرد بە نووسینەوەیی و، زۆر لەسەرخۆ و دوای هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی وشەکان، بە بیر و بۆچوونی خۆم هەر چیم بۆ خوێنرایەوە هێنامەوە سەر رێنووسی کوردیی و، هەرچیشم بۆ ساغ نەکرایەوە بە

رێنووسەکەی خۆی لەنێوان دوو کەوانەدا و، لە تەك ئامرازی سەرسوڕماندا دامنا. هەندێ جاریش شوێنەکە بە تەواویی کوژابووەوە، یان هەر بۆم نەخوێنرایەوە ئەوە خاڵم لە شوێنەکەیدا دانا.

بەم کارەیش ـ بە بڕوای خۆم ـ لە لایەکەوە ئەم ئەندازەم لە دانراوەکە لە چنگ مۆتەکەی لەناوچوون دەرهێنا، لە لایەکی دیشەوە دانراوەکە، ـ وەك خۆم بۆم خوێنراوەتەوە لە تەك وێنەی تەواوی لاپەڕەکاندا ـ دەخەمە بەردەستی رۆشنبیرانی کورد، بەڵکو لای کەسێك نوسخەیەکی دی پەیدا ببێ، یان کەسانی لە من شارەزاتر بە کارەکەی منداا بچنەوە و، ئەوەی من بۆم ئەنجام نەدراوە ئەوان تەواوی بکەن، بەمە و بە هەموومان کارێکی بە نرخی مامۆستایەکی گومناوی کورد بخەینە کتێبخانەی کوردییەوە.

دەبێ لێرەدا بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە گومانم نییە هەڵەی زۆرم لە هێنانەوە سەر رێنووسی ئەو بەشەیشدا هەیە کە هێناومەتەوە سەر رێنووسی کوردیی، بەڵام ئەوەی پاساوی ئەوەم بۆ دەدات دوو شتە:

یەکەم: سەرچاوەی باسەکە، یان کەسانی شارەزام دەست نەکەوت تا پەنایان بۆ بەرم.

دووەم: هەرچیم لە دەست هاتبێت درێغیم نەکردووە و، شەونخوونیی و گەڕان و خۆماندوو کردنم لە پێناویدا بەلاوە گران نەبووە.

هەروەها لێرەدا دەڵێم: یادت بەخێر کا فەرەج[٥]، ئێستە لە کوێت بێنم یەکە یەکە مانای ئەو زاراوانەم پێ بڵێیت کە سەریان لێ دەرناکەم!

فەرهەنگۆك

لە زۆری ئەو دەقە کەلەپوورییانەدا، کە تا ئێستە بلاوم کردوونەتەوە ـ بە تایبەتی دەقە (گۆران)یەکان ـ هەوڵم داوە فەرهەنگۆك بۆ هەندێك لە وشە و زاراوەکانی ناو دەقەکە بکەم.

بۆ ئەم نامیلکەیش حەزم دەکرد فەرهەنگۆك بکەم و مانای وشە و زاراوەکانی بکەم، بەڵام وەك وتم ئەم بابەتە نامۆیە و، وشەکانی بە گوێ و هەست و بیری رۆشنبیری ئەمڕۆ نائاشنان و، کەسانێکی وا دەست ناکەون مانای ئەو وشانە بزانن. بیرم لەوە کردەوە بە یارمەتیی فەرهەنگە کوردیەکان ئەم کارە بکەم، کە سەری فەرهەنگەکانیشم دا بینیم ئەوانیش لەم بوارەدا زۆر هەژار و مەودا تەسکن و، جێگەی متمانە و پشت پێ بەستن نین، بۆ نموونە یەك وشە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری ئازیز و، وەك بڵێن: (مشتێ نموونەی خەرواڕێکە).

---

(٥) کا فەرەج خزممان بوو هەمیشە بە زستان ئاشەوانی ئەو ئاشە زستانەیە بوو کە لە بەرانبەری گوندی تەکیەوە دەنرایەوە. کەم رۆژ بوو لە تەك باوکمدا ـ خوا لێیان خۆشبێت ـ بە یەکەوە لە ماڵەوە دانەنیشن. ئەم پیاوە تا ئەم سالانەی دوایی لە ژیاندا بوو، بەڵام لەلایەکەوە من لە بەغدا و ئەو لە تەکیە و دوایی لە سلێمانیی و، لەلایەکی دیشەوە بە بیرمدا نەهاتووە کە رۆژێ لە رۆژان دەستنووسێکی وام بێتە پێش تا زوو کەرەستەی بۆ بخەم!

بۆ ئەم مەبەستە (پازناو)م کرد بە نموونە و، ماناکەیشی بەگوێرەی سێ فەرهەنگی کوردیی دەنووسم:

پازنـاو: مەڵغـەی بـەرداش هـەڵێنان. (ف) اهـرُم سـنگ آسـیا برداشـتن. (هەمبانە بۆرینە، هەژار، چاپی یەکەم. سروش، ل٩٨).

پازناوك: داڕێکە وەك بێڵەکان دەکرێ بە نوێڵ و بەرداشی پێ هەڵدەگیرێ. (فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، ئاراس، ل٦٣).

پازناو: داڕێکە وەکو تێڵا وەکو نوێڵ ئەخرێتە ژێر پێی ئاش و پێی ئاشی پێ بەرز و نزم ئەکرێت بۆ ورد و درشتیی ئارد بەپێی خواست.

پێی ئاش تا بەرز بێ ئاردی زبرە، تـا نـزم بێـت و دابخرێـت ئـاردی وردە. (فەرهەنگی کشتوکاڵ، مـەعرووف قـەرەداغی، بـەرگی یەکـەم، چـاپی یەکـەم، ل٥٦).

ئەمـە بـۆ شـتێکی ناسـراوی ئـاش سـێ کـەس بـە سـێ جـۆر مانایـان لێداوەتەوە. جا بۆ شتەکانی دی کە لە نامیلکەکەدان بەشی هـەرە زۆریـان لـە فەرهەنگەکاندا هەر نین و باسیان نەکراوە[٦]، دەبێ چـی بکرێـت؟ بـەڵام هـەر چۆن هەیە و چیم بۆ کرا و چـەندم لـە دەقەکـە و لـە نووسـینانی مامۆسـتایان دەسـتکەوت، بـە چـنگەکرێ و چـنگەکووڕێ فەرهـەنگۆکێکم خسـتە پاشـکۆی بابەتەکەوە، بەڵکو لەمەولا باشتری بۆ بکرێت و دەوڵەمەندتر بکەوێت و، بەڵکو (کێ دەڵێ) نوسخەی دیکەی دانراوەکە دەربکەوێت.

---

(٦) هەر بۆ نموونە ئەمە چەند دانەیەك لەو وشانە: جیرهار، بەلەکی، بەرزەنە، وارنە، خلەچیر، هوربڕنە، بەرمانك، زەردەپل، قەمچش، چەمچش، پلە، نیری، جواما، کەمەرگا....

دەقی هۆنراوەکە

رەوییەت موحتاجیی ندارت حدود!
ئاریۆ موحتاج بۆ هەم بەرا و خودای
کارش مەسازی جێت دڵ وەش مەبۆ
وەشی هەی وەشی بەهەشت و دنیای!
واچوو: ئاسیابی چەندێ نەوعێنی
هەم چنای! نەوعێ مبۆشان! نیای
یەکێ زەنبوورەك، یەکێ تەنوورەن
یەکێ مەگێڵۆ تیرەش لاولای
یەکێ بە ئەسپ و ئێستر مەگێڵۆ
یەکێ ناونە، یەك ئاساو و وای!
ئەمما جەی مەکان ناوە باونە
چون ئاسانەنە پەی هیچ نەزانای
بیناش بنێمێ بە پاکیی دەروون
بە ذەوق و زینەت چەنی (بسم اللە)ی
کەسێ نەجایێ بیناش ئاساوەن
کووڕەگاش کنۆ دما و جوامای
دۆزەقەی ئاسا و با مودەووەر بۆ
(مشیو و دآیرنی) بە جەدوەل کێشای
..... بش بێ زیاد و کەم
بڵندیش (با بو!) قەد و کەمەرگای
(چاکو وار!) طوڵش چەهار گەزێ بۆ
گەزێ پەهنایش نەبا خەلەطیای
..... سەرەتا بە وار دیوارش کەرە

دیـــوار مەحکـــەم دەســـتکار و پەنـــدای!
دیـوار مەحکـەم ئـەر (بـۆ تـوی بـێ بـر!)
(مبـــو تعـــدل!) دایـــرە نیـــای
بەینشـــان جـە یـەك چـارەك کـەم نـەبۆ
نـــەك خجـــڵ مـــانی وەختـــو خجڵیـــای
هـــەم چـــا نـــە واتم زیـــاتر نـــەبۆ
تـــا پێـــت راحـــەت بـــۆ وەختـــو هاڕنیـــای
ئـــەر واچـــی عـــەیب و کـــەم و زیـــادی
بـــا پێـــت بواچـــوو گیـــانو بـــرای:
ئەگـــەر بەینشـــا بـــێ حـــەد زیـــاد بـــۆ
ئانـــە خـــەراوەن پـــەی هاوســـەراونای
ئەگـــەر بەینشـــان چـــانە کەمتـــەر بـــۆ
(قتّـــب!) مـــەگیران وەختـــو هاڕنیـــای
دارێـــوە هـــەنی وە نیـــو ئەدیشـــان
داری وەرینـــی نـــەوەرش نـــە پـــای
چـــاکو واردارێـــش پـــابنی بـــانی
تاکـــە بڵنـــد بـــۆ وەرو ئاردەشـــای
هـــەر وەختـــێ کـــەردت داربەنـــدیی تـــەمام
مـــەبۆ هـــەڕ و خـــاك وە ســـەرش کێشـــای
جـــەو دمـــا تەختـــە و خـــوانیش بتاشـــە
چـــهار ســـووچ مـــەبۆ (پانـــاپش!) ینـــەدای
ســـەرانش هـــەردوو مشـــاربڕ کـــەرە
درازیـــش بـــا بـــۆ قـــەدو (کووڕەکـــای!)
جـە هـەردوو سـەرش چـهار ئەنگوشـت کـەم بـۆ
هـــەردوو لا مـــەبۆ تـــەوەنیش نیـــای

مـــــەبۆ ســـــەریۆش بنخانـــــە کـــــەری
فاقـــەش یـــەك چـــارەك ئەصـــل موددەعـــای
چـــهار ئەنگوشـــت بـــەینو هـــەردوو پەلـــەیش بـــۆ
تاکـــە مەحکـــەم بـــۆ تـــیش نیانـــە پـــای
ئـــەو ســـە جـــەو دمـــا چـــەنی ئەســـکەنە
ســـۆراخ (دوری کـــن!) جـــە هـــەردوو لای
چـــەو دمـــا چـــووبیٚ راســـتُ (مربـــع)
ئـــەر مـــودەووەر بـــۆ قەیـــدش نـــە جـــەلای
بـــــاوەرە ســـــەرێو زبانـــــەش بـــــڕە
ئـــەو قـــەدەر فاقـــەی جـــەی وەر کـــۆك کڕنـــای
ئاچـــــووبە پەنـــــەش مواچـــــانی پـــــاە
بـــەو پـــاوە بەنـــدەن پـــەریٚ هـــارگێلّای
ســـۆراخیٚ جـــەی وەر نـــە فاقـــەت کـــەردەن
یـــەکیٚ هـــەنی کـــەر نـــە زوان و پـــای
ئـــەو زوان و پـــای بـــیٚ زیـــاد و کـــەم
مـــەبۆ نەفاقـــەی مـــەذکـــوورەش نیـــای
وەختـــیٚ پـــات نیـــا (نـــدلی خـــوانی!)
مـــــەبۆ جـــــەلاوە مـــــێخش ویـــــارای
مـــەبۆ ئاچـــووبە ســـەخت چـــووپیٚ بـــانی
تـــا شـــکت نـــەبان وەخـــت وپانیـــای
جـــەو دمـــا مـــەبۆ بشـــمیٚ ئـــەوداری
راســـت و دوو دارەی خـــوانی ســـەراونای
دووداردی مەحکـــــەم قـــــەدیم واتمـــــان
بـــەینو هەردووشـــان (نـــوا کـــلاّش دای!)
(یـــونی تختـــی راســـتی رو دمنـــی!)

مـــەبۆ نـــە وەر و نـــە پشـــتش نیـــای
هـــەر لاشـــان صـــافەن بـــەرەش پـــەی خـــوانی
خـــوانی نـــەگیران وەختـــو هـــۆرێزای
تـــەوەنێ پـــانی صـــافی زەریفـــی
یـــۆ پـــەی ســـەرخوانی، یـــەکێ پـــەی لاوپـــای
هەردووشـــان بـــادا مەحکـــەم نـــوانی
نمـــەبۆ فـــرێ ئەشکەنجەشـــان دای
بـــاز هـــەم تـــووەنی پـــانی بـــاریکی
جـــە ســـەرخوان مـــەبۆ چـــیر ســـەرش نیـــای
کەســـێ نـــەزانۆ هـــەر پاســـە خاصـــە
ســـەرخوانش بـــەرز بـــۆ کـــەمێ ئـــەولاو پـــای
جـــەو دمـــا مـــەبۆ پـــاش وە پاکـــەری
ســـەرش نـــە فاقـــە و خـــوانی ســـازنای
(ســـیر ســـیرنش!) دیـــاری کـــری
قـــولانجێ ســـۆراخ پـــەرێش هۆرکنـــای
ســـە چـــهارەك چـــوش پـــو نـــە ویـــارە!
ئاچـــوون مەواچـــان پـــێش: شمشـــێر و پـــای
بـــا جـــا پـــاش جـــە لاو ئاردەشـــانێ بـــۆ
نـــەوا خەڵـــەت بـــی بـــەریش پـــەی ئـــەولای
وەختـــێ پـــانیش تـــەمام کـــۆك کریـــا
بیمـــێ ســـەروکار نـــاو و بارەگـــای
بینـــای بارەگـــەش چـــاگە بیناکـــەر
گـــەزێ چـــە پشـــت و بینـــا و بارەگـــای
ئـــا گـــەزە واتم پـــەی پـــەنج گـــەز نـــاوی
بـــاوا دوو گـــەز بـــو از..... پـــەی دای

دیـــواریّ مەحکـــەم راســـت کـــۆ بەنـــدی
بڵنـــدیش بـــا بـــۆ قـــەدەر جـــۆ ئامـــای
پاســـە خاصـــەنە ئـــەر ئـــاوێش بـــەیۆ
هـــەر چـــەند بڵنـــد بـــۆ بشـــۆ پـــەی بـــاڵای
جـــەو دمـــا واچـــوو چـــێش مـــەبۆ کـــەردی
وەختـــیّ بارەگـــاش تـــەمام ونـــارای
چـــەنی طـــەناف پەیمانـــەش کـــەرە
بـــەین و دوو دارەی ســـەر و بارەگـــای
دوو دارەی وەریـــن ئـــەووەڵ وتمـــان
ســـەرو دۆزەقـــەی جـــە ئەصـــڵو پنـــای
جـــەو دمـــا مـــەبۆ قـــەدو طـــەنافی
داریّ موناســـب نـــاوش پـــەی تـــارای
پێســـە بـــەو پەشـــتە و ئەنگوشـــت گـــەورەی
راســـتش ونـــاری نـــەك چـــون قووجیـــای
ســـەری وەریـــنش مـــەبۆ قەمچـــش بـــۆ
ئـــەر قەمچـــش نـــەبۆ... چەمچـــش دای
چەمچـــش: تـــەختێوەن زەریـــف تاشـــیا
بـــری نـــە بـــەنیش بســـماریش کـــوای
ســـەر ســـەرینش بـــا شـــانەدەم بـــۆ
ئـــاویّ نـــەگیرۆ وەختـــو ئـــاو ئامـــای
ئـــەر نمـــەزانی (کرتاشـــاد!) نـــاوی
پـــەرێت بواچـــوو پەســـەند و ئوســـتای
وەختـــیّ تریـــت تـــو چـــری نـــاوی!
طـــەرەف قـــۆڵش مـــەبۆ هـــۆر کنـــای
طـــەرەف قـــۆڵش تـــەخت ســـاراکەر

جـــەو دمـــا مـــەبۆ طـــەنافش پێکـــای
ورچـــو پەرێشـــان پێکـــاو طـــەنافی
تاکـــە (بزانـــدی!) چـــەنیش طـــەناف دای
رێســـمان صـــاف کـــرژ مەحکـــەم بـــۆ
بـــاوەر بـــە (بـــیکش!) تـــۆ وە هـــەردوولای
چـــەنی ســـیاوی ســـیاوەش کـــەرە
تاکـــە نـــەوڕێ وەختـــو دەســـت کێشـــای
بـــاوەر ســـێ ئەنگوشـــت دیـــاریی کـــەرە
ئـــەر ئـــاوش کـــەم بـــۆ ســـەر و ئـــار و نـــای
ئەگـــەر هـــەم ئـــاوش کـــەم بـــۆ وێـــش نیـــەن
ئەنگوشـــت هـــەنیش زیـــاد پنـــەدای
ســـەر ســـەرینش هـــەر چـــەند تێـــدا بـــۆ
ئەگـــەر گوشـــاد بـــۆ عـــەیبش نـــە جـــە لای
جـــە هـــەر دوو ســـەرش بـــەنێ بگـــیران
بـــەنێ ســـیاوێ دەســـتی تونـــد کێشـــای
چـــەنی دوو ئەنگوشـــت بـــەنێ بگـــیرە
ســـەببەحە و ئـــەبهام چـــەنی وســـطای
ئـــەمما جـــە نـــاودا دەســـتێ بگـــیرە
دەســـتت لار نـــەبۆ وەختـــو بـــەن وەردای
بـــەنێ هۆرکێشـــە هـــەر چـــەند وســـی بـــۆ
بـــە ئوســـتادانە بپـــێکش ونـــای
جـــە ســـەر تـــا بـــە وار نەقشـــش مەکێشـــۆ
ئـــەمجار بـــەی دەســـتوور مـــەپێکش واو.....
وەختـــێ هـــەردوو لا ســـیاویش کێشـــا
ئـــەمجار دەســـت گـــرە تـــۆ وە تیشەشـــای

هـــەر تـــا مـــەتاوی خاصـــش بتاشـــە
بـــادا صـــافە بـــۆ جـــە ســـەر تـــا وە پـــای
بـــەینو طـــەناف و نـــاوێ هۆرکەنـــە
گوشـــادش گوشـــاد تـــەنگش تـــەنگ کونـــای
بـــەین ســـەری واریـــنش بـــە مشـــار بـــڕە
زۆرش زیـــاد بـــۆ پـــەرێ ئـــاو زیـــای
جـــە هـــەردوو لاوە گیریـــش پـــەی بـــازە
تاکـــە نەتەرســـای جـــە ئـــەڕە خـــزای
لاو پلـــەی لـــیس و بـــادا باریـــك بـــۆ
تاکـــە نـــەپێکۆ پلـــەش لـــەب دەم نـــای
پێچـــیش پەلـــەو نـــاو نـــەزدیکی مـــوان
ئەگـــەر دووری بـــان عەیبـــەن پـــەی وەســـتای
هـــەر وەخـــت تـــەمام بـــی تاشـــیاو نـــاوی
بێمـــێ ســـەروکار نـــاوی ســـەراو نـــای
صـــاحێب قـــووەتێ نـــاوی هـــۆرگێران
بیـــان بـــاوەراش بـــە نـــامو خـــودای
وەختـــێ ناوشـــان یاونـــا بـــە جـــاە
(بـــرانیش بـــلان!) ســـەرو بارەگـــای
(.... کورونـــای!) بـــا هـــەر جـــە ســـەر بـــۆ
وەردێـــش بـــاوەران پـــەرێ کووڕەگـــای
دۆزەقـــەی ئاســـا و پێمانـــە کـــەرە
هـــیچ زیـــاد نـــەبۆ ئـــیلا و ئـــەولای
(.... رومـــو!) نـــاوی قـــەویی قایمـــەن
مـــەبۆ نەچـــیر و مـــاداریش لکنـــای
(.... وکـــر!) هـــەم دەمـــش تەنکـــەن باریکـــەن

مـــــەبۆ پـــــەنجێوە مەفاصـــــلش دای
..... آرو چـــــو رەش مـــــەبۆ بواچـــــۆن
قولانچـــــێ چـــــیر و مـــــاداریش زنـــــای
وەختـــێ ســـەراونات راســـت تـــەمام راســـتە
ســـــەعیە بکـــــەری قـــــایمش بینـــــای
ســـەرنای بـــا جـــە ســـەر دوی پلـــیش بـــان
ئـــاویش کـــەردە بـــۆ وەختـــو ئـــاو ئامـــای
بـــــەبێ دەنـــــگ بـــــەیۆ قـــــەڵوەز نـــــەپێکۆ
ســـــۆزە (پپویـــــو!) ئـــــاو نـــــەو لێونـــــای
جـــــەو دمـــــا مـــــوورەش پـــــەرێ بتاشـــــە
هۆشـــت بـــاوەرە پـــەی خـــاص تاشـــای
هەرچـــــۆت خەیاڵـــــەن بـــــەمواە کـــــەری
بـــا چـــون یـــەکێ بـــان درێـــژ و پانـــای
خـــاص ســـەعیە کـــەرە پـــەی مـــودەوەریش
کـــاری هـــەمروی و یـــا فـــازش پـــەی دای!
جـــــەو دمـــــا جاگـــــەی پلانـــــش کەنـــــە
بیســـت و دو یـــا ســـێ نەشـــی چـــاکو لای
(...قلـــش!) هـــەژدە نۆزدەهـــەم خاصـــەن
تـــــاقی بزانـــــە پـــــەرێ هەڵمـــــەت دای
جاگـــــەی پلانـــــش ئەنگوشـــــت شـــــادەت
ئەنگوشـــتی گـــەورەی بـــادا پـــەی مانـــای
جاگـــــەی پلانـــــش لاری هۆرکنـــــە
بـــا پلـــێش نـــەکنان ج وەقـــت گـــێڵای
مـــووڕێ کێرکەنـــە ســـەر صـــەرفیش هـــەنبی!
پـــەی پـــل نەکفتـــە و پـــەی کەســـر بـــارای

پـــەی دووریـــی خاصـــەن بـــێ درۆ و گـــەزاف
هـــاڕە هـــاڕ مەکـــەرد هـــاڕەی خـــاص هاڕهـــای
بەعـــــدازان تاشـــــا و (پـــــلان) لازمـــــەن
ئەنـــــدازە و پـــــلان هـــــەم مـــــەبۆ زانـــــای
چـــار ئەنگوشـــت چـــەنی یـــەك چـــارەك تـــەمام
چار ئەنگوشت پـەی (مـوور) چـارەك پـەی گـێڵای
کاســـــەدارێ بـــــان کاســـــم مەکـــــەرە
کاســـــەدار خاصـــــەن پـــــەی ئـــــاوگر ئامـــــای
ئەصـــــڵو ئاســـــاوی بەڵـــــەکێ خاصـــــە
بەڵـــــەکێ خاصـــــە پـــــەی هاروونـــــا رای
ئـــەر بـــۆ درازیـــش پـــەنج چـــارەك خاصـــەن
ســـەرش تیـــژ نـــەبۆ عەیبـــەن پـــەی گـــێڵای
بـــــە زۆر مەنیشـــــۆ دلێـــــر حەوجۆشـــــی
١ـ لە ڕووی مۆرکەوە (داستان) مۆرکی نەتـەوەیی پێـوە دیـارە، چـونکە خـاوەنی دیـارە، مێـژووی نووسـینەوەی دیـارە، ئاشـکرایە کـە بـە چ زمانێـك تۆمـارکراوە، هەنـدێ جـار قارەمانەکانیشـی قارەمـانی نەتـەوەیی دیـار و ناسراون، ئەو زەمینەیەش دەناسرێتەوە، کە ڕووداوەکـانی (داسـتان)ەکـەی تێـدا ڕووداوە، داب و نـەریت و سـلوکیاتی قارەمـان و کەسـەکانی دیکـەی دەوروبـەری هـەمووی دەناسـرێنەوەو دیـارن هـی چ نەتەوەیـەکن، بۆیـە بـە ئاسانی دەزانین کامە (داستان) هی کامە نەتەوەیـە، بـۆ نموونـە (داسـتان)ی (دمدمنامە)، قارەمانەکەی (خـانی لـەپ زێـرین)ە، ئـەویش میرێکـی گـەورەی کوردەو مێژووی ژیان و فەرمانڕەوایەتییەکـەی لـە ڕیزبەنـدی میرانـی کـوردی ڕۆژهەلّات دیارە، نووسەرەکەشی (مـەلا کـەریمی فیـدایی)یـە، دیـارە کـوردەو خەلّکی کوردستانە، داب و نەریتی نێو داستانەکە هـی کـوردانن، لەبـەر ئـەوە بەیتێکی نەتەوەییە.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بـۆ ئـەوە بکـەین، کـە داسـتاننووس هـەموو جارێـك ڕووداو و قارەمـانی نەتـەوەیی هەلّنابـژێرێت بـۆ داسـتانەکەی، بـەلّکو بـەلای ئەوەوە ڕووداوی گرنگ و قارەمانی گەورە گرنگن، بۆیە ئەگەر تەماشـای ئـەو داسـتانانەی ئـەدەبی کـوردی بکـەین، کـە ئـەم لێکۆلّینەوەیـە کـاری لەسـەر کـردوون، دەبیـنین قارەمـان و ڕووداوی (شـیرین و خوسـرەو) هـی فارسـن، (یوسف و زولەیخا) عیبرییـە، (لـەیلا و مـەجنون) عەرەبییـە، (مـەم و زیـن) و (دمدمنامە)ش کوردین. بەلّام هەموویان داستانی ئەدەبی کوردین، چونکە بـە زمانی کوردی تۆمارکراون.

٢ـ لـە ڕووی زەمـەنی نووسـینەوە (داسـتان) بـۆ ڕۆژگـاری قۆنـاغی سەرهەلّدانی ئەدەبیاتی کلاسیزمی بەرز دەگەڕێتەوە، چونکە کە کورد پەنای بۆ ئەدەبیاتی کلاسیزم بردو چـووە نـاو سیسـتمی عـەروز بـۆ نووسـینەوەی بەرهەمـەکانی، ئیـدی داسـتان سـەری هەلّـدا، واتـە: داسـتان مۆدەیـەکی

پێشکەوتووترە، لە (بەیت)، کە ئەو لـە گـەڵ ڕووەوەو گرنگترینیـان لـە ڕووی کێشەوە بە زۆری بە کێشی پەنجە دەنووسرێت.

٣ـ (داستان)ەکان هەر هەموویان لەلایەن خاوەنـەکانیان نووسـراونەتەوە، ئـەوەش بۆتـە زامنکـەری مانـەوەی داسـتانەکان بـەبێ هـیچ گۆڕانکـاری و دەستکارییەک.

٤ـ سەرچاوەی (داستان)ەکان ڕووداوە زۆر گەورەو دیارەکانی عەسـکەری و مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی و واقیعییـەکانن، ئەمانـە بـە خـەیاڵ و سـۆزێکی جوانەوە تێکهەڵکێش کراون بە سەرچاوەکانی دیکەی وەکو ئاین و سروشت و داب و نەریت و...هتدەوە.

بەشی دووەم: تیۆرەکانی (داستان)

یەکەم: لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، (داستان) لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیـدا، چـەند جۆرێکی هەیە، کە هەر ئەو جۆرانەی لە ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانەش هەنە، کـە لەم جۆرە شیعرەیان هەیە، گرنگترینی ئەو جۆرانەش بریتینە لە:

١ـ داستانی قارەمانی

٢ـ داستانی ئاینی (کۆمەڵایەتی)

٣ـ داستانی ئەفینی

١ـ داستانی قارەمانی:

ئەمە ئەو جـۆرەی داسـتانە، کـە ناوەڕۆکەکـەی بـە دوورودرێـژی ڕووداوی زنجیرە شەڕێکی دوورو درێژی قارەمـانی داسـتانەکە دەگێڕێتـەوە، نموونـەی

ئەوە لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیدا (دمدمنامە)یە، کە ئەمە ڕووداوەکانی بەرگریکردن و خۆڕاگری کۆمەڵێک کوردی قارەمانی یەک لە قەڵاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت، کە بۆ پارێزگاری لە ئازادی و ئابڕوو و سەربەرزی ئاین و نەتەوەیی خۆیان، ئەو کوردە قارەمانانە بە سەرۆکایەتی سەرۆکە خۆشەویستەکەیان (خانی لەپ زێڕین)، کە ئەوان لەبەر زۆر خۆشەویستییان بۆی بە برا گەورەیان ناودەبرد، لە کاتێکدا لای نەتەوەکانی تر داستانی قارەمانی گرنگترین جۆری داستانەو تەنانەت لای یۆنانییەکان، وەکو خرایە ڕوو، داستان بریتی بوو لە قارەمانی نامە، کەچی لای کورد ئەم جۆرەی داستان لە دوای تەواوی جۆرەکانی تری داستان دەنووسرێت و بەدوای ئەوان دەکەوێت.

٢ـ داستانی ئاینی (کۆمەڵایەتی):

ئەمە ئەو جۆرە داستانەیە، کە لە واقیعی کۆمەڵگاوە دروست دەبێت، لە گەرمەی جموجۆڵ و بەیەک تێکەڵبوون و لەبەریەکڕاچوونی حەز و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان لە مرۆڤەوە ڕوودەدات، نموونەی ئەم جۆرە لە ئەدەبیاتی کلاسیزمی کوردیدا داستانی (یوسف و زولەیخا)یە، کە چیرۆکی ئەم داستانە لە ڕێگەی قورئانی پیرۆزەوە کەوتۆتە بەر گوێ و دیدەی موسڵمانان بە گشتی و موسڵمانانی کوردیش بە تایبەتی، کە لای کورد ئەو سوڕەتەی قورئانی پیرۆز، کە ڕووداوەکانی ئەم باسە لەخۆ دەگرێت و بە سوڕەتی (یوسف) بەناوبانگە، گرنگی زۆری پێدەدرێت و بەردەوام تا ئەمڕۆش، خەڵک بە زۆری ئەم سوڕەتە دەخەنە سەر ڕیکۆردەرەکانیان و چێژی زۆر لە باسە ئاینی و کۆمەڵایەتییە سەرنجڕاکێشەکەی وەردەگرن.

وەکو ئاماژەی بۆ کرا، بەم شێوەیە ئەم باسە دەکەوێتە بەر گوێی کورد و لەلایەن شاعیرێکی وەکو (سەلیم سلێمان) تەواوی ڕووداوەکانی ژیانی پێغەمبەر یوسف (دروود و سلاّوی خوای لەسەر) لە داستانێك بە ناونیشانی (یوسف و زولێخا) تۆمار دەکرێت.

٣ـ داستانی ئەفینی:

ئەم داستانانە ناوەڕۆکەکەیان چیرۆکی ئەفینییەکە، کە لە نێوان کوڕ و کچێك دروست دەبێت، ئەم کوڕو کچانە هەرچەندە مافی خۆیانە بەیەکتر شادبن و ژیانی خێزانی خۆیان بەو شێوەیەی خۆزگەی بۆ دەخوازرێت بەدەست بێنن، بەلاّم بە هۆی لە یەك جیا سەرەنجام کچ و کوڕەکە بە ئاواتی خۆیان ناگەن و بە کارەسات تەواو دەبن، نموونەی ئەوەش داستانەکانی (شیرین و خوسرەو) و (لەیلا و مەجنون) و (مەم و زین)ن.

<u>دووەم: لە ڕووی داڕشتنەوە:</u>

لە ڕووی (داڕشتن)ەوە داستان بە لانی کەم ئەم تێۆرانەی خوارەوەی هەیە، داستاننووس بە ڕەچاوکردنی ئەو تێۆرانە بەرهەمەکەی دەنووسێت، بۆ نموونە:

١ـ داستان سەرەتا بە ناوی خوداوە دەست پێدەکات، باسێك بۆ گەورەیی و قودرەت و دەسەلاّت و سیفەتە جوانەکانی دیکەی خودا تەرخان دەکات، کە لەمەدا (بەیت)یش هەر وەهایە، بۆ نموونە:

خانای قوبادی لە داستانەکەی خۆیدا (شیرین و خوسرەو) بەم دێڕە دەست پێدەکات:

ـ به نامی ئەو کەس شیرینی ئەرمەن

پەیدا کەرد، (فەرهاد) پەیش بێ بە کۆکەن.[٧]

(سەلیمی هیزانی) لە داستانی (یوسف و زولەیخا)دا بەم پێشەکییە دەست پێدەکات:

ـ دیباجەیێ نامە نامێ مەعبوود

قەیووم و قەدیم و حەیی و مەوجوود

سازندەئێ مومکناتێ کەونەین

داریندەئێ کائیناتێ بەحرەین

بێ مەبدەئو بەستەئو قەدیمی

غەففارو عەزیم و هەم ڕەحیمی.[٨]

(ئەحمەدی خانی) لە داستانی (مەم و زین)دا بەم پێشەکییە دەست پێدەکات:

ـ سەرنامەیی نامە نامی ئەڵڵا

بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵڵا

ئەی مەتڵەعی حوسنی عیشق بازی

مەحبوبی حەقیقی و مەجازی.[٩]

(حارسی بەتلیسی) لە داستانی (لەیلا و مەجنوون)دا بەم پێشەکییە دەست پێدەکات:

ـ فەهرەستێ کتابێ ناڤێ مەعبوود
قەییوم و قەدیم و حەیی و مەوجوود
بێ شوبھ و میسال و عەدل و خالق
سازندەئی مومکینات و فالق
بێ ئەووەل و ئاخر و عەزیمی
وەھھاب و کەریمیی و ڕەحیمی.(١٠)

(مەلا کەریمی فیدایی) لە داستانی (دمدمنامە)دا بەم پێشەکییە دەست پێدەکات:

ـ بە نێوی ئەوەی بۆ زەوی بۆتە خێو
خوداوەندی دەشت و خوداوەندی کێو
خوداوەندی دەریایی پڕ ئاو و شین
نەخشکێش و ڕەنگڕێژی فەرشی زەمین
خوداوەندی بنیادەم و جنن و دێو
خوداوەندی ھەورازو ڕژدو نشێو.(١١)

ھۆی چوونە ناو باسیش بە ناوی خودا، دیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیرانی داستاننووسی ئەدەبی کوردی، کەسانی موسڵمان و دەرچووانی خوێندنی شەرعی (حوجرە)کانن، لای ئەوانیش وەک ھەر موسڵمانێکی دیکە، دەستکردن بە ھەر کارێک بە بێ ناوھێنانی خودا، کارەکە بێ پێز و نرخ دەکات و نابێتە کارێکی تەواو و نایاب، چونکە بە ناوھێنانی خودا بەرەکەتی خودایی دەڕژێتە نێو تواناکانی شاعیر و بەمە خەیاڵی دەوڵەمەند دەبێت و

شتی جوان و جوانتری بۆ دێت، بەڵام بە پێچەوانەوە دیارە کارەکەی ناتەواو دەبێت، بینای ئەو بیروڕایەش لەسەر بڕواهێنان بەو فەرموودەیەدا دامەزراوە، کە تیایدا پێغەمبەر (دروود و سڵاوی خوای لەسەر) ئەو ڕاستییە لە موسڵمانان دەگەینێت و دەفەرموێت: (كل كلام أو امر ذي بال لا يفتح بذكر الله عز و جل فهو ابتر أو قال أقتع)[١٢]، جا لە سۆنگەی ئەو ڕاستییەوە نووسینیش وەك هەر کارێکی تر بە ناوی خواوە دەست پێدەکرێت.

٢ــ دەستکردن بە مەدحی پێغەمبەر: دیارە مەدح و پێهەڵدانیش بە پێغەمبەر (دروود و سڵاوی خوای لەسەر) کارێکی دیکەی موسڵمانانە، بە تایبەت زانا و نووسەرەکانیان، کە لە دوای ستایشی خودا، پیاهەڵدان بە پێغەمبەریان بەلاوە گرنگەو بە شانازییەوە وەکو ئەدای ئەرکێکی ئیمانی ئەو کارە دەکەن، داستانەکانی ئەدەبی کوردیش هەموویان پەیڕەوییان لەم خاڵە کردووە، بۆ نموونە:

ـ گا چون نیزامی، گا چون مەولەوی
گا وێنەی خوسرەو شوعەرای دەهلەوی
مکەڕۆ جە وەصف (خیر المرسلین)
میخلات پڕ میشك خەتا خەتی چین
بە شنۆی نەسیم خامەی بۆ سونبول
مشکاوۆ خونچەی تەعریفش چون گول.[١٣]

ـ ئەی شەمسێ مونیرێ عالەم ئارا
تەختێ فەلەکێ ژ بۆ تە صەحرا

خورشید ژ بۆ تو گۆییێ مەیدان
قورِصا قەمەرِێ بۆتە چەوگان
سووند خواریێ ب تە خودایی غەففار
موختار تو کری جەنابی سەتتار.(١٤)

ـ هێژا نە زەمین نە ئەڤ سەما بوو
ئەو سەروەریێ جومله ئەنبیا بوو
خەلّقا فەلەکان ژ بۆ وی ڕابوو
سەجدا مەلەکان ژ بۆ وی ڕابوو
ئەو ڕەحمەتیێ جومله عالەمین بوو
ئادەم د میانیێ مائو تین بوو.(١٥)

ـ سەر حەلّقەییێ ئەنبیان محەمەد
مەھ چاکر و ئافتابیێ موسنەد
شاهیێ عەرەبی عەجەم ب پیێ کەت
(بوو جەهل) ژ جاهلی ژ پیێ کەت
دیباجەییێ صنعەتیێ ئیلاهی
سەرداری سفێدیی و سییاهی.(١٦)

ـ محەمەد وتەی بیێ درۆ و هەقە
درۆزن گەلی کافری سەر ڕەقە

له تۆ بی هەموو دەم سەلات و سەلام
له لایەن خودا ئەی نەبی وەسسەلام.[١٧]

٣ـ دوای ئەم بابەتانەی سەروو، داستاننووس دێتە پاڕانەوە لە خودا بۆ ئەوەی لە نووسینی بەرهەمەکەی سەرکەوتنی پێ ببەخشێ.

دیارە پشت بەستن بە خوداو پاڕانەوە لێی بۆ ئەوەی خودا سەرکەوتن بە داستاننووس ببەخشێت لە نووسینەوەی داستانەکەی، مەبەست لێی ئەوەیە، کەوا خودا فکری داستاننووس کۆ و دەولّەمەند بکات و شتی جوانی بۆ بێنێت، ئەوەش وەکو ئاماژەمان بۆی کرد مەسەلەیەکی دیکەیە لە لاپەڕەکانی پێشەوەی داستاندا داستاننووس دەیخاتە بەرچاو، تیایدا بە شێوەیەکی جوان و ئەدەبێکی بەرز ئەوەی مەبەستییەتی لە خودای داوا دەکات، بۆ ئەوەی بێ ئومێدی نەکات و ئەو مەبەستانەی بۆ وەدی بێنێت، تا بەم هۆیەوە سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر بێت، ئەوەتا دەبینین:

ـ یا ڕەب بە فیراق فەرهاد کۆکەن
بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن
...
وێنەی نیزامی صەیقەل دەر زەینم
بە سورمەی دانش ڕەوشەن کەر عەینم.[١٨]

ـ دیسان تو ب فەزڵ و ڕەحمەتا خوە
ئیحسان تو بکەی ب هیممەتا خوە

ئەو نامە تە کر ئیلاهی کامل
هەققە کو تە کر ژ بۆ مە حاصل
هێڤی دکەم ئەی جەنابی باری
مەحفوز بکی ژ عەقڵێ تاری
مەحرووس بکی تو جومله وەقتان
یا ڕاحیم و یا ڕەحیم و ڕەحمان.[۱۹]

ـ یا ڕەب مەدە دەستێ خەلقێ ناساز
ڤێ شاهیدێ دڵ ڕووبایێ تەننناز.[۲۰]

ـ یا ڕەببی ئەڤی نگارێ فاخر
نووبارەئێ باغێ دەورێ ئاخر
مەحفوز بکەی ژ بێ فەصالان
سەتحی و سەقیم و بێ متالان
پەی کر مە هلانی خامەیا خوھ
تەسلیمی تە کر مە نامەیا خوھ.[۲۱]

ـ تکایە دەکەم من لە یەزدانی پاك
خوداوەندی ئاو و خوداوەندی خاك

ـ ببەخشی بە من هێزی شیعری جوان
کە بەیتێکی دانێم ڕێك و ڕەوان.[۲۲]

٤ـ داستاننووس شانازی بەوە دەکات، کە ئەو بەرهەمەی نووسیویەتی، تەواوی هی خۆیەتی و لە فەرهەنگی بیر و ڕۆشنبیری خۆی هەڵیهێنجاوە، هیچی لە کەس وەرنەگرتووە، بۆ نموونە:

ـ مونشی ئەی ئینشای شیرین تەڕ جە قەند
بەی تەور تەحریر کەرد نەزمی دل پەسند.[٢٣]

ـ ئەڤ نامە نویسندەئێ دەوران
تەشبیهێ گولەك د نێڤێ خاران
هندی ب ئەزییەت و جەفایێ
ئیخراج مە کر د گەل عەنایێ.[٢٤]

ـ مەوزوع و مەقاصد و حیکایەت
مەڕموزو مەناقیب و دیڕایەت
ئوسلوب و صیفات و مەعنا و و لەفز
ئەصڵەن نەکرن مە ك ژوان قەرز
بیلجوملە نەتایجێ د فکرن
دوشیزە و نەوعەروس و بیکرن.[٢٥]

ـ یاڕەبی ئەڤی نگارێ فاخر
نووبارەئێ باغێ دەورێ ئاخر.[٢٦]

ـ دەبێ لێ بدەم لافی ئەسکەندەری
بەڕێز و بەقەدرم لە کن گەوهەری
ئەوا نامەی دمدمم من کرد تەواو
ئەبەو نامە خەزنەی دەکەم من بلّاو.[٢٧]

٥ـ داستاننووس دوعای ئەوە دەکات خوای گەورە بەرهەمەکەی لە دەست و زمانی پیاوی خراپ و، دلّڕەش بپارێزێت:

ـ ئومێدەن بە زات دانای شیرین کار
مەزمون ئەی نەزم جەواهیر نیگار
چوون ڕازی شیرین نادیرەی ئەییام
شیرین بۆ بە کام کاففەی خاص و عام.[٢٨]

ـ هێڤی دکەم ئەی جەنابی باری
مەحفوز بکی ژ عەقلّێ تاری
مەحرووس بکی تو جوملە وەقتان
یا ڕاحیم و یا ڕەحیم و ڕەحمان.[٢٩]

ـ یا ڕەب مەدە دەستێ خەلّقی ناساز
ڤێ شاهیدێ دلّ ڕووبایێ تەننناز.[٣٠]

ـ یاڕەبی ئەڤی نگاریّ فاخر
نووبارەئیّ باغیّ دەوریّ ئاخر
مەحفوز بکەی ژ بیّ فەصالّان
سەتحی و سەقیم و بیّ متالّان.[٣١]

ـ خودایە ئەمن زەحمەتم بردووە
سەدێکم لەبەر دمدمی بەستووە
لە دەست جرجە مشکان تۆ بیکە دوور
کەلّێنی دەنا تیّ دەخەن دەچنە ژوور.[٣٢]

٦ـ چوونە ناو باس لە (داستان)دا زۆربەی جارەکان، بە گێڕانەوە دەست پێ ناکات و داستاننووس بە زاراوەکانی: (وەها باس ئەکەن)، (یارانی مەجلیس گوێ بگرن)، (وایان نووسیوە)و دەستەواژەی دیکەی هاوشێوە داستانەکەی پێشکەش ناکات، بەڵکو ئەم سادەییەی جێهێشتووە و یەکسەر باسێك دەکاتەوەو لەوێوە درێژە بە باسەکانی دەدات، یانیش دەشێت لە هەندێ (داستان)دا دوای دەستپێکەکەی بڵێت: (ڕیوایەت گێڕەوەکان وەهان ڕیوایەت کردووە)، کە زۆر جار ئەو زاراوەیە بەکاریش ناهێنرێت وەکو گوتمان، بەڵام ئەگەر لە هەندێ (داستان)دا بەرچاویش بکەوێت، ئەمە مانای وانییە تەواو وەکو بەیتبێژەکانی کردبێت، بەڵکو بە شێوازێکی ئەدەبی بەهێزتر و قەبەتر ئەو باسەی دەخاتە ڕوو، ئەوەتا (خانای قوبادی) داستانەکەی خۆی (شیرین و خوسرەو) بە شێوەیەکی دیکە دەست پێ دەکات، ئەویش ئەوەیە دوای سەرەتایەك بۆ (ستایشی خوا) و بەشێکی دیکە

بۆ وەسف و مەدحی پێغەمبەری خوا (دروود و سڵاوی خوای لەسەر) بە ناونیشانی (میعراج نامە)، یەکسەر دەست بە داستانەکەی دەکات و دەنووسێت:

ـ شوعەرای شیرین نەزم شەکەر ریزەی راز
شێخ نیزامی تەور شەفیعا ئەنداز
بە رەشح خامەی میشکین چوون مانی
بەی تەور ئینشا کرد لەوح مەعانی
چوون بە حەسبەل ئەمر قەدیمی لا مەوت
نەوشێروان نۆشا مەی جە شیشەی فەوت.(٣٣)

(سەلیمی هیزانی) لە (یوسف و زولەیخا) دوای پێشەکییەکانی کە سێ پێشەکین، یەکەمیان تایبەتە بە: (دەر حەققێ عەزەمەتێ خودانێ)، دووەمیان تایبەتە بە: (دەر وەصفێ ڕەسولێ ئەعزەم و وەصفێ معراجا وی)، سێیەمیش تایبەتە بە: (دەر سەبەبێ نەزما ڤێ قصصەتێ)، یەکسەر و بەم شێوەیە دەست بە نووسینی داستانەکەی دەکات:

ـ تـــــەحریر بکـم ژ نوو ڕوایەت
تەجدید بکـــــەم ژ نوو حیکایەت
ئەمما ب سەعادەت و ب عـــونوان
ئەم بەحسێ بکەین ژ پیرێ کەنعان
یەعقوبێ هەبوو د بورجێ ڕەفعەت
چەند ئەختەرێ مەتلەعا نبووەت.(٣٤)

(ئەحمەدی خانی) لە (مەم و زین)ەکەی دا، دوای پێشەکییەکانی لە بارەی باسی گرنگی وەکو: (پەسنێ خودێ)، (گازی و لاڤایی)، (پەسنێ پێغەمبەر)، (خواستنا مەهدەر ژ پێغەمبەر)، (کول و دەردێ مە کوردا)، (چما ب کوردی نڤیسییە؟)، (مەی ژ مەیگێرِ خوەستن)، وەها دەست بە باسەکانی داستانەکەی دەکات:

ـ نەققاشێ صەحیفەیێ حیکایەت
نەققادێ سەبیکەیێ رِیوایەت
کێشا ب ڤی تەرِحێ رِەسم و ئاین
لێ دا ب ڤی تەرزێ زەرِب و تەزیین
گۆ: پادشەهەك زەمانێ سابیق
رِابو د حکومەتا خوە فائیق.(٣٥)

لێرەدا رِاستە (خانی) ئاماژە بەوە دەکات، کە نووسەرو حەکایەتگێرِەوەکان بەو جۆرە قسەیان کردووە، بەلاّم ئەوە بە شێوازێکی ئەدەبی بەرزە، نەك بە سادەیی و ئاسانی هەر لە دەستپێکەوە، گوتبی: (نووسەرانی پێشوو وایان نووسیوە).

(حارسی بەتلیسی)ش لە (لەیلا و مەجنون)دا، دوای پێشەکییەکانی بە ناونیشانی: (دیباچە)، (ئیقرِار ب ئیرِسالا نەبی و رِەسولان و ئیسباتا کو محەمەد سەروەرە ل وی مەقبولان)، (د مەدحا پێشرِەوێ جوملەئێ مەخلوقات حەزرەتێ سەییدول سادات)، (سەبەبێ نەزما کتابێ بۆ هەڤالان)، هاتۆتە سەر نووسینەوەی داستانەکەی و بەم شێوەیە دەستی پێکردووە:

- ڕاوییێ عەزیزێ خوەش ڕیوایەت
ئەڤ قصصە دکر وەها حیکایەت
کو ژ مولکێ عەرەب حەمییە نامەك
عالی هیممەت و غەقلێ تەمامەك.[٣٦]

دیارە (حارسی بەتلیسی)ش ئاماژەی کردووە بەوەی کە گێڕەرەوەی حەکایەتەکان وایان گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەویش شێوازەکەی جیایە لە شێوازی نووسەرانی (بەیت) و ئەدەبییانەتر باسەکەی پێشکەش کردووە.

هەرچی (مەلا کەریمی فیدایی)یە، ئەویش لە (دمدمنامە)کەی خۆیدا، پاش پێشەکییەکانی بە ناونیشانەکانی: (باسێ لە خودای مەزن)، (باسێ لە پێغەمبەری مەزنی ئیسلام)، (باسێ لە قورئان)، (چوونی پێغەمبەر بۆ میعراج)، (داوای فیدایی لە خودا بۆ یاریدەدانی لە دانانی بەیتی دمدم دا)، هاتووە بەم شێوە داستانەکەی دەست پێکردووە:

- لەنێو کورد ئەوەی کە گەل دۆست بوو
ئەمیرخان خانی برادۆست بوو
هەر ئەو بۆ گەل و هۆزی غەمخۆر بوو
هەر ئەو دەست و دڵباز و شت زۆر بوو
بە هێزو سوپا وەك سولەیمان بوو
لە تیرەو ڕەگی هۆزی گۆران بوو.[٣٧]

٧- داستان لە ئەدەبی کوردیدا بە زۆری (تراژیدی)یە، ئەوەتا هەموو ئەو داستانانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، کە پێنج

داستانه ناودارەکەن: (شیرین و خوسرەو ـ مەم و زین ـ لەیلاو مەجنون ـ دمدمنامە، یوسف و زولەیخا)، هەموو ئەوانە تراژیدین، ئەوەش دیارە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کاری تراژیدی زیاتر کاریگەری دەبێت و زۆرتر دەمێنێتەوە.

٨ـ داستان بە زمانی کەسی سێیەم دەنووسرێت، واتە پاڵەوان هەمیشە کەسی سێیەمە، ئەو ڕۆڵی سەرەکی و شاکەسی داستانەکە دەبینێت.

٩ـ داستان ئەگەر قارەمانی بوو هەمیشە دوو قارەمانی هەیە، قارەمانی سەرەکی ئەو سەرکردەیەیە، کە داستاننووس پیای هەڵدەدا، قارەمانی دووەمیش ئەوەیانە، کە دوژمنی قارەمانی سەرەکییە، لەو بارەشدا داستاننووس هەمیشە سیفەتە جوان و بەهێزەکان دەداتە قارەمانی یەکەم و سیفەتە قێزەون و لاواز و خراپەکانیش دەداتە قارەمانی دووەم، بۆ نموونە: (خانی لەپ زێڕین و شا عەباسی سەفەوی) و (مەم و زین) و (لەیلا و مەجنون) هەریەکەیان قارەمانی سەرەکی داستانەکانن، ئەوەتا دەبینین:

مەلا کەریمی فیدایی لە بارەی (ئەمیر خان)ی قارەمانی داستانەکەی دەنووسێت:

ـ ئەمیر خان بەگزادەیی پڕ هونەر
زرێی شێرە مەردانی کوردی لەبەر
لە بەخشیندا دوژمنی مالّ بوو
لە ڕۆژی شەڕدا ڕۆستەمی زالّ بوو
لە کاتی شەڕی شیر و تیر و کەوان
لە مەیدانی شەڕدا دەبوو قارەمان.[٣٨]

ئینجا دێته وەسفکردن و پیاهەڵدانی ئەمیر خان لە شەڕداو دەنووسێت:

ـ شەڕی قارەمانانی دمدم مەکان
دژی زوڵم و یاسایی زەحماکەکان
شەڕی کاوەیی کوردی بێ ترس و لەرز
ئەمیر خان سەرکردەیی پایەبەرز.(٣٩)

ئینجا باس لە قەڵای ئەمیرخان دەکات و بە بێ وێنەی پەسن دەدات:

ـ قەڵایێ لە دونیایە بێ وێنە بوو
لە سەختی و بڵندی نموونەی نەبوو
لەوێدا گەلی کوردی پڕ هۆش و بیر
بە تۆپ و تفەنگ و بە شمشیر و تیر.(٤٠)

لەولاشەوە مەلاکەریمی داستاننووس دادەبەزێتە سەر سوپاکەی دوژمنی ئەمیرخان، کە قزڵباشەکانن و بە ترسنۆك و شکاو پەسنیان دەدات:

ـ قزڵباش دەکەوتن لە دەوری قەڵات
مەرگ بۆ سەفەویانی ڕووڕەش دەهات
لە بۆ ئەو کەسەی کە قزڵباش بوو
لەشی وی گەنم مەرگ بەرداش بوو.(٤١)

دواتریش باس لە خراپی و ناشرینی شا عەباس دەکات و وەسفی خراپی دەداتە پاڵ، بۆ نموونە لەو پارچەیە باسی لە دونیا دەرچوونی شا عەباس دەکات و دەنووسێت:

ـ كه چەنگی له عەباس شا دا مەرگ
ئەوی كرد باریك هەر وەك زەرگ
به دەس مەرگ نەیما بزۆزی و سڵی
بەبێ موڵك و لەشكر دەچۆ بن گڵی
له گۆڕا كه بێ ڕێزو دەرمنده بوو
له ڕەفتاری پێشووی شەرمنده بوو.(٤٢)

سەلیمی هیزانی وەسفی هەریەكە لە (یوسف) و (زولەیخا) بەم شێوەیەی خوارەوە دەكات، له بارەی (یوسف)ەوە دەڵێت:

ـ مالك فەككری د یووسفێ پاك
تەشبیهی قەمەر د ئەوجێ ئەفلاك
دونیا كرییە ئەوی مونەووەر
صەحرا كرییە زیادە ئەنوەر
قەت فەوتی نەكر ل با خوە دانی
گۆیا كو دڤێتی وی هلانی.(٤٣)

له بارەی (زولەیخا)شەوە دەڵێت:

ـ قیزەك هەبوو وی زیادە زیبا
ناڤێ وێ كچێ ب خوە زولەیخا
مەحبوبە د نیڤ زەمان و دەهرە
بەلكی ب مەسەل پەری و حووره

ڕۆژێ قە نەدیتبوو سی یا وێ
ماھ ژی نەگەیشتبوو ڕێیا وێ.[٤٤]

حارسی بەتلیسی لە بارەی کەسایەتی (مەجنون)ەوە ھەر لە باوك و بنەماڵەکەی و ڕۆژی ھاتنە دونیایەوەی دەست پێدەکات، بۆ ئەوەی نرخ و پایەی ئەو قارەمانەی داستانەکەی ھەر لە سەرەتای ھاتنە دونیاوەی بخاتە بەر چاو و دەنووسێت:

ـ کو ژ مولّکی عەرەب حەمییە نامەك
عالی ھیمەت و عەقل تەمامەك
صاحب دەر و چادر و عەماری
مەشھورە ب عززو نامداری
تفلەك بەخشی وی ڕەببی مەعبوود
مەھپارەیەکی حەلاوە ئەندوود
مەحبوب و لەتیف و خووب و دولبەر
تابەبدە ژ ڕەنگێ شەمسێ خاوەر
بابی کرە شاھی و نەشاتە
دان صەدقەو درھەم و سماتە
پاشی صەدەقات و شادمانی
ئسمێ وی ب ناڤێ قەیس دانی.[٤٥]

لەم پارچەیە داستاننووس دەری دەخات، کە پایەی مەجنون (قەیس) چەند گەورەیەو لە چ بنەماڵەیەکی ناودار و باوکێکی گەورەو دیندار و بە دەسەڵاتە. ئینجا لە بارەیەوەی دەڵێ:

حینا کو سنینی عومری دەھ بوو
لاوەك ب جەمالێ شوبهی مەھ بوو.(٤٦)

ئینجا داستاننووس دڵسۆزی و ڕادەی خۆشەویستی و ئەمەکداری مەجنون دەخاتە بەر دەست و دەنووسێت:

ـ ئەز پادشەهم ب تورەیا عشق
زنجیرێ جونوونە صورەیا عشق
کووڤی ژ مەڕا عەساکری سەخت
هەم سەڵتەنەت و حەیات و هەم تەخت
نادەم ئەز ئەڤان ب مولك و ماڵان
ئەی شەیخ مەکە ئەڤان متاڵان.(٤٧)

لە بارەی کەسایەتی دووەمی داستانەکەش، کە لەیلایە، داستاننووس دەنووسێت:

ـ دوختەك عەرەبی ب ناڤێ لەیلا
هەمسەر گەڕیا ب قەیسی شەیدا
خوش نادرە دوختەرەك لەتیفە
بۆ جان و دڵی عەجەب زەریفە

دەریایێ حەیا و عزز و عیسمەت
کانا ئەدەبێ و گەنجێ پەئفەت.[٤٨]

١٠ـ داستاننووس سالّی لێبوونەوە لە نووسینی داستانەکەی دەخاتە ناو بەرهەمەکەی و لە دواین بڕگەکانی داستانەکەی ئەو مێژووە تۆمار دەکات.. بۆ نموونە:

خانای قوبادی مێژووی (شیرین و خوسرەو)ەکەی بەم شێوەیە دەنووسێت:

ـ (عزیز القدر)ێ ئەو چون نیزامی
بپەرسۆ تەئریخ ئەی نامەی نامی
(غەین) و (قاف) و (نون)، (جیم) کەرۆ حیساب
لێش مبۆ پەوشەن چون قورص ئافتاب.[٤٩]

ئەم تیپانە بە ژمارەی تیپەکانی ئەبجەد دەکەنە سالّی ١١٥٣ی هیجری، وەك چۆن هەر (خانا) خۆی لە دێڕەکانی دواتریدا بە ڕوونتر ئەو مێژووە دەردەخات و دەنووسێت:

ئەوڕۆ کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەش بۆ کەرد جە مێشك ئینشای ئەی نامە
تەئریخی هیجرەت ختم (المرسلین)
موتیعی دیوان شەرحی شەرع و دین
رۆی دووشەممە بی (زی حیججەی حەڕام)
هەزار و پەنجاو یەکسەد سێ تەمام.[٥٠]

ئەم مێژووەش دیارە مێـژووی دەسـتپێکردنیەتی بـە نووسـینی (شـیرین و خوسرەو)، چونکە وەکو لە سەروو ئامـاژەی پێـدەکات، گوایـە ئیلـهامی دڵـی کراوە، کە بێت شاکارێکی بەو شێوەیە بنووسێت.

(سەلیم سلێمان) مێژووی (یوسف و زولەیخا) بەم شێوەیە تۆمار دەکات:

ـ لەوڕا ب حیکایەتێ شەنییە
تەئریخ ژ ئسمێ حەق غەنییە.[٥١]

بە حیسابی ئەبجەد وەکو (تەحسین دۆسکی) لە نوێترین لێکۆڵینەوەی لەو بوارەدا دەری خستووە و، ڕاکەی جیایـە لـە ڕای ڕۆدینکـۆ و ژاپـا و کەسـانی دیکـەی پێشـە خـۆی، (حـق = ١٠٨) و (غـنی = ١٠٦٠) کـەوابێ مێـژووی هۆنینەوەی یوسف و زولـەیخا ی سـەلیم سـلێمان بریتییـە لـە سـاڵی ١١٦٨ی هیجری بەرانبەر بە ساڵی ١٧٥٤ یان ١٧٥٥ی زایینی.[٥٢]

ئەحمەدی خانی ساڵی لێبوونەوە لە نووسینی (مەم و زین)ەکەی بە ساڵی ١٠٦١ی هیجری دەستنیشان دەکات و، لە دواین دێڕەکانیدا دەنووسێت:

ـ لەوڕا کو دەما ژ غەیب فەك بوو
تەئریخ هەزار و سێست و یەك بوو.[٥٣]

(حارسی بەتلیسی)ش مێژووی (لەیلاو مەجنون)ەکەی وەها تۆمار دەکات:

ـ نەھ ڕۆژ تەمام پاشی نەورۆز
مەنقووش م کر بگین پیرۆز.[٥٤]

ئەوە ئەوە دەگەینێت کە لە ٣١ی مانگی ئازار و پاش نەورۆز بە ١٠ رۆژ حارسی بەدلیسی (لەیلا و مەجنون)ەکەی خۆی نووسیوە، هەرچی سەبارەت بە ساڵەکەشیەتی دەنووسێت:

مەغزێ دەڤ و لێڤ و سەعیێ سننە

تەئریخ ژ وی لەو ژ (مەغزێ سننە) (لەیلاو مەجنون)ی حارسی بەدلیسی. بڕوانە: حارسێ بەدلیسی، لەیلا و مەجنوون، بەرهەڤکرن: تەحسین دۆسکی، ل٤٢.

دیارە ساڵەکە بەو شێوە دەدۆزرێتەوە:

مغز: (م = ٤٠) + (غ = ١٠٠٠) + (ز = ٧) = ١٠٤٧.

سنە: (س = ٦٠) + (ن = ٥٠) + (هـ = ٥) = ١١٥.

بەم پێیەش ١٠٤٧ + ١١٥ = ١١٦٢

کەوابێ ١١٦٢ ساڵی نووسین و تەواوبوونی (لەیلاو مەجنون)ی حارسی بەدلیسی.(٥٥)

ـ هەرچی (مەلا کەریمی فیدایی) نووسەری (دمدم نامە)شە، ئەویش ساڵی لێبوونەوە لە نووسینی (دمدم نامە)کەی لە دوایین دێرەکانیدا دەستنیشان دەکات ، کە ساڵی ١٣٦٧ی (هەتاوی)یە و دەنووسێت:

ـ کە مێژووی هەتاوی وەسەر گەڕ دەکەوت

هەزاری دەگەڵ سێسەد و شەست و حەوت

لە هاوینی ئەو ساڵە دەستم بە کار

دەکرد چوومە دمدم بە کەیف و دەمار

دەکەوتم وەنێو بەیت و باوی ئەوی
ملم نا لە کێوی بڵند و نەوی.[٥٦]

١١ـ داستان هەردوو شێوازی گێڕانەوە کە هی (هەقایەت و ئەفسانەو سەربردەکان)ە، لەگەڵ وتووێژ، کە هی (دراما)یە، بە یەک تێکەڵ دەکات، بۆیە هەندێ شوێنی (گێڕانەوە)یە و هەندێ شوێنی (وتووێژ)ە.

١٢ـ داستان سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، بیسەر یان خوێنەر بە ئاسانی هەستیان پێدەکات.

١٣ـ سەرچاوەی داستان ڕووداوە واقیعییەکانە، بۆ نموونە (مەمی ئالان) سەرچاوەی (مەم و زین)ە، یوسف و زولەیخای میسری سەرچاوەی (یوسف و زولەیخا)یە، شەڕی خانی لەپ زێڕین و شای سەفەوی کە ڕووی داوە و ڕاستەقینەیە، ئەوە بووەتە سەرچاوەی داستانی قەڵای دمدم و سەربردەی قەیس و لەیلا بووەتە سەرچاوەی لەیلا و مەجنوون و... بەم شێوەیە.

١٤ـ کۆتایی داستان دیسانەوە بە پارانەوە دێت:

لە کۆتایی داستاندا، کە داستاننووس لە بەرهەمەکەی دەبێتەوەو ئەوەی مەبەستیەتی دەیخاتە چوارچێوەی بەرهەمەکەی، کۆتایی پاڵەوانەکان هەمیشە بە بەیەک نەگەیشتنی ئاواتەکان و بە کارەسات تێچوونی پاڵەوانەکان دێت، جا ئاواتەکە چ بەیەکگەیشتنی کچ و کوڕێک بێت وەکو لە داستانە ئەڤینییەکان ئەوە بەدی دەکرێت، یان چ سەرکەوتنی نەتەوەیەک بێت، وەکو

لـه داسـتانه قارەمانییـەکان ئـەوه بـەدی دەکرێـت و لـه هـەردوو باریشـدا کارەساته گەورەکەی دواین بەشـی داسـتانەکه خوێنـەر دەهـەژێنێت، ئیـدی داستاننووس دەگاته ئـەوەی کـه ژیـان وەهایـه کۆتاییـەکـەی بـۆ مـرۆڤ هـەر گەڕانەوه بەر ڕەحمەتی خوایه، ئینجا لەوێ بـه گـوێرەی کردەوەکـانی خـۆی پاداشت وەردەگرێتەوه، ئەگـەر بـاش و خوانـاس بـوو بـه بەهەشت و ئەگـەر خراپ و خوانەناس بوو به دۆزەخ، بۆیه جارێکی دیکه شاعیر ڕووی پاڕانەوەی دەکاته خوای گەورەو وەکو بەندەیەکی له خواترس داوای بەخشین و چـوونه بەهەشتی لێ دەکات، که ئەو مەبەستە بـه شـێوازی جۆراوجـۆر لـه دەربڕینـدا بەرجەستە دەکەن، بۆ نموونه:

ـ یاران به زاری به دیدەی نماك
سەرداران به هەم سپاردەن به خاك
دەوران بێ پڕ کارش دوو ڕەنگەن
ئاخر جای گشتمان ئەو ماوای تەنگەن.(٥٧)

هەرچـەندە سـاغکەرەوەی ئـەو (داسـتان)ە بـه پشـت بەسـتن بـه قسـەی نووسەرەوەی ئەو (داستان)ە، ئاماژە بەوه دەکات، که له بەشی کۆتایی ئـەو (داستان)ەدا هەندێ شت ون بووه، وەکو دەڵێت:

تەمام بکەرێم به فەزڵی بێچوون
ئەشعاری کوردی خەرەم ماوەروون
هەرچەند خاتیمەش ناتەمام بییەن
جه ئێد زیادتر نوسخەیێ نییەن

بۆیـه نووسـەرەوەی (داسـتان)ەکـه خـۆی لای خـۆی و لـه پـەراوێزدا ئـەو زیادەیەی بۆ دەکات:

ئومێدم ئێدەن جە لوتف ئەڵڵاھ
عەفومان کەرۆ لە جوملەی گوناھ
بە زەبەردەستێی ئەحمەدی حەبیب
قەترێ جە ڕەحم بکەرێم نەسیب.(٥٨)

(سەلیم سلێمان) وەها دەپارێتەوە:

ـ ئەز ئاسیم و موزنیب و خەرابم
ھەرچەندە خەبیس و نا سەوابم
ئەز موجریمەکم ژ پایی تا فەرق
ئەز مامە د فەزڵ و ڕەحمەتا حەق
ڕۆژا کوو ببیتە حەشر و مەحشەر
وەجھی مە بکی زییادە ئەنوەر.(٥٩)

(ئەحمەدی خانی)ش وەها دەپارێتەوە:

ـ ئیسال گەھیشتە چل و چاران
وی پێشڕەوی گوناھکاران
ڤێکدا ژ مەناھییان گەلەك مال
یەك پول نەھن ژ حوسنی ئەعمال
ئەووەل کو تەدا ژ عیشقێ مەتڵەع
ئاخیر بدە وی تو حوسنێ مەقتەع.(٦٠)

(حارسی بەتلیسی)ش دەنووسێت:

ـ مامە د خەما خوە دا ئیلاهی

چار و مەدەدا مە ڕوو سییاهی

مەوتا مە حەقەو ئەز نەوێرم

لەوڕا گونەهان عەجەب ددێرم

ڕاکی ل م کەی و من ڕەهاکەی

بۆ خاترێ ئالێ موستەفا کەی.[٦١]

سێیەم: لە ڕووی (فۆڕم)ەوە

لە ڕووی (فۆڕم)ەوە داستان بە لانی کەم ئەم تیۆرانەی خوارەوەی هەیە، داستاننووس بە ڕەچاوکردنی ئەو تیۆرانە بەرهەمەکەی دەنووسێت، بۆ نموونە:

١ــ داستاننووس دەبێت شاعیر بێت، چونکە داستان بە هۆنراوە دەنووسرێتەوە، نەك بە پەخشان، وەکو لە سەروو نموونەی زۆر خراونەتە بەرچاو بۆیە لێرەدا پێویست بە درێژکردنەوە ناکات.

٢ـ هۆنراوەی داستان دوورو درێژەو ژمارەی دێڕەکانی دەشێ بە لانی کەم لە (٩٠٠) یان (١٠٠٠) دێڕ کەمتر نەبێت، ئەوپەڕەکەشی بە پێی هەڵگرتنی بابەتی داستانەکەو توانای دەربڕینی داستاننووسەکە دەشێت درێژ، یان زۆر درێژ بێت، بۆ نموونە: (شیرین و خوسرەو)ی (خانای قوبادی) بریتییە لە (٥٥٢٦) دێڕ، (یوسف و زولەیخا)ی سەلیم سلێمانی هیزانی (٢١٢٧) دێڕە، (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی (٢٦٥٥) دێڕە، لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی

تریش داستانی زۆر درێژ هەیە بۆ نموونە: (شیرین و خوسرەو)ی (نیزامی گەنجەوی) ئەو چاپەی کە ئەکادیمیای ئازەربێجان لە ساڵی ١٩٦٠ لە باکۆ چاپی کردووە بریتییە لە (٦١٨٨) دێڕ، (.. (شانامە)ی (فیردەوسی) ٦٠٠٠٠ بەیت شیعرەو (مهابهارتە)ی هیندی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار بەیت شیعرەو (ئەلیادەی هۆمیرۆس) (١٦٠٠٠) بەیت شیعرە).[٦٢]

٣ـ هۆنراوەی داستان دابەش دەبێتە سەر ژمارەیەکی زۆر (سەرە باس)ی لاوەکی، کە ئەمە لە (ڕۆمان)دا وەکو بەشی لە یەك جیا و تەواوکەری یەك بە ژمارەکانی (١) و (٢) و (٣) و...هتد دابەش دەکرێت، واتە بەشەکانی داستان ناوی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بۆ نموونە:

ئەمانەی خوارەوە هەندێ لە سەرەباسە گرنگەکانی (شیرین و خوسرەو)ن، هەر لە سەرەتاوە بەم شێوەیە باسەکان بە دوای یەکدا دێن:

ـ سەرنامە

ـ میعراج نامە

ـ تەوەلود شودەنی خوسرەو

ـ ڕەفتنی خوسرەو بباغ با غولامان

ـ نشستن خسرەو بەر تەختی شاهی

ـ حیکایەت کردنی شاپور ئەز شیرین

ـ ڕەوانە نمودن خسرەو شاپورڕا ب ئەرمەن بجیهەتی شیرین

ـ خەبەر پورسیدەنی شاپور مەکانی شیرن ڕا

ـ کشیدەنی شاپور صوڕەت خسرەوڕا نوبەتی ئەڤڤەل

ـ کشیدەنی شاپور صوڕەت خسرەوڕا نوبەتی دووم

ـ کشیدەنی شاپور صوڕەت خسرەوڕا نوبەتی سووم

ـ خەبەر دادەنێ شاپور شیرین ڕا ئەز کەیفییەتی صوڕەت

ـ تەدبیر کەردەنێ شاپور بەجیهەتی شیرین و فرستادەنی ئو ب مەدائین

ـ ڕەفتەنی شیرین ب مەدائین

ـ ناپیدا شودەنی شیرین و خەبەر خەبەر ئاوردن جیهەتی مهین بانو

ـ ڕەسیدەنی شیرین بە چەشمەیی تاق بستان

ـ قەهرکردنی خسرەو ئەز هورمز و ڕەفتەن ب ئەرمەن و دەر میان ئاب بشیرین ڕەسیدەن

ـ ڕەسیدەنی شیرین ب مەدائین و ئامەدەنی خسرەو ب ئەرمەن

ئیتر بەو شێوەیە باسەکان بەرەو دوا دەڕۆن، یەك لە دوای یەك وەکو زنجیرەیەکی بە دوای یەك بەستراودا تا تەواوی داستانەکە دەگەیننە کۆتایی.

لە (مەم و زین)یشدا بە هەمان شێوە (داستان)ەکە دابەش کراوەتە سەر چەندین بەشی بە دوای یەکدا هاتوو، ئەمانەی خوارەوە ناونیشانی هەندێ لە بەشەکانی سەرەتاکەینە:

ـ پەسنێ خودێ

ـ گازی و لاڤایی

ـ پەسنێ پێغەمبەر (دروود و سلاوی خوای لەسەر)

ـ خواستنامەهدەر ژ پێغەمبەر (دروود و سلاوی خوای لەسەر)

ـ کول و دەردێ مە کوردا

ـ چما ب کوردی نڤیسییە

ـ مەی ژ مەیگەر خواستن

ـ میرێ بۆهتان و خوشکێت وی

ـ ڕندی و ئەڤین

ـ تاجدین و مەم

ئیتر بەم شێوەیە، هەر لە سەرەتای هۆنراوەکە تا دەگاتە کۆتایی، چەندین ناونیشانی لاوەکی لە پێش خوێنەردا زەق دەبنەوە، بە هەموویان داستانەکە دەگەینە کۆتایی.

٤ــ لەبەر درێژی هۆنراوەی داستان، بۆیە لە ڕووی سەرواوە داستان پەیڕەوی لە (سەروای گۆڕاو) یان (جووت سەروا) دەکات، چونکە بە پێچەوانەوە ناشێت تەواوی ئەو هەزار دێڕانەی بە یەک (سەروای چەسپاو) بنووسێت.

سیستمی (سەروای گۆڕاو) یان (جووت سەروا) بریتییە لەوەی: هەر دێڕە هۆنراوەیەک بە درێژایی هەموو داستانەکە سەروایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت، دەشێت جاری وەها ڕێك بکەوێت دوو دێڕ یان زیاتر بە دوای یەکدا هەمان سەروایان هەبێت، بەڵام ئەمە بە هیچ شێوەیەك واتای ئەوە نادات، کە ناچاری وای کردبێت دێڕی دواتر لەسەر هەمان دێڕی پێشووی سەروادار بکرێت، بەڵکو ئەوە دەربڕینەکە وای دەسەپێنێت.

ئەوەتا بۆ نموونە:

(خانای قوبادی) لە (شیرین و خوسرەو)دا دەنووسێت:

شەوێ وێنەی شەمع تەجەللای کۆی تور
عەڕسەی سەر زەمین ڕەوشەن بێ جە نوور
چەند چین چەرخ چوون دێبای گوڵ دۆز
مە ڕەوشا جە دووڕ نەجم شەب ئەفڕوز
تووڕاب تیرەی ئەڕز عەنبەرێن
مبەخش شۆلەی شەمس خاوەرین.(٦٣)

سەروای ئەم چەند دێڕە بەم شێوەیەن:

١..... ڕ

..... ڕ

٢..... ز

..... ز

٣..... ن

..... ن

(ئەحمەدی خانی)ش لە (مەم و زین)دا بەم شێوەیە دەنووسێت:

ـ گەر دێ هەبوویا مەژی خودانەك

عالی كەرەمەك لەتیفە دانەك

عیلم و هونەر و كەمالێ و ئیزعان

شیعر و غەزەل و كیتاب و دیوان

ئەڤ جینس ببا ل باوی مەعمول

ئەڤ نەقد ببا ل نك وی مەقبول.(٦٤)

ئەم چەند دێڕە هۆنراوەیەی سەروو (سەروا)ی دێڕەكانی بەم شێوەیەن:

١.....ك

.....ك

٢.....ن

.....ن

٣.....ل

.....ل

دەبینین هەر دێڕێك بە پیتێکی جیا لە دێڕەکەی پێشووی خۆی (سەروا)ی بۆ خۆی دروست کردووە، داستانەکانی دیکەش هەر بە هەمان سەروا نووسراون، وەکو لەو نموونانە دەردەکەوێت، کە بۆ باسەکانی پێشتر خراونەتە ڕوو، بۆیە پێویست بە دووبارە هێنانەوەیان ناکات.

بەوەش کەوابێت لە داستاندا وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، هەر دێڕێك بە پیتێکی جیا لە دێڕەکەی پێشووی خۆی (سەروا)ی بۆ خۆی دروست دەکات، هەرچەندە دەشێت هەندێ جار چەند دێڕێکیش لە دوای یەکدا بێن و هەمان سەروایان هەبێت.

چوارەم: لە ڕووی (کێش)ەوە

کێشی هۆنراوەی داستان لە شیعری (گۆران)دا کێشی پەنجەیەو لە شیعری کلاسیزمیشدا کێشی عەرووزی عەرەبییە، چونکە ئەدەبیاتی (گۆران) بە زۆری بە کێشی پەنجەیان نووسیوە و نەهاتوونەتە نێو سیستمی عەرووزی عەرەبی، بەڵام شیعرە کلاسیزمییەکانی کرمانجی خوارووو و ژوورووو پەیڕەوییان لە کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە، ئەمە لە داستانەکانیشیان کە بەو زارانە نووسراون ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە (شیرین و خوسرەو) کە بە زاری (گۆران) نووسراوە لەسەر کێشی پەنجەی دە بڕگەییە، داستانەکانی دیکەش ئەوانەی بە زارەکانی کرمانجی ژوورووو و خوارووو نووسراون، هەموویان پەیڕەوییان لە کێشی عەرووزی کردووە، ئەوەتا (یوسف و زولێخا) و (مەم و زین) بە کێشی (هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزوف) نووسراونەتەوە، (دمدمنامە)ش بە کێشی (موتەقاریبی هەشت هەنگاوی مەحزوف) نووسراوەتەوە، بۆ نموونە:

ـ وەختێ کە فەرهاد بەو کێش پڕ وەی
جە سەمت ساقی ئەجەل نۆشا مەی
نە بەحر دەروون شا ئەی پەژارە
نە عەرصەی دەوران مبۆ ئاوارە.(٦٥)

ئەم پارچەیە لە (شیرین و خوسرەو) وەرگیراوە، لەسەر کێشی پەنجەی دە بڕگەییە.

ـ تفلّی وەهە گۆ مەکت تەئەسسوف
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفــعول / مـــــفاعلن / فــعولن

تەفتیش بکەن کراسی یوسف
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفــعول / مـــــفاعلن / فــعولن

ئەڤ ڕەنگە ئەگەر ژ پێش قەتایە
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفــعول / مـــــفاعلن / فــعولن
یوسف کرییە نەهن وەفایە
– – ب / ب – ب – / ب – –

مفـــعول / مـــــــفاعلن / فـــعولن.[٦٦]

ئەم پارچەیە لە (یووسف و زولێخا) وەرگیراوە، وەکو دەردەکەوێت لەسەر کێشی عەرووزییە، بەحرەکەی : هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزوفە.

وی بێ دڵی هەر ل وێ مەکان گرت
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفـــعول / مـــــــفاعلن / فـــعولن

وی بلبلی بۆ خوە ئاشیان گرت
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفـــعول / مـــــــفاعلن / فـــعولن

ئەو بلبل ئەگەرچی پڕ هەوەس بوو
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفـــعول / مـــــــفاعلن / فـــعولن

زیندانێ بەدەن ل وی قەفەص بوو.[٦٧]
– – ب / ب – ب – / ب – –
مفـــعول / مـــــــفاعلن / فـــعولن

ئـەم پارچـەیە لـە (مـەم و زیـن) وەرگـیراوە، لەسـەر کێشـی عەرووزییـە، بەحرەکەی : هەزەجی شەش هەنگاوی ئەخرەبی مەقبوزی مەحزوفە.

دا ئم ل چ یا یێ پەز د گێ را
– – ب/ ب – ب –/ ب – –
مـفعـول مـفاعـلن فـعـولـن

وی کەل لە ئی خوەش ل وێ د چێ را
– – ب/ ب – ب –/ ب – –
مـفعـول مـفاعـلن فـعـولـن

ئەم ما کو ش ڤان د گۆ ب لوو رەك
– – ب/ ب – ب –/ ب – –
مـفعـول مـفاعـلن فـعـولـن

ئا ما دە د کر ن شا ت و سوو رەك.[٦٨]
– – ب/ ب – ب –/ ب – –
مـفعـول مـفاعـلن فـعـولـن

ئـەم پارچـەیەش لـە (لـەیلا و مـەجنون) وەرگـیراوە، لەسـەر کێشـی عەرووزییـە، بەحرەکـەی : هـەزەجی شـەش هـەنگاوی ئـەخرەبی مـەقبوزی مەحزوفە.

دەگەڵ خانـــــــــــــــــــــــــــــــی کوردان کە داوایەوە

ب – – – / ب – – – / ب – – – / ب –

فعـــولـن / فعـــــولـن/ فعـــولن/ فـــــــــــــعـو

لەبەر وی ئەبـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــەو جۆرە پاڕایەوە

ب – – – / ب – – – / ب – – – / ب –

فعـــولـن / فعـــــولـن/ فعـــولن/ فـــــــــــــعـو

کە ئەی ڕۆڵەیـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــی میری ئازایی کورد

ب – – – / ب – – – / ب – – – / ب –

فعـــولـن / فعـــــولـن/ فعـــولن/ فـــــــــــــعـو

بە شمشێری ئەو شـــــــــــــــــــــــــــــێری دڕ هەڵدەورد.[٦٩]

ب – – – / ب – – – / ب – – – / ب –

فعـــولـن / فعـــــولـن/ فعـــولن/ فـــــــــــــعـو

ئـەم پارچـەیە لـە (دمدمنامـە) وەرگـیراوە، لەسـەر کێشـی عەرووزییـە، بەحرەکەی : موتەقاپیبی هەشت هەنگاوی مەحزوفە.

<u>پێنجەم: لە ڕووی (زمان)ەوە</u>

١ـ بە زمانی نەتەوەیی دەنووسرێت، لای کـورد بـە کـوردی، ئەمـەش وەك چۆن لای عەرەب بە عەرەبی و لای فارس بە فارسی و بەم شێوەیە.

٢ـ داستانه كوردييەكان بە زارە سەرەكييەكانى (گۆران) و (كرمانجى ژوورو) و (كرمانجى خوارو) نووسراون.

٣ـ جگە لە وشەكانى زمانى كوردى سوود لە وشەى زمانانى دیكەى دراوسێى كوردیش وەكو عەرەبى و فارسى و تورکى وەردەگیرێت.

٤ـ شێوازى دەربڕین شێوازێکى ئەدەبى بەرزەو جیایە لە شێوازى ئاخاوتنى ئاسایى خەڵکى.

٥ـ هونەرەكانى ڕەوانبێژى بە زۆرى لە دێڕەكانى (داستان)دا سوودیان لێ وەردەگیرێت و بە هۆیانەوە دێڕەكان قەبە و جوان و كاریگەرتر دەكرێن، بۆ نموونە:

ـ ئاخر خوداوەند بەخشندەى بێچوون
كەریم بێ باك كار (كن فیكون).[٧٠]

لەم دێڕەدا بە لانى كەم ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ دێڕەكە سێ هەواڵ لە بارەى خواى گەورەوە ئەدات، كە: بەخشندەى بێچوونە، كەریم و بێ باكە، بۆ كارەكانى خۆى بە (كن فیكون)یەك جێبەجێى كردوون، ئەم هەواڵانەش هەواڵى ڕاستن و تەواوى ئایەتە قورئانییەكان و فەرموودەكانى پێغەمبەر (درود و سڵاوى خواى لەسەر) و بەڵگە ئەقڵى و واقیعى و مەنتقییەكانیش شایەدى ڕاستى بۆ دەدەن و ڕاى پێچەوانە هەڵناگرن، بۆیە ئەم هەواڵە (هەواڵى بێگومان ڕاست)ە.

٢ـ (كن فیكون) كە لە دێڕەكە هاتووە، تێڵنیشانە بۆ ئایەتى پیرۆزى ﴿إنما امره اذا اراد شیئا أن یقول له كن فیكون﴾.

ـ (ما كان محمد) تە ڕوتبە
ئەفلاك ژ بۆ تەنیمی عوتبە.[٧١]

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ (ما كان محمد) تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی: ﴿ما كان محمد ابا احد من رجالكم ولكن رسول الله وخاتم النبيين وكان الله بكل شيء عليما﴾.

٢ـ وشەكانی (ڕوتبە) و (عوتبە) ڕەگەزدۆزی ناتەواویان دروستكردووە، لە جۆری (هاوكێشی).

ـ ئەم غافل و عاتل و گونەهكار
ماییە د قەیدی نەفسی ئەممار.[٧٢]

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ نەفسی ئەممار: تێلنیشانە بۆ ئایەتی پیرۆزی ﴿ان النفس لأمارة بالسوء الا ما رحم ربي﴾.

٢ـ غافل و عاتل و گونەهكار بەسەریەكەوە كۆ كراونەتەوەو كراونەتە پەسنی ئێمە، بەمەش (كۆكردنەوە)یان دروست كردووە.

٣ـ ڕستەكە خۆی هەوالێك دەگەینێت، كە بێ ئاگایی و گوناهكاری مرۆڤە، لەگەڵ كەوتن لە كۆتی نەفسی بەددا، ئەوەش (خەبەری بێگومان ڕاستە)، چونكە بەڵگە ئاینی و ئەقڵییەكان گەواهی ڕاستی بۆ دەدەن.

٤ـ قەید دراوەتە پاڵ (نەفسی ئەممار)، ئەوەش ڕاست نییە، چونكە نەفس قەیدی نییە، بەڵام بە واتە: نەفس وەكو دوژمنێكە ئێمە بە قەیدی خۆی دەبەستێتەوە، بەوەش خوازەی زمانی لە جۆری (خواستن) دروست بووە.

٥ـ غافل و عاتل و گونەهکار (تایبەت)ن، دراونەتە پاڵ (ئێمە)، کە مرۆڤین و (تایبەتدار)ە، ئەوەش (تایبەتی ڕاستەقینە)یە، چونکە ئەم سیفەتانە لە ڕاستیدا هی مرۆڤن.

ـ فیلجوملە چ ئەووەل و چ ئاخر
ئەلقیصصە چ موئمین و چ کافر
هەریەك ژ تەڕا وە بوونە مەزهەر
ئەو ڕەنگە دووان توو بوویی موزمەڕ.(٧٣)

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ (چ) ئاوەڵناوی پرسە، چوار جار لە پاڵ وشەکانی (ئەووەل) و (ئاخیر) و (موئمین) و (کافر) گێڕدراوەتەوە، بەوەش (گێڕانەوە)ی دروست کردووە.

٢ـ وشەکانی (ئەووەل) و (ئاخیر) و (موئمین) و (کافر) بەیەکەوە دژو پێچەوانەی یەکن و هەریەکەشیان ڕەگێکی سەربەخۆی هەیە، بەوەش (دژیەکی فەرهەنگی)یان دروست کردووە.

ـ ئەڤ غیرەت و ئەڤ علووی هیممەت
بو مانعێ حەملێ بارێ مینناەت.(٧٤)

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ (ئەڤ) دوو جار لە پاڵ وشەکانی (غیرەت) و (هیممەت) گێڕدراوەتەوە، بەوەش هونەری (گێڕانەوە) دروست بووە.

٢ــ وشــەکانی (میننــەت) و (هیممــەت) ڕەگــەزدۆزی ناتــەواو لــە جــۆری (هاوکێشی) دروست دەکەن، چونکە لەسەر یەك کێشن، ئەگەرچی لە زۆربــەی پیتەکانیشیان لێك جیاوازن.

٣ـ دێڕەکــە هــەواڵێك دەگــەینێت، ئــەویش ئەوەیــە کــە ئــازایی و هیممــەت بەرزی کورد بووەتە هۆی ئەوەی میننەتی کەس هەڵنەگرن، ئەوەش (هــەواڵی گوماناوی)یە، چونکە دەشێت شاعیر بە ســۆزی نەتــەوەیی ئــەوەی گوتبێـت، دەنــا هەواڵەکــە ئــەوە نییــە لای هــەموان چەســپاو بێــت و ڕای دیکــەش هەڵدەگرێت.

ـ عیسای دەما د خوەندی ئینجیل
بەحسا وی دکر ب وەحی و تەنزیل
گۆ: (مژدە دەدەم ڕەسولی ئەمجەد
دێ پاشێ م بێ بناقێ ئەحمەد).(٧٥)

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

١ـ گۆ: (مژدە دەدەم ڕەسولی ئەمجەد

دێ پاشێ م بێ بناقێ ئەحمەد)

تێلنیشانە بۆ ئایــەتی پــێرۆزی ﴿ومبشــرا برســول يــأتي مــن بعــدي اسمــه أحمد﴾.

٢ــ هەواڵەکــە (هــەواڵی بێگومــان ڕاســت)ە، چــونکە قورئــانی پــێرۆز و پێغەمبــەری ئیســلام (دروود و ســلاوی خــوای لەســەر) و دەقــە دروســتەکانی ئاینی مەسیحی (ئینجیل) شایەدی ڕاستی بۆ دەدەن و لــە خانــەی گومــانی وەدەر دەنێن.

٣ــ وشــەکانی (ئەمجــەد) و (ئەحمــەد) پەگــەزدۆزی ناتــەواو لــە جــۆری (هاوکێشی) دروست دەکەن، چونکە ئەگەرچــی لــە زۆربــەی پیتــەکانیان لــێ: جیاوازن، بەڵام هەردووکیان لەسەر یەك کێشن.

ـ دەعوا خوە دکر ب دەست و ئە زمان

دەستێ وی ب سەیف و دەم بە قورعان.(٧٦)

لەم دێڕەدا ئەم هونەرانە هەیە:

لە نیوەدێڕی یەکەم (دەست و زمان) لەژێر (دەعواکردن)دا کۆکراونەتەوە، بەوەش (کۆکردنەوە) دروست بووە.

لە نیوە دێڕی دووەمدا (سەیف) بۆ (دەست) و (قورعان) بۆ (دەم) دابەش کراوە، بەمەش (دابەشکردن) بەرجەستە بووە.

بەسەریەکەوە دێڕەکە هونەری (کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن)ی دروست کردووە.

ـ شەڕی قارەمانانی دمدم مەکان

دژی زوڵم و یاسایی زەحاکەکان.(٧٧)

(زەحاکەکان) خوازەی زمانییە لــە جۆری (خواســتنی ئاشــکرا) مەبەســت لێی کەسانێکی شەڕخواز و خوێنڕێژی وەکو (زەحاك)ە.

ئەنجام

دوای لێکۆڵینەوە لە بنج و بناوانی (داستان) و جۆر و تیۆرەکانی، ئەم باسە بەو ئەنجامانە گەیشت:

١ـ داستان هونەرێکی شیعری کلاسیزم و ئەدەبی ڕەسەنی کوردییە.

٢ـ زمانی دەربڕینی داستان زمانێکی ئەدەبی بەرزو پڕ لە بەلاغەت و سنعەتە، لە بەیت نزیکە، بەڵام لێیشی جیاوازە، لەبەر ئەو وەسفانەی پێشووی، هی سەردەمی سەرهەڵدان و پەیڕەوی کردن لە ئەدەبیاتی هونەری بەرزە، زیاتر لە جۆرێکی هەیە، وەکو قارەمانی و ئاینی (کۆمەڵایەتی) و ئەڤینی، دەکەوێتە خانەی ئەدەبیاتی هونەری بەرزەوە.

٣ـ داستانی کوردی بە زارە سەرەکییەکانی گۆران و کرمانجی ژوورو و کرمانجی خواروو نووسراونەتەوە.

٣ـ داستان هەندێ لە سیمای بەیت لە خۆوە دەگرێت و لە هەندێ ڕووەوە بەو دەچێت، بەڵام لە گەڵ ڕووەوەش لە ئەو جیاوازە.

٤ـ داستان لە زاری (گۆران)دا وەکو زۆربەی شیعری بەرزی ئەو زارە بە کێشی پەنجە دەنووسرێتەوە، لە زارەکانی کرمانجی خواروو و کرمانجی ژوورووش بە کێشی عەرووزی دەنووسرێ.

٥ـ لە ڕووی فۆرمەوە داستان هۆنراوەیەکی درێژە، پێك دێت لە ژمارەیەك غەزەل، ئەوانە هەموویان بە سەروای گۆڕاو (جووت سەروا) دەنووسرێن.

٦ـ لە ڕووی سەردەمەوە داستان هی قۆناغێکی پێشکەوتووترە لە بەیت.

٧ـ گرنگترین تیۆرەکانی داستان لە ڕووی داڕشتنەوە بریتینە لە: (دەستپێکردن بە ناوی خوا ـ سڵاوبارانکردنی پێغەمبەر (دروود و سڵاوی

خوای لەسەر) ـ داوای یارمەتیکردن لـە خـودا بـۆ سـەرکەوتن لـە هۆنینـەوەی داسـتانەکە ـ داسـتان قارەمـانی بێـت، یـان ئـاینی و ئـەڤینی دوو قارەمـانی هەیـە، لـە داسـتانی قارەمانیـدا قارەمـانی سـەرەکی ئـەو سـەرکردەیە، کـە داسـتاننووس پیـای هەڵـدەدا، قارەمـانی دووەمـیش ئەوەیانـە، کـە دوژمنـی قارەمانی سەرەکییە، لەو بارەشدا داسـتاننووس هەمیشـە سـیفەتە جـوان و بەهێزەکان دەداتە قارەمانی یەکەم و سیفەتە قێزەون و لاواز و خراپـەکانیش دەداتـە قارەمـانی دووەم، بـەڵام لـە داسـتانی ئـەڤینی هـەردوو قارەمـان بـە سیفاتی جوان وەسـف دەکـرێن ـ لـە (داسـتان)دا هەمیشـە بابەتـەکان وەکـو ئەڵقەیەکی بەیەککگرێدراو بە دوای یەکدا دێن، هەمیشە دێڕی دووەم دێڕەکـەی پێشە خۆی و پارچەی دووەم پارچەکەی پێشەخۆی تەواو دەکـات ـ داسـتان بە ڕاناوی کەسـی سـێیەم دەهۆنرێتـەوە ـ داسـتانی کـوردی کۆتاییەکـەی بـە مـەرگی قارەمـان دێـت، واتـە: داسـتان لـە ئـەدەبی کوردیـدا بـە کارەسـات و تراژیدیا بە کۆتا دێت ـ ناوی نووسەر دەخرێتە ناو داستان ـ سالّی هۆنینەوەی داسـتان ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت ـ لـە دوا پەڕەگرافـەکانی داسـتان دوعـای لێخۆشبوون لە خوا دەکرێت.

پەڕاوێزەکان

١ـ بڕوانـە: أحمـد أمـين، النقـد الأدبـي، مكتبـة النهضـة المصـرية، الطبعـة الخامسة، القاهرة، ١٩٨٣، ص ٦٩.

٢. د. محمد حسن عبدالله، فنون الأدب، دار الكتب الثقافية، الطبعة الثانية، ١٣٩٨هجرية/١٩٧٨ ميلادية، ص ١٧.

٣ـ شبكة بايدو، دون اسم الكاتب، ٢٠٠٦/٦/٨.

٤ـ شبكة الرأي، ٢٠٠٦/٦/٨.

٥ـ شبكة الرأي، ٢٠٠٦/٦/٨.

٦ـ بڕوانە: هەردوو کتێبی: ئەڕیستۆتالس، هونـەری شـیعر (پۆیتیکـا)، و: حەمید عەزیز، سلێمانی ٢٠٠٥.. لەگەڵ: هـۆراس، هونـەری شـیعر، و: حەمیـد عەزیز، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٥.

٧ـ شیرین و خوسرەو، لا ١.

٨ـ سەلیمی هیزانی، یوسف و زولەیخا، لا ٢٦.

٩ـ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، و: هەژار، پاریس، ١٩٨٩، لا ٣.

١٠ـ حارسی بەتلیسی، لەیلا و مەجنوون، لا ٢٥.

١١. مەلا کەریمی فیدایی، دمدمنامە، چاپی یەکەم، سالّی چـاپ: ١٣٧٧ی هەتاوی، ئینتیشاراتی سەقز (محەمەدی)، لا ٢٦.

١٢ـ بڕوانە: (مسند امام احمد، ژ: ٨٠٣٥٥).

١٣ـ شیرین و خوسرەو، لا ٥.

١٤ـ یوسف و زولەیخا، لا ٣١.

١٥ـ مەم و زین، لا ١٢و١٣.

١٦ـ حارسی به‌دلیسی، له‌یلا و مه‌جنون، لا ٣٠.

١٧ـ دمدمنامه، لا ٣٠.

١٨ـ شیرین و خوسره‌و، لا ١٣و١٤.

١٩ـ یوسف و زوله‌یخا، لا ٢٩.

٢٠ـ مه‌م و زین، لا ٣٢.

٢١ـ له‌یلاو مه‌جنون، لا ٤٣.

٢٢ـ دمدمنامه، لا ٣٠.

٢٣ـ شیرین و خوسره‌و، لا ١٥.

٢٤ـ یوسف و زوله‌یخا، لا ٣٥.

٢٥ـ مه‌م و زین، لا ٣٢.

٢٦ـ له‌یلا و مه‌جنون، لا ٤٣.

٢٧ـ دمدمنامه، لا ٢٥١.

٢٨ـ شیرین و خوسره‌و، لا ١٧.

٢٩ـ یوسف و زوله‌یخا، لا ٢٩.

٣٠ـ مه‌م و زین، لا ٣٢.

٣١ـ له‌یلا و مه‌جنون، لا ٤٣.

٣٢ـ دمدمنامه، لا ٢٥١و٢٥٢.

٣٣ـ شیرین و خوسره‌و، لا ١٨.

٣٤ـ یوسف و زوله‌یخا، لا ٤٣.

٣٥ـ مه‌م و زین، لا ٣٤.

٣٦ـ له‌یلا و مه‌جنون، لا ٤٥.

٣٧ـ دمدمنامه، لا ٣١.

٣٨ـ دمدمنامه، لا ٣٢و٣٣.

٣٩ـ دمدمنامه، لا ٣١.

٤٠ـ دمدمنامه، لا ٣١.

٤١ـ دمدمنامه، لا ٣١.

٤٢ـ دمدمنامه، لا ٢٣٦.

٤٣ـ یوسف و زولەیخا، لا ٦٣.

٤٤ـ یوسف و زولەیخا، لا ٨٩.

٤٥ـ لەیلا و مەجنون، لا ٤٥و٤٦.

٤٦ـ لەیلا و مەجنون، لا ٤٩.

٤٧ـ لەیلا و مەجنون، لا ٧٧.

٤٨ـ لەیلا و مەجنون، لا ٥٠.

٤٩ـ شیرین و خوسرەو، لا ٦.

٥٠ـ شیرین و خوسرەو، لا ١٥.

٥١ـ یوسف و زولەیخا، لا ٣٤.

٥٢ـ بڕوانە: یوسف و زولەیخا، تەحسین دۆسکی، لا ١٤و١٥.

٥٣ـ مەم و زین، لا ٢١٧.

٥٤ـ بڕوانە: حارسێ بەدلیسی، لەیلا و مەجنوون، بەرهەڤکرن: تەحسین دۆسکی، لا ٤٢.

٥٥ـ بڕوانە: حارسێ بەدلیسی، لەیلا و مەجنوون، بەرهەڤکرن: تەحسین دۆسکی، لا ١٧و١٨.

٥٦ـ دمدمنامه، لا ٢٥١.

٥٧ـ شیرین و خوسرەو، لا ٧٩٥.

٥٨ـ بڕوانە: شیرین و خوسرەو، لا ٧٩٥.

٥٩ـ یوسف و زولەیخا، لا ٢٩٤و٢٩٥.

٦٠ـ مەم و زین، لا ٢١٧.

٦١ـ لەیلاو مەجنون، لا ١٣٩.

٦٢ـ بڕوانە: د. شوکرییە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئـەدەب، چاپخانەی تەعلیم عالی، هەولێر، ١٤١٠هیجری، ١٩٨٩ ز، لا ٨٩.

٦٣ـ شیرن و خوسرەو، لا ٨.

٦٤ـ مەم و زین لا ٢٥.

٦٥ـ شیرین و خوسرەو، لا ٤٠٠.

٦٦ـ یوسف و زولێخا، لا ١٧٨.

٦٧ـ مەم و زین، لا ١٢٠.

٦٨ـ لەیلا و مەجنون، لا.

٦٩ـ دمدمنامە، لا ٢٣٨.

٧٠ـ شیرین و خوسرەو، ١٩.

٧١ـ یوسف و زولەیخا، لا ٣٢.

٧٢ـ مەم و زین، لا ٥.

٧٣ـ مەم و زین، لا ٧.

٧٤ـ مەم و زین، لا ٢٣.

٧٥ـ مەم و زین، لا ١٣و١٤.

٧٦ـ مەم و زین، لا ١٤.

٧٧ـ دمدمنامە، لا ٣١.

سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی (کتێب):

١ـ ئەحمەدی خانی، مەم و زین، و: هەژار، پاریس، ١٩٨٩، لا ٣. ئەحمەدی خانی، مەم و زین، و: هەژار، پاریس، ١٩٨٩، لا ٣.

٢ـ ئەڕیستۆتالس، هونەری شیعر (پۆیتیکا)، و: حەمید عەزیز، سلێمانی ٢٠٠٥.

٣ـ هۆراس، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چاپی دووەم هەولێر ٢٠٠٥.

٤ـ حارسێ بەدلیسی، لەیلا و مەجنوون، بەرهەڤکرن: تەحسین دۆسکی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، هەولێر.

٥ـ خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، ئا: محەممەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

٦ـ سەلیمی هیزانی، یوسف و زولەیخا، تەحسین دۆسکی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧ـ د. شوکرییە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی تەعلیم عالی، هەولێر، ١٤١٠هیجری، ١٩٨٩ ز.

٨. مەلا کەریمی فیدایی، دمدمنامە، چاپی یەکەم، ساڵی چاپ: ١٣٧٧ی هەتاوی، ئینتیشاراتی سەقز (محەمەدی)، کوردستانی ئێران.

بە زمانی عەرەبی (کتێب):

٩ـ أحمد أمين، النقد الأدبي، مكتبة النهضة المصرية، الطبعة الخامسة، القاهرة، ١٩٨٣.

١٠. د. محمد حسن عبدالله، فنون الأدب، دار الكتب الثقافية، الطبعة الثانية، ١٣٩٨هجرية/١٩٧٨ ميلادية.

بە زمانی عەرەبی (ئەنتەرنێت):

١١ـ شبكة بايدو، دون اسم الكاتب، ٢٠٠٦/٦/٨.

١٢ـ شبكة الرأي، دون اسم الكاتب، ٢٠٠٦/٦/٨.

ملخص البحث

الشعر الملحمي في الأدب الكردي

أدريس عبدالله مصطفى

ان هذا البحث الموسوم بـ(الشعر الملحمي في الأدب الكردي) دراسة نقدية تطبيقية، تعد بمثابة محاولة لتحديد سمات الشعر الملحمي ونظرية تأليفه كأحدى الفنون الأدبية الراقية في الأدب الكوردي، وذلك لتبيان خصائص هذا الفن من غيره خصوصا (البيت) الذي يمثل مرحلة بدائية لهذا النمط من التأليف، وقد تمخض من البحث نتائج عدة، نوجزها في النقاط التالية:

١ـ الملحمة هو فن شعري قومي، يكتب عادة بالوزن (العروضي) وأحيانا وعند شعراء الكوران فقط يكتب بالوزن (السيلابي) القومي، قريب في خصائصه من (البيت)، وهناك فروق كثيرة بينهما، فهو فن القرون المتتالية بعد ظهور الشعر الفني الرفيع، له انواع عدة مثل البهلواني، والديني (الأجتماعي)، والغرامي، وهو يصنف ضمن دائرة الأدب الرفيع الكلاسيكي للكورد.

٢ـ أهم نضريات الشعر الملحمي من حيث التأليف هي:

ـ الأبتداء باسم الله سبحانه.

ـ ومن ثم ذكر الصلاة والسلام على رسول الله (صلى الله عليه وسلم).

ـ ثم الدعاء والتضرع الى الله كي يسهل مهمة الشاعر ويوفقه في تأليف ملحمته.

ـ يتكون الشعر الملحمي من شخصيتين رئيستين، ففي الشعر الملحمي البهلواني يصف المؤلف البطل الرئيس ويمدح مواقفه ويضفي عليه الصفات الحميدة التي يتميز بها الأبطال في التأريخ، وأما البطل الثاني هي شخصية رئيسة أخرى الا انه لا تحضى بمدح المؤلف بل يكن مصدر سخريته ولا

توصف الا بما يضعف قوتها وشخصيتها، أما الشاعر في الشعر الملحمي الغرامي فيمدح كلتا الشخصيتين الرئيستين فيه، وهما مثلا (ليل و مجنون) أو (مم و زين) وهكذا، فيصف المؤلف كليهما بالصفات الحميدة والمحببة لدى الجميع.

ـ يتمسك الشعر الملحمي في تقديم أجزائه احيانا بالسرد القصصي وأحيانا بالحوار بين شخصياته، فما من مشهد الا وهو مكمل للمشهد الذي يليه، وهكذا حتى تصل الملحمة الى نهايتها.

ـ يتحدث الشعر الملحمي بالضمير الغائب وهو ضمير الشخص الثالث.

ـ غالبا ما ينتهي الشعر الملحمي بمأساة.

ـ في جميع الحالات يوضع اسم مؤلف الشعر الملحمي وتأريخ تأليفها داخل الشعر الملحمي.

ـ في المقطع الأخير يدعو المؤلف الباري عز وجل أن يغفره ويغفر لغيره من المسلمين.

٤ـ لغة الشعر الملحمي لغة متميزة أدبية بليغة، هي لغة النخبة المثقفة ولم تكن اللغة البسيطة التي يتكلم بها الناس البسطاء والأميين.